حکومەتی هەرێمی کوردستان/ عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی مێژوو

# کاریگەری بزافی وەرگێڕان لەسەر دەرکەوتن و گەشەکردنی هزری فەلسەفی لە خۆرهەڵاتی ئیسلامییدا

(١٣٢-٣٣٤ك/٧٥٠-٩٤٦ز)

"توێژینەوەیەکی مێژوویی، شیکارییە"

نامەیەکە خوێندکار

مەریوان عبدول عبدالله حمەرشید

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماجستێر لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستدا

بەسەرپەرشتی

پ. ی. د . عطا عبدالرحمن محي الدين

٢٧٢٠ کوردی ٢٠٢٠ زایینی ١٤٤١ کۆچی

Presidency of Council Ministers.
Ministry Higher Education and Scientific research
Sulaimania university – College of Humanitarian scienc
History Department

# The impact of translation moveme on appearing and flourishing of philosophical thought in Islamic east

( 132- 334 AH/ 750 - 946 AD)

( The analytical and historical study)

Aletter:
Mariwan Abdul Abdalla Hama Rashid

Dedicated to the history Department College of Humanitarian science Sulaimania university as a part of requirements for receiving (Master) degree in the history of ages central civilization.

Supervised by :
Professor assistant – dr. Atta Abdulrahman Muhedin

Kurd : 2720 2020 AD 1441 AH

## ئەم نامەیە پێشکەشـە بە:

- رۆحی پاکی دایك و باوکم.
- هاوسەری خۆشەویستم(ئەرخەوان سیفور).
- کچە ئازیزەکانم(پەپولە و یارا).
- خوشك و براکانم.

# سوپاس و پێزانین


❖ سوپاسی مامۆستای بەڕێز و سەرپەرشتیارم (پ. ی. د. عطا عبدالرحمن محي الدين) دەکەم، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەمی گرتە ئەستۆ.

❖ سوپاسی مامۆستایانی بەڕێزم (پ. ی.د. صلاح کانبی، پ. ی. د. شوان عوسمان، پ. ی. د. کەیوان ئازاد ئەنوەر، پ. ی. د. ئاراس فریق زەینەڵ، پ. ی. د. کامران فرج) دەکەم، سەرەڕای ئەوەی کە لە کۆرسەکانی ماستەردا وانەیان پێگووتوم، ڕێنمایی باشیان کردووم بۆ توێژینەوەکەم، بە تایبەتی بەڕێز(پ. ی. د. شوان عوسمان) کە لە داڕشتنەوەی ناونیشانی توێژینەوەکەمدا هاوکارم بووە.

❖ سوپاس بۆ ڕاگرایەتی کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی.

❖ سوپاس بۆ ڕاگرایەتی کۆلێجی پەروەردەی زانستەمرۆڤایەتییەکانی سەیید سادق/زانکۆی سلێمانی.

❖ سوپاس بۆ سەرۆکایەتی بەشی مێژووی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی(پ. ی. د. پشکۆ حمە طاهر عبدالرحمن و د. هاوار کمال میرزا).

❖ سوپاس بۆ سەرۆکایەتی بەشی مێژووی کۆلێژی پەروەردەی زانستەمرۆڤایەتییەکانی سەیید سادق/ زانکۆی سلێمانی.

❖ سوپاسی بەڕێزان (پ. ی. د. ئاکۆ شوانی، پ. ی. د. زریان سالار، د. هەردی مەهدی، د. ئومێد زۆراب، م. کامەران سیوەیلی، م. کامل حبیب، م. سۆران بهاء) دەکەم هەریەکەیان بەجۆرێك یارمەتییان داوم.

❖ سوپاسی هاوسەری خۆشەویستم دەکەم، کە یارمەتیدەر و هاندەرم بووە بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

❖ سوپاسی کارمەندانی کتێبخانەکانی (کۆلێژی زانستە مرڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی، کتێبخانەی گشتی سلێمانی) دەکەم، کارئاسانییان بۆکردووم.

❖ سوپاسی یەکەی خوێندنی باڵای کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمان دەکەم.

# لیستی هێما و کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| ب.ش | بێ شوێن |
| پ. ز | پێش زایین |
| چ | چاپی |
| ز | زایینی |
| س.پ | سەرچاوەی پێشوو |
| ك | کۆچی |
| ل | لاپەڕە |
| ل ل | لاپەڕەکان |
| هـ.س | هەمان سەرچاوە |
| و | وەرگێڕان |
| د. م. ط | دون مكان الطبع |
| د. س. ط | دون سنة الطبع |
| د.م. س | دون مكان وسنة الطبع |
| تر | ترجمة |
| تح | تحقيق |
| تص | تصحيح |
| ص | الصفحة |
| صص | الصفحات |
| ط | الطبعة |
| ج | الجزء |
| مج | المجلد |
| م. س | المصدر السابق |
| ن. م | نفس المصدر |
| هـ | السنة الهجرية |
| هـ. ق | سنة هجري قمري |
| م | السنة الميلادية |

# ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| پێشكەش | ١ |
| سوپاس و پێزانین | ٢ |
| لیستی هێما و كورتكراوەكان | ٣ |
| ناوەڕۆك | ٤-٥ |
| پێشەكی | ٦-٩ |
| شیكاری سەرچاوەكان | ١٠-١٤ |
| **بەشی یەكەم: دەركەوتنی وەرگێڕان لە شارستانییەتی ئیسلامییدا** | ١٥-٤٨ |
| باسی یەكەم: لەبارەی وەرگێڕان و وەرگێڕەوە | ١٦-٢٠ |
| باسی دووەم: سەرەتاكانی دەركەوتنی وەرگێڕان لە شارستانییەتی ئیسلامییدا | ٢١-٣٢ |
| باسی سێیەم: وەرگێڕان لەسەردەمی عەباسی و ڕۆڵی خەلیفەكانی عەباسی لەپەرەپێدانییدا | ٣٣-٤٠ |
| باسی چوارەم: كاریگەرییەكانی وەرگێڕان لەسەر شارستانییەتی ئیسلامی | ٤١-٤٨ |
| **بەشی دووەم: هاتنەناوەوەی فەلسەفە بۆ ناو شارستانییەتی ئیسلامی لەڕێگای وەرگێڕانی فەلسەفەوە** | ٤٩-٨٢ |
| باسی یەكەم: هاتنەناوەوەی فەلسەفە بۆ ناو شارستانییەتی ئیسلامی | ٥٠-٥٧ |
| باسی دووەم: هۆكارەكانی وەرگێڕانی فەلسەفە لە شارستانییەتی ئیسلامییدا | ٥٨-٦٥ |
| باسی سێیەم: هەندێك لە وەرگێڕە بەناوبانگەكان لە بواری فەلسەفەدا | ٦٦-٧٤ |
| باسی چوارەم: هەندێك لە كتێبە فەلسەفییە وەرگێڕدراوە بەناوبانگەكان | ٧٥-٨٢ |
| **بەشی سێیەم: كاریگەری وەرگێڕانی فەلسەفە لەسەر چەند لایەنێكی گرنگ لە شارستانییەتی ئیسلامییدا** | ٨٣-١١٤ |
| باسی یەكەم: كاریگەری وەرگێڕانی فەلسەفە لەسەر زانستی كەلام و فیرقەە كەلامییەكان | ٨٤-٩٤ |
| باسی دووم: (بيت الحكمة) لەنێوان كاریگەری و كارتێكردنی وەرگێڕانی فەلسەفەدا | ٩٥-١٠٣ |
| باسی سێیەم:كاریگەری وەرگێڕانی فەلسەفە لەسەر دروستبوون و گەشەكردنی زمانی فەلسەفە | ١٠٤-١١٤ |
| **بەشی چوارەم: كاریگەری وەرگێڕانی فەلسەفە لەسەر پەیدابوونی فەیلەسوفان** | ١١٥-١٥١ |
| باسی یەكەم: زاراوەی فەلسەفە لە فەلسەفەی ئیسلامییدا | ١١٦-١٢١ |

| | |
|---|---|
| باسی دووەم: ژیان و بەرهەم و فەلسەفەی کیندی (الكندي) | ١٢٢–١٣١ |
| باسی سێیەم: ژیان و بەرهەم و فەلسەفەی ئەبوبەکری ڕازی (ابو بكر الرازي) | ١٣٢–١٤٠ |
| چوارەم: ژیان و بەرهەم و فەلسەفەی فارابی (الفارابي) | ١٤١–١٥١ |
| ئەنجام | ١٥٢–١٥٥ |
| لیستی سەرچاوەکان | ١٥٦–١٧٥ |
| پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە عەرەبی | ١٧٦–١٧٧ |
| پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی | ١٧٨–١٧٩ |

## پێشەکی

بزاڤ وەرگێڕان یەکێك بووە لەو بزافە گرنگانەی لە ژیانی ڕۆشنبیری شارستانییەتی ئیسلامییدا ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە، بایەخی ئەم بزافەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، دەروازەیەکی تری ڕۆشنبیری و زانستی کردەوە بەسەر ئەم شارستانییەتەدا، بەهۆی ئەم بزافەوە بەشێك لە لایەنە درەوشاوەکانی گەلان و شارستانییەتەکانی تر و ئەوەی بیری مرۆیی پێی گەیشتبوو، گەیشت بە موسڵمانەکان.

باسکردن لە بزاڤ وەرگێڕان و یەکێکێك لە ڕەهەندە بە بەهاکانی، کە وەرگێڕانی فەلسەفەیە لە شارستانییەتی ئیسلامییدا، جێگەی بایەخە. ئەم بزافە زۆر بواری جۆراوجۆری گرتبۆوە لەم شارستانییەتەدا، کە بوونە هۆی بەرەوپێشبردنی ئەم شارستانییەتە و کردی بە میراتگری کەلتووری زانستەکان لەو سەردەمەدا. یەکێکیش لەو لایەنە درەوشاوانەی وەرگێڕان بەخشی بەم شارستانییتە وەرگێڕانی فەلسەفە بوو. فەلسەفە وەك بەرهەمێکی گرنگی هزری مرۆیی بەلوتکەی بیرکردنەوەکانی مرۆڤ دادەنرێت، کە بەشێوەیەکی پوخت مرۆڤ عەقڵی تیادا بەکار دەهێنێت، بۆیە بوونی بیرکردنەوەی فەلسەفییانە و فەلسەفاندن بە بنەمایەکی گرنگی شارستانییەت دادەنرێت. وەرگێڕانی فەلسەفەش گرنگییەکەی خۆی لە گرنگی بابەتەکەیدا دەبینێتەوە کە فەلسەفەیە، چونکە وەرگێڕان هۆکارێکی یارمەتیدەر بووە بۆ گوێزانەوەی هزری مرۆیی لە نێوان گەلە جیاوازەکاندا.

وەرگێڕانی کتێبە فەلسەفییەکان بووە هۆی ئاشناکردنی موسڵمانەکان بە فەلسەفەی یۆنانی، ئەمەش کاریگەری دانا لەسەر موسڵمانەکان، بە جۆرێك زۆر بواری جیاواز کەوتنە ژێر ئەم کاریگەرییە و خەڵکانی سەر بەم شارستانییەتە توانیان سوودی لێ وەربگرن و لە زۆر بواری جیاواز و زانستی جیاوازدا ئاراستەی بکەن. بەدەر لەوەش زانا موسوڵمانەکان توانیان شرۆڤەی کتێبە وەرگێڕاوەکان بکەن و داهێنانی تێدا ئەنجام بدەن و زیادەی بخەنەسەر.

### گرنگی توێژینەوەکە و هۆی هەڵبژاردنی

هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە، سەرەڕای گرنگیپێدانی توێژەر بە بابەتەکە و خواستی لەسەری، دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی بابەتەکە، چونکە وەرگێڕانی فەلسەفە گرنگییەکی زۆری هەبووە لە شارستانییەتی ئیسلامییدا و کاریگەری قوڵی بەجێهێشتووە لەسەر ئەم شارستانییەتە. وەرچەرخانێکی گرنگیش بووە لە بیرکردنەوەی موسڵمانەکاندا و جیهانبینیانی فراوانکرد و یارمەتی دان بۆ گەشەپێدانی تێکڕای زانستەکان، تەنانەت زانستە ئاینییەکانیش. جگە لەوەی لایەنی شیکاری و ڕێبازی لێکۆڵینەوەی لای موسڵمانەکان بەهێزتر کرد.

## ڕێبازی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی مێژوویی شیکارییمان بەکارهێناوە، دوای کۆکردنەوەی زانیارییەکان لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە، هەستاوین بە داڕشتنەوەی زانیارییەکان بە پێی ڕێبازی مێژوویی و بەکارهێنانی ڕێکارە زانستییەکان. پاشان شیکاری و ڕاڤەمان بۆ زانیارییەکان کردووە و لەهەرشوێنێکیشدا پێویستی کردبێ بۆچوونی خۆمان خستۆتە ڕوو. بەدەرلەوەش هەندێکجار ڕێبازی جیاوازمان بەکارهێناوە وەك ڕێبازی ڕەخنەیی و بەراوردکاری.

## ئامانجی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی ئەوە بووە، ڕۆڵ و کاریگەری وەرگێڕانی فەلسەفە بخاتە ڕوو لەسەر هاتنەکایە و گەشەسەندنی فەلسەفە لەشارستانییەتی ئیسلامییدا، بە پیشاندانی مێژووی وەرگێڕان و وەرگێڕانی فەلسەفە و پاشان ڕەنگدانەوەی کاریگەرییەکانی لەسەر هەندێك لایەنی ئەم شارستانییەتە و کاریگەریی لەسەر پەیدابوونی فەیلەسوفان تیایدا.

## چوارچێوەی توێژینەوەکە

سنووری توێژینەوەکە خۆرهەلاّتی ئیسلامییە، ئەم دەستەواژەیەش بۆ ئەوە بەکارهاتووە کە جیاببێتەوە لە خۆرئاوای ئیسلامیی. مەبەست لە خۆرهەلاّتی ئیسلامیش خیلافەی عەباسییە کە پێك هاتووە لە ناوەندی خیلافە کە (بغداد) و زۆربەی هەرێمەکانی ژێر دەسەلاّتی خیلافەی عەباسی دەگرێتەوە، لەڕووی کاتیشەوە (١٣٢–٣٣٤ك)مان وەرگرتووە.

## لێکۆڵینەوەکانی پێشوو

سەبارەت بە بزاڤی وەرگێڕان یان بابەتی نزیك لە بزاڤی وەرگێڕان لێکۆڵینەوەی جیاواز کراوە، بەزمانی کوردی و بە زمانی عەرەبی و زمانەکانی تریش، بەلاّم ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بین هیچ لێکۆڵینەوەیەك تایبەتنەکراوە بە وەرگێڕانی فەلسەفە و کاریگەرییەکەی، کە نزیك بێت لە ناونیشانەکەی ئێمەوە. لێرەدا بۆ بەرچاوڕوونی ئاماژە بە هەندێك لە و لێکۆڵینەوانە دەکەین:

یەکەم: بە زمانی کوردی دوو لێکۆڵینەوە کراوە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان ئەوانیش بریتین لە:

١. (ڕەنگدانەوەی شارستانییەتی یۆنانی لەناو شارستانییەتی ئیسلامییدا لەسەردەمی عەباسی یەکەمدا (١٣٢–٢٣٢ك/٧٤٩– ٨٤٧ز)) کە هی لێکۆڵەر (زریان سالار)ە، لێکۆڵەر بە شێوەیەکی گشتی باس لە ڕەنگدانەوەی شارستانییەتی یۆنانی لەسەر شارستانییەتی ئیسلامی دەکات.

٢. (بزاڤی وەرگێڕان لە شارستانییەتی ئیسلامیدا لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی بەراوردکارییە لە نێوان بەغداد و ئەندەلوس (٢-٨ك/٨-١٤ز))ی (سەنگەر عبدالله رسول)ە، ئەم لێکۆڵینەوەیە بەراورد دەکات لە نێوان بزاڤی وەرگێڕان لە بغداد و ئەندەلوس، بەراورد دەکات لە نێوان دوو ماوەی مێژوویی جیاواز، کە لە لێکۆڵینەوەکەی ئێمەوە دوورە.

دووەم: لێکۆڵینەوەکان بە زمانی عەرەبی

١.(حركة الترجمة في المشرق الاسلامي في القرنين الثالث و الرابع للهجرة)ی (رشيد الجميلي)، ئەم لێکۆڵینەوەیەش بەگشتی باس لە بزاڤی وەرگێڕان دەکات لە هەردوو سەدەی سێ و چواری کۆچیدا.

٢.(دورالحركة الترجمة والنقل في حياة العلمية ابان العصر العباسي الاول)ی هەردوو لێکۆڵەر ( محمدحساين وقدور الملوك) کە نامەی ماستەری هەردوو لێکۆڵەرە، تایبەتە بە کاریگەری وەرگێڕان لەسەر ژیانی زانستی لە شارستانییەتی ئیسلامییدا.

جگە لەمانەش لێکۆڵینەوەی تر کراوە، کە دوورن لە بابەتەکەی ئێمەوە. ئەم لێکۆڵینەوانەی ئاماژەمان پێدان لە هەندێك شتی زۆر گشتیدا کە خاڵی هاوبەشن لە نێوان هەموو لێکۆڵینەوەکاندا لەسەر بزاڤی وەرگێڕان یەك بگرنەوە، وەك (ناوی هەندێك لە وەرگێڕەکان و باسکردن لە سەرەتا و دەستپێکی وەرگێڕان و هەندێك زانیاری گشتی لەسەر بزاڤی وەرگێڕان) کە زۆربەی لێکۆڵەرەکان و ئێمەش ناچار بووین ئاماژە بە ئەم زانیارییانە بدەین و بەو شێوەیە ئاراستەی بکەین، کە لەگەڵ لێکۆڵینەوەکەماندا دەگونجێ، ئەمەش شتێکی ئاساییە چونکە ئەو زانیارییانە کەرەستەی خاون و هەریەك لە لێکۆڵەران بە شێوەیەك تەلاری لێکۆڵینەوەکەی خۆی پێ دادەمەزرێنێ.

**پێکهاتەی لێکۆلینەوەکە**

ئەم لێکۆڵینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجانم، پێکهاتووە لە چوار بەش:

بەشی یەکەم: بە شێوەیەکی گشتی باس لە دەرکەوتنی وەرگێڕان لە شارستانییەتی ئیسلامییدا دەکات، کە لە چوار باس پێکهاتووە باسی یەکەم تایبەتە بە پێناسە ی وەرگێڕان لە رووی زمان و زاراوەوە، جگە لەوە بەکورتی ئاماژە بە وەرگێڕ و وەرگێڕان کراوە. لە باسی دووەمدا ئاماژە بە سەرەتاکانی دەرکەوتنی وەرگێڕان کراوە لە شارستانییەتی ئیسلامییدا، کە تیایدا باس لە قوتابخانەکانی پێش ئیسلام کراوە کە دواتر لەسەردەمی ئیسلامدا رۆڵیان هەبووە لە گواستنەوەی فەلسەفە و زانستەکان بۆ جیهانی ئیسلام. لە باسی سێیەمیشدا باس لە رۆڵی خەلیفەکانی عەباسی کراوە لە پەرەپێدانی وەرگێڕاندا. هەرچی باسی چوارەمە بەگشتی کاریگەرییەکانی وەرگێڕان لەسەر شارستانییەتی ئیسلامی پیشان دەدات.

بەشی دووەممان تەرخانکردووە بۆ هاتنەناوەوەی فەلسەفە بۆ ناو شارستانییەتی ئیسلامی لە ڕێگای وەرگێڕانەوە. لە باسی یەکەمدا گرنگیمان داوە بە سەرەتاکانی هاتنەناوەوەی فەلسەفە بۆ شارستانییەتی ئیسلامی. سەبارەت بە باسی دووەمیش، هۆکارەکانی وەرگێڕانی فەلسەفەمان لە شارستانییەتی ئیسلامییدا خستۆتە ڕوو، لێرەدا ئاماژەمان بە هۆکاری جیاواز کردووە، کە هەندێکیانمان بە هۆکاری ڕاستەوخۆداناوە و هەندێکیشیان بە هۆکاری ناڕاستەوخۆ داناوە. لە باسی سێیەمیشدا ئاماژەمان بە کورتەیەك لە ژیانی هەندێك لە وەرگێڕە بەناوبانگەکان کردووە لە بواری فەلسەفەدا. باسی چوارەمیشمان داناوە بۆ پیشاندانی هەندێك لە کتێبە فەلسەفییە وەرگێڕدراوە بەناوبانگەکان، کە کاریگەری زۆریان هەبووە لە مێژووی فەلسەفەدا لەم شارستانییەتەدا.

بەشی سێیەمی لێکۆڵینەوەکەمان تایبەتکردووە بە کاریگەری وەرگێڕانی فەلسەفە لەسەر چەند لایەنێکی گرنگ لە شارستانییەتی ئیسلامییدا، کە خۆی دەبینێتەوە لە سێ باسدا، لە باسی یەکەمدا کاریگەری وەرگێڕانی فەلسەفە لەسەر زانستی کەلام و فیرقە کەلامییەکان شەنوکەو کراوە کە یەکێکە لە باسە گرنگە پەیوەندیدارەکان بە فەلسەفەوە و نزیکترین زانستە لە فەلسەفەوە. لە باسی دوومیشدا گرنگی دراوە بە دەزگای (بيت الحكمة) کە ڕۆڵێکی دوو لایەنەی هەبووە سەبارەت بە وەرگێڕانی فەلسەفە، کە کارتێکراو و کارتێکەریش بووە، ئێمە لێرەدا ئەو ڕۆڵە دوو ئاراستەیەمان شرۆڤەکردووە. باسی سێیەمیش کاریگەری وەرگێڕانی فەلسەفە لەسەر دروستبوون و گەشەکردنی زمانی فەلسەفە شیدەکاتەوە.

بەشی چوارەمی لێکۆڵینەوەکە: کاریگەری ڕاستەوخۆ و دیاری وەرگێڕانی فەلسەفە پیشان دەدات، کە ڕەنگدانەوەیەتی لەسەر فەیلەسوفان و پەیدابوونیان، کە نمونەی چەند فەیلەسوفێکمان ئاماژە پێداوە. لە باسی یەکەمدا، بەکورتی زاراوەی فەلسەفە لە فەلسەفەی ئیسلامییدا شیکراوەتەوە. باسی دووەمیشمان تایبەتە بە فەلسەفەی کیندی (الكندي) و تێڕوانینی ئەم فەیلەسوفە بۆ ئایین و فەلسەفە، سەرەڕای ئەوەی ئاماژە بەکاریگەری فەلسەفەی یۆنانی کراوە لەسەری. لە باسی سێیەمدا، سەبارەت بە (ابو بكر الرازي) و فەلسەفەکەی دواوین و بەکورتی بەشێکی گرنگی هێڵە گشتییەکانی فەلسەفەکەیمان پیشان داوە. باسی چوارەمیش کە کۆتا باسی بەشەکەیە دەربارەی فەلسەفەی فارابییە، کە بەگرنگترین فەیلەسوفی مێژووی فەلسەفەی ئیسلامی دادەنرێت، بەجۆرێك هەندێك لە لێکۆڵەران بە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی فەلسەفەی ئیسلامی دادەنێن.

هیوادارین بەم لێکۆڵینەوە خاکییەمان، خزمەتێکی بچوکمان پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردبێت و بۆ لێکۆڵەران و زانستخوازانیش سوودمەندبێت، هیچ لێکۆڵینەوەیەکیش بەبێ هەڵە و کەموکورتیی نییە چونکە کاری مرۆڤە، ئەم کارەی ئێمەش بێ کەموکورتی نییە.

**شیکاری سەرچاوەکان**

له لێکۆڵینەوەکەماندا کۆمەڵێك سەرچاوەی زۆر و جۆراو جۆرمان بەکار هێناوە، کە لەڕووی ناوەڕۆکەوە سەرچاوەکان جیاوازن. هەموو ئەو سەرچاوانەی بەکارمانهێناون ڕۆڵیان هەبووە لە بە ئەنجامگەیاندنی لێکۆڵینەوەکەماندا، بەڵام لێرەدا ئێمە ئاماژە بە گرنگترین ئەو سەرچاوانە دەکەین، کە بەکارمانهێناون لە لێکۆڵینەوەکەماندا و ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە:

**یەکەم: سەرچاوە ڕەسەنەکان:**

١.کتێبەکانی (الطبقات والتراجم)

ا.کتێبی (الفهرست)ی (إبن الندیم ٣٨٥ك/٩٩٥ز مردووە) یەکێکە لە کتێبە زۆر گرنگەکان بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێمە، بەبێ ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەکەمان ناتەواو دەردەچوو. لەبەرئەوەی ئەم کتێبە دێرینترین کتێبە لە شارستانییەتی ئیسلامییدا کە فەرهەنگێکی تایبەتە بە کتێبەکان و نووسەر و وەرگێڕەکانیان لە شارستانییەتی ئیسلامییدا. ئەم کتێبە گرنگی داوە بە کتێبە وەرگێڕدراوەکان و ناوی وەرگێڕ و نووسەرەکانیشیانی هێناوە و پوختەیەکیشی لە بارەی ژیانیان باسکردووە. بۆیە ئێمە لە زۆربەی بەش و باسەکاندا بەکارمانهێناوە.

ب. کتێبی (أخبار العلماء بأخبار الحکماء)ی (القفطي ٦٤٨ك/١٢٥٠ز مردووە) کە تایبەتە بە ژیان و بەرهەمی زانایان و فەیلەسوفان و کتێبێکی ئینسکلۆپیدییە، بەهای خۆی هەبووە بۆ لێکۆڵینەوەکەمان، بۆ زانیاری دەربارەی ژیانی فەیلەسوفەکان و کتێبەکانیان بۆی گەڕاوینەتەوە.

ج. کتێبی (عیون الأنباء في طبقات الأطباء)ی (إبن أبي أصیبعة٦٦٨ك/١٢٦٩ز مردووە) ئەم کتێبەش سوودێکی زۆری هەبووە بۆ لێکۆڵینەوەکەمان، چونکە ئەم کتێبە ئینسکلۆپیدیایەکی تایبەتە بە ژیانی پزیشکەکان و ئەو کەسانەی بە پزیشکییەوە خەریك بوون. لەبەرئەوەی زۆربەی فەیلەسوفەکانیش پزیشك بوون، بۆیە باسی فەیلەسوفان و وەرگێڕەکان و ژیانامەکانیانی تێدایە و ئەوەش بۆ ئێمە جێگەی بایەخ بووە.

د.(تواریخ الحکماء والفلاسفة)ی (الشهرزوري٦٨٧ك/١٢٨٨ز مردووە)، ئینسکلۆپیدیای فەیلەسوفانە، کە باس لە ژیاننامەی فەیلەسوفان و کتێبەکانیان دەکات، بەو پێیەی ئێمە پێویستمان بە ژیاننامەی فەیلەسوفەکان بووە ئەم کتێبەش بایەخی هەبووە بۆ لێکۆڵینەوەکەمان.

٢.کتێبە فەلسەفییەکان

ا. کتێبی (رسالة الکندي الی المعتصم بالله في الفلسفة الاولی)ی (الکندي ٢٥٦ك/ ٨٧٣ز مردووە)، کتێبێکی بەناوبانگی (الکندي) فەیلەسوفە، کە لەم کتێبەدا سەبارەت بە بایەخی فەلسەفە و پەیوەندی نێوان

فەلسەفە و ئایین دواوە، بایەخەکەشی بۆ لێکۆڵینەوەکەمان ئەوە بووە توانیومانە ڕاستەوخۆ بۆچوونەکانی (الكندي) لەسەر پرسە گرنگەکانی وەك فەلسەفە و بایەخەکەی و پەیوەندی لەگەڵ ئاییندا بزانیین، بۆ لێکۆڵینەوەکەمان سوودبەخش بووە بەو پێیەی (الكندي) یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی لەچوارچێوەی کارەکەی ئێمەدایە.

ب.کتێبی (الطب الروحاني)ی (الرازي٣٢٠ك/٩٣٥ز مردووە) لەم کتێبەدا ڕازی بەشێوەیەکی عەقڵی و بەڵگەهێنانەوە باس لە ڕەوشتە ناپەسندەکانی مرۆڤەکان دەکات، پاشان باس لە ڕەوشتە باڵاکان و بەدەستهێنانی فەزیلەت دەکات و بەشێوەیەکی گشتی باس لە ڕەوشی دەروون و ئاکاری مرۆڤ دەکات. گرنگی ئەم کتێبە بۆ لێکۆڵینەوەکەی ئێمە لەوەدایە ئێمە توانیومانە بۆچوونەکانی ڕازی لە کتێبەکەی خۆیەوە وەربگرین.

ج.کتێبی (كتاب السيرة الفلسفية)ش یەکێکە لەو کتێبانەی (الرازي) جێگەی بایەخ بووە بۆ لێکۆڵینەوەکەمان، هۆی ئەمەش ئەوەیە لەم کتێبەدا ڕازی دەیەوێت جەخت لە فەیلەسوفبوونی خۆی بکاتەوە و دەیەوێ ئەوە بخاتە ڕوو لە ڕێڕەوی فەیلەسوفان لای نەداوە.

د.کتێبی (شاری فازیلە)ی (الفارابي ٣٣٩ك/٩٥٠ز مردووە) یەکێکە لەو کتێبە گرنگانەی فارابی کە لەبواری فەلسەفەیی سیاسییدا نووسیویەتی، زۆرپرسی گرنگی لە خۆی گرتووە، کە پەیوەندییان بە بیروباوەڕی خەڵکی شاری فازیلەوە هەیە، هەر لە پرسە کەلامییەکانی وەك یەکتایی خوا و پێغەمبەرێتی و بەختەوەری و پێکهاتەی شاری فازیلە و سەرۆکی شاری فازیلە و مەرجەکانی و زۆر پرسی تریش. ئەم کتێبە بایەخی هەبووە بۆ لێکۆڵینەوەکەمان، کە توانیومانە ڕاستەوخۆ بیروبۆچوونەکانی ئەم فەیلەسوفە لە کتێبەکەی خۆیەوە وەربگرین.

٣.هەندێك سەرچاوەی مێژووی گشتی:

هەندێك سەرچاوەی مێژووی گشتیمان بەکارهێناوە و پشتمان پێبەستوون لە گەڕانەوە بۆ چەند لایەنێکی مێژوویی پەیوەندیدار بە لێکۆڵینەوەکەمان، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە زانیاری تایبەتیشیان لەبارەی هەندێك لە وەرگێڕ و فەیلەسوفەکان و کتێبەکانیان تێدا بووە، کە بۆ ئێمە بەسوود بوون. لەوانەش: کتێبی (أخبار الطوال)ی (الدينوري٢٨٢ك/٨٩٥ز مردووە)، (تاريخ اليعقوبي)ی (اليعقوبي٢٩٣ك/٩٠٥ز مردووە)، (تاريخ الرسل و الملوك)ی (الطبري٣١٠ك/ ٩٢٣ز مردووە)، کتێبی (تاريخ الخلفاء)ی (السيوطي٩١١ك/ ١٥٠٥ز مردووە) .

٤.هەندێك سەرچاوەی جیاوازی تر کە سوودی باشمان لێوەرگرتوون:

ا. (رسائل اخوان الصفاء) كە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵەی(اخوان الصفاء)(سەدەی چواری کۆچی دەرکەوتوون)، جێگەی گرنگی بووە بۆ لێکۆڵینەوەکەمان، چونکە ئەم کتێبە بیروبۆچوونی فیرقەکەی تێدا کۆبۆتەوە لەبارەی پرسە فەلسەفی وکەلامییە جیاوازەکانەوە، بەمەش ئێمە توانیومانە ڕاستەوخۆ لە سەرچاوەکانی خۆیانەوە زانیارییان لەسەر وەربگرین.

ب.(الملل و النحل)ی (الشهرستاني٥٤٨ك/١١٥٣ز مردووە) یەکێکە لە کتێبە گرنگەکان لە بارەی فیرقە ئیسلامییەکان و ڕێبازە فەلسەفییەکان و ئاینزاکانەوە، سەبارەت بە بۆچوونی فیرقە کەلامییەکان و دروستبوونیان زانیاریمان لێوەرگرتووە.

ج.(مقدمة)ی (ابن خلدون٨٠٨ك/ ١٤٠٥ز مردووە) یەکێکە لەو کتێبە پڕبایەخانەی بۆ لێکۆڵینەوەکەمان ڕۆڵی خۆی هەبووە، ئەم کتێبە سەرەڕای ئەوەی لێکدانەوە بۆ ڕووداوە مێژووییەکان دەکات و ڕاڤەی مێژوو دەکات، باس لەو زانستانە دەکات کە لە شارستانییەتی ئیسلامیدا هەبوون لەناویشیاندا باس لە وەرگێڕان و فەلسەفە دەکات، کە پەیوەستن بە باسەکەی ئێمەوە.

د.یەکێك لەو کتێبانەی سوودمان لێی وەرگرتووە کتێبی (صبح الأعشى في كتابة الإنشا)ی (القلقشندي٨٢١ك / ١٤١ز مردووە)، ئەم کتێبە یەکێکە لە کتێبە گرنگەکان کە لە زۆر بواری شارستانییەتی ئیسلامی وەك(زانست و پیشەکان و لایەنی بەڕێوەبردن...هتد)ی کۆڵیەوەتەوە و وەك ئینسکلۆپیدیایەك وایە بۆ شارستانییەتی ئیسلامیی.

هـ.(كشف الظنون عن أسامي الكتب والفنون)ی (حاجي خليفة ١٠٥٨ك/١٦٤٨ز مردووە) لەو کتێبە گرنگانەیە بۆ لێکۆڵینەوەکەمان جێگەی بایەخ بووە، هۆکەشی ئەوەیە ئەم کتێبە فەرهەنگی کتیب و زانستەکانی شارستانییەتی ئیسلامییە و پەیوندی هەیە بە باسەکەی ئێمەوە.

**دووەم: ژێدەرە نوێیەکان**

١.ژێدەرە عەرەبییەکان

زۆر ژێدەری جیاوازمان بەکار هێناوە کە خۆیان دەبیننەوە لە کتێبەکانی مێژووی فەلسەفەی ئیسلامی و کتێبەکانی تایبەت بە مێژووی بزافی وەرگێڕان و شارستانییەتی ئیسلامی و...هتد. لێرەدا ئاماژە بەهەندێك لەگرنگترین ئەو ژێدەرە نوێیانە دەدەین و بەپێی گرنگییان بۆ توێژینەوەکەمان ڕیزیان دەکەین:

ا.کتێبی (ضحى الاسلام)ی (احمد امين) لە سەرچاوە نوێیەکاندا بە گرنگترین سەرچاوە هەژمار دەکرێت بۆ لێکۆڵینەوەکەی ئێمە، چونکە زۆر لایەنی گرنگی شارستانییەتی ئیسلامی و زانستەکانی پیشانداوە لەبارەی ئەم شارستانییەتەوە. وەرگێڕانی فەلسەفەش یەکێکە لەو پرسە گرنگانەی لەم کتێبەدا بایەخی باشی پێدراوە.

ب. كتيبى (تاريخ التمدن الاسلامي)ی (جرجي زيدان)، ئەم كتێبە وێڕای ئەوەی زۆر بەكورتی ئاماژە بە مێژووی سیاسی ئیسلام دەكات، لەسەر پرسە شارستانییەكان دەوەستێ و زانیاری باش لەبارەیانەوە پێشكەش دەكات. ئاماژە بە بزاڤ وەرگێڕان و كتێبە وەرگێڕدراوەكان و وەرگێڕە بەناوبانگەكان دەكات، كە ئێمە توانیومانە بۆ دەوڵەمەندكردنی لێكۆڵینەوەكەمان سوودی لێببینین.

ج.كتێبی (دراسات في تاريخ الفلسفة العربية الاسلامية واثار رجاله)ی (عبدة الشمالي)، ئەم كتێبە تایبەتە بە مێژووی فەلسەفەی ئیسلامی و بەرهەمەكانیان، ئەمەش بۆ لێكۆڵینەوەكەی ئێمە سوودی هەبووە و لە چەند شوێنێكدا سوودمان لێوەرگرتووە.

د.كتێبی (موسوعة اعلام الفلسفة العرب والاجانب)ی (روني ايلي الفا)، ئەم كتێبە ئینسكلۆپیدیایەكە سەبارەت بە ناودارانی فەلسەفە. بایەخی ئەم كتێبە بۆ لێكۆڵینەوەكەی ئێمە لەوەدایە، بەشێوەیەكی ورد لەسەر ژیان و بەرهەمی فەیلەسوف و وەرگێڕەكانی شارستانییەتی ئیسلامی نووسیوە، هەندێكجار بۆی گەڕاوینەتەوە و سوودمان لێوەرگرتووە.

هـ.(تاثر الثقافة العربية بالثقافة اليونانية)ی (اسماعيل المظهر)، جێگەی بایەخ بووە بۆ لێكۆڵینەوەكەمان. باس لە كاریگەری شارستانییەتی یۆنانی دەكات بەسەر شارستانییەتی ئیسلامییەوە، هەندێك باسی كە تایبەتە بە فەلسەفە و وەرگێڕانەوە پەیوەندی بە باسەكەی ئێمەوە هەیە.

و.(اكتفاء القنوع بما هو مطبوع)ی (أدوارد فنديك)، ئەم كتێبە گرنگی داوە بە مێژووی كتێب بەزمانی عەرەبی، هەر لە دێرینەوە تا سەردەمی نوێ. لەگەڵ ئەوەی باس لە كتێبەكان و نووسەرەكانیان دەكات، گرنگی بە بابەتی كتێبەكانیش دەدات، بۆئێمەش گرنگی خۆی هەبووە، لەبەرئەوەی ئاماژە بەو كتێبانەش دەكات كە وەرگێڕدراون بۆ زمانی عەرەبی.

ی.كتێبی(أبجد العلوم الوشي المرقوم في بيان أحوال العلوم)ی (القنوجي) ئەم كتێبە ئینسكلۆپیدیایەكی فراوانە باس لە دۆخی زانستەكان و كتێب و دانراوەكان دەكات و ژیانی زانا ناودارەكان و كتێبەكانیان باسدەكات، زانیاری گرنگ پێشكەش دەكات لەسەر كتێب و زانستەكان لە شارستانیەتی ئیسلامییدا هەر لە دێرینەكانوەوە هەتا نوێیەكان. لەو كتێبانەیە سوودمان لێوەرگرتووە و چەندجارێك بەكارمان هێناوە لە لێكۆڵینەوەكەماندا.

٢.نامە ئەكادیمییەكان

ا. ماستەرنامەی (دور الحركة الترجمة والنقل في حياة العلمية ابان العصر العباسي الاول)ی هەردوو توێژەر(محمد حساين وقدور الملوك)، توێژینەوەیەكی گرنگە لەسەر بزاڤ وەرگێڕان لە سەردەمی عەباسی

یەکەمدا. تا ڕادەیەکی باش توانیویەتی زانیاری لەسەر بزاڤی وەرگێڕان پێشکەش بکات و شیکاریان بکات، لە لێکۆڵینەوەکەماندا سوودمان لێ وەرگرتووە.

ب.: ماستەرنامەی (بيت الحكمة البغدادي وأثره في الحركة العلمية في الدولة العباسية)ی ( رفيدة اسماعيل عطا المنان اسماعيل)، نامەیەکی زانستییە سەبارەت بە (بيت الحكمة) زانیاری و شیکاری بە بایەخی تێدایە سەبارەت بە (بيت الحكمة) و ڕۆڵە زانستییەکەی لە پەرەپێدانی بزاڤی زانستی لە دەوڵەتی عەباسییدا. کە سوودی هەبووە بۆ لێکۆڵینەوەکەی ئێمە، بەو پێیەی لایەنی زانستی لە دەوڵەتی عەباسییدا شیکارکردووە، پەیوەندی هەیە بە ئەو ماوە مێژووییەی ئێمە کارمان تێداکردووە.

٣.کتێبی وەرگێڕدراوی ڕۆژهەڵاتناسەکان بۆ زمانەکانی عەرەبی و فارسی

ا.اولیری، دی لاسی: کتێبی (الفكر العربي و مركزه في التاريخ)ی خۆرهەڵاتناسی بەریتانی (دي لاسي اوليري)، شیکاری باشی کردووە بۆ لایەنەکانی شارستانییەتی ئیسلامی و بایەخیان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، لە هەمانکاتدا ئاماژەی بە خاڵی هاوبەش یان سوود وەرگرتنی ئەم شارستانیەتەش لە شارستانییەتەکانی تر کردووە، کە بۆ لێکۆڵینەوەکەی ئێمە گرنگی خۆی هەبووە.

ب.(شمس العرب تسطع على الغرب)ی خۆرهەڵاتناسی ئەڵمانی (زيغريد هونكة)، ئەگەرچی ئەم کتێبە باس لە کاریگەرییەکانی شارستانییەتی ئیسلامیی دەکات لەسەر شارستانییەتی ڕۆژئاوا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زانیاری باش پێشکەش دەکات لەسەر شارستانییەتی ئیسلامی. ئەوەش کە پەیوەندی بە لێکۆڵینەوەکەی ئێمەوە هەبووە گرنگیدانی بووە بە مێژووی کتێب و کتێبخانەکان لە شارستانییەتی ئیسلامییدا.

ج.کتێبی (فلسفه و كلام اسلامى) خۆرهەڵاتناسی بەریتانی (منتگمری وات)، ئێمە وەرگێڕانە فارسییەکەیمان بەکار هێناوە، نووسەر شیکاری و ڕاڤە بۆ فەلسەفە و زانستی کەلام دەکات لە سەرەتای دروستبوونییەوە لە شارستانییەتی ئیسلامییدا، بۆچوونی جیاواز لەسەر ئەو بابەتانە پێشکەش دەکات. لە لێکۆڵینەوەکەماندا سوودمان لێبینیوە.

ئەم سەرچاوە و ژێدەرانەی ئاماژەمان پێدان تەنها وەك نمونەیەك بوون لەو سەرچاوانەی ئێمە سوودمان لێوەرگرتوون بۆ لێکۆڵینەوەکەمان، هاوشێوەی ئەو سەرچاوانە گەلێك سەرچاوەمان بەکار هێناوە کە بوونەتە هۆی دەوڵەمەندکردنی لێکۆڵینەوەکەمان.

## ○ بەشی یەکەم: دەرکەوتنی وەرگێڕان لە شارستانییەتی ئیسلامییدا

- ❖ باسی یەکەم: وەرگێڕان و وەرگێڕ
- ❖ باسی دووەم: سەرەتاکانی دەرکەوتنی وەرگێڕان لە شارستانییەتی ئیسلامییدا
- ❖ باسی سێیەم: وەرگێڕان لەسەردەمی عەباسی و ڕۆڵی خەلیفەکانی عەباسی لە پەرەپێدانییدا
- ❖ باسی چوارەم: کاریگەرییەکانی وەرگێڕان لەسەر شارستانییەتی ئیسلامی

## بەشی یەکەم: دەرکەوتنی وەرگێڕان لە شارستانییەتی ئیسلامییدا

### باسی یەکەم: وەرگێڕان و وەرگێڕ

#### تەوەرەی یەکەم: وەرگێڕان لە زماندا

تێبینی ئەوە دەکرێت لە سەرچاوەکانی سەردەمی ئیسلامییدا، وشەی (نقل) وەك هاوواتایەك بووە بۆ (الترجمة)[1] کە مانای وەرگێڕان دەگەیێنێت، (ابن الندیم) (٣٨٥ك/٩٩٥ز مردووە) لە کتێبەکەیدا کاتێك باسی وەرگێڕەکان دەکات بە (النقلة) ناویان دەهێنێت کە مەبەست لێی وەرگێڕەکانە[2]، واتا ئێمە لەو سەردەمەدا و لە فەرهەنگی زمانی عەرەبیدا دوو وشەمان هەیە بۆ گوزارشتکردن لە وەرگێڕان بە مانای گۆڕینی نووسراوێك یان گوتراوێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، چونکە ئەو دوو وشەیە (ترجمة) و (نقل) بێجگە لەو مانایە مانای تریشیان هەیە.

وشەی (نقل) واتاکەی گوێزانەوەی شتێکە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، گوێزرایەوە واتا گۆڕانی بەسەردا هات[3]، کە مانای وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگەیێنێت، زۆرجار بە شتێکی بە عەرەبی کراو گوتراوە(گوازراوە یان وەرگێڕدراو) کە عەرەبییەکەی (منقول)ە[4].

لەزمانی عەرەبیدا زۆرجار وشەی (نقل) بەکارهاتووە، کە بەمانای گۆڕین دێت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، کتێبێك کە بنوسرێتەوە یان وەربگێڕدرێت بۆ زمانێکی تر[5]، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە مانای دووەمیانە، کە بەواتای وەرگێڕان دێت لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، چونکە (نقل) لە زمانی عەرەبیدا جگە لە وەرگێڕان چەند مانایەکی تریشی هەیە.

---

[1] مام بکر، حکیم احمد: حرکة الترجمة في الاندلس و دورها في تقدم العلوم الاوربي، مجلة جامعة کرکوك للدراسات الانسانية، العدد ١، سنة ٢٠١٨، المجلد١٣، ص٢.

[2] ابن الندیم، ابو الفرج یعقوب اسحاق: الفهرست، تح: محمد احمد احمد، مکتبة التوفیقیة، (د. م. س)، صص١٦٧-١٦٨.

[3] ابن منظور، محمد بن مکرم: لسان العرب، ط١، دار صادر، بیروت، (د. س. ط)، ج١١/ص ٦٧٤؛ الأزهري، أبو منصور محمد بن أحمد: تهذیب اللغة ، تح: محمد عوض مرعب، ط١، دار إحیاء التراث العربي، بیروت، ج٩/ ص١٢٨.

[4] الزبیدي، محمد مرتضی الحسیني: تاج العروس من جواهر القاموس، تح: مجموعة من المحققین، ط١، دار الهدایة، بیروت، ١٤١٤هـ، ج٣/ ص٣٤٨.

[5] مصطفی، إبراهیم و اخرون: المعجم الوسیط، تح: مجمع اللغة العربیة، دار الدعوة، (د. م. س)، ج٢/ ص٩٤٩.

وەرگێڕانی بابەتێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر پێی دەگوترێت (ترجمة)[1]. گوتەکەی (ترجمة) کرد واتا: بەزمانێکی تر گوزارشتی لێکرد، دەگوترێت (ترجمه بالكردية) واتا وەریگێڕا بۆ زمانی کوردی، ڕوونی کردەوە. وشەی (ترجمة) بۆ مەبەستی تریش بەکاردێت، مەبەست لە (ترجمة و تراجم) باسکردنی ژیانی کەسی و ڕەوشتی و بنەچەی کەسێکە[2]، ئەمەی دواییان دورە لەمەبەستەکەی ئێمەوە.

دەگوترێت: فلاّن کەس قسەکانی (ترجمة) کرد، کاتێك کە ڕوونیان بکاتەوە، ئەگەر بگوترێت قسەی جگە لەخۆی (ترجمة) کرد ئەوا مەبەست ئەوەیە بە زمانێك جگە لەزمانی خۆی گوزارشتی لێکردووە[3]، هەربۆیە وەرگێڕان بەمانای ڕوونکردنەوەش هاتووە[4]، چونکە ئەو زانیارییانەی کە بەهۆی نەزانینی زمانەوە لە کەسێك ئاڵۆز بووە ڕوون دەکاتەوە.

**تەوەرەی دووەم: ورگێڕان لە زاراوەدا**

وەرگێڕان کردەیەکی زمانییە، گۆڕینی دەقە لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، بە هۆکارە بەکارهێنە زمانییەکان[5].

یان وا پێناسەکراوە: بریتییە لە وەرگێڕانی زانیاری و مەعریفەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، جا ئەو وەرگێڕانە لە ڕێگایەکی ڕاستەوخۆوە بێت، یان لە ڕێگای زمانێکی میانگیرەوە بێت[6]. مەبەستیش لە ڕاستەوخۆ ئەوەیە، وەرگێڕانەکە لەو زمانەوە بکرێت بابەتەکەی پێ نووسراوە، ناڕاستەوخۆش ئەوەیە ئەوبابەتە پێشتر لە زمانێکی ترەوە وەرگێڕدراوە بۆ زمانی دووەم، لەزمانی دووەمەوەمیشەوە وەردەگێڕدرێت بۆ زمانی سێیەم.

وەرگێڕان گوزارشتە لە دەرخستنی یان ڕوونکردنەوەی شتە ئاڵۆزەکان، هەربۆیە وەرگێڕ ناوبراوە بە گوزارشتکەر بۆ ئەویتر، لەزمانێکەوە کە کەسی بیسەر یان خوێنەر لێی تێناگات بۆ زمانێك کە دەیزانێت و

---

[1] عميد، حسن: فرهنگ فارسي عميد، چاپ ٢٤، مؤسسة انتشارات امير كبير، تهران، ١٣٨٧ هـ.ق، ص٤٢٥؛ انوری، حسن: فرهنگ كوچك سخن، چاپ اول، انتشارات سخن، تهران، ١٣٨٣ هـ.ق، ص٢٥٥.

[2] معلوف، لويس: المنجد في اللغة، ط٣٥، انتشارات فرحان، تهران، ١٣٧٩ هـ.ق، ص٦٠.

[3] الفيومي، أحمد بن محمد بن علي المقري: المصباح المنير في غريب الشرح الكبير للرافعي ، المكتبة العلمية ، بيروت، (د. س. ط)، ص٧٤.

[4] الحموي، أبو عبد الله ياقوت بن عبد الله الرومي: معجم الأدباء أو إرشاد الأريب إلى معرفة الأديب، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩١م، ج٢، ص٧٠.

[5] بعلي، حفناوى: الترجمة الثقافية المقارنة جسور التواصل ومعابر التفاعل، دار اليازوري، الاردن، ٢٠١٨، ص٣٠.

[6] زقزوق ، محمود حمدي: الموسوعة الإسلامية العامة، وزارة الأوقاف والشؤون الدينية، القاهرة، ٢٠٠٣، ص٣٦٦.

لێی تێدەگات[١]. بەم جۆرە وەرگێڕان ڕوونکەرەوەی ئەوەشتانەیە، کە نادیارن بۆ بیسەر و خوێنەر بەهۆی نەزانینی زمانێکی دیاریکراوەوە. وەرگێڕیش دەربڕی ئەوشتە ئاڵۆزانەیە، کە بۆ بیسەر یان خوێنەر نائاشکران.

نووسەرێکی عەرەب بەم جۆرە پێناسەی وەرگێڕانی کردووە:"وەرگێڕان بریتییە: لە وەرگێڕانی زاراوەی بێگانە بۆ زمانی عەرەبی لەڕووی واتاوە نەك بێژە(لفظ)، وەرگێڕ ئەو وشە عەرەبییانە هەڵدەبژێرێت کە هاوواتای زاراوەی بێگانەیە"[٢] لێرەدا نووسەر لەبەرئەوەی خۆی عەرەبە نووسیویەتی بۆ زمانی عەرەبی، کە مەبەست وەرگێڕانییەتی بۆ زمانی وەرگێڕ، تێبینی ئەوەش دەکەین کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە پێویستە وەرگێڕان واتایی بێت نەك بێژەیی و وشەبەوشە.

بە تێڕوانین لەو بۆچوونانەی پێشەوە لەسەر وەرگێڕان، دەتوانین پێناسەیەکی گشتگیر بکەین بۆ وەرگێڕان: وەرگێڕان کردەیەکی زەینییە، بۆ دەقێك یان بۆ نووسراوێك یان گوتراوێك دەکرێت، لە یەکێك لە بوارەکانی مەعریفەدا، کە کەسێك یان چەند کەسێك پێی هەڵدەستن، شارەزاییەکی تەواویان هەیە لەو زمانەدا کە لێوەی وەردەگێڕن و لەو زمانەشدا کە بۆی وەردەگێڕن، بەدەر لە زانینی هەردوو زمانەکە پێویستە وەرگێڕ شارەزایی هەبێت لەو کێڵگە زانستی و هزری و ئەدەبی و هونەرییەی وەرگێڕانی لێوەدەکات، تاوەکو بتوانێت واتای دروست و مەبەستی پێویستی دەقی وەرگێڕدراو بگەیێنێت.

**تەوەرەی سێیەم: پێناسەی بزافی وەرگێڕان**

بزافی وەرگێڕان گوزارشت بووە لەو تێکەڵبوون و کارلێککردنە داهێنەرانەیەی کە لە نێوان موسڵمانەکان لەلایەك و ڕۆشنبیرییە باو و بڵاوەکانی وڵاتە فەتحکراوەکان لەلایەن موسڵمانەکانەوە لەلایەکی تر، لە وڵاتانی وەك میسر و سوریا و وڵاتی فارس لەلایەکی ترەوە، کە لەم پرۆسەیەدا وەرگێڕەکان ڕۆڵی بەرچاویان بینیوە[٣].

**تەوەرەی چوارەم: وەرگێڕ و وەرگێڕان**

لێرەدا مەبەستمانە تیشك بخەینە سەر وەرگێڕ و وەرگێڕان، بەتایبەتی لەو سەرچاوانەوە کە تێڕوانینیان هەبووە بۆ ئەم پرسە، لەو سەردەمەی کە مەبەستی لێکۆڵینەوەکەی ئێمەیە، چونکە وەرگێڕ و وەرگێڕان پەیوەستی یەکترن و بەیەکەوە بەستراون.

---

[١] القلقشندي، أحمد بن علي بن أحمد الفزاري: صبح الأعشى في كتابة الإنشاء، تح: عبد القادر زكار، وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٨١، ج٩/ ص٢٣٠.

[٢] غنيم: كارم السيد: اللغة العربية والصحوة العلمية الحديثة، مكتبة ابن سينا، مصر، (د. س. ط)، ص٨٧.

[٣] الطباع، عمر: من مقدمة الآثار الكاملة لابن مقفع، ط١، دار الأرقم بن أبي الأرقم، بيروت، ١٩٩٧، ص٤٤.

یەکێك لەو هزرڤان و ئەدیبانەی ئاماژەی بە پرسی وەرگێڕ و وەرگێڕان کردووە و خۆشی لەو سەردەمەدا ژیاوە (الجاحظ)ە(١٥٩-٢٥٥ك/٧٧٦-٨٦٩ز)، ئەو لەبارەی وەرگێڕەوە پێی وابووە پێویستە وەرگێڕ لە هەر زانستێکدا وەرگێڕان بکات، مەعریفەی هەبێت سەبارەت بەئەو زانستە، لەم بارەیەوە نووسیویەتی:" دەبێت وەرگێڕ ڕوونکردنەوەی لەبارەی خودی ئەو وەرگێڕانەی کە دەیکات بە ئەندازەی زانستی لە خودی ئەو مەعریفەیە بێت، پێویستیشە شارەزاترین کەس بێت لەو زمانەدا کە لێوەی وەردەگێڕێت و لەو زمانەشدا کە وەرگێڕانی بۆ دەکات، تاوەکو لە هەردووکیاندا وەك یەك بێت...هتد."[١]. لێرەدا ئەگەرچی زانینی هەردوو زمانەکە بە پێویست دانراوە کە وەرگێڕانی لێوە دەکرێت و وەرگێڕانی بۆ دەکرێت، بەڵام تاکە مەرج نییە و بەس نییە بۆ وەرگێڕان، بەڵکو پێویستە وەرگێڕ زانیاری تەواوی هەبێت لەبارەی ئەو زانست و هونەرەی وەرگێڕانی لێوە دەکات. هەر ئەمەشە ئەرکی وەرگێڕ قورس دەکات، چونکە وەرگێڕ تەنها ئەرکی وەرگێڕ نابینێت، بەڵکو لە هەمانکاتدا نووسەر و بیرکەرەوە یان زاناشە، لەم بارەیەوە نووسەری کتێبی (فن الترجمة) نووسیویەتی:"وەرگێڕ نووسەرە، واتا کارەکەی داڕشتنەوەی هزرەکانە لە کۆمەڵە وشەیەکدا کە ئاراستەی خوێنەری دەکات، جیاوازی ئەو لەگەڵ نووسەردا ئەوەیە، ئەو هزرانەی کە دایاندەڕێژێت هزری خۆی نین و هی خەڵکی ترن...کە من وای دەبینم گوێزانەوەی هزری کەسانی تر قورسترە لە گوزارشتکردن لە بیروبۆچونی ڕەسەنی خۆی"[٢]. ئەوەی ئەرکی وەرگێڕ قورستر دەکات لە ئەرکی نووسەر ئەوەیە وەرگێڕ هزری واڵا نییە، تاوەکو چۆنی بهەوێت ئەوەی لە هزریدایە دەریببڕێت، بەڵکو ئەو پابەندە بە دەقێکی دیاریکراوەوە و پێویستە لە قاڵبێکی نوێدا دایبڕێژێتەوە.

(ابن تیمیة)( (٧٢٨ك/١٣٢٨ز) ا)ش بۆچوونێکی نزیك لەوەی (الجاحظ)ی هەیە، پێی وایە:" وەرگێڕ پێویستە هەردوو زمانەکە بزانێت، ئەوەی کە بۆی وەردەگێڕێت و ئەوەش کە لێیەوە وەردەگێڕت. هەرکاتێك زانی ئەو مانایەی کە مەبەستە لەو ناوە لەم زمانەدا ئەو مانایەیە کە مەبەستە لە زمانەکەی تردا ئەوا وەریدەگێڕێت...هتد"[٣]، وەرگێڕانیش هونەرێکە مرۆڤەکان و هەموو گەلان دەتوانن لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر ئەنجامی بدەن، هەرکەسێك بتوانێت هەردوو زمان کە مەبەستە فێرببێت دەتوانێت بەوکارە هەستێت[٤]. ئەمەش مەرجێکی سەرەتاییە پێویستە لە وەرگێڕدا هەبێت، هەرکەسێك سەبارەت بە سروشتی وەرگێڕان بزانێت ئەمەی لەلا ئاشکرایە، بەڵام جەختکردنەوەی هەردوو نووسەر (ابن تیمیة، الجاحظ)

---

[١] الجاحظ ،أبو عثمان عمرو بن بحر: کتاب الحیوان، تح: عبد السلام محمد هارون، دار الجیل، بیروت،ج١/ ص٧٦.

[٢] عناني، محمد: فن الترجمة، ط٥، شرکة المصریة العالمیة للنشر، القاهرة، ٢٠٠٠، صص٥-٦.

[٣] ابن تیمیة، تقي الدین: کتاب الرد علی المنطقیین، تح: عبدالصمد شرف الدین الکبتي، ط١، مؤسسة الریان، بیروت، ٢٠٠٥، ص٩٠.

[٤] ابن تیمیة، تقي الدین: الجواب الصحیح لمن بدل دین المسیح، تح: علي سید صبح المدني، مطبعة المدني، مصر، (د.س)، ج٢/ ص٨٢.

لەبەرئەوەیە، کە پێویستە وەرگێڕ شارەزاییەکی تەواوی لە هەردوو زمانەکەدا هەبێت، سەرباری ئەوەش پێویستە زانیاری لەسەر ئەو بابەت و زانستەش هەبێت کە وەرگێڕانی بۆ دەکات.

سەبارەت بە ڕێگاکانی وەرگێڕان (بهاءالدین العاملي) بۆچوونی (الصلاح الدین الصفدي)* مان بۆ دەگوێزێتەوە، ئەویش باس لە دوو جۆر وەرگێڕان دەکات، کە وەرگێڕەکانی سەرەتا لە شارستانییەتی ئیسلامییدا گرتویانەتەبەر:

یەکەم: ڕێبازی (یحیی بن البطریق)(١١١-٢٠٠ك/٧٢٩-٨١٥ز) و (ابن الناعمة الحمصي) و هاو ڕێبازەکانیانن، شێوازەکەشیان بریتیی بووە لە دانانی وشەی عەرەبی لە بەرامبەر وشەی یۆنانی. ئەمەش ڕێگایەکی خراپە لە وەرگێڕاندا، لەبەرئەوەی هەموو وشەیەکی یۆنانی لەبەرامبەریدا وشەی عەرەبی نییە.

دووەم: ڕێگای (حنین بن اسحاق)(١٩٤-٢٦٠ك/٨١٠-٨٧٣ز) و (الجوهري) و هاوڕێبازەکانیانن، لەم شێوازەدا وەرگێڕ تێکڕای ڕستەکە دەخوێنێتەوە تا لێی تێدەگات، پاشان بەزمانێکی تر گوزارشت لە واتاکەی دەکات، جا ئەگەر وشەکان وەك یەك بن یان جیاوازبن کێشە نییە. ئەم ڕێگایەش زۆر باشترە لە وەرگێڕاندا[(1)]. جۆری یەکەمی وەرگێڕان وەك ئەوەی ئاماژەی پێکرا، لەم سەردەمەدا پێی دەگوترێت وەرگێڕانی وشەبەوشە یان (حەرفی)، خراپییەکەشی لەوەدایە زۆرجار واتا دەکرێتە قوربانی ڕواڵەتی دەقەکە، لە بەرامبەریشدا جۆری دووەم بە وەرگێڕانێکی باش دادەنرێت ئەمەش لەبەرئەوەی پشت دەبەستێ بەگەیاندنی واتا. ئەوەی کە لەم باسکردنەی (الصفدي)دا جێگەی لەسەر وەستانە ئەوەیە بڕیار دراوە لەبارەی دوو کۆمەڵە وەرگێڕ، بە باش و بە خراپ، ئایا لە ڕاستیدا بەم جۆرەیە یان نا، ئەمەش جێگەی لەسەر وەستانە، چونکە ئێمە تێبینی ئەوەمانکردووە زۆربەی سەرچاوەکان[(2)] بۆچوونی (الصفدي) (٦٩٦-٧٦٤ك/١٢٩٧-١٣٦٣ز) یان لە (العاملي)(٩٥٣-١٠٣٠ك/١٥٤١-١٦٢١ز) وەرگرتووە، خۆ ئەگەر لەڕاستیدا هی (الصفدي)ش بێت، هەرجێگەی لەسەر وەستانە، تاوەکو ڕاستی ئەو بۆچونەمان بۆ دەربکەوێت.

---

* سەبارەت بە بۆچوونی (صلاح الدین الصفدي) بەدواداچوونی زۆرمان بۆکرد، بەڵام نەمانتوانی بزانین لە چ کتێبێکیدا ئەم بۆچوونەی دەربڕییووە، تێبینی ئەوەشمانکرد کە تێکڕای سەرچاوەکانی تر ئەم بۆچوونەیان لە (العاملي) وەرگرتووە، توێژەر توانی ئەو بۆچوونەی (الصفدی) لە (السیوطي)یەوە وەربگرێت کە دەگەڕێتەوە بۆ پێش (العاملی). (العاملي، بهاءالدین محمد حسین: الکشکول، تص: محمد عبدالکریم النمیري، دار الکتب العلمیة، بیروت، ١٩٧١، ج١/ ص٢٩٤.)

(1) وەرگیراوە لە (السیوطي، جلال الدین بن ابي بکر: صون المنطق و الکلام عن فن المنطق والکلام، دار الکتب العلمیة، بیروت، ١٩٧١، ص١١.)

(2) قاشا، الاب سهیل: مدخل الی الفلسفة الاسلامیة، ط١، دار الفارابي، بیروت، ٢٠١٣، ص٨٤؛ صایغ، فلیب و جان عقل: اوضح الاسالیب في الترجمة و التعریب، ط٥، مکتبة لبنان، بیروت، ١٩٩٣، ص٥.

## باسی دووەم: سەرەتاکانی دەرکەوتنی وەرگێڕان لە شارستانییەتی ئیسلامییدا

وەرگێڕان وەك چالاكییەكی زەینی و پێویستییەكی مرۆیی و شارستانی، مێژوویەكی درێژی هەیە و زۆر لەپێش شارستانییەتی ئیسلامییش هەبووە. کاتێکیش ئایینی ئیسلام خۆی دەگرێت و بنەماکانی دەسەڵات تیایدا دروست دەبێت، لەگەڵ بوونی پایەی بەهێز لە خودی ئیسلامدا بۆ پێکهاتنی دەسەڵات و بنەماکانی بەڕێوەبردن، بەڵام بەدەر لەئەوە پێویستیان بە ئەزموونی شارستانییەتەکانی تر هەبووە و سوودیان لە پێشکەوتنەکانی ئەو شارستانییەتانە وەرگرتووە، چ لەڕووی بەڕێوەبردن بێت، چ لەڕووی وەرگرتنی زانستەکان بێت، لەبەرئەوە پێویستیان بە وەرگێڕان هەبووە لە زمانەکانی ترەوە.

هەربۆیە موسڵمانەکان توانیان سوود لە شارستانییەتە دێرینەکان و ڕۆشنبیری هیندی و فارسی و یۆنانی وەربگرن، کە لە وەرگێڕە فارسەکانەوە ڕۆشنبیری فارسی و هیندییان پێگەیشت، چونکە پێشتر بەشێك لە کتێبە هیندییەکان وەرگێڕدرابوون بۆ فارسی. لە سریانەکانیشەوە ڕۆشنبیری خودی سریانەکان و قوتابخانە سریانییەکان و ڕۆشنبیری یۆنانییەکانیشیان پێگەیشت. لەبەرئەوەی پێشتر سریانەکان هەندێك لە کتێبە یۆنانییەکانیان وەرگێڕابوو بۆ زمانی فارسی[1]. سریانەکان ڕۆشنبیری گرنگیان لە ئەسکەندەرییە و ئەنتاکیاوە وەرگرت و لە خۆرهەڵات بڵاویانکردەوە و گواستیانەوە بۆ قوتابخانەکانی روها و نوسەیبین و حەڕان و جوندیساپور[2]. هەر لە ڕێگای سریانەکانیشەوە جارێکی تر دوای فەتحی ئیسلامی بۆ ئەم ناوچانە، ئەم زانیاری و کتێبانە گوازرانەوە بۆ موسڵمانەکان، لە ڕێگای دووبارە وەرگێڕانیانەوە بۆ زمانی عەرەبی.

### تەوەرەی یەکەم: ڕۆڵی قوتابخانەکانی پێش ئیسلام

هاتنی (اسكندر المقدونی) (٣٣٦–٣٢٣پ.ز) و گرتنی زۆرێك لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا هۆکارێك بووە لە هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری یۆنانی لە ڕۆژهەڵات، کە ئەم شوێنانەی گرتبۆوە (میسر و لیبیا لە ئەفریقا، سوریا و فەلەستین و عێراق و وڵاتی فارس و تورکمانستان و ئەفغانستان و... هتد )، ئەمەش بووە هۆی تێکەڵی نێوانیان و بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری یۆنانی لە ڕۆژهەڵات و ئەو وڵاتانەی باسکران[3]، دواتر ئەم وڵاتانە دەبنە ڕێگایەك بۆ گواستنەوەی ئەو ڕۆشنبیرییە بۆ ناو جیهانی ئیسلامی، ئەمەش دوای گرتنی ئەو ناوچانە لەلایەن موسڵمانەکانەوە.

---

(1) دي بور، ت.ج: تاريخ الفلسفة في الاسلام، تر: محمد عبدالهادي ابوريدة، ط٥، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، د.س، ص١٦؛ فخري، ماجد: تاريخ الفلسفة في الاسلام، تر: كمال اليازجي، دار المتحدة للنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠٠٤، ص٥٧.

(2) دي بور: م.س، ص١٩.

(3) امين، احمد: ضحى الاسلام، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٤، ج١/ ص١٩٧.

پێش ئەوەی باس لە دەستپێکی وەرگێڕان بکەین لە شارستانییەتی ئیسلامییدا، جێگەی خۆیەتی ئاماژە بە هەندێك لەو قوتابخانانە بدەین، کە ڕۆڵێکی زانستی و هزوری گرنگیان هەبووە لە پێش هاتنی ئیسلام و بڵاوبووونەوەی لەو ناوچانەدا، کە دواتر لە لایەن موسڵمانەکانەوە فەتح کراون و دەستیان بەسەردا گیراوە، ئەم قوتابخانانەش فەلسەفە و لۆژیکیان تێدا خوێندراوە و هەندێك لەئەوانەی وانەیان لەو قوتابخانەدا گوتۆتەوە لە یۆنانی و زمانەکانی ترەوە هەندێك لە کتێبە فەلسەفی و لۆژیکییەکانیان وەرگێڕاوە بۆ سریانی، کە دواتر لەسریانییەوە وەردەگێڕدرێن بۆ عەرەبی.

لەو قوتابخانانەش:

١.قوتابخانەی ئەسکەندەرییە (الاسكندرية):

ئەسکەندەرییە شارێکی دێرینە، مێژوویەکی پڕشکۆی هەبووە، هەر لەو کاتەوە (ئەسکەندەر) دایمەزراند لە ساڵی(٣٣١پ.ز) و کە مەبەستی بوو ڕۆشنبیری هیلنی بگوێزێتەوە بۆ میسر بە شێوەیەکی فراوان[١]. گرنگی و ڕەسەنێتییە شارستانی و ڕۆشنبیرییەکەی کەمتر نەبووە لە تێکڕای شارە یۆناتنییەکانی تر، لەوکاتەوە بوو بە میراتگری زانستەکانی یۆنان، مەبەست لە دروستکردنی ئەم شارە ئەوە بووە ببێتە هۆی بەیەکگەیشتنی  شارستانییەتەکان و ڕۆشنبیری و زانستەکانیان[٢]. پێش ئەوەی مەسیحییەت لە میسر بڵاو ببێتەوە، ئەسکەندەرییە بەناوبانگ بووە بە قوتابخانەگەلێکی فەلسەفیی وەك مۆزەخانە کە (بطليموس) دایمەزراند، لە پاڵ چەند قوتابخانەیەکی تر کە کتێبخانەگەلێکی مەزنیان هەبووە[٣].

پێش ئەوەی میسر فەتح بکرێت لە لایەن موسڵمانەکانەوە، قوتابخانەی ئەسکەندەرییە سەرچاوەی توێژینەوەگەلێکی داهێنانکارانە و سوودبەخش بووە، تەنها لە پزیشکیدا نا، بەڵکو لە کیمیا و لە زۆرێك لە زانستە سروشتییەکانیشدا. بەدەر لەو زانستانە فەلسەفەش جێگەی بایەخی قوتابخانەی ئەسکەندەرییە بووە، لە فەیلەسوفە بەناوبانگەکانیشی، کە تاکاتی فەتحی ئیسلامییش هەر لەوانەگوتنەوە بەردەوام بووە(بولس الاجانيطي)بووە (٦٢٥–٦٩٠ز)[٤]. بەم جۆرە ئەم قوتابخانەیە تا گرتنی ئەسکەندەرییە لەلایەن موسڵمانەکانیشەوە هەر ماوەتەوە[٥]، هەر ئەمەشە وایکردووە ئەم قوتابخانەیە لە ڕووی زانستی و لە ڕووی فەلسەفیشەوە کاریگەری لەسەر شارستانییەتی ئیسلامی دابنێ.

---

[١] قنواتي، جورج شحاتة: المسيحية والحضارة العربية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، (د. س. ط)، ص٦٦.

[٢] ابو قحف، محمد محمود: مدرسة الاسكندرية الفلسفية، ط١، دار الوفاءلدنيا الطباعة والنشر، الاسكندرية، ٢٠٠٤، ص٩.

[٣] ميخائيل، القمص ميناونيس: اباء مدرسة الاسكندرية، طنطا، ٢٠٠٠، ص١.

[٤] مظهر، اسماعيل: تاريخ الفكر العربي، مؤسسة هنداوي، المملكة المتحدة، ٢٠١٧، ص١٤.

[٥] کەمال، محەمەد: ئەفلاتونیزمی نوێ، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٩، ل١٣.

فەلسەفەی ئیسلامی لەسەر کتێبەکانی یۆنان دامەزراوە، بەتایبەتی بیروبۆچوونەکانی (ارسطا طالیس)(٣٨٤–٣٢٢پ.ز)، کە زۆربەی لەسەر فەلسەفەی ئەو هەڵچنراوە، لەلایەن زانایانی ئەسکەندەرییەوە کتێبەکانی ڕاڤەکراوە، چونکە شاری ئەسکەندەرییە و قوتابخانەکەی، ناوەندی زانایانی یۆنانی بووە[1]. گرنگی ئەم قوتابخانەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە بووە هۆی دروستبوونی ڕێبازێکی فەلسەفی، بەناوی ڕێبازی ئەسکەندەرییە، کە ڕەگەزەکانی وەرگیراوە لە فەلسەفەی ئەفلاتوون و ئەرستۆ و ڕەواقییەکانەوە[*]، دامەزرێنەرەکەی (افلوطین)(٢٠٣–٢٧٠ز) بووە[2]. (افلوطین) دامەزرێنەری قوتابخانەی ئەفلاتوونیزمی نوێیە، خۆشی هەر لەئەسکەندەرییە لە لای (ئەمۆنیوسی ساکس) بۆ ماوەی دە ساڵ خوێندویەتی[3]. ئەمەش ئەوە دەردەخات پێش (افلوطین)یش قوتابخانەی ئەسکەندەرییە هەبووە، بەڵام (افلوطین) دامەزرێنەری ئەفلاتونیزمی نوێیە.

(القفطي) لەبارەی قوتابخانەی ئەسکەندەرییەوە نووسیویەتی:" ئەسکەندەرانییەکان بوون لە ئەسکەندەرییە خانەی زانستیان پێکهێنا و کۆڕی وانەی پزیشکیان ڕێکخست و کتێبەکانی (جالینوس)یان دەخوێند و لەسەر ئەو شێوەیە ڕێکیان خستبوو کە ئەمڕۆ دەخوێندرێ، ڕاڤەی گشتگیریان بۆ دادەنا و واتاکانیان کورت دەکردەوە، تا بۆ خوێنەر ئاسان بێت لەبەربیکات و هەڵی بگرێت لە تیانووسدا، ئەوانەی کە بەو شێوەیە ڕێکیانخستبوو(اسحق بن حنین) و (اصطفن الاسکندرانی) و...هتد"[4].

(یحیی النحوي) کەسایەتییەکی گەورە بوو لە قوتابخانەی ئەسکەندەرییە لە نیوەی یەکەمی سەدەی شەشەمی زایینی، هەروەها (اصطفن الاسکندراني)یش لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی زایینی[5]، ئەمانە لە لەسەردەمی عەباسیدا ڕۆڵیان هەبووە لە بزاڤ وەرگێڕاندا و لە وەرگێڕە بەناوبانگەکان بوون.

٢.قوتابخانەی ڕوها (الرها):

---

[1] فندیك، أدورد: اکتفاء القنوع بما هو مطبوع، دار صادر، بیروت، ١٨٩٦، ص١٧٦.

[*] ڕەواقیی: یەکێك بووە لەو فەلسەفانەی کە لەسەردەمی هیلینستی – ڕۆمانی بلاوبۆوە و دەرکەوت، (زینون الکیتوی) لە کۆتایی سەدەی چوارەمی پێش زایین دایمەزراند. ناوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەیوانە خاوەن پایانەی کە لە یۆنان ناسرابوو، ئەمانە لە کاتی خوێندنی فەلسەفەدا پیاسەیان تێدا دەکرد. فەلسەفەکەیان دابەش کردبوو بۆ لۆژیك و ڕەوشت و سروشت و لاهوت، ئەم بەشانەش پەیوەندییان بەیەکەوە هەبوو، هەندێکیان لەسەر هەندێکیان وەستا بوو.(ري)، جوناثان و وج. او. ارمسون: الموسوعة الفلسفیة المختصرة، تر: فؤاد کامل واخرون، دار القلم ،بیروت ، ٢٠١٦،ص٢١٨)

[2] امین: ضحی الاسلام، صص٢٠٠–٢٠١.

[3] کەمال: ئەفلاتونیزمی نوێ، ل١٤ ؛ عویضة، کامل محمد محمد: افلوطین بین الدیانات الشرقیة و فلسفة الیونانیة، دار الکتب العلمیة، بیروت، ١٩٩٣، ص١٥.

[4] اخبار العلماء باخبار الحکماء، دار الکتب العلمیة، بیروت، ٢٠٠٥، ص٥٢.

[5] قنواتی: م. س، ص٦٩.

قوتابخانەی ڕوها، بەناوی شاری ڕوهاوە ناونراوە، ئەوشارە دەکەوێتە باکوری کوردستان، دامەزراندنی ئەم قوتابخانەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دووەمی زایینی، لەلایەن پاشایانی ڕوهاوە کە بە (الاباجرة) ناسرابوون دامەزراوە، لەسەدەی دووەم تا پێنجەمی زایینی لە درەوشانەوەدا بووە، ژمارەیەکی زۆر لە پێشەوایانی نەستوری بەناوبانگ تیایدا هەڵکەوتوون، لەوانە (بردیصان)(١٥٤–٢٠٢ز) و فەیلەسوف (وافا) و...هتد. لەسەدەی چوارەمی زایینی لەلایەن (مار افرام الكبير) (٣٧٢ز مردووە) سەرۆکایەتی کراوە[١]. پێویست بوو خوێندن تێیدا بە یۆنانی بێت. مامۆستایانی دەرچووی قوتابخانەی ئەسکەندەرییەیان بۆ هێنا، ئەوانیش سریانی بوون. کۆمەڵێك کەسی تر لەو قوتابخانەیەدا هەڵکەوتن، کە زانستە یۆنانییەکان و فەلسەفەیان تێدا دەخوێند، بەتایبەتی (سرجيوس)ی خەڵکی (سەری کانی)، هەندێك لە کتێبە یۆنانییەکانیان لە بواری فەلسەفەدا وەرگێڕاوە[٢].

لە سەرەتای سەدەی پێنجەمی زایینی نەستورییەکان چوونە ئەم قوتابخانەیە، کە بە پزیشکی بەناوبانگ بوون، بەڵام لە ساڵی (٤٨٩ز) (قيصر زينون) دایخست، کیسرا (انوشيروان) قوتابخانەیەکی بۆ کردنەوە بۆ پزیشکی و فەلسەفە لە (جنديسابور) لە هەرێمی خوزستان، قوتابخانەی (جنديسابور) تا سەردەمی عەباسییەکان بەردەوام بوو[٣].

یەکێك لە مامۆستاکانی قوتابخانەی ڕوها (رابولا) بووە، کە بە (اوسقف الرها) ناسراوە(٤٣٥ز مردووە)، پشتیوانی لە فێرکردنەکانی (كيرلس الاسكندري) (٣٧٦–٤٤٤ز )کردووە و هەندێك لە دانراوەکانی لە یۆنانییەوە وەرگێڕاوە بۆ سریانی[٤]. وەك ئەوەی ئاماژەی پێکرا هەندێك لەو زانا و بیریارانەی لەم قوتابخانەیەدا پێگەیشتوون و وانەیان تێدا گوتۆتەوە. گرنگیان بە زانستە دێرینەکانی یۆنان و وەرگێڕانی هەندێك لە کتێبە یۆنانییەکان داوە لە یۆنانییەوە بۆ سریانی، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر بڵاووونەوەی ڕۆشنبیری یۆنانی لەو ناوچانەدا، کە دواتر لە لایەن موسڵمانەکانەوە دەستیان بەسەرا گیراوە. ئەو وەرگێڕانە سریانیانەش کە بۆ کتێبە یۆنانییەکان کراوە، دواتر بوون بە هەوێنێك بۆ بزافیی وەرگێڕان و لە سریانییەوە وەرگێڕدراون بۆ عەرەبی. ئەگەرچی سەردەمەکەشیان دوور بووە لەسەردەمی وەرگێڕان لە شارستانییەتی ئیسلامی، بەڵام ئەو کتێبە وەرگێڕدراوانە هەرماونەتەوە و دەستاودەستیان کردووە.

٣.قوتابخانەی نوسەیبین (نصيبين):

---

[١] طرزي، فليب دي: عصر السريان الذهبي، الناشرون، الجيزة، ٢٠١٨، ص٥٦.

[٢] الشمالي، عبده: دراسات في تاريخ الفلسفة العربية الاسلامية واثار رجاله، ط٥، دار صادر، بيروت، ١٩٧٩، ص١٥٠.

[٣] الخالدين، روحي: الكيمياء عند العرب، دار الكتب المصرية، القاهرة، ٢٠١٩، ص٢٤.

[٤] بيغوليفسكايا، نينا: ثقافة السريان في قرون الوسطى، تر: خلف الجراد، دار العلم، د.م، ١٩٧٩، ص٩٢.

نوسەیبین شارێکی دێرینە دەکەوێتە ولأتی جەزیرە لەسەر ڕێگای موسڵ و شام[1]، ئەم قوتابخانەیە لە دەوروبەری ساڵی(٣٢٠ز) لە نوسەیبین دامەزراوە، سەرۆکی قوتابخانەی نوسەیبین (نرسی)(٣٩٩–٤٩٢ز) بووە، هەندێك لە مامۆستاکانی قوتابخانەی ڕوها کاتێك کە داخرا چوونە نوسەیبین و کردیان بە ناوەندی فێرکردنەکانی ڕێبازی نەستوری[2]. لەم قوتابخانەیەدا فێرکردنەکانی نەستوریی تێکەڵکراوە بە هزری یۆنانی، هەر بەهۆی ئەم قوتابخانەیەوە ڕۆشنبیری یۆنانی لە ولأتی فارس بلأوبۆتەوە ئەفلاتوونیزمی نوێ بایەخێکی مەزنی پەیداکردووە[3].

ناوەندی فێرکردنە ئایینییەکان بووە و ڕۆشنبیری یۆنانی تێدا خوێنراوە، لەپاڵ زمانی سریانی گرنگی بە زمانی یۆنانی دراوە تیایدا، جگە لە خوێندنی ئایینی، بیرکاری و گەردووناسی و فەلسەفەی تێدا خوێندراوە، گرنگییان داوە بە پزیشکی (ابقراط) (٤٦٠–٣٧٠پ.ز) و (جالینوس) (١٣٠–٢١٠ز) و لۆژیك و ئیلاهییاتی ئەرستۆ. لە زمانی یۆنانییەوە وەرگێڕانیان کردووە بۆ سریانی[4].

٤.قوتابخانەی ئەنتاکیا (انطاکیا):

نزیکەی ساڵی (٢٧٠ز) دامەزراوە[5]، دامەزراندنی ئەم قوتابخانەیە دەدرێتەپاڵ کاهینێك ناوی (لوسیان) بووە (٣١٢ز مردووە)، لەسەدەی چوارەمی زایینیدا ئەم قوتابخانەیە گەیشتۆتە لوتکە. گرنگی ئەنتاکیا لە مێژووی ڕۆژهەڵات و ئەو شوێنگەیەی هەیبووە بەهۆی قوتابخانە لاهوتییەکەیەوە بووە، کە شانی دەدا لە شانی شوێنگەی قوتابخانەی ئەسکەندەرییە، ئەمەش لەماوەی نێوان سەدەی چوارەم و نیوەی یەکەمی سەدەی پێنجەمی زایینیدا[6].

فەلسەفەی ئەفلاتوونی و گوتاربێژی تێدا خوێندراوە بە زمانی یۆنانی[7]. ئەم شارە و قوتابخانەکەی بەناوبانگ بووە بە بزاڤی هزری، ئەمەش ڕۆڵی هەبووە لە بلأوبوونەوەی فەلسەفە تیایدا، بەتایبەتی لقەکانی فەلسەفەی یۆنانی. ئەمەش بەهۆی ئەو مشتومڕ و گفتوگۆ ئایینییانەی کە دروست بوو بوون. لە مامۆستا بەناوبانگەکانی (دیودورس الطرطوسي)(٣٣٠–٣٩٠ز) و (ثیودورس المصیصي)(٣٥٠–٤٢٨ز) بوون[8].

---

[1] الحموي، شهاب الدين أبو عبد الله ياقوت بن عبد الله: معجم البلدان، ط١، دار صادر، بيروت، ١٩٩٥، ج٥/ ص٢٨٩.

[2] الشمالی: م.س، ص١٥٠.

[3] العيسوف، نسيمة: حركة الترجمة في العصر العباسي كتاب "كليلة و دمنة" انموذجا (١٣٢–٦٥٦هـ)، رسالة الماجستير، غير منشورة، مقدمة الى كلية الاداب واللغات، جامعة ابوبكر بلقايد، ٢٠١٠–٢٠١١، ص٢١.

[4] مدكور، ابراهيم: في الفكر العربي، ط١، سميركو للطباعة والنشر، (د.م.س)، ص١٣.

[5] الشمالي: م. س، ص١٥٢.

[6] قنواتي: م. س، ص٧٣.

[7] الشمالي: م. س، ص١٥٢.

[8] مظهر، اسماعيل: تاثر الثقافة العربية بالثقافة اليونانية، مؤسسة هنداوي، المملكة المتحدة، ٢٠١٨، ص١٥.

(ثیودورس المصیصي) سەبارەت بە سروشتی مرۆییبوون و خواییبوونی مەسیح گفتوگۆی کردووە، ویستویەتی جیاوازی هەردوو سروشتەکە بپارێزێت، ئەگەرچی باوەڕی بە یەکگرتنی هەردووکیان هەبووە بە ناوی (یەکبوونی ویست)[1]

٥.قوتابخانەی جوندیساپور (جندیسابور):

(کسری انوشیروان)(٥٣١–٥٧٩ز) لەسەدەی شەشەم قوتابخانەیەکی پزیشکی و فەلسەفی دامەزراند لە جوندیساپور بەهۆی نەستورییەکانەوە، کە لە ڕوها ڕایانکرد بوو، کتێبە وەرگێڕاوەکانی (جالینوس)(١٣٠–٢١٠ز) یان لەگەڵ خۆیان هێنابوو. هەربۆیە قوتابخانەکە گەشایەوە و پەرەیسەند. حەوت فەیلەسوف لە شوێنکەوتەکانی ئەفلاتوونیزمی نوێ پشکداربوون لە پەرەسەندنی ئەم قوتابخانەیەدا، کە لە ئەسینا دەرکرابوون و (انوشیروان) سۆزی نواند بەرامبەریان. لە پزیشك و زانایانی ئەم قوتابخانەیە (یوحنا بن ماسویە)(١٦٠–٢٤٣ك/٧٧٧–٨٥٧ز) بوو، کە لەسەردەمی (هارون الرشید)(١٧٠–١٩٣ك/ ٧٨٦–٨٠٨ز) هاتە بەغداد و کردییە سەرۆکی (بیت الحکمة)[2]. لەسەر شێوازی یۆنانی و هیندییەکان دەڕۆیشتن، لەچارەسەری پزیشکیدا، بە پێی مەزاجی خەڵکی هەر ناوچەیەك چارەسەریان دادەنا، لە ڕووی زانستییەوە پێشکەوتن و دەستیان کرد بە ڕێسا دانان بۆ قوتابخانەکە بە تایبەتی لە پزیشکیدا، تا سەردەمی ئیسلامیش ئەم قوتابخانەیە بەردەوام بووە، یەکێك لە پزیشکە بەناوبانگەکانی ئەم قوتابخانەیە (جبرائیل بن بختیشوع)(٢١٣ك/٨٢٨ز مردووە) بووە، لەسەردەمی (هارون الرشید)دا هاتۆتە بەغداد و لە ڕووی پزیشکییەوە ڕۆڵی بینیوە[3].

٦.قوتابخانەی حەڕان (حران):

شاری حەڕان کە دەکەوێتە سەر ڕێگای موسڵ و شام و ڕۆم، بە یەکێك لە شارە دێرینەکان دادەنرێ و شوێنی (الصابئة)کان بووە[4]. ئەم قوتابخانەیە هەر بەناوی شاری حەڕانەوە ناونراوە، ڕۆشنبیری یۆنانی و زانستەکانی یۆنانی تێدا خوێندراوە. ئەوانەی دوای فەتحی ئەسکەندەر لەوێ مانەوە زانستەکانی یۆنانیان تێدا بڵاوکردۆتەوە، لە زانا بەناوبانگەکانی حەڕان (ثابت بن قرة)(٢٢١–٢٨٨ك/٨٣٦–٩٠١ز) و کوڕەکەی

[1] لوریمر جون: تاریخ الکنیسة، دار الثقافة، القاهرة، ١٩٨٨، ص٢١٥.
[2] الشمالي: م. س، ص١٥١.
[3] القفطي: اخبار العلماء باخبار الحکماء، ص١٠٦.
[4] الحموي: معجم البلدان، ج٢/ ص٢٣٥.

(سنان بن ثابت)( ٢٦٦–٣٣١ك /٨٨٠–٩٤٣ز) بوون[١]. بۆیە ئەم قوتابخانەیە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە بڵاوکردنەوەی فەلسەفەی یۆنانی و ڕۆشنبیری یۆنانی لە جیهانی ئیسلامییدا[٢].

تێبینی ئەوە دەکەین گرنگی دروستبوونی ئەم قوتابخانانە لە پێش هاتنی ئیسلامدا خۆی لە چەند خاڵێکدا دەبینێتەوە:

١. لەم قوتابخانانەدا خوێندەواری و بنەماکانی نووسین فێری قوتابیان کراوە و زمانی یۆنانی خوێندراوە لەپاڵ سریانیدا، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کەسانێك فێری یۆنانی ببن و شارەزا ببن لە زانستەکانی یۆناندا. هەرئەمەشە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە دواتردا، ئەو کەسانەی لەم قوتابخانانەدا فێربوون ڕۆڵی گرنگ ببینن لە وەرگێڕانی فەلسەفە و زانستەکان بۆ زمانی عەرەبی، لە شارستانییەتی ئیسلامیدا.
٢. ئەم قوتابخانانە ئەگەرچی قوتابخانەی ئایینی بوون و مەبەستەکەیان زیاتر بۆ گرنگی دان بووە بەلایەنی ئایینی، بەڵام یەکێك لە بایەخە گرنگەکانیان خۆی لەوەدا بینیوەتەوە لە پاڵ خوێندنی ئایینیدا، زانستەکانی وەك پزیشکی و کیمیا و فەلسەفەی تێدا خوێنراوە، کە هزری مرۆڤ دەجولێنێت و هانی دەدات بۆ بیربکاتەوە و تێڕامان.
٣. هەر بەهۆی ئەو قوتابخانانەوە خوێندەواری و زانستەکان لەو ناوچانەدا بڵاوبوونەوە کە دواتر موسڵمانەکان فەتحیان کردن، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لە ئەنجامی تێکەڵبوونی موسڵمانەکان بەو گەلانە زانستەکانیان پێبگات.

**تەوەرەی دووەم: سەرەتاکانی وەرگێڕان لە شارستانییەتی ئیسلامییدا**

پرۆسەی وەرگێڕان لە پێش ئیسلامدا لەناو گەلانی ئەو ناوچانە هەبووە، بۆ نمونە لە میسر وەرگێڕان هەبووە لە یۆنانییەوە بۆ سریانی (سیرجیوس رشینا)(٥٣٦ز مردووە) لە یۆنانییەوە وەرگێڕانی کردووە بۆ سریانی، کتێبی ئیساغۆجی و کاتیگۆرییەکانی ئەرستۆی وەرگێڕاوە. سورییەکانیش شارستانییەتی یۆنانیان گواستۆتەوە و وەریانگێڕاوە بۆ پارسی لە ئیمپراتۆریەتی ساسانیدا، جگە لەوەی ئیمپراتۆر (کیسرا انوشروان) قوتابخانەی جوندیسابوری پزیشکی دروست کرد، کە زانستەکانی یۆنانی تیا دەخوێنرا بەزمانی

---

[١] الشمالي: م.س، صص١٥٢–١٥٣.

[٢] فؤاد، عبدالفتاح احمد: الاصول الرواقية في فلسفة الاسلامية، ط١، دار الوفاء لدنيا، الاسكندرية، ٢٠٠٣، ص١٩٦.

سریانی[1]. ئەمەش لەدواییدا ڕۆڵی هەبووە لە پەرەگرتنی وەرگێڕان لەلای موسڵمانەکان، چونکە وەرگێڕان هەنگاوێك نزیك بۆتەوە لە موسڵمانەکان و هاتۆتە ئەو ناوچانەی کە دواتر موسڵمانەکان فەتحی دەکەن.

ئەو وڵاتانەی فەتح کران لەلایەن موسڵمانەکانەوە پێشتر شارستانیەتی دێرین و درەوشاوەیان تیادا بووە. ڕۆشنبیری ئیسلامییش بەو پێدراوانەی، کە لە وڵاتی فارس و هیند و سوریا و میسرەوە دەهات دەوڵەمەند بوو، بەهۆی ئەم تێکەڵبوونە هزرییەوە سەردەمێکی ئاڵتوونی بەخۆیەوە بینی، بەتایبەتی لەسەردەمی خەلیفە مەنسورەوە، ئەم تێکەڵبوونەش لە ڕێگەی بزاڤ وەرگێڕانەوە بوو[2].

گێڕانەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن هەر لەسەردەمی پێغەمبەری ئیسلامەوە(د.خ) گرنگی بەوەرگێڕ و وەرگێڕان دراوە، ئەگەرچی تەنها بۆ وەرگێڕانی زارەکیش بووبێت:" (زید بن ثابت) گوتوویەتی: پێغەمبەری خوا (د.خ) پێی گوتم: ئایا سریانی دەزانی؟ چونکە من نامەم بۆ دێت، گوتم نەخێر، گوتی: فێری ببە، منیش لە حەڤدە ڕۆژدا فێری بووم"[3]. ئەمەش بایەخ و گرنگی وەرگێڕان پیشان دەدات، کە پێویستییەکی بە بەهایە و ئاراستەی پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵات و گەلان دەکات و ڕێکیان دەخات.

ئەگەرچی ئەو بۆچوونە هەیە لەسەردەمی یەکەم فەرمانڕەوای ئومەوی (معاوية بن ابي سفيان) زانستەکانی یۆنان وەرگێڕدراون، بەڵام بۆ ئەمە بەڵگەیەکی ئەوتۆمان لەبەردەستدا نییە[4]. پێدەچێت هۆی ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هیچ شوێنەوارێکی بەجیماو لەو وەرگێڕدراوانە، کە بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە.

لەسەردەمی ئومەوییەکاندا چەند هەوڵێك هەبوون بۆ وەرگێڕان، بەڵام زیاتر هەوڵی تاکە کەسی بوون، (خالد بن يزيد)(٨٥ك/٧٠٤ز مردووە) کە بە فەیلەسوفی بەنی ئومەییە ناسراوە، خۆشەویستی بۆ زانستەکان هەبووە. شتێك بە دڵیدا هاتووە کارێك بکات، فەرمانی کردووە کۆمەڵێك لە فەیلەسوفانی یۆنان بانگهێشت بکەن، کە لە میسر بوون، عەرەبییان زانیوە، فەرمانی پێکردوون لە یۆنانی و قیبتییەوە کتێب وەرگێڕن بۆ عەرەبی. (ئیبن نەدیم) ئەمە بە یەکەم وەرگێڕان دادەنێ لە ئیسلامدا[5]. هەروەها دەگوترێت (خالد) قوتابی (ماریانوس) بووە، کیمیا و پزیشکی و گەردوونی لەلا خوێندووە، سێ کتێبی نووسیوە لە یەکەمیاندا

---

[1] كار، مريم سلامة: الترجمة في العصر العباسي مدرسة حنين بن اسحاق واهميتها في الترجمة، تر: نجيب عزاوي، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٩٨، ص١١.

[2] كار: م. س، ص٩.

[3] الفاسي، محمد عبدالحي الكتاني: نظام الحكومة النبوية المسمى التراتيب الادارية، ط٢، تح: عبدالله الخالدي، دار الارقم بن ابي الارقم، بيروت، (د.س)، ص٨٦.

[4] فروخ، عمر: العرب واليونان و اوروبا قراءة في الفلسفة، ط١، المركز العربي للابحاث والدراسات السياسات، بيروت، ٢٠١٥، ص١٤٤.

[5] ابن النديم: م. س، ص٣٣٣.

گفتوگۆكانی لەگەڵ (ماریانوس)ی مامۆستای باسكردووە، لە دووەمیاندا ڕێگای توێژینەوەی كیمیای لای مامۆستاكەی خستۆتە ڕوو، لە سێیەمیشیاندا ئەو هێما ئاڵۆزانەی كە مامۆستاكەی بەكاریهێناون ئاماژە پێكردووە[1]. ئەوەی جێگەی ئاماژە پێكردنە هیچ كام لەو كتێبانە نەماونەتەوە، نازانرێت ئایا هەر لە بنەڕەتدا هەبوون یان نا؟ ئەگەر هەشبووبن هیچ شوێنەوارێكیان نەماوەتەوە.

یەكەم گەنجینەی كتێب (خالد بن یزید) دایمەزراندووە و هەندێك لە زانستەكانی تێدا پاراستووە، كە لە قیبتی و یۆنانی و سریانییەوە وەرگێڕدرابوون، كە كتێبی ئەستێرەناسی و ئەندازیاری و فەلسەفەی تێدا بووە. بۆیە دەگوترێت (خالد بن یزید) یەكەم كەس بووە گرنگی بە فەلسەفە داوە[2].

تێبینی ئەوە دەكەین هەندێك لەسەرچاوەكان ئاماژە بەوە دەكەن لەسەردەمی ئومەوییدا وەرگێڕانی فەلسەفە هەبووە، بەڵام هیچ بەڵگەیەكی ئەوتۆ لەبەردەستدا نییە، پێدەچێت هۆكاری ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ لێكچوونی ناوی هەندێك لە نووسەری كتێبەكان كە لەوسەردەمەدا وەرگێڕدراون و ناوەكانیان هاوشێوەی ناوی فەیلەسوفان بووە، لەم بارەیەوە (صدرالدین الشیرازي) نووسیویەتی:"هەندێك ئەوەیان كەوتۆتە دەست، كۆمەڵێك لەسەردەمی (بني امیة) كتێبی كەسانێكیان وەرگێڕاوە كە ناوەكانیان هاوشێوەی ناوی فەیلەسوفەكان بووە، بۆیە ئەوانە وایانزانیوە هەموو ناوێكی یۆنانی ناوی فەیلەسوفانە"[3].

هەر لەسەردەمی ئومەوییەكاندا، هەندێك لە دیوانەكان لەسەردەمی دەسەڵاتی (حجاج بن یوسف الثقفي)(٤٠-٩٥ك/٦٦٠-٧١٤ز) وەرگێڕدراون بۆ سەر زمانی عەرەبی، پێشتر بە فارسی بوون، ئەو كەسەش كە وەریگێڕاون (صالح بن عبدالرحمن مولی بني تمیم) بووە. لەشامیش دیوانەكان بە زمانی ڕۆمی بوون، لەسەردەمی (هشام بن عبدالملك)(١٠٥-١٢٥ك/٧٢٤-٧٤٣ز) وەرگێڕدران (ابو ثابت سلیمان بن سعد مولا حسین) وەریگێڕاون. گوتراویشە دیوانەكان لەسەردەمی (عبدالملك بن مروان)(٦٥-٨٦ك/٦٨٥-٧٠٥ز) وەرگێڕدراون[4]. وەرگێڕانیش لەم سەردەمەدا دوولایەنی گرتۆتەوە: یەكەم: زانستە سروشتییەكان وەك: پزیشكی و كیمیای لەخۆی گرتبوو، بەبێ ئەوەی زانستە عەقڵییەكان بگرێتەوە. دووەم: بەعەرەبی كردنی دیوانەكان لە دەوڵەتی ئومەویدا كە (عبدالملك بن مروان) دەست پێشخەر بووە تێیدا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی زمانی عەرەبی لە ئاستێكی بەرفراواندا بەكاربێت[5]. بەم پێیە بێت وەرگێڕان پێش سەردەمی عەباسی دوو قۆناغی بڕیوە وەك ئەوەی ئاماژەمان پێكرد، ئەم دووو قۆناغەش لە دواییدا ڕۆڵیان هەبووە

---

[1] اولیري، دي لاسي: الفكر العربي و مركزه في التاريخ، تر: اسماعيل البيطار، دار الكتاب اللبناني، بيروت، ١٩٨٢، ص٢٣.

[2] علي، محمد كرد: خطط الشام، ط٣، مكتبة النوري، بيروت، ١٤٠٣هـ، ج٦،ص١٩.

[3] الشيرازي، صدرالدين محمد: الحكمة العالية في الاسفار الاربعة، تح: غلام رضا اعواني، چاپ اول، انتشارات بنياد حكمت اسلامي صدرا، تهران، ١٣٨٣هـ ق، جلد اول، ص٩١.

[4] ابن النديم: م.س، ص١٣٣.

[5] الحسيني، فاضل: افاق الحضارة العربية الاسلامية، ط١، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٦، ص٧٢.

لەوەدا لەسەردەمی عەباسیدا گەشە بکات، قۆناغی یەکەم پێش ئیسلام کاتێك وەرگێڕان لە یۆنانییەوە کراوە بۆ سریانی، ئەمە بوو بە ئاسانکاری بۆ وەرگێڕانی بەرهەمەکانی یۆنانی بۆ زمانی عەرەبی. دوەمیشیان ئەو وەرگێڕانە پچڕپچڕانە بووە کە لەسەردەمی ئەمەوییەکاندا هەبووە و دواتر ڕۆڵیان هەبووە و وەك هەنگاوی سەرەتابوون لە شارستانێتی ئیسلامیدا.

یەکێك لەو کەسانەی لەسەردەمی ئومەویدا وەرگێڕانی کردووە (ماسر جویە)ی پزیشك بووە، جولەکەیەکی سریانی زمان بووە و لە بەسرا دانیشتووە. دەگوترێت هەر لەسەردەمی ئومەوییەوە وەرگێڕانی ئەنجام داوە[1].

**تەوەرەی سێیەم: قۆناغەکانی وەرگێڕان لەسەردەمی عەباسی یەکەمدا**

دیاریکردنی قۆناغەکانی وەرگێڕان لەشارستانییەتی ئیسلامییدا لەم سەردەمەدا لەسەر تێڕوانین و بۆچوونی مێژوونووسان وەستاوە، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی مێژووی وەرگێڕان لە شارستانییەتی ئیسلامیدا درێژە، کە لەپێش سەردەمی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە دەستی پێکردووە و لەدوای ئەم سەردەمەش هەر بەردەوام بووە (١٣٢-٣٣٤ك).

بزاڤی وەرگێڕان نزیکەی سێ سەدەی خایاند لە سەرەتای سەدەی دووەمی کۆچی هەتا کۆتایی سەدەی چواری کۆچی، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە بزاڤی وەرگێڕان بزاڤێکی سانا نەبووە، بەڵکو زۆر فراوان و گشتگیر بووە، کە تێکڕای زانستە عەقڵییەکانی گرتبۆوە. زۆرێك لە زانایانی موسڵمان و ناموسڵمان پێوەی خەریك بوون[2]. دوای سەدەی چواریش ئەم پرۆسەیە هەر بەردەوام بووە، بەڵام لە ئاستێکی بەرتەسکدا.

مێژوونووسان وەرگێڕان لەسەردەمی عەباسیدا دابەش دەکەن بۆ سێ قۆناغ[3]:

قۆناغی یەکەم: لەسەردەمی خەلیفە (ابو جعفر المنصور)ەوە دەست پێدەکات تاکۆتایی سەردەمی (هارون الرشید)، واتا لەساڵی (١٣٦-١٩٣ك)، لەم قۆناغەدا کتێبی زانستی لە بوارەکانی ئەندازیاری و پزیشکی و گەردووناسی و لۆژیك و کتێبی ئەدەبی وەرگێڕدراون[4]، نمونەی ئەو کتێبەی لەم قۆناغەدا وەرگێڕدراون وەك کتێبی (کلیلة و دمنة) لە فارسییەوە[5] و (السند هند) لە هیندییەوە لەلایەن (ابراهیم الفزاری)(١٨٠ك/٧٩٦ز) وەرگێڕدران. هەندێك لە کتێبەکانی (ئەرستۆ)ش لەبارەی لۆژیکەوە وەرگێڕدران.

---

[1] فروغ: م.س، ص١٤٤.

[2] صليبا، جميل: تاريخ الفلسفة العربية، ط٣، بيروت، ١٩٩٥، ص٩٦.

[3] امين: ضحى الاسلام، ص٢٠٤؛ قاشا: م. س، ص٨٤.

[4] عابد، احمد محمود محمد: العقل بين الفرق الاسلامية قديما وحديثا، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠١٢، ص٣٠٧.

[5] ابن النديم، م.س، صص١٦٧-١٦٨.

بەناوبانگترین وەرگێڕەکانی ئەم سەردەمە (ابن المقفع)(١٠٦–١٤٢ك/٧٢٤–٧٥٩ز) و (جورجيوس بن جبرائيل)(١٦٠ك/٧٧٦ز مردووە) و (يوحنا بن ماسويه)(١٦٠–٢٤٣ك /٧٧٧–٨٥٧ز) بوون. هەر لەم ماوەیەدا موعتەزیلەکان* ئەوکتێبانەیان دەستخست کە وەرگێڕدرابوون، یەکەمینەکانیان وەك (ابراهيم بن نظام)(١٦٠–٢٢١ك/٧٧٧–٨٣٦ز) کە (ئەرستۆ)(٣٨٤–٣٢٢ پ.ز)ی ناسیوە[1]. ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆکردنە لە سەردەمی (ابو جعفر المنصور)(١٣٦–١٥٨ك/٧٥٤–٧٧٥ز) تەنها لە یۆنانییەوە وەرگێڕان نەدەکرا بۆ عەرەبی، بەڵکو دانراوە سریانی و فارسییەکانیشی گرتبۆوە، هەربۆیە زۆربەی زانستەکان لەسەردەمی ئەودا گەشانەوە[2].

قۆناغی دووەم: قۆناغی دووەم لە سەردەمی (المأمون)(١٩٨–٢١٨ك/٨١٣–٨٣٣ز) دەست پێ دەکات لەساڵی(١٩٨ك) تا ساڵی(٣٠٠ك)، لەم سەردەمەدا کتێبەکان ڕاستەوخۆ لە زمانی یۆنانییەوە وەردەگێڕدران بۆ زمانی عەرەبی. ئەم سەردەمە بەسەردەمی داهێنان دادەنرێت لە شارستانییەتی ئیسلامییدا، بە جۆرێك جگە لە وەرگێڕان ڕاڤە و هەڵسەنگاندن و پۆلێنکردنی زانستەکان هاتنە ئاراوە، کە بوونە هۆی گەشەکردنی شارستانییەتی ئیسلامی. لەم قۆناغەدا پێشکەوتنەکان لەبواری وەرگێڕان و زانستەکان گەیشتنە لوتکەی گەشەکردن، بەجۆرێك زۆربەی زانستەکانی گرتەوە. وەرگێڕەکانیش بە ئەوپەڕی چالاکییەوە دەستیان دابووە وەرگێڕانی کەلتووری گەلانی تر، هەر لە یۆنانی و سریانی و فارسی و تەنانەت لە هیندیشەوە. ئەمانە هەمووی لەسەردەمی خەلیفە (المأمون) بوو، کە زۆر گرنگی بە وەرگێڕان و زانستەکان دەدا، تەنانەت بۆ ئەم مەبەستە ناوەندێکیشی دامەزراند بەناوی (بيت الحيكمة)، لە ساڵی (٢١٥ك/٨٣٠ز)[3].

گرنگترین وەرگێڕەکان لەم سەردەمەدا(يحيى بن بطريق)(١١١–٢٠٠ك/٧٢٩–٨١٥ز) و (حجاج بن يوسف بن مطر الوراق الكوفي) و (حنين بن اسحاق)(١٩٤–٢٦٠ك/٨١٠–٨٧٣ز) و (اسحاق بن حنين)(٢١٥–٢٩٨ك/٨٣٠–٩١٠ز) و (ثابت بن قرة)(٢٢١–٢٨٨ك/٨٣٦–٩٠١ز) بوون. لەم قۆناغەدا گرنگترین کتێبە

---

* موعتەزیلەکان: فیرقەیەکی ئیسلامی بوون، لەسەردەمی خیلافەی عەباسییدا دروستبوون، دامەزرێنەرەکەی (واصل بن عطاء) لە ساڵانی (٨٠ – ١٣١ك)ژیاوە، گروپێکی کەلامی عەقڵی بوون، باوەڕیان وابووە عەقڵ دەتوانێت یاساکانی بوون پەی پێبەرێت.(الراوي، عبدالستار عزالدين: ثورة العقل (دراسة فلسفية فى فكر معتزلة بغداد)، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، عيراق، ١٩٨٢، ص٦و دواتر).

[1] امين: ضحى الاسلام، ص٢٠٤.

[2] الحسيني، م. س، ص٧٣.

[3] الحسيني: ن.م، ص٧٤.

یۆنانییەکان وەرگێڕدران، کتێبەکانی (بقراط)(٤٦٠-٣٧٠پ.ز) و (جالینوس)(١٣٠-٢١٠ز) وەرگێڕدران، هەندێك لە کتێبەکانی (ئەفلاتون)(٤٢٧-٣٤٧پ.ز) و (ئەرستۆ)(٣٨٤-٣٢٢ پ.ز)، وەرگێڕدران[1].

قۆناغی سێیەم: لە سەرەتای سەدەی چوارەمەوە دەست پێدەکات، کە دەکەوێتە دوای سەردەمی ئاڵتونی وەرگێڕان، لەم سەردەمەشدا هەندێك لە زانستە جیاوازەکان وەرگێڕدراون، وەك لۆژیك و زانستە سروشتییەکان...هتد[2] بەناوبانگترین وەرگێڕەکانیش لەم سەردەمەدا (متا بن یونس)(٢٥٦-٣٢٨ك/٨٧٠-٩٣٩ز) و (سنان بن ثابت بن قرة) و (یحیی بن عدي) (٢٨٠-٣٦٤ك/٨٩٣-٩٧٤ز) و (ابن زرعة) بوون، گرنگترین ئەو کتێبانەی وەرگێڕدران کتێبە لۆژیکی و سروشتییەکانی (ئەرستۆ) بوون لەگەڵ ڕاڤەکردنیان[3].

---

[1] ابن أبي أصيبعة، أحمد بن القاسم بن خليفة بن يونس الخزرجي موفق الدين أبو العباس: عيون الأنباء في طبقات الأطباء، تح: نزار رضا، دار مكتبة الحياة ، بيروت، (د.س.ط)، ج١، ص٢٨٠.

[2] قاشا: م. س، ص٨٤.

[3] امين: ضحى الاسلام، ج١، ص٢٠٤.

## باسی سێیەم: وەرگێڕان لەسەردەمی عەباسی و ڕۆڵی خەلیفەکانی عەباسی لە پەرەپێدانییدا

هاتنی عەباسییەکان بۆ سەر تەختی دەسەلاَت و دروستبوونی خیلافەی عەباسی لە ساڵی (١٣٢ك/٧٥٠ز)[١]، بە هەنگاوێکی نوێ و سەردەمێکی نوێ دادەنرێت لە مێژووی شارستانییەتی ئیسلامییدا، هۆی ئەمەش ئەو تایبەتمەندییە جیاکەرەوەیەتی، کە دەسەلاَتی عەباسییەکان هەیبووە بە بەراورد بە دەسەلاَتی ئومەوییەکان(٤١-١٣٢ك/٦٦٢-٧٤٩ز)[٢]، ئەویش بریتییە لە کرانەوەی عەباسییەکان بە ئەندازەیەکی زیاتر بەسەر گەلانی ناعەرەب یان مەوالییەکان و گرنگی پێدانیان و بەشداری پێکردنی گەلانی تر لە خیلافەکەیاندا. هەر لە دروستبوونی شۆڕشەکەیان و سەرکەوتنی مەوالییەکان ڕۆڵێکی کاریگەریان تێدا بینی، دواتریش ڕۆڵیان پێدرا لە کۆشکی خیلافەی عەباسیدا، وەك ئەوەی بەرمەکییەکان پۆستی وەزارەتیان وەرگرت[٣]. ئەم کرانەویەش ڕۆڵی هەبوو لە گوێزانەوەی زانست و لێهاتوویی ئەو گەلانە بۆ ناو خیلافەی عەباسی و پێشکەش کردنی هونەرەکانیان، چونکە ئەوان پێشتر خاوەنی شارستانییەتی دێرین و قوڵ بوون، لە ڕێگای ئەمانەوە بەشێك لە زانستە دێرینەکان گوێزرانەوە بۆ شارستانییەتی ئیسلامی، بەتایبەتی کە ئەوەمانزانی ئەمانە بەدەر لە زمانی عەرەبی زمانی تریشیان زانیوە.

دەستپێکی وەرگێڕان لەسەردەمی عەباسییەکاندا لە زمانەکانی فارسی و هیندی و سریانییەوە ئەنجام دراوە، بۆنمونە (منكة الهندی) و (دهن الهند) لە زمانی هیندییەوە وەرگێڕانیان کردووە بۆ عەرەبی. (عبدالله ابن المقفع)(١٠٦-١٤٢ك/ ٧٢٤-٧٥٩ز) و (ابو سهل بن نوبخت) و (موسى بن عيسى الكردی)* لە فارسییەوە وەرگێڕانیان کردووە[٤]، ئەوانەش کە لە سریانییەوە وەرگێڕانیان کردووە زۆر بوون، وەك (الجاثليق

---

[١] اليعقوبي، أبو العباس أحمد بن إسحاق بن جعفر بن وهب بن واضح : تاريخ اليعقوبي، تح: خليل المنصور، ط٢، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٢.، ج٢/ص٢٤٣؛ ابن كثير، إسماعيل بن عمر: البداية والنهاية، مكتبة المعارف – بيروت، د.س.ط، ج١/ص٣٦؛ الذهبي، الحافظ شمس الدين محمد بن احمد عثمان: سير اعلام النبلاء، تح: مصطفى عبدالقادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠١٠، ج١/ص١٧٤.

[٢] ابن اثير، عزالدين ابي الحسن علي بن ابي الكرم محمد بن محمد بن عبدالكريم بن عبدالواحد الشيباني: الكامل في التاريخ، تح: خليل المأمون شيحا، ط١، دار المعرفة، بيروت، ٢٠٠٢، ج٣/ ص ٣٥٦ وما بعدها؛ ابن كثير: م.س، ج١/ص ص٣٠ومابعدها.

[٣] الطبري، أبي جعفر محمد بن جرير: تاريخ الطبري، دار الكتب العلمية، بيروت، (د.س)، ج٤/ص٦١٩؛ السيوطي، جلال الدين: تاريخ الخلفاء، تح: مصطفى عبدالقادر عطا،ط٢، مؤسسة الكتب الثقافية، بيروت، (د. س. ط)، ص٢٤٥.

* ئەم وەرگێڕە وەك لەناوەکەیەوە دەردەکەوێت، کورد بووە، بەلاَم جێگەی داخە کە هیچ زانیارییەك لەسەر ژیانی و کارە وەرگێڕدراوەکانی نییە، تەنها (ابن الندیم)ناوی هێناوە کە لە فارسییەوە وەرگێڕانی ئەنجامداوە.

[٤] ابن النديم: م. س، صص٣٣٧، ٣٧٥؛ ابن أبي أصيبعة، م. س، ج١/ص٤١٣؛ امين: ضحى الاسلام، ج١/ ص٢٠٩.

طيماوثاوس)(١٠٩-٢٠٨ك/٧٢٧-٨٢٣ن)[1]. تێبینی ئەوە دەکەین دوای ئەوەی عەباسییەکان هەستیان بە پێویستی و گرنگی وەرگێڕانی زانستەکان کردووە، بە تایبەتی فەلسەفەی یۆنانی، کاتێك سەیری دەوروبەری خۆیان کردووە بینیویانە سریانەکان سوارچاکی ئەو مەیدانەن، لەبەرئەوەی ئەوان زمانی سریانی و یۆنانی و عەرەبیشیان دەزانی، جگە لەوەی دەستبالاًبوون بەسەر ئەو زانستانەی کە داوای وەرگێڕانیان لێکرا بوو، چونکە ئەوان پێشتر زانستە دێرینەکانیان وەرگێڕابوو بۆ سریانی لە سەرەتاکانی سەدەی پێنجەمی زاییندا[2]. لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە دەستپێکی وەرگێڕان لەسەردەمی عەباسییدا، بەشێوەیەکی گشتی لەو زمانانەوە ئەنجامدراوە کە لەو کاتەدا سەرچاوەی زانست بوون و زمانی شارستانییەتەکانی پێشین بوون و لەو زمانانەوە وەرگێڕان ئەنجامدراوە لەلایەن کەسانی سەر بەو شارستانییەتانەوە، وەك پێشتر ئاماژەمان پێدان. ئەمەش ڕێگە خۆشکەر بووە بۆئەوەی کەسانی سەر بە گەلە جیاوازەکان و ئایینە جیاوازەکان ڕۆڵیان هەبێت لە شارستانییەتی ئیسلامییدا، ئەمەش بۆخۆی خاڵێکی گرنگ بووە بۆ گەشەکردنی شارستانییەت، بەهۆی ئەو کرانەوە بەرچاوەی هەبووە لە سەردەمی عەباسییەکاندا.

ئەو کتێبانەش کە وەرگێڕدراون، جۆراوجۆر بوون و چەند بوارێکی زانستیان لە خۆگرتبوو، لەوانەش ئەستێرەناسی و گەردوون و پزیشکی و لۆژك و فەلسەفە و هەندێك کتێب سەبارەت بە مێژوو، بە تایبەتی مێژووی دێرینی پاشایانی ساسانی. هەندێکی کەمیش سەبارەت بە ئەدەب لە فارسییەوە وەرگێڕدراون، بەلاًم تێبینی ئەوە دەکرێت کە ئەدەبی یۆنانی گرنگی زۆری پێنەدراوە و کتێبێکی ئەدەبی یۆنانی شك نابەین کە لەوکاتەدا وەرگێڕدرابێت بۆ عەرەبی[3]. پێدەچێت هۆکاری ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەدەبی یۆنانی کاریگەری فرەخوایی و بتپەرستی پێوە دیاربووە و ئەمەش لەگەڵ بیروبۆچوونی یەکتاپەرستی موسڵمانەکاندا کۆك نەبووە.

یەکێك لە سیما گرنگەکانی سەردەمی عەباسی ئەوە بووە، زۆربەی خەلیفەکانی ئەو ماوەیە گرنگییەکی زۆر باش و تایبەتیان داوە بە بزاڤی وەرگێڕان، هەر ئەمەش یەکێك بووە لە هۆکارە گرنگەکانی پێشکەوتنی وەرگێڕان لەو سەردەمەدا. پێدەچێت لەمەشدا جگە لە خواستی تایبەتی خەلیفەکان بۆ وەرگێڕان و ئەو زانستانەی کە هەوڵیانداوە لەڕێگای وەرگێڕەکانەوە وەریانبگێڕن بۆ سەر زمانی عەربی، خواست و پێداویستی سەردەمەکەشیان ڕۆڵی هەبوو بێت لە گرنگی دانیان بە وەرگێڕان لە زانستە جیاوازەکاندا.

---

[1] ضميرية، ناصر محمد يحيى: نقد المنطق الارسطي بين السهروردى و ابن تيمية، هيئة العمة السورية للكتاب، دمشق، ٢٠٠٩، ص٤٧.

[2] الشمالي: م. س، ص١٤٩.

[3] امين: ضحى الاسلام ، ج١/ص٢١٦.

یەکەم خەلیفەی عەباسییەکان (ابو العباس السفاح)(١٣٢-١٣٦ك/٧٥٠-٧٥٤ز) بووە[١] وادیارە لە سەردەمی ئەم خەلیفەیەدا هیچ کتێبێك بە هاندانی ئەو وەرنەگێڕدراوە بۆ سەر زمانی عەرەبی، هەر بۆیە ئاماژەیەك نییە جەخت لەوە بکاتەوە ئەم خەلیفەیە هانی هیچ کەسێکی دابێت بۆ وەرگێڕان. لەم بارەیەوە هەندێك لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن دووەم خەلیفەی عەباسییەکان (ابو جعفر المنصور)(١٣٦-١٥٨ك/ ٧٥٤-٧٧٥ز) یەکەم خەلیفە بووە گرنگی بە زانستەکان و وەرگێڕانیان داوە[٢]، هانی وەرگێڕانی داوە و لەسەردەمی ئەودا کۆمەڵە دانراوێکی جیاواز وەرگێڕدراوە، (المسعودي) سەبارەت بەئەمە نووسیویەتی:" (المنصور) یەکەم خەلیفە بووە کتێبیان بۆ وەرگێڕاوە لە زمانە عەجەمییەکانەوە بۆ عەرەبی، لەوانەش: کتێبی (کلیلة و دمنة) و کتێبی (السند هند) و کتێبە لۆجیکییەکانی (ارسطاطالیس) و هەندێك کتیبی تریشی بۆ وەرگێڕدراوە، کتێبی (المجسطي) ی (بطلیموس) و کتێبی (الارتماطیقي) و کتێبی (اقلیدس) و تێکڕای کتێبە دێرینە یۆنانی و ڕۆمانی و فەهلەوی و فارسی و سریانییەکانی بۆ وەرگێڕدراوە"[٣]. بەکارهێنانی گوزارەی (تێکڕا) زیادەگۆییە و لەوانەیە مەبەستی ئەوە بووبێت زۆر کتێبی لەو زمانانەوە بۆ وەرگێڕدراوە، چونکە سەردەمی (المنصور) سەرەتای کاری وەرگێڕانە، وەك دەبینین دواتر وەرگێڕان زۆر بەرفراوانتر دەبێت.

یەکێك لەو هۆیانەی پاڵی ناوە بە (ابو جعفر المنصور)ەوە گرنگی بدات بە وەرگێڕان، گرنگی دانی بووە بە ئەستێرەناسی، لەبەرئەوەی ئەستێرەناسی لای فارسەکان گرنگی پێدراوە و یەکێك لەوانەی گرنگی بەم پرسەداوە و تیایدا لێهاتوو بووە، (نوبخت)ی ئەستێرەناسی فارسی بووە، کە لێهاتوو بووە لەبارەی لێکنزیکبوونەوەی هەسارەکان و ڕووداوەکانی، بۆیە (المنصور) لەخۆی نزیك کردۆتەوە و بەردەوام لەگەڵ مەنسوردا بووە، لەدوای پیربوونی خۆشی کوڕەکەی (ابو سهل بن نوبخت) خزمەتی مەنسوری کردووە. بنەماڵەی نۆبەخت یەك لەدوای یەك خزمەتی عەباسییەکانیان کردووە، لەبارەی هەسارەکان و ئەحکامەکانی کتێبیان بۆ وەرگێڕاون[٤]. (المنصور) باوەڕی وابووە ئەستێرەناسین پەیوەندی بە ژیانی مرۆڤ و چارەنووسی مرۆڤەکانەوە هەیە[٥]. هەندێکیش گرنگی پێدانی (المنصور) بە وەرگێڕان دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی (ابو جعفر) توشی نەخۆشییەك بووە و نەخۆشییەکەی پەرێشانی کردووە. پزیشکانی کۆشك

---

[١] الیعقوبي: م. س، ج٢/ص٢٤٣؛ الذهبي: سیر اعلام النبلاء، ج٥/ صص٣٤٨-٣٤٩.

[٢] الجندي الکندي، بهاء الدین محمد بن یوسف بن یعقوب: السلوك في طبقات العلماء والملوك، تح: محمد بن علي بن الحسین، ط٢، مکتبة الإرشاد، صنعاء، ١٩٩٥، ج١/ص١٨٢؛ القنوجي، صدیق بن حسن: أبجد العلوم الوشي المرقوم في بیان أحوال العلوم، تح: عبد الجبار زکار، دار الکتب العلمیة، بیروت، ١٩٧٨، ج١/ص١٧٩.

[٣] المسعودي، أبو الحسن علي بن الحسین بن علي: مروج الذهب ومعادن الجوهر، ط٤، دار الاندلس للطباعة والنشر والتوزیع، بیروت، ٢٠١٢، ج٤/ ص٣٥٤.

[٤] زیدان، جرجي: تاریخ التمدن الاسلامي، دار مکتبة الحیاة، بیروت، (د. س. ط)، ج٣، ص١٥١.

[٥] عبدالرحمن، حکمت نجیب: دراسات في تاریخ العلوم عندالعرب، جامعة الموصل، موصل، ١٩٩٧، ص٢٦.

دەستەوسان بوون لە چارەسەرکردنی، سەرۆکی بیمارستانی (جندیسابور) کە (جورج بن بختیشوع)(٢١٣ك/٨٢٨ز مردووە) بووە، هاتووە بۆلای و چارەسەری کردووە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی پزیشکی بە گەورە بزانێت و پزیشکانیش بەمەزن سەیربکات. فەرمانی کرد بە وەرگێڕانی پزیشکی بۆ زمانی بێگانەوە بۆ زمانی عەرەبی، بۆ ئەوەی چاودێری تەندروستی بکرێت[١]. لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین پێویستی (المنصور) بە ئەستێرە ناسی و پزیشکی پاڵنەری بووە بۆ گرنگی دان بە زانستەکان و وەرگێڕان.

دوای سەردەمی (المنصور)، بزاڤ وەرگێڕان بەرەو لاوازبوون چوو، وەرگێڕان گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدرا، واتا لەسەردەمی خەلیفە (المهدي)(١٥٨-١٦٩ك/٧٧٥-٧٨٦ز) وخەلیفە(هادی)(١٦٩-١٧٠ك/٧٨٦-٧٨٧ز)دا. ئەگەرچی (القفطي) ئاماژە بەوە دەکات خەلیفە (المهدي) یەکەم کەس بووە پاداشتی بۆ زانایان زیادکردووە، بۆیە لەناوچە جیاوازەکانەوە زانایان ڕوویانکردۆتە بەغداد[٢]، بەلاّم لەسەردەمی ڕەشیددا بەرەو درەوشانەوە ڕۆیشت[٣].

خەلیفە (هارون الرشيد)(١٧٠-١٩٣ك/٧٨٦-٨٠٨ز) ڕۆڵی هەبووە لە گەشەسەندنی وەرگێڕاندا، لەسەردەمی هاروندا موسڵمانەکان وایان لێهات کاتێك موسڵمانەکان شوێنێکیان فەتح دەکرد، ئەگەر کتێبی تیابوایا نەیان دەسووتاند، بەڵکو دەیانبردەوە بۆ پایتەخت و دەیان پاراست، بۆ ئەوەی وەریگێڕن بۆ زمانی عەرەبی، وەك ئەوەی بۆ ڕەشید هەڵکەوت لەکاتی شەڕکردن لە عەموریە و ئەنقەرە، لە وڵاتی ڕۆم، لەوێ کتێبی زۆری بەدەست هێنا، بردنیەوە بۆ بەغداد وفەرمانی کرد بە پزیشکەکەی (يوحنا بن ماسويه) (١٦٠-٢٤٣ك /٧٧٧-٨٥٧ز) وەریانبگێڕێت[٤].

خەلیفە (الرشيد) هاوکاری و پشتگیری وەرگێڕانی کرد، لەڕووی ماددی و مەعنەوییەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی وەرگێڕان بگاتە ئاستێکی بەرز لەڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە، (الرشيد) زۆر گرنگی بە زانست و ئەدەب داوە، قوتابخانەیەکی بۆ وەرگێڕان دامەزراند و زانایانی تیادا کۆکردەوە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو وەرگێڕانانەی پێشتر کرابوون، لەم کارەشدا بەرمەکییەکان یارمەتیدەری بوون[٥]. ئەمە پیشاندەری ئەوەیە

---

[١] زيدان: تاريخ التمدن الاسلامي، م. س، ج٣/صص١٥٢-١٥٣؛ الشمالي: م. س، ص١٥٦.

[٢] القفطي، جمال الدين ابوالحسن علي بن يوسف: انباة الرواة على انباة النحاة، تح: محمد ابو الفضل ابراهيم، ط١، دار الكتب المصرية، القاهرة، ١٩٥٥، ج٢/ص٣٤.

[٣] جارالنبي سليمان، نصرالدين: حركة الترجمة و اثرها الحضارى في عصر العباسيين الاول(١٣٢-٢٣٢)، مجلة جامعة شندي، الاعدد الاول، يناير ٢٠٠٤، ص١٢٦؛ المهداوي،خري رشيد: الترجمة في عهد الخليفة المأمون، مجلة مداد الاداب، العدد التاسع، ٢٠١٤، ص٣٢٧.

[٤] ابن جلجل، ابو داود سليمان بن حسان: طبقات الاطباء والحكماء، تح: فؤاد سيد، القاهرة، ١٩٥٥، ص٦٥.

[٥] حساين، محمد وقدور الملوك: دور حركة الترجمة والنقل في الحياة العلمية ابان العصر العباسي الاول، رسالة الماجستير، غير منشورة، مقدمة الى كلية الاداب، جامعة جزائر، ٢٠١٣-٢٠١٤، ص١٢٦.

لەسەردەمی (الرشید)دا بزاڤ وەرگێڕان گەشەی کردووە، چونکە ئەگەر وەرگێڕان لە برەودا نەبوایا و ئاستێکی بەرزی نەبوایا، (الرشید) دەستەیەکی دروست نەدەکرد بۆ پیاچوونەوەی وەرگێڕانەکانی پێشتر.

(الرشید) کاری وەرگێڕانی سپارد بە (یوحنا بن ماسویە)، کە مەسیحی بوو لەسەر ڕێبازی سریانی، (الرشید) کاری وەرگێڕانی کتێبە دێرینەکانی پێسپارد، کە لە ئەنقەرە و مەعمورییە و تێکڕای ولاتی شام موسڵمانان بە دەستیان هێنابوو، هارون داینا بە ئەمینداری وەرگێڕان[1].

لەسەردەمی (هارون الرشید)دا کتێبی (اقلیدس) کە کتێبێکی ئەندازیارییە لەلایەن (حجاج بن مطر)(١٦٩-٢١٨ك/٧٨٦-٨٣٣ز) وەرگێڕدرا، کە هارون ڕایسپاردبوو، کتێبی (المجسطی)ی (بگلیموس)یش هەر لەسەردەمی ئەودا وەرگێڕدراوە[2].

لەسەردەمی (المأمون)(١٩٨-٢١٨ك/٨١٣-٨٣٣ز) وەرگێڕان گەیشتە لوتکە کاتێك (دار الحکمة)ی دامەزراند و بوو بە گەورەترین ناوەندی ڕۆشنبیری جیهانی ئیسلامی، بوژانەوەیەکی گشتگیری بەخۆیەوە بینی لەسەرجەم بوارە زانستییەکاندا، ئەوەی ئەم قوتابخانەیەی بەغداد جیا دەکاتەوە ئەوەیە زانستە دێرینەکانی پاراست و وەریگێڕان و داهێنانی تیا ئەنجامدرا[3].

(المأمون ) جیاواز بوو لە خەلیفەکانی پێش خۆی وەك ئەوەی (ابن خلدون) باسی دەکات، زۆر حەزی لە زانست بووە، بە تایبەتی سوور بوو لەسەر فەلسەفە، نوێنەری نارد بۆلای پاشایانی ڕۆم تا زانستی یۆنانەکان دەربێنن و بە ڕێنووسی عەرەبی بینووسنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش چەند وەرگێڕێکی نارد، زۆر شتی لێتێگەیشتن، بیرمەندان و لێکۆڵەرانی ئیسلام لە هونەرەکەیاندا زیرەك بوون، تێڕوانینیان هەبوو لەبارەیەوە[4]. مەبەست لەوەیە شارەزاییان تا ئاستێك ڕۆیشتووە، کە لەوە دەربچێت تەنها کاری وەرگێڕان بێت و دووبارەکردنەوەی ئەو زانستانە بێت، بەڵکو تێڕوانینی نوێیان بۆ دروست بووە، هەر ئەمەشە لە دواییدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە دانانی کتێب لەوبوارانەدا لای موسڵمانەکان پەیدا ببێت.

جگە لەوەی (المأمون) هانی وەرگێڕانی داوە، هەوڵی ئەوەشی داوە تاوەکو کتێبە گرنگ و نایەبەکان بەدەست بێنێت، بۆ ئەمەش سوودی لە دەسەڵاتەکەی وەرگرتووە. خاوەنی کتێبی (الجواهر الثمینة في محاسن المدینة) نووسیویەتی:"نێردراوی ناردووە بۆلای خاوەنی جەزیرەی قوبرس و داوای گەنجینەی کتێبەکانی یۆنانی لێکردووە، ئەویش ڕاوێژی بەگەورە پیاوانی دەوڵەتەکەی کردووە، گەورەکەیان گوتویەتی

[1] ابن أبي أصیبعة: م. س، ج١، ص٣٤٦.

[2] امین، احمد: هارون الرشید، هنداوي، القاهرة، ٢٠١٤، ص٧٦.

[3] الفیومي، محمد ابراهیم: تاریخ الفلسفة الاسلامیة في المشرق، ط٢، دار الجیل، بیروت، ١٩٩٩، ص٧٣.

[4] ابن خلدون، عبدالرحمن: مقدمة، تح: حامد احمد الطاهر، ط١، دار الفجر، القاهرة، ٢٠٠٤، ص٥٩٥.

بۆچوونم وایە کە بۆی بنێری...هتد"[١]. لەنێوان (المأمون) و پاشایانی ڕۆمدا نامە گۆڕینەوە هەبووە، (المأمون) داوای لە پادشای ڕۆم کردبوو ڕێگای بدەن هەندێك لە زانستە دێرینەکان لەو کتێبانەی لە وڵاتی ڕۆم هەڵگیراوە دەربێنێت. سەرەتا ڕازی نابن، بەڵام دواتر ڕازامەندی دەردەبڕن. (المأمون) کۆمەڵە کەسێك ڕادەسپێرێت بۆ ئەو کارە لەوانە: (حجاج بن یوسف مطر) و (ابن بطریق) و هەندێکی تر، ئەوانیش کۆمەڵێکیان لەو کتێبانە هەڵبژارد و بردیاننەوە بۆ لای (المأمون)، ئەویش فەرمانی پێکردن وەریانگێڕن، کتێبی زۆر جیاواز سەرنجراکێش و نامۆیان هێنا لە بوارەکانی فەلسەفە و ئەندازە و مۆسیقا و پزیشکی و ...هتد[٢].

پەیوەندی (المأمون) بە موعتەزیلەوە پاڵنەری بووە بۆ خەریکبوونی بە فەلسەفە و وەرگێڕانەوە، مەئمون قوتابی (یحیا بن مبارك الیزدي)(٢٠٢ك/٨١٧ز مردووە) بووە، کە یەکێك بووە لە پێشەواکانی موعتەزیلە، پەیوەندیشی هەبووە لەگەڵ (ثمامة بن الأشرس النمیري)(٢٢٥ك–٨٤٠ز مردووە)[٣]، ئەمانەش کاریگەریان لەسەری هەبووە، هۆی ئەمەش ئەوەیە موعتەزیلە عەقڵ و بیرکردنەوەی فەلسەفی لایان سەنتەر بووە و گرنگییان پێداوە.

(المأمون) بانگهێشتی (حنین بن اسحاق)ی کرد، کە هێشتا هەر گەنج بوو، فەرمانی پێکرد ئەوەندەی دەتوانێ کتێبی فەیلەسوفانی یۆنانی وەربگێڕێت بۆ عەرەبی، ئەو کتێبانەش پێشتر وەرگێڕدراون پیاچوونەوەیان بۆ بکات و چاکیان بکات، ئەویش فەرمانی (المأمون) جێبەجێ کرد، دەگوترێ (المأمون) بە کێشی ئەو کتێبانەی وەریگێڕاون ئاڵتونی پێداوە[٤].

بەهۆی گرنگی دانی زۆری (المأمون)بە زانست و زانیاری و فەلسەفە، بە تایبەتی گرنگی دانی زۆری بە فەلسەفە، ئەمە وایکردبوو زانایان و فەیلەسوفان لە هەموو ناوچە و لایەکەوە ڕووبکەنە پایتەختی عەباسی، هەربۆیە لەسەردەمی ئەودا بەغداد بووە ڕووگە و ناوەند بۆ زانستخوازان[٥].

---

[١] مدني، محمد کبریت حسیني: الجواهر الثمینة في محاسن المدینة، ط١، دار الکتب العلمیة، بیروت، ١٤١٧هـ.ق، ص٢١٤.

[٢] الدینوري، ابي حنیفة احمد بن داود: الاخبار الطوال، تح: عمر فاروق الطباع، دار الارقم بن ابي الارقم، بیروت، (د.س)، ص٣٩٦؛ ابن الندیم: م. س، ص٣٣٥؛ الصفدي، صلاح الدین خلیل بن أیبك: الوافي بالوفیات، تح: أحمد الأرناؤوط و ترکي مصطفى، دار إحیاء التراث، بیروت، ٢٠٠٠ ، ج١٣/ ص١٣١؛ ابن ابي اصیبعة: م. س، ج١/ ص٢٦٠.

[٣] ابو ریان، محمد علي: تاریخ الفکر الفلسفي في الاسلام، دار النهظة العربیة، بیروت، ١٩٧٦، ص٩٤.

[٤] ابن ابي اصیبعة: م. س، ج١/ ص٢٦٠.

[٥] فؤاد، عبدالفتاح احمد: الاصول الرواقیة في الفلسفة الاسلامیة، ط١، دار الوفاء لدنیا الطباعة والنشر، الاسکندریة، ٢٠٠٣، ص٢٠٢.

پاش (المأمون) (المعتصم)ی برای دەبێتە خەلیفە (٢١٨–٢٢٧ك/٨٣٣–٨٤٢ز) ئەگەرچی بە کەسێك دادەنرێ کە زۆر گرنگی بە لایەنی ڕۆشنبیری نەداوە و خوێندەواری نەبووە[1]، بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا هەندێك گرنگی پێدانی هەبووە بە وەرگێڕان و زانستەکان، بۆنمونە (عبد المسیح بن ناعمة)(١٦٤–٢٢٦ك/٧٨٠–٨٤٠ز) کە یەکێك بووە لە وەرگێڕەکان، وەرگێڕانی بۆ (المعتصم) کردووە، کاریشی بۆ (الکندي)(١٨٥–٢٥٦ك/٨٠٥–٨٧٣ز) فەیلەسوف کردووە، کتێبی (السفسطة)ی وەرگێڕاوە، دواتر قوتابخانەی (حنین بن اسحاق) پێداچوونەوەیان بۆ کردووە، جگە لەوە کتێبی (الطبیعة)ی ئەرستۆشی وەرگێڕاوە[2]. باسکردنی (الکندي)ش لێرەدا لەبەرئەوەیە کارکردنی (ابن ناعمة) بۆ (الکندي)یش هەر لە ژێر چاودێری خەلیفە (المعتصم)دا بووە، چونکە (الکندي)یش کاری بۆ خەلیفە (المعتصم) کردووە، بەلگەشمان بۆ ئەمە پێشکەش کردنی یەکێك لە کتێبەکانییەتی بە (المعتصم)[3]. جگە لەوە (الکندي) بەکتێبی (اثولوجیا ارسططالیس)دا چۆتەوە بۆ (المعتصم)، کە لەلایەن (ابن ناعمة)وە وەرگێڕدراوە، کە ئەم کتێبە بەهەلّە دراوەتا پالّ ئەرستۆ[4]. بەم شێوەیە بەهۆی ئەوەی کە (المعتصم) لەدوای (المأمون) هاتووە و سەردەمی ئەویش لوتکەی وەرگێڕان و گەشەسەندنی زانستە دێرینەکان بووە، کاریگەری و گەرمی ڕۆشنبیری سەردەمی (المأمون) بەجۆرێك لەجۆرەکان بەردەوام بووە و ڕۆلّی هەبووە لە سەردەمی (المعتصم)یش.

وا دیارە چالاکی وەرگێڕان دوای سەردەمی (المأمون) وردە وردە بەرەو لاوازی چووە و کەم بۆتەوە، بەلاّم بەشێوەیەك لەشێوەکان هەرماوەتەوە، لەسەردەمی خەلیفە (المتوکل)(٢٣٢– ٢٤٧ك/٨٤٧–٨٦٢ز) بزاڤ ڕۆشنبیری جولّەی هەبووە و (المتوکل) هەستا بە نوێکردنەوەی (بیت الحکمة) کە پێشتر وەك قوتابخانەیەك وابووە بۆ وەرگێڕان[5].

جگە لە خەلیفەکانی عەباسی کە گرنگیان داوە بە وەرگێران و هانی وەرگێڕان و زمانزانانیان داوە بۆ وەرگێڕان، چ لە ڕووی ماددی و چ لە ڕووی مەعنەوییەوە بووبێت، کەسانێکی تر هەبوون بایەخیان داوە بە وەرگێڕان، بۆ نمونە بەرمەکییەکان ئەهلی زانست بوون و ئارەزوو و هەواداریيان هەبووە بۆ زانست، بۆ نمونە (فچل بن سهل) کتێبێکی بۆ (یحیی البرمکی) وەرگێڕاوە لە زمانی فارسییەوە بۆ عەرەبی، (یحیی) پێی

---

[1] الروحي، ابي حسن علي بن محمد: بلغة الظرفاء في تاريخ الخلفاء، تح: محمد حسن محمد، دار الكتب العلمية، بيروت، (د.س)، ص٢٣٠.

[2] الضميرية، ناصر محمد يحيى: نقد المنطق الارسطي بين السهروردي و ابن تيمية، هيئة العامة السورية للكتاب، دمشق، ٢٠٠٩، ص٤٧.

[3] الكندي، ابو اسحاق: رسالة الكندي الى المعتصم بالله في فلسفة الاولى، ط١، دار كيوان، دمشق، ٢٠٠٧، ص٥١.

[4] ابو ريان: م. س، ص١٠١.

[5] مايرهوف، ماكس: من الاسكندرية الى البغداد، تر: عبدالرحمن بدوي، من كتاب التراث اليوناني في الحضارة الاسلامية، ط٢، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٤٦، ص٥٨.

سەرسام بوو، پێی گوت تۆ زۆر زیرەکیت، ببە بە موسڵمان، تاکارێکت پێ بسپێرم، ئەویش ڕازی بوو[1]. پێش (المأمون) بەکاری وەرگێڕانەوە خەریکبوون، کۆڕی گفتوگۆ و مشتومڕیان بەستووە لەماڵەکانیاندا، بەڵام پێدەچێت (هارون) هاوڕایان نەبووبێت لەمەدا، بۆیە ئەوانیش زۆر دەریان نەخستووە[2].

هەندێکیش لە بنەماڵە دەوڵەمەندەکان بەشداربوون لە بزاڤی وەرگێڕاندا، بۆنمونە (بني المنجم) پارەیان تەرخان کردبوو بۆ کۆمەڵێك وەرگێڕ، لەوانە (حنین بن اسحاق) و (حبیش بن حسن)(٢٦٤ك/٨٧٨ز مردووە) و (ثابت بن قرة)(٢٢١–٢٨٨ك/٨٣٦–٩٠١ز) و جگە لەمانەش، کە مانگانە (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دیناریان خەرج دەکرد بۆ کاری وەرگێڕان[3]. (بنی شاکر)یش کە سێ برا بوون (محمد و احمد و حسن)، بڕێك پارەیان تەرخانکردبوو بۆ وەرگێڕان و وەرگێڕەکان[4]. کەسایەتییەك بەناوی (محمد بن عبدالملك الزیات) (١٧٣–٢٣٣ك/٧٨٩– ٨٤٧ز) مانگانە بڕێك پارەی تەرخان کردبوو بۆ کاری وەرگێڕان، کە بڕەکەی دوو هەزار دینار بووە[5]. ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە ئەوەیە وەرگێڕان لە سەردەمی عەباسیدا سیمایەکی دیار و کاریگەری شارستانییەتی ئیسلامی بووە و بەشێوەیەکی بەرفراوان ڕۆڵی بینیوە لەسەردەمی عەباسییەکاندا، لەمەشدا خەلیفەکانی عەباسی ڕۆڵی گرنگیان بینیوە لە هاندان و سەرپەرشتیکردنی وەرگێڕان و پشت بەستن بە وەرگێڕ و زمانزانە بە تواناکان بەبێ گوێدانە نەتەوە و ئایینیان، بە پێچەوانەی سەردەمی ئومەوییەکانەوە کە وەرگێڕان بەشێوەی تاکەکەسی و پچڕ پچڕ بووە.

تێبینی ئەوەش دەکەین تەنها خەلیفە و وەرگێڕەکان گرنگییان بە وەرگێڕان نەداوە، بەڵکو بەگشتی جێگەی گرنگی پێدانی خەڵکی و دەستەبژێری کۆمەڵگا بووە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە لایەنی ڕۆشنبیری بە جۆرێك بڵاوبۆتەوە کە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا داناوە و مۆرکێکی گشتی سەردەمەکە بووە.

---

[1] الجهشياري، ابي عبدالله محمد بن عبدوس: كتاب الوزراء والكتاب، تح: مصطفى السقا والاخرون، ط١، مطبعة مصفى باني الحلبي واولاده ، القاهرة، ١٩٣٨، ص٢٣٠-٢٣١.

[2] زيدان: تاريخ التمدن الاسلامي، ج٣/ص١٥٥.

[3] ابن النديم: م. س، ص٣٣٥.

[4] ابن أبي أصيبعة: م. س، ج١/ص٢٦.

[5] زيدان: تاريخ التمدن الاسلامي، ج٣/ص١٦٥.

## باسی چوارەم: کاریگەرییەکانی وەرگێڕان لەسەر شارستانییەتی ئیسلامی

وەرگێڕان لە شارستانییەتی ئیسلامییدا و بەتایبەتی لە سەردەمی عەباسییدا، ئاستی تاکە کەسی و حاڵەتی تێپەڕاند، بووە کارێکی دەزگایی و دیاردەیەکی بەرچاو و هەمەلایەن، ئەمەش بووە هۆی دانانی کاریگەری مەزن لەسەر ژیانی زانستی و هزری لە شارستانییەتی ئیسلامییدا و ژینگەیەکی زانستی و هزری دروست کردبوو، کە لە زۆر بواری زانستی و ژیانی کاریگەری دانا بوو. بەهۆی ئەوەی وەرگێڕان لەم سەردەمەدا بەشێوەیەکی فراوان و گشتگیر بووە، زۆر بوار و زانستی جیاوازی گرتبووەوە، هەروەها لە زمانی جیاواز و ڕۆشنبیری جیاوازەوە وەرگێڕان ئەنجام دراوە. ئەمەش هۆکار بووە بۆ ئەوەی کە کاریگەرییەکانی وەرگێڕان زۆر بوار بگرێتەوە و بە شێوەیەکی فراوان لە شارستانییەتی ئیسلامییدا ڕەنگبداتەوە. لێرەدا ئاماژە بەچەند لایەنێکی گرنگی کاریگەرییەکانی وەرگێڕان دەکەین لەوانەش:

**تەوەرەی یەکەم**: یەکێك لەو لایەنانەی لە شارستانییەتی ئیسلامییدا بە کاریگەری بزاڤی وەرگێڕان پێشکەوتنی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە زانستی پزیشکییە، کاریگەری ئەم لایەنە بە ئاستێك بووە دەتوانین بڵێیین زانستی پزیشکی لە شارستانییەتی ئیسلامییدا بەکاریگەری وەرگێڕان بەشێوەیەکی فراوان گەشەی کردووە و دوای ئەو وەرگێڕانانەی ئەنجامدراون لە بواری پزیشکییدا لەسەردەستی:"يحي بن ماسويه،حنين بن اسحاق، ثابت بن قرة، علي بن ربن الطبري"[1] شارستانییەتی ئیسلامی بەناوبانگترین پزیشکی بەرهەم هێناوە:" (ابوبكر محمد بن زكريا الرازي) ناوبانگی دەرکرد بە کیمیا و پزیشکی، پێدەچێت مەزنترین پزیشکی ئیکلینکی بێت کە شارستانییەتی عەرەبی بەرهەمی هێناوە... بەناوبانگترین کتێبی (الحاوي)یە لە پزیشکیدا کە ئینسکلۆپیدیایەکی مەزنە پێکهاتووە لە (٢٢) بەرگ"[2]، دوای وەرگێڕانی ژمارەیەك لە کتێبە پزیشکییەکان لەلایەن ئەو وەرگێڕانەی ئاماژەیان پێکرا، پێشکەوتنی پزیشکی بوو بە دیاردەیەکی بەرچاو لە شارستانییەتی ئیسلامییدا. وەرگێڕانی تێپەڕاند و قۆناغێکی تر دەستی پێکرد کە دانانی کتێب بوو لەلایەن پزیشکانی پسپۆڕ لەم شارستانیەتەدا.

کاریگەری کتێبە وەرگێڕدراوەکان لە بواری پزیشکیدا لەوەدا خۆی دەبینییەوە، ئەم کتێبانە بوونە بەرنامەی خوێندن بۆ ئەوکەسانەی کە لە بواری پزیشکیدا دەیان خوێند. بەهۆی ئەمەوە ژمارەیەکی زۆر پزیشك لە شارستانییەتی ئیسلامیدا دەرکەوتن[3].

---

[1] حسين، محمد كامل و اخرون: الموجز في تاريخ الطب عندالعرب، ادارة الثقافة، ليبيا، (د. س. ط)، ج١/ص٢٥٦–٢٥٩.

[2] حسين: ن. م، ج١/ص٢٦٠.

[3] حاجی، زریان: ڕەنگدانەوەی شارستانییەتی یۆنانی لەناو شارستانییەتی ئیسلامییدا لەسەردەمی عەباسی یەکەمدا(١٣٢–٢٣٢ك/٧٤٩– ٨٤٧ز)، چ١، سەنتەری زەهاوی، سلێمانی، ٢٠١٢، ل١٨٥.

ئەم گەشەسەندنەی پزیشکی بە جۆرێك بوو، عەباسییەکان گرنگیاندا بە بڵاوکردنەوەی زانستە پزیشکییەکان و پێشخستنی، بەغداد بوو بە گرنگترین ناوەندی پزیشکی، دەستیانکرد بە دامەزراندنی نەخۆشخانە و قوتابخانەی پزیشکی[(١)].

**تەوەرەی دووەم:** وەرگێڕان لەبوارە جیاوازەکاندا کاریگەری لەسەر لایەنی ئایینی موسڵمانەکانیش هەبووە، تێکەڵبوون و بەریەککەوتنی موسڵمانەکان لەگەڵ ڕۆشنبیری و ئاین و فەلسەفە جیاوازەکان و ئاشنابوون بە بیروبۆچوونی نوێ، وایلێکردن زیاتر قوڵ ببنەوە لە ئایەتەکانی قورئان و تێگەیشتن لە مانا شاراوەکانی. موسڵمانەکان ئاشنابوون بە پێوەری عەقڵیی و لۆژیك و بەکاریانهێنا لە پرسە ئایینی و مشتومڕییەکاندا. لێرەشەوە فیرقە کەلامییەکان سەریان هەڵدا[(٢)].

**تەوەرەی سێیەم:** موسڵمانەکان زۆر سوودیان وەرگرت لە وەرگێڕانی ڕۆشنبیری بێگانە، ئەمەش کاریگەری دانا لەسەر بەهێزکردنی گیانی توێژینەوە و تێڕامانی عەقڵی لە ناویاندا، بزافێکی هزری نوێی فرە ڕەهەندی لە ناویاندا دروست کرد، وایلێکردن بیربکەنەوە لە ئایینەکەیان و هەرچی شتێك دەوری داون[(٣)].

ڕێبازی توێژینەوە لای موسڵمانەکان بە ئاستێك پێشکەوت، تەنانەت هەندێك لە توێژەرانی ڕۆژئاوا موسڵمانەکانیان بە داهێنەری ڕێبازی توێژینەوەی زانستی داناوە. یەکێك لە خۆرهەڵاتناسەکان سەبارەت بەم پرسە نووسیویەتی:"لە ڕاستیدا عەرەبەکان بوون ڕێبازی توێژینەوەی زانستی ڕاستەقینەیان داهێنا، کە دامەزرابوو لەسەر ئەزموونکردن... لەنێو زانایانی گریکدا ئارەزووی توێژینەوە لە ڕاستی هەبووە، تێبینی بەشەکییەکانیان کردووە، بەڵام بەردەوام پابەندبوون بە زاڵبوونی بیروبۆچوونی بیردۆزییەوە. توێژینەوەی زانستی ڕاستەقینەی دامەزراو لەسەر تێبینیکردن و ئەزموونکردن لەسەر دەستی عەرەبەکان دەستی پێکرد."[(٤)]

**تەوەرەی چوارەم:** وەرگێڕان بووە هۆی گەشەکردنی زمانی عەرەبی، کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر زمان و شێوازی دەربڕین. زۆر واتای زاراوەیی و ئاوێتەی هونەری و گوزارشتی زانستی هاتنە ناو زمانی عەرەبییەوە. لەماوەیەکی کەمدا لە زمانێکی هۆزەکی بەرتەسکەوە بوو بە زمانێکی جیهانی. زمانی عەرەبی بوو بە زمانی فەلسەفە و یاسا و ڕامیاری و بەڕێوەبردن و بازرگانی و نووسین و زانست و شارستانییەت.

---

(١) حساين، محمد و قدور الملوك، م. س، ص٤٠.

(٢) مرحبا، محمد عبدالرحمن: من الفلسفة اليونانية الى الفلسفة الاسلامية، عويداد للنشر والطباعة، بيروت، ٢٠٠٧، ج١/ص٣٣٠؛ الفاروقي، محمد انيس : مساهمة حركة الترجمة في تطور الحضارة العربية الاسلامية خلال العصر العباسي، مجلة وحدة الامة–الهند، عدد الثالث، يناير ،٢٠١٥، ص ١٢٦.

(٣) ابو ريان: م. س. ص ١١١.

(٤) هونكة، زيغريد: شمس العرب تسطع على الغرب، تر: فاروق بيضون و كمال دسوقي، (د. م. ط)، ٢٠١٤، ص٤٠١.

سەرەڕای ئەوەی کە زمانی ئایینیش بووە[١]. بەهۆی وەرگێڕان لە زمانەکانی یۆنانی و سریانی و فارسییەوە، چەندین وشەی ئەو زمانانە هاتوونەتە ناو زمانی عەرەبییەوە. بۆنمونە چەندین وشەی یۆنانی هاتوونەتە ناو زمانی عەرەبییەوە و داتاشینیان بۆ کراوە لە زمانی عەرەبیدا، وەك: (الفلسفة، الموسيقي، الكيمياء، الجغرافية، الارخبيل، الاسطرلاب... هتد)، وشەی فارسی بە عەرەبی کراویش هاتە ناو زمانی عەرەبی وەك: (الكوز، الطشت، الفيروز، السكنجبين...هتد). چەندین وشەی تریش لە بنەڕەتە عەرەبییەکەیانەوە داتاشراون بۆ مانا فەلسەفییەکان، وەك: (الاوليات، البديهيات، الحدسيات، الجوهر، العرض، المادة، الصورة...هتد)[٢]. ئەو تێکۆشانە زۆرەی ئەنجامدرا لەبواری وەرگێڕاندا لە شارستانییەتی ئیسلامییدا، زمانی عەرەبی زۆر دەوڵەمەند کرد. بەهۆی ئەو زانستە جیاوازانەی هاتنە ناو زمانی عەرەبییەوە، چونکە پێشتر زمانی عەرەبی زمانی شیعر بووە و پاشان قورئان بە زمانی عەرەبی هاتۆتە خوار.

جگە لەمانەی باسکران لەڕووی ڕێزمانیشەوە، زانایانی زمان لەسەدەی چوارەمی کۆچیدا هەستیان بە پێویستی ڕێبازێك کردووە بۆ زمان و پەیڕەوکردنی لە زمانی عەرەبیدا، تاوەکو بەشێوەیەکی ڕێکخراو کاربکەن لەسەر بابەتی توێژینەوەکانیان، لەمەشدا شارەزایی زانا موسڵمانەکان لە زانستە زمانییەکانی یۆنان ڕۆڵی هەبووە. بۆنمونە زانستی (نحو)ی عەرەبی کاریگەری کتێبی (اساغوجی) (فورفوريوس الصوری)ی لەسەر بووە، کە بەرهەمێکی یۆنانییە[٣].

**تەوەرەی پێنجەم:** وەرگێڕان بووە هۆی گەشەکردنی پیشەسازی کاغەز و دەرکەوتنی بازاڕی کاغەزسازان لە بەغداد، بووە هۆی دەرکەوتنی کۆمەڵێك نووسەر(نساخ) و پیشەگەر لە بواری خزمەتکردن بە کتێبدا، ئەمەش بووە هۆی فراوانبوونی بازنەی بڵاوکردنەوە و دروستبوونی کتێبخانەی گشتی و تایبەتی[٤].

بزاڤی وەرگێڕان بەشێوەیەکی گشتی ڕۆڵی هەبووە لە گەشەسەندن و بایەخدانی زیاتر بە کتێب لەشارستانییەتی ئیسلامییدا، ئەگەرچی پێش بزاڤی وەرگێڕانیش دانراو و نووسین هەبووە، کتێب دانان و نووسینەوەی کتێبەکان، بەتەنها بەرهەمی بزاڤی وەرگێڕان نییە، بەڵام بزاڤی وەرگێڕان ڕۆڵی بینیووە لە پەرەپێدانی ئەم لایەنە گرنگەی ڕۆشنبیری و شارستانییەت. ئەمەش لە چەند ڕوویەکەوە:

---

[١] مرحبا: م. س، ج١/ ص٣٣١.

[٢] صليبا: م. س، ص١١٢.

[٣] متز، ادم: الحضارة الاسلامية في القرن الرابع الهجري او عصر النهضة في الاسلام، تر: محمد عبدالهادي ابو ريدة، ط٥، دار الكتاب العربي، بيروت، (د.س)، مج١/ ص٤٣٥.

[٤] حساين و قدور ملوك: م. س. ص١٢٦.

١. گرنگی دان بە کۆکردنەوە و دەستخستنی کتێب لەلایەن خەلیفەکان و ساماندااران و کەسانی ئاساییەوە، هەروەها دروستکردنی کتێبخانە و گەنجینەی کتێب.
٢. گرنگی دان بە نووسینەوە و لەبەرگرتنەوەی کتێبەکان و زیادکردنی کتێبەکان.
٣. گرنگی دان بە کاغەز و کاغەزسازی و پیشەی لەبەرگرتنەوە و نووسینەوە.

(زیغرید هونكة) دەربارەی پەرەسەندن و گرنگی پێدانی کتێب لە شارستانییەتی ئیسلامییدا نووسیویەتی:" خانەکانی کتێب لە گشت شوێنێك گەشەیانکرد وەك گەشەکردنی گیا لە زەویەکی بە پیتدا، لەساڵی(٢٧٧ك/٨٩١ز) گەشتیارێك ژمارەی کتێبخانە گشتییەکانی بەغدادی بە زیاتر لە سەد دانە داناوە. وایلێهات هەموو شارێك کتێبخانەی بۆدادەمەزرا عەمر و زەید دەیان توانی هەرچییەکیان بوێت بیخوازن، دابنیشن لە هۆڵی خوێندنەوەکاندا ئەوەی دەیانهەوێت بیخوێننەوە"[1]. دروستکردنی کتێبخانەکان و گەشەکردنیان ڕۆڵی بەرچاویان بینیووە لە بلاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و پەرەسەندنی خوێندەواری و خوێندنەوە و پەرەسەندنی زانستەکاندا.

**تەوەرەی شەشەم:** ئەو وەرگێڕانانەی کراون لەسەردەمی عەباسیدا، وەرچەرخانێکی هزری زۆر مەزنیان دروست کرد، ئەگەر ئەو وەرگێڕانانە نەبوونایا، ئەوا موعتەزیلە و زانایانی کەلام و فیرقەکانی تر، نەیان دەتوانی قیاسی عەقڵی بەکار بێنن لە مشتومڕ و مونازەرەکانیاندا، نەشیان دەتوانی وەڵامی نکوڵیکارەکان و خاوەن بیروڕا جیاوازەکان بدەنەوە[2]. وەرگێڕانی کتێبەکانی لۆژیك و فەلسەفە کاریگەری دانا لەسەر گەشەسەندنی زانستی کەلامی ئیسلامی، پاشان لەسەر دروستبوونی هزری فەلسەفی[3]. پێویستیی موسڵمانەکان بە بەڵگەهێنانەوە بۆ بیروباوەڕە ئایینییەکان وایکرد بوو، سوود لە لۆژیك و فەلسەفە وەربگرن بۆ بەڵگەهێنانەوە بۆ بیروبۆچوونە ئایینییەکانیان، ئەمەش بووە هۆی گەشەکردنی زانستی کەلام، لەسەر بنەمایەکی لۆژیکی و عەقڵی.

**تەوەرەی حەوتەم:** یەکێکی تر لەو بوارانەی بەکاریگەری وەرگێڕان لە شارستانییەتی ئیسلامییدا گەشەی کردووە بواری کشتوکاڵە. لەبواری کشتوکاڵیشدا وەرگێڕان ئەنجام دراوە، بە تایبەتی لەسەردەمی (هارون الرشید) و (المأمون)دا، ئەمەش ڕۆڵی هەبووە لە گەشەپێدانی بەرهەمە کشتوکاڵییەکاندا، وەك

---

[1] شمس العرب تسطع على الغرب: م. س، ص٣٨٦.
[2] صليبا: م. س. ص١١٢.
[3] ابو ريان: م. س. ص١١٢.

گەنمەشامی و برنج و خورما و زەیتون و نارنج، کە ئەمەی دواییان لە هیندەوە دەهێنرا و لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا دەچێنرا، وەك عومان و بەسرا و عێراق و شام ...هتد[١].

**تەوەرەی هەشتەم:** بواری نووسینەوەی مێژوویش بەدەر نەبووە لە کاریگەرییەکانی وەرگێڕان، بەجۆرێك لە جۆرەکان وەرگێڕان کاریگەری لەسەر نووسینەوەی مێژوویی لای موسڵمانەکان داناوە. یەکێك لەو کتێبانەی کە لە فارسییەوە وەریگێڕدراوە بۆ عەرەبی کتێبی (خداینامە) بووە، کە کتێبێکە لەبارەی مێژووی فارسەوەیە لەسەرەتای دەرکەوتنیان تا کۆتایی دەسەڵاتیان، (ابن المقفع) ناوی نابوو (تاریخ ملوك الفرس)، وا دەردەکەوێت (الطبري) لە کتێبی (تاریخ الامم و الملوك)دا لە باسی ساسانییەکاندا پشتی پێ بەستبێت[٢]. پێدەچێت ئەم کتێبە کاریگەری لەسەر مێژوونوسانی موسڵمان دانابێت لە دواتردا، هەم لە ڕووی شێوازەوە، هەم لەڕووی زانیارییەوە، چونکە زۆربەی کتێبەکانی مێژووی ئیسلامی باسی مێژووی فارسەکانی پێش ئیسلامی تێدایە، لەوانەش کتێبی (اخبار الطوال) و کتێبی (تاریخ الیعقوبي) و (الکامل ف التاریخ) و...هتد[٣].

**تەوەرەی نۆیەم:** کاریگەری بزاڤ وەرگێڕان بواری ئەستێرەناسی و گەردووناسیشی گرتبۆوە لە شارستانییەتی ئیسلامییدا، هەر لەسەرەتاکانی وەرگێڕانەوە گرنگی دراوە بەم لایەنانە. (ابو جعفر المنصور) بایەخی داوە بە وەرگێڕان لە بواری ئەستێرەناسییدا، لەبەرئەوەی ئەستێرەناسی لای فارسەکان گرنگی پێدراوە، یەکێك لەوانەی گرنگی بەم پرسەداوە و تیایدا لێهاتوو بووە، (نوبخت)ی ئەستێرەناسی فارسی بووە، کە لێهاتوو بووە لەبارەی لێکنزیکبوونەوەی هەسارەکان و ڕووداوەکانیان، بۆیە مەنسور لەخۆی نزیك کردۆتەوە و بەردەوام لەگەڵ مەنسوردا بووە، لەدوای پیربوونی خۆشی کوڕەکەی (ابو سهل بن نوبخت) خزمەتی مەنسوری کردووە[٤].

موسڵمانەکان پشکداربوون لە گەشەپێدانی زانستی ئەستێرەناسی و گەردووندا، لەمەشدا سوودیان لە یۆنانییەکان و هیند و فارس و کلدان و عەرەبی سەردەمی نەزانیش وەرگرتووە، زۆر گرنگییان داوە بە گەردووناسی و چاودێری ئەستێرەکان و خولگەکانیان کردووە و (مرصد)یان داناوە لە بەغداد و دیمەشق و ...هتد[٥]، یەکەم (مرصد)یش لە ساڵی (٢١٤ك/٨٢٩ز) لە دیمەشق دانراوە لەلایەن (المأمون)ەوە[٦].

---

[١] الفاروقي، م. س، ص١١٧.

[٢] امین: ضحی الاسلام، ج١، ص١٤١.

[٣] بۆزیاتر زانیاری دەڕوانرێتە: ( الدینوري، م. س، ص ٢٨ ومابعدها؛ الیعقوبي: م. س، ج١/ص١٣٧ ومابعدها؛ الکامل في التاریخ: ج١/ ص٣٨٧ ومابعدها.)

[٤] ابن الندیم: م. س، ص٣٧٥؛ زیدان: تاریخ التمدن الاسلامي، ج٣، ص١٥١.

[٥] زیدان: ن. م، ج٣/ص٢١٠.

[٦] حاجي خلیفة، مصطفی بن عبدالله القسطنطیني: کشف الظنون عن أسامي الکتب والفنون، دار الکتب العلمیة، بیروت، ١٩٩٢، ج١/ص٩٠٥.

گرنگترین کتێبیش کە لەم بوارەدا وەرگێڕدرابێت کتێبی (المجسطي)ی (بطليموس)ە چەند جارێك وەرگێڕانی بۆ کراوە و پیاچوونەوەی بۆ کراوە و ڕاڤە کراوە[1].

**تەوەرەی دەیەم:** ئەوەی وایکرد ڕۆشنبیری بێگانە بە تایبەتی ڕۆشنبیری یۆنانی کاریگەری لەسەر شارستانییەتی ئیسلامی زیاتر دابنێت، پەیوەندی موسڵمانەکان بوو بە ڕۆشنبیری بێگانەوە لە ڕێگای وەرگێڕانەوە کە هاوکات بوو لەگەڵ نووسینەوە و دانانی زانستە ئیسلامییەکاندا. بۆیە ڕۆشنبیری یۆنانی دزەی کردە ناوی و شێوازێکی تایبەتی پێدا، ئەمەش کاریگەری گەورەی دانا لەسەر زانستە ئیسلامییەکان لە شێواز و لە بابەتیشدا[2].

**تەوەرەی یانزەیەم:** ئەندازیاری کە یەکێکە لە لایەنە گرنگەکانی شارستانییەت و بەرەوپێشچوونی، بوارێکی تری گرنگ بووە لەو بوارانەی لە شارستانییەتی ئیسلامییدا گەشەی کردووە. ئەویش بەکاریگەری بزاڤی وەرگێڕان و وەرگێڕان لە بواری ئەندازیارییدا، کە زۆر جێگەی گرنگی پێدنی موسڵمانەکان بووە. یەکێکێك لە نووسەرە گرنگەکانی یۆنان لەم بوارەدا (اقليدس) بووە، هەر زوو کتێبەکەی لە بارەی بنەرەتەکانی ئەندازیارییەوە(الاسطروشيا) وەرگێڕدراوە بۆ زمانی عەرەبی، لەبارەی کتێبەکەیەوە (ابن النديم) نووسیبویەتی:" ناوی(الاسطروشيا)یە، ماناکەی: بنەڕەتەکانی ئەندازیارییە، (حجاج بن يوسف بن مطر) دووجار وەرگێڕانی بۆ کردووە، یەکێکیان ناسراوە بە (هارونی)، کە یەکەمیانە، دووەم وەرگێڕانیشیان: ناسراوە بە (مەئمونی)" [3]، جگە لە وەرگێڕان، ئەم کتێبەی (اقليدس) ڕاڤەشی کراوە[4]. مەبەستیش لە هارونی ئەوەیە کە لەسەردەمی هاروندا وەرگێڕدراوە، مەئمونیش لەسەردەمی مەئموندا وەرگێڕدراوە.

**تەوەرەی دوانزە:** ئەگەرچی بزاڤی وەرگێڕان شیعری نەگرتبۆوە، ئەگەر وەرگێڕانی شیعریش کرابێت لە ئاستێکدا بووە جێگەی باسکردن نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەرگێڕانی زانستە دێرینەکان لە زمانە جیاوازەکانەوە کاریگەری هەبووە لەسەر شیعر. ئەو کاریگەرییەش لە چەند شتێکدا بەرجەستە بووە، لەوانە: گۆڕانکاری لە واتا و ناوەڕۆکی شیعردا. بەهۆی هاتنەئارای واتا شارستانێتییەکان و وەرگرتن و بەکارهێنانی واتا فەلسەفییەکان، شاعیرانی ئەم سەردەمە کاریگەری دوو زمان و دوو ڕۆشنبیری یان زیاتریان لەسەر بووە. یان خۆیان ڕەگەزیان تێکەڵ بووە، ئەم موتربە بوونەش کاریگەری هەبووە لەسەر هزر و بیر و ڕۆشنبیری و لەدایکبوونی واتای نوێ. وەرگێڕانی زانستە دێرینەکان و زانستەکانی یۆنان

---

(1) الفهرست: م. س، ص٣٦٨.

(2) امين: ضحى الاسلام، ج١، ص٢١٢.

(3) ابن النديم: م. س، ص٣٦٥.

(4) تونسي، خيرالدين: أقوم المسالك في معرفة أحوال الممالك، ط٢، المجمع التونسي للعلوم و الآداب و الفنون، تونس، ٢٠٠٠، ج١، ص١٢٤.

کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر واتا شیعرییەکان و کاریگەرییەکەش خۆی بینیوەتەوە لەلایەنە فەلسەفی و رامیاری و زانستییەکاندا[1]. مەبەست لەوەیە ئەگەرچی شیعری گریکی وەرنەگێردراوە و راستەوخۆ کاریگەری لە رواڵەتی شیعر نەکردووە، بەڵام بەهۆی کاریگەری وەرگێران لەسەر رۆشنبیری گشتی، کاریگەری لەسەر واتا و ناوەرۆك و زمانی شعری داناوە.

**تەوەرەی سیانزە:** بەرێوەبردن و کارگێری یەکێك بووە لەو لایەنە شارستانییانەی پێویستییەکی گرنگ بووە بۆ شارستانییەتی ئیسلامی، چونکە لەسەرەتای گەشەکردنیدا بووە. بزاڤ وەرگێران کاریگەری لەسەر لایەنی بەرێوەبردن و کارگێری هەبووە لە شارستانییەتی ئیسلامیدا. ئەمەش دەگەرێتەوە بۆئەوەی شارستانییەتەکانی پێش ئیسلام، بەتایبەتی شارستانییەتی ساسانی و بێزەنتی لە رووی کارگێرییەوە پێشکەوتوو بوون، موسڵمانەکانیش پێویستیان بەو ئەزموونانە هەبووە. بۆیە سوودیان لێوەرگرتووە بۆ لایەنی کارگێری. لەم بارەیەوە (مریم سلامه کار) نووسیویەتی:"شتێکی پێویست بوو کە تێکرای دیکۆمێنتە کارگێرییەکان وەربگێردرێن بۆ زمانی عەرەبی، وەك گرێبەستەکان و تۆمارەکان و پارێزراوەکان(محفوظات)، ئەم پرۆژەیە هەوڵی داوە زمانی عەرەبی وەك زمانێکی رەسمی بسەپێنێ و بە فراوانی بڵاوی بکاتەوە"[2]. خۆرهەڵاتناس (جاك ریسلر) باسی کاریگەری سیستەمی ساسانی دەکات بەسەر موسڵمانەکانەوە و نووسیویەتی:"بەهۆی تەواوی سیستەمی کارگێرییەکەیان، بووە هۆی ئەوەی کە هانی عەرەبەکان بدات بۆ وەرگرتنیان لەکاتی فەتحدا، وەك ئەوەی کە هەیە"[3].

**تەوەرەی چواردەیەم:** وەرگێرانی کتێبەکانی لۆژیکی ئەرستۆ، کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر زانستەکان لە شارستانییەتی ئیسلامییدا، ئەو لۆژیکەی کە بە موسڵمانەکان گەیشتووە لۆژیکی ئەرستۆ بووە و بەشێوەیەکی رێکوپێك و بەوەرگێرانێکی دروست پێیان گەیشتووە، لە رووی فۆرمەوە لۆژیکی ئەرستۆیی کاریگەری لەسەر زانستە ئیسلامییەکان داناوە. تەنانەت کاریگەریی هەبووە لەسەر دارشتنەوەی فیقهی ئیسلامیش[4]، جگە لەوەی کە کاریگەری لەسەر زانستی کەلام هەبووە و موسڵمانەکان زانستی کەلامیان بەزمانی لۆژیك دارشتۆتەوە، بەو مانایەی کە لۆژیکیان جێبەجێکردووە بەسەر زانستی کەلامدا.

**تەوەرەی پانزەیەم:** یەکێك لە گرنگترین کاریگەرییەکانی وەرگێران خۆی لەوەدا دەبینێتەوە شارستانییەتی ئیسلامی تەنها بەوەوە نەوەستاوە وەرگێرانی زانستەکان بکات و بەس، بەڵکو ئەم شارستانیەتە توانای ئەوەی هەبوو داهێنان ئەنجام بدات و شتی نوێ بخاتە سەر هزریی مرۆیی و پێشکەوتنەکانی. لەم بارەیەوە

---

[1] حساين، محمد و قدور الملوك: م. س، ص٧١.

[2] الترجمة في العصر العباسي مدرسة حنين بن اسحاق واهميتها في الترجمة: م. س، ص١١.

[3] الحضارة العربية، تر: خليل احمد خليل، منشورات عويدات، ط١، بيروت– باريس، ١٩٩٣، ص ٢٣.

[4] امين: ضحى الاسلام، ج١/ صص ٢١٢، ٢١٤.

خۆرهەڵاتناسی ئەڵمانی (زیغرید هونکة) نووسیویەتی:"شارستانییەتی عەرەبی داهێنەرە، بەو ئەندازەیەی وەرگرتووە لە شارستانییەتی گریکی یان شارستانییەتی هیندی کە (طالیس) یان (فیثاغورس) لە شارستانییەتی بابلی و میسری وەریگرتووە. ئەوەی کە عەرەب وەریگرتووە لە ماددەی خاو لە گریکەوە بە ئەزموون و توێژینەوە زانستییەکانیان پەرەیان پێداوە، بە شێوەیەکی نوێ پێکیان هێناوە"[1].

ئەوەی تێبینی دەکرێت بزاڤ وەرگێڕان کاریگەری لە زۆر لایەنی گرنگی پێکهێنەری شارستانییەتی ئیسلامی کردووە، وەك لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ لایەنە گرنگەکان کرد، کە ئەمانەش ڕۆڵی پڕ بەهایان بینیووە بۆ بوژانەوەی ئەم شارستانییەتە و پەرەسەندنی، بەڵام ئەم کارتێکردنانە شارستانییەتی ئیسلامییان تەنها وەك وەرگرێك و بەکارهێنێك نەهێشتۆتەوە و بەس، بەڵکو توانیویانە لە بوارە جیاوازەکانی زانست و هزردا داهێنان و بەرەوپێشبردن ئەنجام بدەن و پشکداربن لە پەرەپێدانی بەرەوپێشبردنی شارستانییەتدا.

---

[1] شمس العرب تسطع على الغرب: م.س، صص٤٠٠-٤٠١.

## ○ بەشی دووەم: هاتنەناوەوەی فەلسەفە بۆ ناو شارستانییەتی ئیسلامی لە ڕێگای وەرگێڕانەوە

- ❖ باسی یەکەم: هاتنەناوەوەی فەلسەفە بۆ ناو شارستانییەتی ئیسلامی
- ❖ باسی دووەم: هۆکارەکانی وەرگێڕانی فەلسەفە لە شارستانییەتی ئیسلامییدا
- ❖ باسی سێیەم: هەندێك لە وەرگێڕە بەناوبانگەکان لە بواری فەلسەفەدا
- ❖ باسی چوارەم: هەندێك لە کتێبە فەلسەفییە وەرگێڕدراوە بەناوبانگەکان

## بەشی دووەم: هاتنەناوەوەی فەلسەفە بۆ ناو شارستانییەتی ئیسلامی لە ڕێگای وەرگێڕانی فەلسەفەوە

### باسی یەکەم: هاتنەناوەوەی فەلسەفە بۆ ناو شارستانییەتی ئیسلامی

یەکێك لە بوارە گرنگەکانی شارستانییەتی مرۆیی بیرکردنەوەی فەلسەفییە، تێکڕای شارستانییەتەکان بەجۆرێك لە جۆرەکان فەلسەفەیەکیان هەبووە بۆ ژیان، ئەگەرچی ئەو فەلسەفەیە بەشێوەیەکی پوخت و ڕێکخرا و میتۆدییش نەبووبێت. جگە لەوەی کە پرسیارە فەلسەفییەکان لەلای مرۆڤەکان دروست دەبن و سەرهەڵدەدەن، ئەمەش دەبێتە پاڵنەر بۆ مرۆڤەکان بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا بگەڕێن. لێرەشەوە بیرکردنەوە بەرەوپێش دەڕوات و هزری فەلسەفییانە گەشە دەکات و فەلسەفە بە شێوەیەکی میتۆدی و ڕێکخراو سەرهەڵدەدات. خۆ ئەگەر مرۆڤەکان سەرەڕای ئەو پرسیار و گومان و بیرکردنەوانەی هەیانە، دەرچەیەکی تریان هەبێت بۆ گەشەپێدانی توانای بیرکردنەوە و پرسیار و گومانەکانیان، پاشان هەندێك لە وەڵامەکانیان دەست بکەوێت لەو دەرچەیەوە، وەك ئەوەی لە کەسانێکی ترەوە یان لە شارستانییەتەکانی ترەوە وەریبگرن. ئەوا توانای بیرکردنەوە و هزری فەلسەفییان زیاتر بەرەو پێش دەچێت. نمونەی ئەمەش لە شارستانییەتی ئیسلامییدا دەبینینەوە، لەگەڵ ئەوەی پرسیار و وروژانی هزری هەبووە لە پرسە جیاوازەکاندا و کەسانێك هەبوون پرسیار و گومانیان بۆ دروست بووە، بەڵام وەرگێڕانی کتێبە فەلسەفییەکان لە زمانە جیاوازەکانەوە و بە تایبەتی لە زمانی یۆنانییەوە، هۆکار بووە بۆ دروستبوون و گەشەسەندنی هزری فەلسەفی لە شارستانییەتی ئیسلامیدا.

فەلسەفە بە یەکێك لە زانستە نامۆکان دادەنرێت، کە هاتۆتە ناو شارستانییەتی ئیسلامییەوە، لە پاڵ زانستە یۆنانییەکانی تر وەك زانستی پزیشکی. پاش وەرگێڕانی و هاتنەناوەی فەلسەفە بۆ ناو شارستانییەتی ئیسلامی، چاکسازی تێدا کراوە و هزری نوێی بۆ زیاد کراوە[1]. ئەم بۆچوونە ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە، ئەگەرچی فەلسەفە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە هاتۆتە ناو شارستانییەتی ئیسلامی و شتێکی نوێ بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا موسڵمانەکان کاتێك وەریانگرتووە، نوێگەرییان تێدا کردووە و شتی تازەیان بۆ زیاد کردووە و بەرەو پێشیان بردووە، تەنها لاساییان نەکردۆتەوە.

هاتنەناوەی فەلسەفە بۆ ناو شارستانییەتی ئیسلامی لە دوای بزاڤی وەرگێڕان دەستی پێکردووە، چونکە عەرەب پێش ئیسلام فەلسەفەی گریکی و لۆژیکیان نەناسیووە و زۆرێك لە زانستەکانی تریان نەناسیووە[2]،

[1] ابن الحائك، حسن بن احمد: الاكليل من اخبار اليمن و انساب حمير، ط١، وزارة الثقافة والسياحة، صنعاء، ١٤٢٥هـ، ج١/ص٣٩.

[2] صاعد الاندلسي، ابي القاسم صاعد احمد: كتاب طبقات الامم، المطبعة الكاثوليكية، بيروت، ١٩١٢، ص٤٩؛ ابن حائك، حسن بن احمد: صفة جزيرة العرب، ط١، مكتبه الارشاد، صنعاء، ١٤١٠هـ، ص٢٠؛ غوستاف لوبون: حضارة العرب، تر: عادل زعيتر، مؤسسة الهنداوي، القاهرة، ٢٠١٣، ص٤٤١.

هەربۆیە فەلسەفەی ئیسلامی لەسەر بنچینەی فەلسەفەی یۆنانی هەڵچنراوە[١]. ئەمەش گرنگی وەرگێڕانی فەلسەفە لەو سەردەمەدا دەسەلمێنێ، چونکە بۆ موسڵمان و عەرەبەکان شتێکی تازە و جیاواز بووە. ئەگەرچی پێدەچێت کەسانێك هەبووبن پرسیاری فەلسەفی و تێڕوانینی فەلسەفییان هەبووبێت بۆ پرسە جیاوازەکان، بەڵام لە ژێر ناوی فەلسەفە و فەلسەفاندندا نا و بەشێوەیەکی ڕێکخراو نا.

یۆنانییەکان پێشەنگی موسڵمانەکان بوون لە فەلسەفەدا، هەروەك لەزۆربەی زانستەکانی تردا پێشەنگیان بوون، زۆری پێنەچوو دوای هاتنی ئیسلام، کتێبەکانی (طالیس)(٦٢٤–٥٤٦پ.ز) و (هرقلیس)(٥٤٠–٤٨٠پ.ز) و (انبادوقلس)( ٤٨٣ـ٤٢٣پ.ز) و (سقراط)(٤٦٩–٣٩٩پ.ز) و (ارسطوطالیس) (٣٨٤–٣٢٢پ.ز) و (ابیکور)(٣٤١–٢٧٠پ.ز) و تێکڕای کتێبەکانی مامۆستایانی قوتابخانەی ئەسکەندەرییە وەرگێڕدران بۆ زمانی عەرەبی[٢]. ئەوەی جێگەی سەرنجە لەسەدەکانی سەرەتای ئیسلامدا ئەوەندە فەلسەفە بڵاوبووەوە لە هەندێك لە مزگەوتەکاندا لە پاڵ زانستە ئیسلامییەکاندا زانستی لۆژیك و فەلسەفەش دەخوێندرا و لە زانستە بنچینەییە ئیسلامییەکان جیا نەدەبووەوە[٣]. ئەمەش پیشاندەری ئەوەیە فەلسەفە لە شارستانییەتی ئیسلامییدا کاریگەری قوڵی داناوە و شوێنگەیەکی باشی گرتووە لەناو زانستەکاندا، ئەگەرچی هەندێك کات دژایەتیشی کراوە، هۆی ئەمەش ئەوەیە شتە نوێکان کاتێك دێنە ناو کۆمەڵگاوە بە گومانەوە لێییان دەڕوانرێت و کەسانێك هەن بەرهەڵستکارییان دەکەن.

لەوانەیە کارێکی قورس بێت سەرەتای زانیاری موسڵمانەکان بە مەعریفەی فەلسەفی و زانستە یۆنانییەکان دیاری بکەین. بە جۆرێك زۆربەی توێژەرانی مێژووی هزری ئیسلامی تەنها بە ئاماژەدان بە سەردەمی عەباسییەکان وەك خاڵی دەستپێکی زانیاری موسڵمانەکان بە فەلسەفەی یۆنانی و وەرگێڕانی و گواستنەوەی بۆ جیهانی ئیسلامی وازدێنن. لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازن لە دیاریکردنی سەردەمی ئەو خەلیفە عەباسییەی، کە تیایدا وەرگێڕان دەستی پێکردووە بە مانا ڕاستەقینەکەی، بەڵام بەنزیکەیی کۆکن لەسەر ئەوەی یەکەم شت موسڵمانەکان لەبارەی کەلتووری فەلسەفی یۆنانییەوە زانیویانە لۆژیك بووە[٤]. پێدەچێت هۆکاری ئەمەش ئەوەبێت لەسەرەتای سەردەمی عەباسییەکانەوە وەرگێڕانی فەلسەفە و زانستەکانی تریش، بە شێوەیەکی بەربڵاو کاری لەسەر کراوە و لەسەر ئاستی ڕەسمیش پشتگیری کراوە.

---

[١] امین: ضحى الاسلام، ج١، ص١٩٦.

[٢] غوستاف لوبون: م. س، ص٤٥٨.

[٣] المقریزي، احمد بن علي: المواعظ والاعتبار في ذكرى الخطط والاثار، مؤسسة الفرقان للتراث الاسلامي، لندن، ١٤٢٢ هـ، ج٤/ص٤٤.

[٤] النشار، علي سامي: مناهج البحث عند مفكري الاسلام واكتشاف المنهج العلمي في العالم الاسلامي، دار النهضة العربية، بيروت، ٢٠١٦، ص١٧.

بۆچوونی جیاواز هەیە سەبارەت بەوەی ئایا سەرەتای دەسپێکی فەلسەفە لە ئیسلامدا کەی بووە؟ یان کێ یەکەم کەس بووە لە ئیسلامدا گرنگی بە فەلسەفە داوە و هێناویێتییە ناو شارستانییەتی ئیسلامییەوە؟ لەگەڵ ئەوەشدا سەرچاوەکان ئاماژەیان بە چەند کەسێکی جیاواز داوە، کە لە کەسە یەکەمەکان بوون گرنگییان بە پرسی فەلسەفە داوە.

ئەگەرچی سەرچاوەکان باس لە (خالد بن يزيد بن معاوية) (٨٥ك/٧٠٤ز مردووە) دەکەن، کە وەرگێڕانی کردووە بەیارمەتی هەندێك لە زانایانی ئەسکەندەرییە، بەلاَم کتێبە وەرگێڕدراوەکان زیاتر کتێبی زانستی کیمیا و ئەستێرەناسی و پزیشکی بوون[١]. نووسەری کتێبی (صبح الأعشى في صناعة الإنشا) نووسیویەتی :"یەکەم کەس کتێبی پزیشکی و ئەستێرەناسی و جگە لەوانەش کتێبەکانی زانستە فەلسەفییەکانیان بۆ وەرگێڕابێت (خالد بن يزيد بن معاوية) بووە"[٢]. ئەوەی جێگەی تێڕامانە ناوی هیچ کتێبێکی فەلسەفە نەهاتووە کە وەرگێڕانی بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە. (ملا صدرا شیرازی) ئەم بابەتەی بەم جۆرە لێکداوەتەوە کە لەو سەردەمەدا خەڵکی هەر کتێبێکیان بینیبێت، کە نووسەرەکەی ناوێکی یۆنانی هەبووبێت و ناوەکانیان هاوشێوەی ناوی فەیلەسوفان بووبێت ئەوا بە کتبێبی فەلسەفەیان داناوە[٣]. بەم پێیە بێت وەك ئەوەی هەندێك لەسەرچاوەکان ئاماژەی پێدەدەن کە (خالد بن يزيد) یەکەم کەس بووە وەرگێڕانی فەلسەفەی بۆ کراوە، بەلاَم هیچ بەڵگەیەکی ئەوتۆمان نییە وەك ئەوەی کتێبەکان مابنەوە و لەبەردەستدا بن. ئێمە ئەو بۆچوونەی (ملا صدرا) پەسەند دەکەین کە باس لە هاوشێوەیی ناوی نووسەرەکانی بوارەکانی تر لەگەڵ فەیلەسوفان دەکات، کە بۆتە هۆی ئەوەی هەندێك لە مێژوونووسانی فەلسەفەی ئیسلامی و لێکۆڵەران پێیان وابێت لەو سەردەمەدا کتێبە فەلسەفییەکان وەرگێڕدراون. لەگەڵ ئەوەشدا بە دووریش نازانرێت پێش سەردەمی عەباسی هەوڵی لەو جۆرە هەبووبێت یان کەسانێك گرنگییان بە بابەتە فەلسەفییەکان دابێت، بەلاَم پێدەچێت لە ئاستێکی نزمدا بووبێت و هەوڵی تاکە کەسی بووبێت. سەرەڕای ئەوەش نەبوونی بەڵگەی بەهێز گریمانەی هەبوونی کاری یەکلاکەرەوە لە بواری فەلسەفەدا لاواز دەکات، بە تایبەتی وەرگێڕانی فەلسەفە.

پێدەچێ پێش ئەو سەردەمەش کە بابەتی لێکۆڵینەوەکەی ئێمەیە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ فەلسەفەی یۆنانی کاریگەری دانابێت لەسەر شارستانییەتی ئیسلامیی ئەگەر لە ڕێگای وەرگێڕانیشەوە نەبووبێت بۆ

---

[١] الكتاني، محمد عبد الحي: نظام الحكومة النبوية المسمى التراتيب الإدراية، دار ارقم بن ابي ارقم، بيروت، (د.س)، ج٢/ص١٨٣.

[٢] القلقشندي: م. س، ج١/ص٤٧٨.

[٣] الشيرازي: م. س، جلد اول/ ص٩١.

ئەمەش هەندێك ئاماژە هەن پیشاندەری ئەوەن. (واصل بن عطاء) (٨١–١٣١ك/٧٠٠–٧٤٨ز)[(١)] كە بە دامەزرێنەری فیرقی موعتەزیلە و سەرۆکیان دادەنرێت[(٢)]، کتێبی فەیلەسوفانی خوێندۆتەوە و لە هەندێك لە پرسە کەلامییەکاندا پێیان کاریگەر بووە[(٣)]. ئەمەش پێش سەردەمی وەرگێڕانی فەلسەفە بووە، کە گرنگی ڕۆڵی موعتەزیلە و دامەزرێنەرەکەی پیشان دەدات لە بەکارهێنان و سوودمەند بوون لە فەلسەفەی یۆنانی لە مشتومڕە کەلامییەکانیاندا، هاندەریش بووە بۆ ڕکەبەرەکانیان کە سوود لە فەلسەفە و لۆژیکی یۆنانی وەربگرن بۆ سەلماندنی پرسە کەلامییەکانیان. ئەگەرچی ڕاستەوخۆ لەو سەرەتایەوە موعتەزیلەکان وەرگێڕی فەلسەفەش نەبووبن.

وادەردەکەوێت موعتەزیلە ڕۆڵی بنەڕەتییان هەبووبێت لە گەشەپێدانی بزاڤی وەرگێڕاندا لە شارستانییەتی ئیسلامییدا، چونکە ئەوان یەکەم دەروازەیان کردەوە کە فەیلەسوفانی موسڵمان لێوەی چوونە ژوورەوە بۆ ناو زانستەکانی یۆنان[(٤)].

دوای دامەزراندنی خیلافەی عەباسی بزاڤی وەرگێڕان پێی نایە قۆناغێکی تر و شێوازێکی ڕێکخراو و دامەزراوەیی وەرگرت*. لەسەرەتاکانی سەردەمی عەباسیدا وردە وردە وەرگێڕانی کتێبە فەلسەفییەکانیش لە پاڵ زانستەکانی تردا دەستی پێکرد. زۆرێك لە سەرچاوەکان جەخت لەوە دەکەنەوە، کە هەر لەسەردەمی خەلیفە (المنصور)ەوە وەرگێڕانی فەلسەفەش دەستی پێکردووە[(٥)]. لەو کتێبە فەلسەفییانەش کە بۆ خەلیفە (المنصور) وەرگێڕدراون، کتێبە لۆجیکییەکانی (ارسطاطالیس) و جگە لەوانەشی بۆ وەرگێڕدراوە[(٦)]. ئەو کتێبانەش کە (ابن المقفع) وەریگێڕاون لە بواری لۆژیك و فەلسەفەدا هەر بۆ خەلیفە (المنصور)ی وەرگێڕاون، لەوانەش کتێبی (الإیساغوجي) کە هی (فورفوریوس الصوری)یە[(٧)]. بەوشێوەیەی سەرچاوەکان ئاماژەیان پێداوە هەر لەسەرەتای خیلافەی عەباسی و لەسەردەمی دووەم خەلیفە کە (ابو جعفر المنصور)ە و لە ڕێگای (ابن المقفع)ەوە وەرگێڕانی فەلسەفەی یۆنانی دەستی پێکردووە، ئەمە

---

(١) ابن الندیم: م. س، ص٢٣٥.

(٢) فخرالدین الرازي، أبو عبدالله محمد بن عمر بن الحسن: اعتقادات فرق المسلمین والمشرکین ، تح: علي سامي النشار، دار الکتب العلمیة ، بیروت ،١٤٠٢، ج١/ص٣٩؛ العدوي المالکي، علي الصعیدي: حاشیة العدوي علی شرح کفایة الطالب الرباني، تح: یوسف الشیخ محمد البقاعي، دار الفکر، بیروت، ١٤١٢ هـ، ج١/ص١٢٨.

(٣) الشهرستاني، ابي الفتح: الملل والنحل، تح: محمد فرید، المکتبة التوفیقیة، القاهرة، (د. س. ط)، ج١/ ص٦٧.

(٤) جار النبي سلیمان: حرکة الترجمة و اثرها الحضاری في عصر العباسیین الاول(١٣٢–٢٣٢)، مجلة جامعة شندي، السودان، الاعدد١، ینایر ٢٠٠٤، ص٨٥.

* بۆزانیاری لەسەر ئەم بابەتە دەڕوانرێتە باسی دووەم لە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە.

(٥) المسعودي: م. س، ج٤/ ص٣٥٤؛ القنوجي: م. س، ج١/ص١٧٩؛ حاجي الخلیفة: م. س، ج١/ص٣٤.

(٦) المسعودي: م. س، ج٤/ ص٣٥٤.

(٧) فندیك: م. س، ج١/ص١٧٩.

ئەگەرچی بە شێوەیەکی کەمیش بووبێت، بەڵام دەروازەیەکی باش بووە، بەتایبەتی کە بەشێوەیەکی فەرمی بووە و بە پشتگیری یەکێك لە بەهێزترین خەلیفەکانی عەباسی بووە.

(صاعد الاندلسي) پێی وابووە:"یەکەم کەس کە بەناوبانگ بووە بە لۆژیك لە دەوڵەتی عەباسیدا (عبدالله بن المقفع)ی نووسەری (ابوجعفر المنصور) بووە"[1]. سەرەتا موسڵمانەکان لە ڕێگای فارسەکانەوە فەلسەفەیان ناسیووە، (ابن المقفع) چەند کتێبێکی لەبارەی لۆژیکی یۆنانییەوە وەرگێڕاوە، وا دەردەکەوێت لە فارسییەوە وەریگێڕابن، چونکە ئەوە نەزانراوە کە ئەو یۆنانی زانیبێت[2]. کتێبی فەلسەفە و لۆژیکی وەرگێڕاوە[3]، لە کتێبەکانی ئەرستۆ تالیس کتێبی کاتیگۆرییەکان و کتێبی باریمینیاس و کتێبی ئەنالۆتیقای وەرگێڕاوە، جگەلەوە کتێبی (ایساغوجی) (فورفوریوس)ی وەرگێڕاوە کە دەروازەیەك بووە بۆ لۆژیك[4]. بەپێی ئەوەی (ابن المقفع) لە فارسییەوە وەرگێڕانی لۆژیك و فەلسەفەی کردووە، دەبێ فارسەکان پێشتر فەلسەفەی یۆنانییان ناسیبێت و کتێبەکانی فەلسەفە وەرگێڕدرابن بۆ زمانی فارسی.

لەگەڵ ئەوەی وەك لە پەرەگرافی پێشەوە ئاماژەمان بەوەدا (ابن المقفع) هەندێك لە کتێبەکانی ئەرستۆی وەرگێڕاوە لە فارسییەوە، ئەمەش ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە پێشتر ئەو کتێبانە وەرگێڕدراون بۆ زمانی فارسی، پاشان لە فارسییەوە ئەو وەریگێڕاون بۆ عەرەبی، بەڵام (علي سامی نشار) ئاماژە بەوە دەکات کە: "لە ڕاستیدا (ابن المقفع) هەڵنەستاوە بەوەرگێڕانی ئەو کتێبانە، بەڵکو هەستاوە بەکورتکردنەوەیان، لە کورتکردنەوەشیاندا بە تەواوی پابەند بووە بە دەقە ڕەسەنەکانەوە، بەهیچ شێوەیەك هەوڵی نەداوە کە زارەوەکانی دەقەکە یان ڕێکخستنی کتێبەکە بگۆڕێت، هەروەك تێکڕای کورتکەرەوە دێرینەکانی کتێب لە جیهانی ئیسلامییدا وابوون."[5]. خاوەنی ئەم بۆچوونە دەیەوێت ئەوەمان پێبڵێ (ابن المقفع) وەرگێڕی ئەو کتێبانە نییە و پێشتر کەسێك یان کەسانێك وەرگێڕانی ئەو کتێبانەیان کردووە بۆ عەرەبی، بەڵام کتێبەکان نەماون و وەرگێڕەکانیشیان لە بیرکراون، (ابن المقفع) کتێبەکانی بە وەرگێڕدراوی لە بەردەستدا بووە و کورتی کردووەنەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بابەتە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە، چونکە (ابن المقفع) ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە سەرەتای وەرگێڕانی فەلسەفەدا لەسەردەمی عەباسییدا، وەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد.

---

[1] کتاب طبقات الامم: م. س، ص٤٩.

[2] امین: ضحی الاسلام، ج١، ص٢٠٩.

[3] مرحبا: م. س، ج١/ص١٩٤.

[4] ابن أبي أصيبعة: م. س، ج١/ ص٤١٣.

[5] مناهج البحث عند مفكري الاسلام واكتشاف المنهج العلمي في العالم الاسلامي، م. س، ص ٢١.

خاوەنی کتێبی (الامصار ذوات الاثار) نووسیویەتی: "(يحيي بن خالد البرمكي) یەکەم کەس بووە کە کتێبی فەلسەفەی هێناوەتە ناو وڵاتی ئیسلامەوە، فەرمانیشی داوە بە وەرگێڕانیان بۆ زمانی عەرەبی"[1]، (يحيى) فەیلەسوفانی لە ماڵەکەی خۆیدا کۆکردۆتەوە و گفتوگۆ و باسوخواسە فەلسەفییەکانی لە ماڵەکەی خۆیدا ئەنجامداوە[2]. (يحيى بن خالد البرمكي) وەزیری (هارون الرشيد) بووە[3]، واتا ئەم گرنگی پێدانەی فەلسەفە لە سەردەمی عەباسییدا و لەسەردەمی خەلیفە (هارون)دا بووە. بەم پێیەش گرنگی پێدانەکانی (يحيى) دەکەوێتە دوای گرنگی پێدانەکانی (ابن المقفع)ەوە، چونکە (ابن المقفع) لەسەردەمێکی پێشتر و لەسەردەمی (ابو جعفر المنصور)دا بووە. کەواتە ئەو بۆچوونە دروست نییە و لەسەردەمی خەلیفە (المنصور)ەوە وەرگێڕانی فەلسەفە دەستی پێکردووە.

وردە وردە وەرگێڕانی فەلسەفە لە شارستانییەتی ئیسلامییدا بەرەو گەشەسەندن چووە، لەسەردەمی خەلیفە(المأمون)دا گەیشتە لوتکە. ئەو بە تایبەتی سوور بوو لەسەر وەرگێڕانی فەلسەفە[4]. پەیوەندی (المأمون) بە موعتەزیلەوە پاڵنەری بووە بۆ خەریکبوونی بە فەلسەفە و وەرگێڕانەوە[5].

(المأمون) هەنگاوی کرداری و گرنگی ناوە بۆ گەشەپێدانی فەلسەفە. بانگهێشتی (حنين بن اسحاق)(١٩٤-٢٦٠ك/٨١٠-٨٧٣ز)ی کرد، کە هێشتا هەر گەنج بوو، فەرمانی پێکرد ئەوەندەی دەتوانێ کتێبی فەیلەسوفانی یۆنانی وەربگێڕێت بۆ سەر زمانی عەرەبی[6]. فەلسەفە تەواو لاواز بووبوو لە سنووری ڕۆم، (المأمون) تەواوی هەوڵی خۆی خستەکار بۆ گەڕان بەدوابیدا، تاوەکو پیاوێکی ئایینی مەسیحی پێی ڕاگەیاند ماڵێك هەیە لە یۆنان هەمووی کتێبی فەلسەفەیە و لەسەردەمی (قسطنطين)ەوە داخراوە، (المأمون) توانی بەدەستی بێنێت و داوای وەرگێڕانیانی کرد[7]. تێبینی ئەوە دەکەین ڕۆڵی خەلیفە (المأمون) لە گەشەپێدانی وەرگێڕانی فەلسەفەدا ڕۆڵێکی بنچینەیی و کاریگەرە، زۆر دڵکارانە هەوڵی وەرگێڕانی فەلسەی داوە، بەجۆرێك هەندێك بە ڕزگارکەری فەلسەفەی دادەنێن، چونکە ئەو کاتێك گرنگی بە فەلسەفە داوە، لەلای ڕۆمەکانەوە بەتەواوی پشتگوێ خرابوو.

---

(١) الذهبي، محمد بن احمد: ط١، بيروت، ١٤٢٥هـ، ص٨٠.

(٢) السيوطي، جلال الدين: صون المنطق والكلام عن فن المنطق والكلام، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٧، ص١٠.

(٣) الحلبي، علي بن برهان الدين: السيرة الحلبية في سيرة الأمين و المأمون، دار المعرفة، بيروت ، ١٤٠٠هـ، ج١/ص١١٧.

(٤) ابن خلدون، عبدالرحمن: مقدمة، تح: حامد احمد الطاهر، ط١، دار الفجر، القاهرة، ٢٠٠٤، ص٥٩٥.

(٥) ابو ريان، م. س، ص٩٤.

(٦) ابن ابي اصيبعة: م. س، ج١/ ص٢٦٠.

(٧) الهندي، شبلي النعماني: المأمون، تر: أورنك زيب الاعظمي، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠١٧، ص١٢٢.

خۆرهەلأتناسێك جەخت لەوە دەكاتەوە بەشێك لەو كتێبانەی لەسەرەتای بزاڤ وەرگێڕاندا وەرگێڕدراون، لەناوچوون: " زۆرێك لەو وەرگێڕانانەی لەسەدەی دووەمی كۆچیدا ئەنجام دراون لەناوچوون"[1]، پێدەچێت هەندێك لە كتێبە وەرگێڕدراوەكان بەهەر هۆكارێك بوو بێت لەوسەردەمەدا نەتوانرابێت بپارێزرێت و بگاتە دەستی مێژوونووسان و توێژەران و تۆماریان بكەن. ئەمەش ئەو گرفتەمان بۆ دروست دەكات كە بتوانین بە تەواوی و وردەكاری ئەو سەردەمە دیاری بكەین، كە یەكەم وەرگێڕانی فەلسەفەی تێدا ئەنجام دراوە و یەكەم كەسیش دیاری بكەین، كە یەكەمجار وەرگێڕانی فەلسەفەی ئەنجام داوە. بەلأم لەگەلّ ئەوەشدا دەتوانین ئەوە دەستنیشان بكەین هەر لەسەرەتای سەردەمی خیلافەی عەبباسییەوە وەرگێڕان دەستی پێكردووە و لەسەردەمی خەلیفە (المأمون)دا بە تەواوی پەرەی سەندووە و گەیشتۆتە لوتكە.

وەرگێڕانی فەلسەفە بۆ زمانی عەرەبی تەنها لە یۆنانییەوە نەبووە، بەلّكو كەلتوورێكی ڕۆشنبیری مەزنی گرتبووەوە، لە چەند زمانێكەوە وەرگێڕدراوە، وەك سریانی و فارسی و عبرانی و هیندی و قیبتی و لاتینی[2]. تێبینی ئەوە دەكەین ئەگەرچی ئەو فەلسەفەیەی كە كاریگەری لەسەر موسلّمانەكان داناوە و پالّنەریان بووە بۆ فەلسەفاندن لەنێو شارستانییەتەكەیاندا بەپلەی یەكەم فەلسەفەی گریكی بووە، بەلأم ئەم فەلسەفەیە سەرەتا ڕاستەوخۆ لەزمانی یۆنانییەوە وەرنەگێڕدراوە، ئەمەش وایكردووە لەسەرەتادا فەلسەفەی گریكی بە پالّفتەیی و پوختی نەگاتە دەستی موسلّمانەكان، بەلّكو ڕەنگ و بۆی بیروباوەڕ و بۆچوونی وەرگێڕەكان و گەل و ئایینەكانی تری پێوە بووە.

ئەگەرچی وەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا، لە زمانی جیاوازەوە فەلسەفە وەرگێڕدراوە بۆ زمانی عەرەبی، بەلأم ئەوەش كە لە زمانەكانی تری جگە لە زمانی یۆنانییەوە وەرگێڕدراوە، زۆربەی هەر فەلسەفەی یۆنانی بووە، فارابی لەم بارەیەوە نووسیویەتی:" فەلسەفەمان لە یۆنانەوە پێگەیشتووە، لە (ئەفلاتوون و ئەرستۆوە). هیچ كام لەوان فەلسەفەیان پێنەداوین بەبێ ئەوەی لەگەلّ ئەوەدا ڕێگای چوون بەرەو فەلسەفە و ڕێگای دامەزراندنیمان پێبدەن، هەركاتێك كەموكورتی تێكەوت."[3]. فارابی لەم دەقەدا ئاماژە بە شتێكی گرنگ دەكات كە پەیوەندی نێوان فەلسەفەی گریكی و بەتایبەتی فەلسەفەی (ئەفلاتوون) و (ئەرستۆ) و وەرگرانی فەلسەفە لە شارستانییەتی ئیسلامیدا ڕوون دەكاتەوە، ئەویش ئەوەیە ڕێبازی فەلسەفاندن و چوون بەرەو فەلسەفەیان لە فەیلەسوفانی یۆنانەوە وەرگرتووە نەك تەنها مێژووی فەلسەفە، ئەمەش ئەو واتایە دەگەیێنێ موسلّمانەكان توانیویەنە كاری فەلسەفاندن لە یۆنانەكانەوە فێربن و بیركردنەوەی فەلسەفییان بۆ دروست ببێت، نەك تەنها لاسایی كەرەوە بن.

---

[1] دي بور: م. س، ص٣٦.

[2] صليبا: م. س، ص٩٥.

[3] تحصيل السعادة، ط١، دار و مكتبة الهلال، بيروت، ١٩٩٥، ص٩٩.

لەڕێگای ڕۆمانەکانەوە ڕۆشنبیری و فەلسەفەی یۆنانی گوازراوەتەوە بۆ ناو عەرەب و موسڵمانەکان، ڕۆمانەکان لەناو عەرەب و موسڵمانەکان ژیاون، بەتایبەتی لەشام، چونکە پێشتر شام لەلایەن ڕۆمەکانەوە بەڕێوە دەبرا و فەرمانڕەوایی دەکرا. ئەوەش زانراوە کە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی گۆڕەپانی دووەم بووە بۆ دەرکەوتنی فەلسەفەی یۆنانی و فەلسەفەی ڕەواقی، بەتایبەتی لایەنی فەلسەفەی ئەخلاق[1]. موسڵمانەکان پشتیان بە نەستوری و یەعقوبی و زانایانی قوتابخانەی حەڕان بەستووە، بۆ وەرگێڕانی کتێبی فەلسەفە لە یۆنانی و سریانییەوە بۆ عەرەبی[2].

کاردانەوەکان بەرامبەر هاتنە ناوەوەی فەلسەفە بۆ شارستانییتی ئیسلامی جیاواز بووە. بەگشتی خۆی لە دوو جۆر کاردانەوەدا بینیوەتەوە، کەسانێك پێشوازیان لە فەلسەفە کردووە و پێی کاریگەر بوون و کاریشیان بۆ پەرەپێدانی کردووە. کە سانێکیش هەبوون دژایەتییان کردووە بە دژی ئایین و لە ڕێ لادان و بە نکوڵیکارییان داناوە[3].

---

[1] فؤاد: م. س، صص١٩٩–٢٠٠.

[2] صليبا: م. س، ص٩٦.

[3] حلمي، مصطفى: الاسلام ومذاهب الفلسفة، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٥، صص١٢٨–١٢٩.

## باسی دووەم: هۆکارەکانی وەرگێڕانی فەلسەفە لە شارستانییەتی ئیسلامییدا

وەرگێڕان بەگشتی و وەرگێڕانی کتێبە فەلسەفییەکان بەتایبەتی، بە یەکێك لە ڕووداوە گرنگەکان دەژمێردرێت لە شارستانییەتی ئیسلامییدا، چونکە ئەم ڕووداوە کاریگەری زۆری بەجێهێشتووە لە شارستانییەتی ئیسلامییدا و پایەکانی شارستانییەتی لە مێژووی ئیسلامدا بەهێز و دامەزراوتر کرد. بووە هۆی ئەوەی کەموکورتییە هزری و زانستییەکان پڕبکاتەوە و خەڵکانی سەر بەم شارستانییەتە نوێیە بەڕووی دنیادا بکرێنەوە و سوود لە بەرهەمی مرۆیی شارستانییەتەکان وەربگرن، هەروەها خۆشیان ڕۆڵبگێڕن لە مێژووی شارستانییەتدا و لە دامەزراندنی تەلاری شارستانییەتی مرۆییدا پشکدار بن. بۆ ئەمەش کۆمەڵێك هۆکار و پاڵنەر هەبوون، بوون بە یارمەتیدەر بۆ وەرگێڕان و گەشەکردنی وەرگێڕانی فەلسەفە لە شارستانییەتی ئیسلامییدا، دەتوانین ئەو هۆکارانەش بە دوو جۆر پۆلێن بکەین: هەندێکیان هۆکاری ناڕاستەوخۆ یان بابەتین و هەندێکیشیان هۆکاری ڕاستەوخۆ یان خودیین.

### تەوەرەی یەکەم: هۆکارە ناڕاستەوخۆکان یان بابەتییەکان

هۆکارە بابەتییەکان ئەو هۆکارانەن، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەو کەسانەوە نییە کە کاری وەرگێڕانیان کردووە، بەڵکو کۆمەڵە هۆکارێکن لەدەرەوەی ئەم کەسانە و تێکۆشانەکانیانن، بەلأم ڕۆڵیان هەبووە لە پرۆسەی وەرگێڕاندا، وەك جوگرافیای ئەو ناوچەیەی شارستانییەتی ئیسلامی تێدا لەدایك بووە و دەوروبەرەکەی، هەروەها ئەو بزافە زانستی و قوتابخانانەی کە پێش ئیسلام لەو ناوچانەدا هەبوون و...هتد

١. یەکێك لەو هۆکارانەی یارمەتیدەر بووە بۆ وەرگێڕان و وەرگێڕانی فەلسەفە و بەهۆکارێکی گرنگیش دادەنرێت، فتوحاتی ئیسلامییە، لەسەرەتای هاتنی ئیسلامدا کردەی فتوحات زۆر بە خێرایی بەڕێوە دەچوو. موسڵمانەکان بەخێرایی فتوحاتەکانیان خێرابوون لەوەرگرتنی زانستەکان لەو ناوچانەی فەتحیان دەکردن، کاتێك موسڵمانەکان دەستیانگرت بەسەر وڵاتی فارس و شامدا، گەنجینەیەك لە زانستی یۆنانیان دۆزییەوە[1]. ئەمەش بووە هۆی تێکەڵبوونی موسڵمانەکان بە خەڵکی ئەو ناوچانە و کاریگەری و کارلێککردنی دوو لایەنە دروستبوو و ڕۆڵی هەبوو لە دروستبوونی هەستکردن بە پێویستی وەرگێڕان لەلای موسڵمانەکان.

بەهۆی فراوانبوونی دەوڵەتی عەباسی، کە سنووری لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا نەهێشتبوو، بووە هۆی ئاسانبوونی هاتوچۆ لەنێوان ویلایەت و بەشە جیاوازەکانی خیلافەی عەباسیدا. ئەمەش بووە هۆی

(1) لوبون، غوستاف: حضارة العرب، تر: عادل زعيتر، مؤسسة الهنداوي، القاهرة، ٢٠١٣، ص٤٤٩.

دەوڵەمەندکردنی دەوڵەتی عەباسی و چالاکی هزری و ڕۆشنبیری لێکەوتەوە[١]. لە چوارچێوەی ئەم چالاکییە هزری و ڕۆشنبیریانەشدا وەرگێڕانی فەلسەفە لایەنێکی گرنگی پێکهێنابوو.

٢. پەیوەندی نێوان موسڵمانەکان و دەسەڵاتەکانی تر وەك ڕۆمەکان ڕۆڵی هەبووە لە هاندانی وەرگێڕاندا. لەگەڵ ئەوەی جەنگ و پێکدادانکانی سەر سنوور لە نێوان موسڵمانەکان و دەوڵەتی بێزەنتیدا بەردەوام هەبووە، بەڵام ئەمە ڕێگر نەبووە لەوەی پەیوەندی بازرگانی و ڕۆشنبیری لە نێوانیاندا هەبێت. ئەوەی کە پەیوەندییە ڕۆشنبیرییەکان لەخۆ دەگرێت، دیارترین ڕواڵەتەکان ئەو سەرچاوە فەلسەفی و پزیشکییانەی ئەرستۆ و جالینوس و فەیلەسوفانی تری گریك بوون، کە لە وڵاتی ڕۆمەوە هێنران بۆ شارستانییەتی ئیسلامی و دواتر وەرگێڕدران[٢]. ئەم پەیوەندیانەش پاڵنەر بوون بۆ گەشەکردنی وەرگێڕان لە شارستانییەتی ئیسلامییدا، بەتایبەتی وەرگێڕانی فەلسەفە.

نووسەرێکی عەرەب باس لە بزاڤی شعوبییەت* دەکات، وای لێك دەداتەوە هەڵوێستی ڕەگەز پەرستانەی ئەو گەلانە بەرامبەر بە عەرەب و موسڵمانەکان بۆتە هۆکارێك بۆ وەرگێڕانی فەلسەفە و زانستەکان، چونکە ئەو گەلانە خۆیان لە عەرەب و موسڵمانەکان پێ لەسەر تر بووە[٣]، بەڵام ئێمە بەجۆرێکی تر لێکی دەدەینەوە، سەرەتای تێکەڵبوونی موسڵمانەکان بە گەلانی تر، بە تایبەتی ئەو گەلانەی خاوەنی شارستانی مەزن بوون و هەنگاوی زۆریان لەبواری فەلسەفە و زانستە جۆراوجۆرەکاندا نابوو. ئەم تێکەڵبوونە بووە هۆی ئەوەی کە مەیدانخوازییەك (تحدي) لای موسڵمانەکان دروست بکات و هەوڵی ئەوە بدەن لە ڕووی ئاستی زانستی و هزری و مەعریفییەوە هاوشانی خەڵکانی سەر بە شارستانییەتەکانی تر بن، بە تایبەتی لە بواری بیرکردنەوەی فەلسەفییدا، چونکە ئەم کایە مەعریفییە ئاستێکی باڵای بیرکردنەوەی مرۆیی پێك دێنێت و پیشان دەدات، ئەمە جگە لەوەی لە مشتومڕە کەلامییەکاندا پێویستییان پێی هەبووە.

٣. بوونی چەندین قوتابخانەی زانستی لەو ناوچانەی موسڵمانەکان فەتحیانکردن، کە بوونە هۆی ئەوەی موسڵمانەکان سوود وەربگرن لەو قوتابخانانە و بوونە ڕێگایەك بۆ گواستنەوەی زانستە دێرینەکان و

---

[١] ضميرية: م. س، ص٢٩.

[٢] عبدالباقي، احمد: سامراء عاصمة الدولة العربية في عهد العباسيين، ط١، دار العربية للموسوعات، بيروت، ١٤٢٧هـ، ج٢/ص١٥٥.

* شعوبییەت(الشعوبية): شعوبییەت بزوتنەوەیەکی جیاخوازیی بووە لەسەر بنەمای ڕەچەڵەك–نەتەوە دامەزراوە، ئەم بزوتنەوەیە لەسەردەمی عەباسییدا بڵاوبۆوە، مەبەستیش لە شعوبییەت ئەوە بووە کە ئەو کەسانە نەتەوەکەی خۆیان بە لەپێشتر دەزانی لە موسڵمانەکان و بە بەرزتر و خاوەن سەروەرییان دەزانی، بۆ ئەو مەبەستەش زمانی دێرینی خۆیان زیندوو دەکردەوە و بەکاریان دەهێنا. دەیان ویست کە خۆیان فەرمان ڕەوایی خۆیان بکەن.(الحفني: المعجم الشامل لمصطلحات الفلسفة، ص٤٤١).

[٣] الحسيني: م.س، ص ٧٧.

فەلسەفە بۆ شارستانییەتی ئیسلامی. جا چ لەڕێگای وەرگێڕانەوە بووبێت یان لەڕێگای وەرگرتنی زانستەکانەوە بووبێت لە مامۆستایانی ئەو قوتابخانانەوە، وەك قوتابخانەی ئەسکەندەرییە، کە یەکێك بووە لە گرنگترین ناوەندەکان بۆ ڕۆشنبیری یۆنانی و کەلتووری دێرین. قوتابخانەی نوسەیبینیش زانستەکانی یۆنانی تیایدا درەوشاوە بووە، هەردوو زمانی سریانی و فارسی تیا بەکارهاتووە. جگە لەمانەش قوتابخانەی (ڕوها) لە ولاّتی نیوان دوو ڕووبار و فارس ڕۆڵی هەبووە و بەزمانی سریانی قسەیانکردووە، قوتابخانەی (جوندیسابوور)یش یەکێك بووە لەو قوتابخانانەی پێش ئیسلام ڕۆڵیان هەبووە[(١)]. ئەم قوتابخانانە بووبوونە ناوەندێك بۆ زانستەکانی یۆنانی دێرین لەوانیشەوە دواتر گوێزرایەوە بۆ موسڵمانەکان، لە قوتابخانەکانی (الاسکندرية) و (النصيبن) و قوتابخەنەکانی تردا فەلسەفە جێگەی بایەخ بووە، وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی سریانی[(٢)].

٤. یارمەتیدەرێکی تر کە بووە هۆی ئاسانکردنی کاری موسڵمانەکان بۆ وەرگێڕانی زانستە دێرینەکان، پێش دەستپێکردنی بزاڤ وەرگێڕان بۆ زمانی عەرەبی، لەپێش ئیسلامدا بزافێکی وەرگێڕان هەبووە لە یۆنانییەوە بۆ سریانی، ئەگەرچی ئەو وەرگێڕە سریانییانە فەلسەفە و بیروبۆچوونی خۆیان هەبووە، وەرگێڕانەکانیشیان کاریگەری ئەو بیروبۆچوونانەی لەسەر بووە[(٣)]، بەلاّم دواتر ئەمانە دەبنە بنەما بۆ وەرگێڕانی زانستەکانی یۆنانی و ڕۆمانی لە سریانییەوە بۆ زمانی عەرەبی، کاری وەرگێڕانی فەلسەفەی یۆنانی ئاسان دەکەن بۆ موسڵمانەکان.

ئەوەی ئەو بۆچوونەی پەرەگراف پێشوو دەسەلمێنێت موسڵمانەکان لەسەرەتای وەرگێڕاندا لە زمانی سریانییەوە وەرگێڕانیان دەکرد[(٤)]، نەستورییەکان و یەعقوبییەکان زۆرێك لە کتێبە یۆنانییەکانیان وەرگێڕابوو بۆ زمانی سریانی و ڕاڤەیان کردبوون. کاتێك لەگەڵ موسڵمانەکان بە یەکگەیشتن، ئەو کتێبە وەرگێڕدراو و ڕاڤەکراوانەیان لە سریانییەوە وەرگێڕا بۆ زمانی عەرەبی[(٥)].

٥. گەشەکردنی پیشەسازی کاغەز ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە پەرەپێدانی وەرگێڕاندا، ئەمە پشکی بەر وەرگێڕانی فەلسەفەش کەوتووە. گەشەکردنی پیشەسازی کاغەز بەهۆی (فضل بن يحيى البرمكي)(١٤٨–١٩٢ك/٧٦٦–٨٠٨ز)یەوە بووە، پیشەسازی کاغەزی هێنایە ناو شارستانییەتی ئیسلامی. نامە و پسوڵەکانی خەلیفەی لەسەر دەنووسی، پاشان خەڵکی بەکاریان دەهێنا بۆ کتێبەکانیان و دانراوەکانیان. سەمەرقەند بە

(١) الفيومي: م، س، صص٦١–٧٢.
(٢) امين: ضحى الاسلام، ج١/ صص٢٠٠–٢٠١؛ مدكور: في الفكر العربي، ص١٣؛ مظهر: م. س، ص١٤.
(٣) ابو ريان: م. س، ص٨٧.
(٤) مرحبا: م. س، ج١/ ص٢٩٥.
(٥) امين: ضحى الاسلام، ج١/ص٢٠٣.

پیشەسازی کاغەز بەناوبانگ بووە، ئەم پیشەسازییە لە سەمەرقەندەوە گوێزرایەوە بۆ بەغداد[1]، لەوێشەوە بە جیهانی ئیسلامییدا بڵاوبۆوە[2]. دروستکردن و پەرەسەندنی پیشەسازی کاغەز لەوکاتەدا لە شارستانییەتی ئیسلامییدا، ڕۆڵی بینیوە لە گەشەکردنی وەرگێڕاندا بە گشتی، وەرگێڕانی فەلسەفەش هەر لەو چوارچێوەیەدا بووە. جا ئەمەش لە ڕێگای زۆربوونی دانراوەکان و نووسینەوەیان لە سەرچاوە جیاوازەکان بوویێت، کە بووە هۆی فراوانبوونی چوارچێوەی نووسین و دانراوەکان و وەرگێڕانی فەلسەفەش. جگەلەوەی چینێك دەرکەوتن بەناوی کاغەزسازان (الوراقین) کە جێپەنجەیان دیار بوو لە شارستانییەتی ئیسلامییدا. هەر خۆیان بڵاوکەرەوەی کتێبەکان بوون و هەڵدەستان بە نووسینەوە و بەرگتێگرتنی و فرۆشتنی، هەربۆیە پیشەسازی کاغەز بە هۆکارێك دادەنرێت بۆ بوژانەوەی نووسین و وەرگێڕان و وەرگێڕانی فەلسەفە[3]. گرنگی پیشەسازی کاغەز لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە بووە هۆی ئاسانی لەسەرنووسین و خێرا نووسین و بە ئاسانی دەستکەوتن و بەنرخێکی کەمتر دەست کەوتن بە بەراورد لەگەڵ پێشتر، ئەمەش دەستاودەستکردنی کتێب و نووسراوەکانی ئاسانکرد و کۆی ئەم کردەیەش لە بەرژەوەندی نووسین و وەرگێڕاندا بووە.

٦. زمانی عەرەبیش پاڵنەرێکی گرنگ بووە بۆ گەشەکردنی وەرگێڕانی فەلسەفە، یارمەتی وەرگێڕەکانی داوە بۆ وەرگێڕانی زانستەکان و فەلەسەفە، چونکە زمانێکی دەوڵەمەند بووە[4]. داتاشین دیارترین تایبەتمەندی زمانی عەرەبییە کە لە زۆربەی زمانەکانی تری جیادەکاتەوە، هەروەك هۆکاری تر هەبوون بوونەتە هۆی دەوڵەمەندکردنی زمانی عەرەبی[5]. ئەگەرچی پێشتر لەناو عەرەبەکاندا پێش هاتنی ئیسلام فەلسەفە بوونی نەبووە ئەمەش کاری وەرگێڕانی فەلسەفەی لە زمانی یۆنانیی و سریانییەوە بۆ زمانی عەرەبی قورس کردبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی داتاشینەوە (اشتقاق) لە زمانی عەرەبیدا، دەتوانرا داتاشین بۆ زاراوەکان بکرێت، کە تایبەتمەندییەکی گرنگە لە زمانی عەرەبیدا، ئەمەش یارمەتیدەر بووە بۆ وەرگێڕانی فەلسەفە و دروستبوونی زاراوە فەلسەفییەکان لە زمانی عەرەبیدا.

٧. خۆرهەڵاتناس (کارل هینرش بکر) پرسی گەشەکردنی وەرگێڕانی فەلسەفە و بیرکردنەوەی فەلسەفی دەبەستێتەوە بە بیری ئازاد لە ئیسلامدا، ئەو بۆچوونی وایە کە: " ئایینی ئیسلام تەلاری ئایینزایی خۆی لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی ئازاد دامەزراندووە... لە ئیسلامدا بواری جیاوازییەکان زۆر فراوانترن وەك لە مەسیحیەتدا، چونکە شتێکی وای تێدا نییە هاوشێوەی دادوەرێك بێت و بڕیارێکی یەکلاکەرەوە دەربکات و

---

(1) الدخيل، سليمان: الفوز بالموراد في تاريخ البغداد، تح: محمد عزب و محمد زينهم، ط١، دار الافاق العربية، القاهرة، ١٤٢٣هـ، ص١٢١.

(2) الامام، محمد فاروق احمد: معابر الحضارة الاسلامية الى الاوروبا، دار المأمون، عمان، ٢٠٠٨، ص٢٠٨.

(3) الحسيني: م. س، ص٨٣؛ السايح، عبد الرحيم احمد: فلسفة الحضارة الاسلامية، القاهرة، ١٩٨٩، ص٩٣.

(4) الحسيني: م. س، ص٨٣.

(5) زهيرة، كبير: اشكالية المصطلح اللساني في ترجمة النّصوص اللغوية ترجمات كتاب "دروس في اللسانيات العامة" فردناند دو سوسير أنموذجا، رسالة الماجستير، غير منشورة، مقدمة الى كلية الاداب و اللغات، جامعة أبي بكر بلقايد تلمسان، ٢٠١٥-٢٠١٦، ص٣٢.

هیچ پێداچونەوەیەکی نەبێت"[1]. بیری ئازاد و کرانەوە بەسەر شارستانییەت و ئایینەکانی تردا ڕۆڵی گرنگی بینیوە لەم پرۆسەیەدا، بە تایبەت کە قسەی کۆتایی و یەکلاکەرەوە بۆ لایەنێکی دیاریکراو نییە لە ئیسلامدا و دەقەکانیش هەڵگری واتای جیاوازن و هەڵگری ڕاڤەی جۆراوجۆرن.

**تەوەرەی دووەم: هۆکارە ڕاستەوخۆکان یان خودییەکان**

سەبارەت بە هۆکارە خودییەکان، ئەو هۆکار و پاڵنەرانە دەگرێتەوە کە دەگەڕێنەوە بۆ خودی ئەو کەسانەی کاریان لە وەرگێڕاندا کردووە و ئەو هەوڵ و کۆششانەی لەلایەن ئەوکەسانەوە ئەنجامدراون بەمەبەست و لە هۆشیارییەوە ویستویانە کاربکەن لە بەرەوپێشبردنی پرسی وەرگێڕان و ڕۆڵیان هەبووە لە گەشەپێدانی بزاڤی وەرگێڕان لە شارستانییەتی ئیسلامییدا. لەو هۆکارانەش:

١. ئایینی ئیسلام هێزی ناوەکی ئەوتۆی تێدایە کە پاڵنەری بیرکردنەوەیە، بیرکردنەوەش بنەمایەکی سەرەکی فەلسەفەیە. ئیسلام هاندەرە بۆ بیرکردنەوە لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی و خودی مرۆڤ خۆشی[2]. هاندانی ئیسلام بۆ زانست و زانیاری و دانایی و پەسنکردنی (وصف) بیرکردنەوە و عەقڵ و زانیاری، لە زۆر لە سورەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ)دا، پاڵنەرن بۆ بەدەستهێنانی زانست و زانیاری و بیرکردنەوە. وەرگێڕانیش ڕێگایەکی گرنگ بووە لە ڕێگاکانی بەدەستهێنانی زانست و زانیاری. لە قورئاندا زاناکان بە لەخواترسترین مرۆڤەکان دانراون وەك ئاماژەی پێکراوە: ((إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ))[3]، هەر لە قورئاندا گرنگی بە بیرکردنەوە دراوە: ((وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ))[4]، کە ئەم ئایەتە پەسنی ئەوکەسانە دەکات بیردەکەنەوە لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی. لە ئایەتێکی تردا ئاماژە بەدانایی کراوە: ((يُؤْتِي الْحِكْمَةَ مَن يَشَاءُ ۚ وَمَن يُؤْتَ الْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا))[5]، ئەم ئایەتە باس لە گرنگی دانایی دەکات، ئەگەرچی بەشێوەی جیاواز باس لە دانایی کراوە، بەڵام لێرەدا بەڕەهایی هاتووە، پاشتر زۆرێك لە فەیلەسوفانی ئیسلام وشەی (الحكمة) یان لەبەرامبەر فەلسەفەدا بەکارهێناوە و

---

[1] تراث الاوائل في الشرق والغرب: تر: عبدالرحمن بدوي، من كتاب التراث اليوناني في الحضارة الاسلامية، ط٢، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٤٦، صص١١-١٢.

[2] فروخ، عمر: العرب واليونان و اوروبا قراءة في الفلسفة، المركز العربي، بيروت ٢٠١٥، ص١٣٩؛ المغربي، علي عبدالفتاح: دراسات عقلية و روحية في الفلسفة الاسلامية، ط١، مكتبة وهبة، القاهرة، ١٩٩٥، ص١٧.

[3] سورة فاطر: اية ٢٨. واتا: "هەر زانایان لە خوا دەترسن".(امین، بورهان محمد: تەفسیری ئاسان، چ٦، بەبێ شوێن و ساڵی چاپ، ل٤٣٧)

[4] سورة ال عمران : اية ١٩١. واتا:"...بیردەکەنەوە لە دروستبوونی ئاسمانەکان و زەوی...".( امین، بورهان محمد: س، پ، ل٦١)

[5] سورة البقرة: اية ٢٦٩."ئەو زاتە بەهەر کەسێك بیەوێت و (شایستە بێت) حیکمەت و دانایی پێ دەبەخشێت و هەر کەس حیکمەتی پێ ببەخشرێت، ئەوە بێگومان خێرێکی زۆری پێ دراوە، جا بێجگە لە ژیر و هۆشمەندەکان کەسانی تر لەو بەهرەیە تێناگەن وپەند وەرناگرن ".( امین، بورهان محمد: س. پ، ل٤٥)

وەك هاوواتای فەلسەفەیان داناوە، هەندێك لە فەیلەسوفانیش لە جیاتی فەلسەفە وشەی (الحكمة)یان بەكارهێناوە و تەنانەت بۆ ناونیشانی كتێبە فەلسەفییەكانیشیان زاراوەی (الحكمة)یان بەكارهێناوە[١].

فەیلەسوفی بەناوبانگ (ابن رشد) پێی وایە تێڕوانینی عەقڵی و فەلسەفی نەك كارێكی باشە بەپێی ئایینی ئیسلام، بەڵكو پێویستیشە، چونكە ڕێگایەكە بۆ ناسینی خوای باڵا و هەبووەكانی تریش، لەم بارەیەوە نووسیویەتی:" ئەگەر سەلمێنرا كە شەرع تێڕوانینی لە هەبووەكان بە عەقڵ و پەندلێوەرگرتنیانی بە واجب داناوە، گرنگی پێدانیش هیچ شتێك نییە جگە لە هەڵگۆزینی(الاستنباط) نەزانراو لە زانراو... شتێكی ڕوونە ئەم جۆرە تێڕوانینە كە شەرع بانگەشەی بۆكردووە و هانیداوە لەسەری، بریتییە لەتەواوترین جۆرەكانی تێڕوانین بەتەواوترین جۆرەكانی پێوانەكردن– كەناونراوە بە (بورهان) – ئەگەر شەرع هانی دابێت لەسەر ناسینی خوای بەرز و باڵا و(سەرجەم) هەبووەكان بە بورهانی فەلسەفی، كە باشترینە– یان كارێكی زەرورییە – بۆكەسێك كە بیەوێت خوای بەرز و پیرۆز بناسێت"[٢].

٢. خواست و ویستی هەندێك لە خەلیفەكانی عەباسی یەكێك بووە لەو هۆكارانەی ڕۆڵیان هەبووە لە گەشەكردنی وەرگێڕاندا، هانی وەرگێڕ و زمانزانەكانیان داوە بۆ وەرگێڕان، جا لەبەر هەستكردن بووبێت بە پێویستی یەكێك لە زانستەكان، وەك خواستی خەلیفە (ابو جعفر المنصور) بۆ زانستی پزیشكی بۆ چارەسەركردنی نەخۆشییەكەی، جگە لەوە باوەڕی بە ئەستێرەناسی هەبووە و گرنگی زۆری پێداوە[٣]، پێدەچێت خەلیفە (المنصور) هۆكاری جیاواز پاڵی پێوە نابێت بۆ گرنگی دان بە وەرگێڕان، زانایانی تایبەتمەندی بانگهێشت كردووە لە زانستەكانی بیركاری و پزیشكی و فەلسەفە و...هتد بۆ ئەنجامدانی كاری وەرگێڕان[٤].

خەلیفە (المأمون)یش ڕۆڵێكی كاریگەری هەبووە لە بزافی وەرگێڕاندا، پەیوەندی (المأمون) بە موعتەزیلەوە پاڵنەری بووە بۆ خەریكبوونی بە فەلسەفە و وەرگێڕانەوە. (المأمون) قوتابی (یحیی بن مبارك الیزدي) بووە، یەكێك بووە لە ئیمامەكانی موعتەزیلە، پەیوەندیشی لەگەڵ (ثمامة بن اشرس النومیري) هەبووە[٥]، حەز و خواستەكانی خەلیفەكان ڕۆڵێكی كاریگەریان هەبووە لە بزافی وەرگێڕاندا، ئەمان زیاد لە

---

[١] ابو علي، ابن سینا: عیون الحكمة، تح: عبدالرحمن بدوي، ط٢، وكالة المطبوعات– دار القلم، الكویت– بیروت، ١٩٨٠، ص٢ومابعدها؛ ابن ملكا البغدادي، ابي البركات هبة الله ابن علي: الكتاب المعتبر في الحكمة، ط٢، جامعة اصفهان، اصفهان، ١٣٧٣هـ.ق، ج١/ ص٢ومابعدها.

[٢] كتێبی فەسڵول مەقال سەبارەت بە سەلماندنی پەیوەندی نێوان فەلسەفە و شەریعەت و: مەریوان عەبدول، چ٢، كتێبخانەی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠١٩، ل٣٣.

[٣] الفاروقي: م. س، ص١٢٠.

[٤] حساین، محمد و قدور ملوك: م. س، ص١٢٦.

[٥] ابو ریان: م. س، ص٩٤.

هەرکەسێکی تر توانیویانە ڕۆڵی کاریگەر ببینن، بەهۆی ئەو توانا ماددی و ئابورییەی کە لەبەردەستیاندا بووە و بەکارهیان هێناوە لەم بوارەدا، شێوازێکی دامەزراوەییان بە کاری وەرگێڕان داوە.

٣. ئەو مشتومڕەی لە نێوان فیرقە ئیسلامییەکاندا دروست بووبوو، بە تایبەتی ئەو مشتومڕە سیاسییەی دوای پرسی (تحکیم) هاتە ئاراوە سەبارەت بەوەی کێ خەلیفەیە؟ چۆن بەیعەت دەدرێ؟ زۆر پرسیاری سیاسی و هزری تر[١]، هەروەها لەسەر تێڕوانینە جیاوازەکانیان بۆ ئایینی ئیسلام. پاشان مشتومڕی نێوان موسڵمانەکان و خاوەن ئایینەکانی تر وەك مەسیحی و جولەکەکان، مەسیحی و جولەکەکان پڕچەك بوون بە زانستەکانی یۆنان، ئەمەش هانی موسڵمانەکانیدا بۆئەوەی سوربن لەسەر وەرگێڕانی زانستەکان و فەلسەفە[٢]. کەواتە ئەمە هۆکارێکی کرداری و پێویستیش بووە، کە مەبەست لێی پێویستی موسڵمانەکان بووە بە فەلسەفە و لۆژیك لە ژیانی ڕۆژانەدا[٣]. موسوڵمانەکان زۆر پێویستیان بە فەلسەفە و لۆژیك بووە تاوەکو لە ڕێگای ئەمەوە بەڵگە بۆ بیروباوەڕ و تێڕوانینە ئایینییەکانیان بهێننەوە، بەمەش زانستی کەلام زیاتر گەشەی کرد و موسڵمانەکان دەیانتوانی لەڕێگای بەکارهێنانی لۆژیك و فەلسەفەوە ڕاستی فێرکارییە ئایینییەکانیان بسەلمێنن و بەرپەرچی نکوڵیکارەکانیش بدەنەوە. توێژەرێك لەم بارەیەوە نووسیویەتی: " لەسەرەتادا زانایانی کەلامی موعتەزیلە و شیعەی ئیمامی میانڕەو هەستان بەم کارە، لاسایی چەکەکەیان کردەوە (چەکی فەلسەفە) تا ئاستێك هەندێك بیروبۆچوونی فەلسەفەی یۆنانی هاتە ناوەوە"[٤]. گوتەکانی ئەم توێژەرە ئەوەی لێوەردەگیرێت، کە فیرقە ئیسلامییەکان وەك چەکێك و پێویستییەك فەلسەفەیان بەکارهێناوە لەبەرامبەر ڕکەبەرەکانیاندا، چونکە ئەوان ئەو چەکەیان پێبووە و لەسەر ئەمانیش پێویست بووە کە هەمان چەك بەکار بێنن بۆ بەرەنگار بوونەوەیان.

تێبینی ئەوە دەکەین هۆکاری زۆر و جۆراوجۆر هەبوون، بۆ دەرکەوتن و گەشەسەندنی وەرگێڕان لە شارستانییەتی ئیسلامییدا، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە پێویستی موسڵمانەکان بە زانستە جیاوازەکان لە ناویشیاندا فەلسەفە، ڕۆڵی گرنگنگی بینییوە بۆ هاتنەناوەوەی فەلسەفە بۆ ئەم شارستانییەتە و وەرگێڕانی. سەرەڕای ئەوەی سەرنجڕاکێشی و نوێیی فەلسەفە سەبارەت بە ئەم شارستانییەتە بۆتە هۆیەك کە موسڵمانەکان ویستوویانە ئاشنا بن بەم بوارە سەرنجڕاکێشەی بیرکردنەوەی مرۆیی. ئەگەرچی لە ناخی هەموو مرۆڤەکاندا پرسیارە جەوهەری و فەلسەفییەکان سەر هەڵدەدات و لەلای موسڵمانەکانیش بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەم پرسیارانە هەبوون، بەڵام ناسینی فەلسەفە و لۆژیك بەشێوەیەکی میتۆدی و ڕێکخراو

---

[١] الفيومي: م. س، ص ٨٤.

[٢] جار النبي سليمان: م. س، ص٨٤؛ امين: ضحى الاسلام، ج١/ ص٢٠٥.

[٣] صليبا: م. س، ص١٠٦.

[٤] النشار، علي سامي: نشأة الفكر الفلسفي في الاسلام ، ط٢، دار السلام، القاهرة، ٢٠١٣، ص١١١.

پێشتر نەبووە، هەربۆیە سەرنجی موسڵمانەکان و کەسانی سەر بەم شارستانییەتەی ڕاکێشاوە و پەلکێشی ئەم لایەنە گرنگەی مەعریفەی مرۆیی کردوون.

## باسی سێیەم: هەندێك لە وەرگێڕە بەناوبانگەکان لە بواری فەلسەفەدا

لەم باسەدا گرنگی دەدەین بە هەندێك لە وەرگێڕە بەناوبانگەکانی بواری فەلسەفە، کە ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەریان هەبووە لە وەرگێڕانی کتێبە فەلسەفییەکاندا. وەرگێڕەکانی بواری فەلسەفە لە شارستانییەتی ئیسلامییدا پێگەیەکی بەرزیان هەبووە، چونکە لە ڕێگەی ئەوانەوە کەلتووری فەلسەفی و بەتایبەتی کەلتووری فەلسەفەی یۆنانی گوازراوەتەوە بۆ ناو ئەم شارستانییەتە. ناسینێکی کورت دەربارەی هەندێك لەو وەرگێڕانەی کە وەرگێڕانی کتێبە فەلسەفییەکانیان ئەنجام داوە، یارمەتیدەرمان دەبێت بۆ تێگەیشتن لە ڕەوشی وەرگێڕانی فەلسەفە و ئاستی باشی وەرگێڕانەکان.

### تەوەرەی یەکەم: ئیبن موقەفەع (ابن المقفع)

(عبدالله ابن المقفع) کە لە بنەڕەتدا ناوی (روزبە بن داذویە) لە نێوان لەساڵانی (١٠٦–١٤٢ك/٧٢٤ـ٧٥٩ز)[١] ژیاوە، لەوپەڕی زمان پاراوی و ڕەوانبێژیدا بووە، نووسەر و شاعیر بووە، یەکێك بووە لەو وەرگێڕانەی لەزمانی فارسییەوە وەرگێڕانی کردووە بۆ زمانی عەرەبی، لە هەردوو زمانەکەدا شارەزا بووە، ژمارەیەك کتێبی فارسی وەرگێڕاوە، لەوانە (کتاب خداینامة، کتاب ایین نامة، کتاب کلیلة و دمنة، کتاب مزدك، کتاب التاج في سیرة انوشیروان، کتاب الاداب الکبیر، کتاب الاداب الصغیر...هتد)[٢].

(ابن المقفع) نووسەری (ابو جعفر المنصور) بووە، کتێبی فەلسەفە و لۆژیکی وەرگێڕاوە[٣]، لە کتێبەکانی ئەرستۆ کتێبی کاتیگۆرییەکان و کتێبی باریمینیاس و کتێبی ئەنالۆتیقای وەرگێڕاوە، جگە لەوە کتێبی ئیساگۆجی فۆرفۆریۆسی وەرگێڕاوە، کە دەروازەیەك بووە بۆ لۆژیك، دەربڕین و گوزارشتەکانی ئاسان بوون[٤].

### تەوەرەی دووەم: : یەحیای کوڕی بەتریق (یحیی بن البطریق)

یەحیای کوڕی بەتریق لە نێوان ساڵانی (١١١–٢٠٠ك/٧٢٩–٨١٥ز) ژیاوە، ناسراوە بە (یوحنای وەرگێڕ)، چونکە وەرگێڕێکی بەناوبانگ بووە لە سەدەی دووەمی کۆچیدا. هەندێك لە کتێبەکانی ئەرستۆ و ئەفلاتوونی وەرگێڕاوە بۆ زمانی عەرەبی[٥]. زیاتر فەلسەفە بەسەریدا زاڵ بووە وەك لە پزیشکی،

---

[١] ابن خلكان: وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، ج٢/ص١٥٣.

[٢] ابن النديم: م. س. صص١٦٧–١٦٨.

[٣] مرحبا: م. س، ج١/ ص١٩٤.

[٤] ابن أبي أصيبعة: م. س، ج١/ص٤١٣.

[٥] الفا، روني ايلي: موسوعة اعلام الفلسفة العرب والاجانب، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٢، ج٢/ ص٥٩٧.

دەربڕینەکانی جوان بوون. لە مەوالییەکانی (المأمون) بووە[1]. یەکێك بووە لەو وەرگێڕە گرنگ و بەناوبانگانەی کە لە (دار الحکمة)دا کاری کردووە، زمانی لاتینی و یۆنانی زانیوە[2]. لە کتێبەکانی ئەرستۆ کتێبی (السیاسة في تدبیر الرئاسة)ی وەرگێڕاوە کە دراوەتە پاڵ ئەرستۆ و لە بنەڕەتدا هی ئەو نییە، هەروەها (مقولات العشر)ی وەرگێڕاوە، کتێبی (طیماوس)ی ئەفلاتوونیشی وەرگێڕاوە[3].

**تەوەرەی سێیەم: حەنینی کوڕی ئیسحاق (حنین بن اسحاق العبادي)**

(حنین) لە نێوان لەساڵانی (١٩٤–٢٦٠ك/٨١٠–٨٧٣ز) ژیاوە، لە مەسیحییەکانی حیرە بووە[4]، یەکەم کەس بووە وەرگێڕانی لە زمانی یۆنانییەوە کردووە، لە یۆنانییەوە وەرگێڕانی کردووە بۆ سریانی و عەرەبی، هیچ کەس نەبووە لەو سەردەمەدا هێندەی ئەو لە عەرەبی و یۆنانیدا شارەزابێت[5]. کاتێك (المأمون) ویستی فەلسەفەی یۆنانی وەربگێڕێت، پرسیاری کرد کێ دەتوانێ ئەو کارە بکات، پێیان گوت حەنین دەتوانێ ئەو کارە بکات، چونکە ئەو گەنج بوو، کەسیش نەبوو شان بدا لەشانی[6].

هەر کە (حنین) لە بەغداد جێگیر بوو، (المأمون) کردی بە سەرۆکی (بیت الحکمة) و دەستی کرد بەوەرگێڕان. خۆی وەرگێڕانی کردووە و سەرپەرشتی کاری وەرگێڕانیشی کردووە، لەگەڵ ئەوەی وەرگێڕانی کردووە، کتێبیشی نووسیوە، ڕاڤەشی بۆ ئەو کتێبانە دەکرد کە وەریدەگێڕان[7]. لەسالی (٢٤١ك/٨٥٦ز) کاتێك خەلیفە (المتوکل) قوتابخانەی وەرگێڕان و کتێبخانەکەی نوێ کردەوە، بەڕێوەبردنەکەی سپارد بە (حنین بن اسحاق)[8]. لەمەشدا شوێنگەی زانستی و ڕۆشنبیری (حنین) ڕۆڵی هەبووە. پێگەیەکی بەرزی هەبووە لەناو زانایانی سەردەمەکەیدا، بە گەورەی وەرگێڕە عەرەب و سریانەکان دانراوە، ژمارەیەکی زۆر لە وەرگێڕەکان لەسەر دەستی ئەو فێربوون و ڕێگای ئەویان گرتۆتەبەر لە وەرگێڕانی زانستەکاندا. بەوە ناسراوە کە وردبووە لە کاری وەرگێڕاندا، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەردوو زمانەکەی بە باشی زانیوە و لەو بابەتانەدا شارەزا بووە کە وەریگێڕاون[9].

---

(1) الزرکلي، خیر الدین: الأعلام قاموس التراجم اشهر الرجال والنساء من العرب والمستعربین والمستشرقین، دار العلم للملایین، بیروت، ٢٠٠٢، ص٢١٠.

(2) سالم، صلاح: المشترك التوحیدي و الضمیر الانساني، مکتبة الشروق الدولیة، القاهرة ، ٢٠١١، ص٢٣٥.

(3) طرابیشي، جورج: معجم الفلاسفة، ط٣، دار الطلیعة، بیروت، ٢٠٠٦، ص ٧٤٢.

(4) ابن الندیم: م. س، ص٣٩٨.

(5) الشهرزوری، شمس الدین الشهرزوری: تواریخ الحکماء والفلاسفة، تح: احمد عبدالرحیم و توفیق علي وهبة، ط١، القاهرة، ٢٠٠٨، ج٢/ ص١٢٥.

(6) زیدان: تأریخ التمدن الاسلامي، ج٣/ ص١٥٩

(7) صلیبا: م. س، ص٩٩.

(8) ارنولد، سیر توماس واخرون: تراث الاسلام، تر: جرجیس فتح الله، ط١، دار اراس و منشورات الجمل، اربیل–بیروت، ٢٠١٢، ص١٥٦.

(9) الشمالي: م. س، ص١٦٢.

(حنين) بۆ فێربوونی زمانی یۆنانی چووە بۆ وڵاتی ڕۆم، بەباشی فێری یۆنانی بووە، پاشان گەڕاوەتەوە بۆ بەسرا[١]، بەدەرلەوەش (حنين) چووە بۆ زۆر وڵات تا گەیشتۆتە ئەوپەڕی وڵاتی ڕۆم، لە پێناوی ئەوەی ئەو کتێبانەی دەستکەوێ، کە مەبەستی بووە وەریان بگێڕێت[٢]، وەرگێڕانەکانی لە ئەوپەڕی باشیدا بوون. چوار زمانی زانیوە و بەکاری هێناون، عەرەبی و سریانی و یۆنانی و فارسی[٣]. پشتی بەستووە بە ڕێبازێکی زانستی، بەوەی هەستاوە بە کۆکردنەوەی کۆمەڵێك دەستنووس و بەراوردی کردوون بەیەکتری و پشکنینی بۆ کردون، پاشان وەریگێڕاون، بەشێوازی واتایی*وەرگێڕانی کردووە[٤]. ئەم جۆرەش لە وەرگێڕان سەرکەوتووترە لە جۆرەکانی تری وەرگێڕان، چونکە خوێنەر دەتوانێت بە ئاسانی لێی تێبگات و مانای دەقیش پارێزراو دەبێت تا ئاستێکی باش. پشتبەستنیشی بە کۆکردنەوەی دەستنووسی جیاواز و بەراوردکردنیان و ساغکردنەوەیان دەرخەری ئەوەیە (حنين) بەتەنگ وەرگێڕانەکانییەوە بووە و ویستوویەتی بەشێوەیەکی باش وەریانبگێڕێت و ڕێبازێکی زانستییانەی گرتبووەبەر، ئەمەش بەهای وەرگێڕانەکانی زیاتر کردبوو.

(حنين) و قوتابخانەکەی پوختەی شوێنەواری هزریی یۆنانییان وەرگێڕاوە بۆ زمانی عەرەبی، ڕاڤەیانکردووە و کورتیان کردۆتەوە، ڕۆشنبیری یۆنانییان بە لقە جیاوازەکانییەوە خستۆتە بەردەم زانایانی موسڵمان و مەسیحی و ئەوانیش سوودیان لێ وەرگرتوون، کارەکانیان تێشوویەك بوون بۆ زانایانی کەلام و فەیلەسوفانی موسڵمان[٥]. وادەردەکەوێت (حنين) کەسێکی مەوسوعی بووبێت، بەوپێیەی توانیویەتی لەگەڵ هاوەڵانی و فیرقەکەیدا زۆرێك لە کتێبە فەلسەفییەکان وەربگێڕێت. بەدەر لە کتێبە فەلسەفییەکان لەبواری زانستە جیاجیاکاندا وەرگێڕانی کردووە.

وا باس لە (حنين) کراوە وەرگێڕانەکانی باش و ورد بوون، ئەگەرچی بە شێوەیەکی واتایی وەرگێڕانی کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەقەکەی پاراستووە. زاراوەکانی دادەنایەوە و ڕاڤەی دەکردن، ئەگەر لەبەرامبەر وشە یۆنانییەکەدا وشەیەکی عەرەبی نەدۆزیبایەوە، ئەوا یۆنانییەکەی دادەنایەوە، ڕێگای پرسیار و وەڵامی بەکار دەهێنا، ئەمەش شێوازی ئەسکەندەرییەکان بووە[٦]. ئەو زاراوانەی دەیهێشتنەوە بە یۆنانی لە قاڵبێکی عەرەبییانەدا دایدەڕشتەنەوە[٧]، تێبینی ئەوەدەکەین (حنين) پاشخانێکی باشی

---

[١] امين: ضحى الاسلام، ج١/ ص٢١٨.

[٢] ابن أبي أصيبعة: م. س، ج١/ ص٢٦٠.

[٣] ابن أبي أصيبعة: ن.م. ج١، ٢٧٩.

* مەبەست لەوەیە بەشێوەیەك وەرگێڕانی کردووە، کە واتای دەقەکە بگەیێنێت.

[٤] المهداوي: م. س، ص٣٤١.

[٥] امين: ضحى الاسلام، ج١/ ص٢٢٠.

[٦] ابوريان: م. س، ص١٠٠.

[٧] الشمالي: م. س، ص١٦٢.

هەبووە لەسەر ئەو بابەتانەی وەریگێڕاون، بۆیە توانیویەتی ڕاڤەی زاراوە و وشە ئاڵۆزەکان بکات، جگە لەوەی لە ڕێگەی هێشتنەوەی هەندێك لە وشەکان و دانانەوەیان بە ڕێنووسی عەرەبی دوو کاری گرنگی کردووە: یەکەمیان پاراستنی مانای دەقە فەلسەفییەکە، دووەمیان فراوانکردنی بازنەی زمانی عەرەبی و هێنانە ناوەوەی وشەی نوێ و دارِشتنەوەی لە قاڵبێکی عەرەبییانەدا.

ئەوەی جێگەی سەرنجە (حنین) تەنها وەرگێڕ نەبووە بەڵکو کتێبیشی نووسیوە، تەنانەت دانراوەکانی لە وەرگێڕدراوەکانی زیاترن، کە پێکهاتوون لە ڕاڤەکردن و پوختەکردن و تەعلیقدان(تعليق) لەسەر کتێبەکانی (جالینوس)، کە بە شێوەی کتێبی قوتابخانەیی دایناون بۆ قوتابییەکانی[1].

بەدەرلەوەی وەرگێڕان و نووسینیشی ئەنجامداوە، سەرپەرشتی کۆمەڵێك وەرگێڕی تریشی کردووە، خەلیفە (المتوكل) نووسەری تایبەتیی بۆ دانا بوو، کە شارەزا بوون لە وەرگێڕاندا، ئەوان وەرگێڕانیان ئەنجام دەدا و (حنین)یش پیایاندا دەچووەوە، لەوانەش (اصطفن بن باسيل، موسى بن خالد الترجماني، يحيى بن هارون)[2].

گرنگی ئەو کارەی (حنین) پێی هەستاوە زیاتر بووە لەوەی تەنها خۆی لە وەرگێڕاندا ببینێتەوە، هەندێك ئەو بەخاوەنی قوتابخانەیەکی تایبەتی وەرگێڕان دەزانن، کەسانێکی لەبەردەستدا بووە وەك قوتابی ئەو بوون و لەژێر سەرپەرشتی ئەودا وەرگێڕانیان ئەنجام داوە، تەنانەت کەسانێکیشی ئامادەکردووە بۆ ئەوەی کاری وەرگێڕان ئەنجام بدەن[3]. بایەخی (حنين بن اسحاق) لەمێژووی بزاڤی وەگێڕاندا لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە توانیویەتی قوتابخانەیەك دابمەزرێنێت ئەویش بەکۆکردنەوەی پۆلێك وەرگێڕ و زمانزان لە چوارچێوەیەکدا و سەرپەرشتی کردنیان، کە دواجار ڕۆڵێکی بەرچاویان بینی لە بزاڤی وەرگێڕاندا.

**تەوەرەی چوارەم: قستا کوڕی لۆقا (قسطا بن لوقا)**

ساڵی لە دایکبوونی دیار نییە، بەڵام ئەوە زانراوە کە لەساڵی (٢٨٦ك/٨٩٩ز) مردووە، بۆچوونیش هەیە کە لە ساڵی (٣٠٠ك/٩١٢ز) مردووە[4]، مەسیحی بووە و خەڵکی بەعلەبەگ بووە و لە بنەڕەتدا ڕۆمی بووە، پزیشکێکی لێهاتوو بووە، فەیلەسوف و ئەستێرەناس و ئەندازەزان و بیرکاریزان بووە. کتێبێکی زۆری وەرگێڕاوە لە یۆنانییەوە بۆ زمانی عەرەبی، وەرگێڕانەکانی زۆر باش بوون، زمانەکانی یۆنانی و سریانی و عەرەبی بە پاراوی زانیوە، زۆر وەرگێڕانی وەرگێڕەکانی تری چاك کردووە و پیایاندا چۆتەوە[5].

---

(1) ارنولد: م. س، ص١٥٤.

(2) امين: ضحى الاسلام، ج١/ص٢١٨.

(3) كار: م. س، صص٢٣-٢٤.

(4) الحفني، عبدالمنعم: موسوعة الفلسفة والفلاسفة، ط٢، مكتبة المدبولي، (د. م. ط)، ١٩٩٩، ص١٠٧٨.

(5) ابن النديم: م. س، ص٣٣٦؛ ابن أبي أصيبعة: م. س، ج١/ ص٣٢٩.

هاوسەردەمی کیندی فەیلەسوف بووە، شارەکانی یۆنان گەڕاوە و کۆمەڵێك کتێبی کۆکردۆتەوە و هێناونیەتەوە بۆ شام. دوای ئەوەی (قسطا) وەرگێڕانەکانی بەناوبانگ بووە زیاتر لەوەرگێڕەکانی تر، خەلیفە (المستعين بالله) (٢٤٨-٢٥٢ك/٨٦٢-٨٦٦ز) بانگهێشتی بەغدادی کردووە و ڕاپسپاردووە کۆمەڵێك کتێبی یۆنانی وەربگێڕێت[١]. زۆرێك لە کتێبەکانی ئەفلاتوونی وەرگێڕاوە[٢]. (قسطا) خۆشی کتێبی داناوە و نووسەر بووە هەندێك لە کتێبەکانی تا ئێستاش ماونەتەوە و چاپکراون و گەیشتوونەتە دەستی ئێمە، لەوانەش کتێبی (رسالة في الفرق بين الروح و النفس)، سەرەتاکەی بەم جۆرە دەستپێدەکات:"پرسیارت کردووە خوا شکۆمەندت بکات، لە بارەی جیاوازی ڕۆح و دەروونەوە، دێرینەکان چییان لەبارەوە گوتووە. چەند ڕستەیەکم لەم بارەیەوە بۆ نەخشاندویت، لە کتێبەکەی ئەفلاتوون کە ناسراوە بە (فادن) و کتێبی (طيماوس) و لە کتێبی ئەرسۆ...بۆم دەرهێناوی"[٣]. لەم کتێبەی قستا و لەم دەقەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە قستا شارەزایی هەبووە لە فەلسەفە و ئاگاداری بۆچوونی فەیلەسوفە دێرینەکان بووە و لە نووسینی کتێبەکەیدا پشتی پێبەستوون.

**تەوەرەی پێنجەم: سابتی کوڕی قوڕڕە (ثابت بن قرة):**

(ثابت بن قرة) لە نێوان لەساڵانی (٢٢١-٢٨٨ك/ ٨٣٦-٩٠١ز) ژیاوە، لە ئەوپەڕی شارەزاییدا بووە لە پزیشکی و فەلسەفە و ئەندازیاریدا[٤]. یەکێك بووە لە بەناوبانگترین زانایانی (الصابئة)* لە سەردەمی عەباسییدا، زمانی یۆنانی و سریانی و عبری زانیووە، بەباشی وەرگێڕانی بۆ زمانی عەرەبی ئەنجامداوە و بە یەکێك لە وەرگێڕە چاکەکان دانراوە. لە بوارەکانی لۆژیك و فەلسەفە و بیرکاری و گەردووناسییدا وەرگێڕانی کردووە[٥].

---

[١] فنديك: م. س، ج١/ص٢٣٠.

[٢] ابو ريان: م. س، صص١٠١-١٠٢.

[٣] ابن لوقا، قسطا: رسالة في الفرق بين الروح والنفس، تح: علي محمد اسبر، ط١، دار الينابيع، دمشق، ٢٠٠٦، صص٣٧-٣٨.

[٤] ازدی، يزيد بن محمد: تاريخ الموصل، ط١، دار الكتب العلمية - بيروت، ١٤٢٧هـ، ج٢/ ص١٦١.

* سابیئە(صابئە): سەبارەت بە ئایینی سابیئە جیاوازی هەیە لەسەر بنەڕەتی ئایینەکەیان و بیروباوەڕیان، هەندێك بە فیرقەیەکی مەسیحییان داناون. یان گوتوویانە سابیئە گەلێکن یان کەسانێکن فریشتەکان دەپەرستن و زەبور دەخوێننەوە و نوێژیش ڕووە و قیبلە دەکەن. یان گوتراوە سابیئی کەسێکە خوا بەتەنهایی دەناسێت، بەڵام شەریعەتێکی نییە کاری پێبکات. قورئانیش وا باسی کردوون کە یەکتاپەرستن و بێباوەڕ نیین.(سورة الحج: اية١٦؛ التهانوي، محمد بن علي بن علي: كشاف اصطلاحات الفنون، مطبعة اقدام، دار الخلافة العلية، ١٣١٧هـ، مج١/ص٨٨٧؛ الحفني، عبدالمنعيم: المعجم الشاملة لمصطلحات الفلسفة، ط٣، مكتبة مبدبولي، القاهيرة، ٢٠٠٠، ٤٤٩-٤٥٠.)

[٥] مرحبا: م. س، ج١/ ص٣٠٨.

(ثابت بن قرة) تەنها وەرگێڕ نەبووە بەڵکو فەیلەسوف و زانیارییەکی گشتی هەبووە لە زانستە جیاوازەکاندا، لە تێکڕای داناییەکاندا هونەرمەند بووە، کۆکەرەوە و شارەزا بووە لە فەلسەفەدا، دانراوی باشی هەن لە لۆژیك و ژمێریاری و ئەندازیاری و ئەستێرەناسی و جگە لەمانەش، هاوسەردەمی (قسطا بن لوقا) و (الکندي) بووە، هەرسێکیان لەسەردەمی خۆیاندا لە ولاّتی ئیسلامدا لە ناودارانی فەلسەفە بوون[1]. (ثابت بن قرة) جگە لەوەی وەرگێڕ بووە، نووسەریش بووە، وەك لە چەند دێڕی پێشتردا ئاماژەی پێدرا فەیلەسوفیش بووە، ئەمانەش وایانکردووە وەرگێڕێکی باش بێت و بالاّدەست بێت بەسەر وەرگێڕانی فەلسەفەدا.

### تەوەرەی شەشەم: ئیسحاق کوڕی حەنین (اسحق بن حنین)

پزیشکی بەناوبانگ (اسحاق بن حنین) لە نێوان لەسالاّنی (٢١٥–٢٩٨ك/٨٣٠–٩١٠ز) ژیاوە، لە پزیشکیدا یەکێك بووە لە لێهاتووەکانی سەردەمی خۆی، لەگەڵ باوکیدا (حنین بن اسحاق) کاری وەرگێڕانی کردووە، هاوشانی باوکی بووە، وەرگێڕانی کتێبی فەلسەفەی کردووە لە زمانی یۆنانییەوە بۆ زمانی عەرەبی، هەندێك کتێبی ئەرستۆی وەرگێڕاوە[2].

(اسحاق بن حنین) سەرکەوتوو بووە لە هەڵگرتنەوەی پیشەکەی باوکیدا[3]، وەك باوکی خەریکبووە بە وەرگێڕانەوە لە یۆنانییەوە بۆ عەرەبی، بەلاّم زیاتر گرنگی داوە بە وەرگێڕانی کتێبە فەلسەفییەکان[4]. ئەوەی کە (اسحق بن حنین) لە باوکی جیا کردبۆوە، عەرەبی زۆر بەباشی زانیوە و لە ژینگەیەکی عەرەبیدا ژیاوە، ڕاستەوخۆ لە یۆنانییەوە وەرگێڕانی کردووە. بە وەرگێڕانەکانی باوکی و وەرگێڕەکانی تریشدا چۆتەوە، زیاتر بە وەرگێڕانی فەلسەفەوە خەریکبووە. بەشێکی چاکەی ناسینی موسڵمانەکان بۆ فەلسەفەی یۆنانی دەگەڕێتەوە بۆ (اسحق بن حنین)، زیاتر لە نیوەی کتێبەکانی ئەرستۆی وەرگێڕاوە و پیایاندا چۆتەوە. تەنانەت (ابن رشد) لەڕاڤەکردنەکانیدا پشتی بە وەرگێڕانەکانی (اسحق) بەستووە[5]. جیاوازی (اسحق) لە وەرگێڕەکانی تر و تەنانەت لە باوکیشی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕاستەوخۆ لە یۆنانییەوە کتێبە فەلسەفییەکانی وەرگێڕاوە، چاکی و وردی وەرگێڕانەکانیشی وایکردووە زۆر دوای خۆشی سوود لەوەرگێڕانەکانی ئەو وەربگیرێت و گەورەترین ڕاڤەکاری ئەرستۆ کە (ابن رشد)ە پشت بەوەرگێڕانەکانی ئەو

---

[1] صاعد الاندلسي: م. س، ص٣٧.

[2] فنديك: م. س ، ص١٧٨.

[3] زيدان: تاريخ التمدن الاسلامي، ج٣/ ص١٦٠

[4] ابن أبي أصيبعة: م. س، ج١/ ص٢٦٢.

[5] الفاخوري، حنا و خليل الجر، تأريخ الفلسفة العربية، ط٣، دار الجيل، بيروت، ١٩٩٣، ص٢٢.

ببەستێت. ئەوەش کە زیاتر حەزی لە کتێبە فەلسەفییەکان بووە، وایکردووە لە وەرگێڕانیشیاندا سەرکەوتوو بێت، چونکە بابەتێکی وەرگێڕاوە کە شارەزایی هەبووە تیایدا.

**تەوەرەی حەوتەم: مەتتا کوڕی یونس (ابو بشر متى بن يونس):**

(ابو بشر متى بن يونس) لە نێوان لەسالآنی (٢٥٦– ٣٢٨ك/٨٧٠–٩٣٩ز) ژیاوە، بە یۆنان ناسراوە وەك لە (فهرست)دا ئاماژەی پێکراوە، خەڵکی دێر (قني) بووە، لە قوتابخانەی (مرماري) پێگەیشتووە، وەرگێڕانی لە سریانییەوە کردووە بۆ عەرەبی، لە سەردەمی خۆیدا سەرۆکی لۆژیکییەکان بووە، زیاتر کتێبە لۆژیکی و فەلسەفییەکانی وەرگێڕاوە[١]. لەسەردەمی خەلیفە (الراضي)دا لە بغداد بووە لە نێوان ساڵەکانی (٣٢٢–٣٢٩ك/٩٣٤–٩٤٠ز)[٢]. مامۆستای (الفارابي) و (يحيى بن عدي) بووە[٣].

بەخاوەنی قوتابخانەیەکی سەربەخۆ دادەنرێت. لە سەردەمی خەلیفە (الراضي)دا قوتابخانەیەکی هەبووە بۆ وەرگێڕان، کە خەریکبوون بە کتێبە لۆژیکی و سروشتی و ئیلاهییەکانی ئەرستۆ بەسەریدا زاڵ بووە[٤]. جگە لە وەرگێڕان و وانە گوتنەوە و ڕاڤەکردن بەهۆی بەناوبانگی (ابی بشر) لە لۆژکدا کە تیایدا دەست بالآ بووە، مشتومڕیشی لەگەڵ زانایانی تر کردووە. (ابو حيان التوحيدي) لە کتێبەکەیدا مشتومڕێکی بۆ تۆمار کردووین کە لە نێوان (ابو بشر) و (ابو سعيد السيرافي)دا ڕوویداوە، (ابو بشر) لۆژیك پێناسە دەکات کە:" ئامرازێکە لە ئامرازەکانی گوتە کە گوتەی ڕاستی پێ لە ناڕاست جیادەکرێتەوە"، لە بەرامبەریشدا (ابو سعيد) بەرپەرچی دەداتەوە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە بە زانستی زمان و (نحو) ئەو کارە دەکرێت[٥].

**تەوەرەی هەشتەم: یەحیا کوڕی عەدی (يحيى بن عدي):**

(يحيى بن حميد بن زكريا بن عدي) (٢٨٠–٣٦٤ك/٨٩٣–٩٧٤ز) لە تکریت لەدایك بووە، هەردوو زمانی سریانی و عەرەبی زانیووە، پەیوەندی کردووە بە زانایانەوە لە بەغداد، لەسەردەستی (متى بن يونس) و (الفارابي) وانەی فەلسەفەی خوێندووە، یەکێك بووە لە وەرگێڕە بەناوبانگەکان لەسەردەمی خۆیدا، لە هەموو وەرگێڕەکان زیاتر گرنگی داوە بە وەرگێڕانی فەلسەفە[٦].

---

[١] ابن النديم: م. س، ص٣٦٢.

[٢] الحفني: موسوعة الفلسفة والفلاسفة، ج٢/ ص١٢٣٥.

[٣] الفا: م. س، ج٢/ ص٤٥١.

[٤] ابو ريان: م. س، صص١٠٢–١٠٣.

[٥] التوحيدي، ابي حيان: الامتاع والؤانسة، دار ارقم بن ابي ارقم، بيروت، ٢٠١٦، ص٨٠.

[٦] الشمالي: م. س، ص١٦٧.

فەیلەسوفێکی مەسیحی بووە، دەگوترێت لەسەردەمی خۆیدا سەرۆکایەتی لۆژیکزانەکانی کردووە، کتێبەکانی ئەرستۆی وەرگێڕاوە بۆ عەرەبی و کتێبەکانی فارابی مامۆستای کورتکردۆتەوە و فەلسەفەکەی ڕاڤەکردووە[1].

لەناو وەرگێڕەکاندا (ابن ندیم) ناوی وەرگێڕێك دێنێت کە لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕانی کردووە، لە ناوەکەیەوە وادەردەکەوێت کە کورد بووە، ناوی موسا کوڕی عیسای کوردی (موسی بن عیسی الکوردي) بووە[2]. بەڵام هیچ زانیارییەك لەسەری نییە و نازانرێ چی وەرگێڕاوە و لە چ بوارێکدا وەرگێڕانی کردووە، ئێمە زۆر بەدوایدا گەڕاین، هیچ زانیارییەکمان لەبارەیەوە دەست نەکەوت.

ئەو وەرگێڕانەی ئاماژمان پێدان بەناوبانگترین و کاریگەرترین وەرگێڕەکان بوون لە بواری فەلسەفەدا، زۆر وەرگێڕی تر هەبوون ڕۆڵیان بینیوە لە وەرگێڕانی فەلسەفەدا، لەبەرئەوەی لێرەدا تەنها ئەوەندە بوار هەیە، بەم چەند وەرگێڕە کۆتایی پێدێنین، لە بەش و باسەکانی تردا ناوی هەندێك لەو وەرگێڕانەی تر دێنین بە پێی پێویستی بابەتەکان و پشکداربوونیان لە وەرگێڕانی فەلسەفە.

هەندێك لە نووسەران وەك (شهرستانی) و (شمس الدین الشهرزوری) و لە نوێیەکانیش (عبدالرحمن بدوي)، هەندێك لە وەرگێڕەکانی فەلسەفەیان بۆ زمانی عەرەبی لەڕیزی فەیلەسوفاندا داناوە، وەك (حنین بن اسحاق) و (اسحاق بن حنین) و (قسطا بن لوقا) و (ثابت بن قرة)...هتد[3]. وادەردەکەوێ هۆی ئەمەش ئەوە بووبێت کە ئەم وەرگێڕانە شارەزاییەکی باشیان هەبووبێت لە فەلسەفەی گریکیدا و پێش ئەوەی وەرگێڕان بکەن، فەلسەفەی گریکییان خوێندووە و مامۆستا بوون تیایدا.

ئەوەی تێبینی دەکەین لە ژیانی وەرگێڕەکانی فەلسەفەوە کە لە وەرگێڕەکانی سەرەتای بزاڤ وەرگێڕان بوون لە شارستانییەتی ئیسلامییدا ئەوەیە کە:

–تێکڕای وەرگێڕەکانی بواری فەلسەفە لەسەرەتادا وەك ئاین سەر بە ئایینی مەسیحی یان سابیئی بوون، وەك ڕۆشنبیریش ڕۆشنبیریان بەزمانی سریانی بووە، هەربۆیەش لەسەرەتاوە وەرگێڕانەکانیان لە زمانی سریانییەوە بووە بۆ زمانی عەرەبی. ئەگەرچی هەندێکیان جگە لە زمانی سریانی زمانی تریشیان زانیووە وەك زمانی یۆنانی.

---

[1] التوحیدي: م. س، ص٩.

[2] ابن الندیم: م.س، ص٣٣٧.

[3] الشهرستاني، ابي فتح محمد بن عبدالکریم: الملل و النحل، تح: محمد فرید، المکتبة التوفیقیة، القاهرة، (د. س. ط)، ج٢/ص١٤٩؛ الشهرزوري: م. س، ج٢/ ص١٢٥ ومابعدها؛ بدوي، عبدالرحمن: ملحق موسوعة الفلسفة، ط١، المؤسسة العربیة للدراسات والنشر، بیروت، ١٩٩٦، ص٢١٥.

–وەرگێڕەکانی بواری فەلسەفە تەنها لە بواری فەلسەفەدا وەرگێڕانیان نەکردووە، بەڵکو لە بوارەکانی تریشدا وەرگێڕانیان کردووە و زۆر بەشیان پزیشك بوون، یان لە بواری پزیشکیدا وەرگێڕان یان دانراویان هەبووە.

–یەکێك لە لایەنە بەهێزەکانی وەرگێڕەکانی بواری فەلسەفە، گرنگیدانی وەرگێڕەکانی فەلسەفە بووە بە پرسە فەلسەفییەکان و شارەزاییان بووە لە فەلسەفەدا، وەك لە چەند دێڕی پێشتریشدا ئاماژەمان پێدا هەندێك لە توێژەران و نووسەران وا باس لە هەندێك لە وەرگێڕەکان دەکەن کە خۆیان فەیلەسوف بوون. ئەمەش خاڵێکی بەهێزە بۆ وەرگێڕەکان و چاکی وەرگێڕانەکانیان. هەندێك لە وەرگێڕەکانی فەلسەفە وەك (حنین بن اسحاق) و (متی بن یونس) و (یحیی بن عدی) لە ئاستێکدا بوون، وەرگێڕانی فەلسەفەیان بردۆتە ئاستێکی دامەزراوەیی و سەرپەرشتی وەرگێڕەکانی تریان کردووە، ئەمەش وایکردبوو کە وەرگێڕان بەرەو کارێکی دامەزراوەیی ببەن و لە ئاستی گرنگی پێدانی تاکەکەسی بیبەنە دەر، ئەمەش ڕۆڵی هەبووە لە بەرەوپێشبردنی وەرگێڕانی فەلسەفەدا.

## باسی چوارەم: هەندێك لە كتێبە فەلسەفییە وەرگێڕدراوە بەناوبانگەكان

هەر لەسەرەتای دەستپێكردنی بزاڤ وەرگێڕانەوە لەسەردەمی خیلافەی عەباسییدا، كۆمەڵێك كتێبی فەلسەفەی یۆنانی و لۆژیك وەرگێڕدران بۆ سەر زمانی عەرەبی، ئەم كتێبانەش ڕۆڵیان هەبوو لە ناساندنی فەلسەفە و فەلسەفەی گریكی لە شارستانییەتی ئیسلامییدا، بەتایبەت كە ئەو وەرگێڕانانە یەكەم بەریەككەوتنی ڕاستەوخۆی ئەم شارستانیەتە بووە لەگەڵ فەلسەفەدا، ئەو كتێبە فەلسەفییانەش زۆرن كە لەو ماوەیەدا وەرگێڕدراون. ئێمە لێرەدا ئاماژە بەهەندێك لەو كتێبە كاریگەرانە دەكەین، كە ڕۆڵێكی بەرچاویان هەبووە لەم شارستانیەتەدا و بوونەتە بناغەیەك بۆ پەیدابوونی فەلسەفە و فەیلەسوفان. دواتر ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت چۆن ئەم كتێبانە و هزری فەلسەفییانەی نووسەرەكانیان، ڕەنگیان داوەتەوە لە بەرهەمە فەلسەفییەكانی فەیلەسوفە موسڵمانەكاندا، تەنانەت كاریگەری لەسەر زۆربەی زانستەكان و كایە مەعریفییەكان داناوە لە شارستانییەتی ئیسلامییدا.

(عبدالرحمن بدوي) لە كتێبێكدا دەقی زۆربەی ئەو كتێبانەی ئەفلاتوونی (٤٢٧–٣٤٧ پ.ن) كۆكردۆتەوە، كە لە شارستانییەتی ئیسلامییدا وەرگێڕدراون و بڵاوبوونەتەوە[١]، ئەگەر دەقی كتێبەكە بە تەواوەتیش نەبێت بەشێك لە دەقی كتێبەكانی داناوە، ئەو كتێبانەشی دابەشكردووە بۆ دوو بەش: یەكەمیان كتێبە درووستەكان، دووەمیان ئەو كتێبانەی دراونەتە پاڵ ئەفلاتوون. مەبەستیش لە كتێبە درووستەكان ئەو كتێبانەن كە لە ڕاستیدا هی خودی ئەفلاتوونن، ئەو كتێبانەش كە دراونەتە پاڵ ئەفلاتوون، ئەو كتێبانەن كە لە ڕاستیدا هی ئەو نین، بەڵام وازانراوە یان وادانراوە كە هی ئەون.

كتێبەكانی ئەفلاتوون پشكی گەورەیان بەردەكەوێ لەناو ئەو كتێبانەدا كە لەبواری فەلسەفەدا وەرگێڕدراون، لێرەدا ئاماژە بە هەندێك لە كتێبەكانی ئەفلاتوون دەكەین كە وەرگێڕدراون یان ڕاڤەكراون:

كتێبی (كتاب النواميس) و (كتاب السياسة) لە لایەن (حنين بن اسحاق)وە وەرگێڕدراون[٢]. لەلایەن فارابییەوە كورتەیەك بۆ كتێبی (النواميس) نووسراوە و بڵاوی كردۆتەوە[٣].

كتێبی(طيماوس) لەلایەن (ابن بطريق) و (حنين بن اسحاق)ەوە وەرگێڕدراوە، بەدەرلەوەش (حنين) پێداچوونەوەی بۆ وەرگێڕانەكەی (ابن بطريق) كردووە. كتێبی (سوفسطس)یش هەر لەلایەن (حنين بن اسحاق)ەوە وەرگێڕدراوە، وەرگێڕانەكەشی لە ڕاڤەی (ئەمیقدورس)ەوە كردووە[٤]. موسڵمانەكان

---

[١] افلاطون في الاسلام: ط١، دار الاندلس، بيروت، ١٩٨٢، ص ٥ ومابعدها.

[٢] اوليري: م. س، ص١٢٨.

[٣] ابن النديم: م. س، ص٣٣٧.

[٤] ابن النديم: ن. م، ص٣٣٧؛ صليبا: م. س، ص١٠٢.

ئەفلاتوونیان لە ڕێگای (جالینوس)ەوە ناسیووە، کە (حنین بن اسحاق) وەریگێڕاوە. چەند تەوەرەیەکی (الجمهورية) لە لایەن (حنین)ەوە وەریگێڕدراوە[1].

جگە لەم کتێبانەی ئەفلاتوون زۆر کتێبی تری وەرگێڕدراون، زیاتر لە فەیلەسوفانی تر، هۆکاری ئەمەش پێدەچێت بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بیروبۆچوون و فێرکردنەکانی نزیکترین بیروبۆچوونن لە فێرکردنەکانی ئیسلامەوە، کە باس لە دروستکردنی جیهان دەکەن لەلایەن خواوە، بەڵگەشی لەسەر نەمری ڕۆح هێناوەتەوە، ئەمەش کاریگەری گەورەی لەسەر فەلسەفەی ئیلاهی موسلمانەکان داناوە، بەجۆرێك دەگوترێت فەلسەفەی ئیسلامی لەڕووی جەوهەرەوە کاریگەری ڕێبازی ئەفلاتوونی لەسەرە، تەنانەت کاریگەری فەلسەفەی ئەفلاتوون لەسەر تەسەوفیش ڕەنگی داوەتەوە[2]. ئەم بابەتانە بۆ موسڵمانەکان گرنگ بووە، چونکە لە مشتومڕەکانیاندا، لەگەڵ نکوڵیکار (ملحد) و زەندیقەکاندا سوودیان لێ بینیوە و بۆتە بەڵگە بۆ زانایانی کەلام.

کتیببەکانی ئەرستۆ تالیس (٣٨٤-٣٢٢ پ.ز) گرنگی زۆری پێدراوە لەلایەن موسڵمانەکانە و زۆرێك لە کتێبەکانی وەرگێڕدراون بۆ زمانی عەرەبی، زۆربەی کتێبەکانی ئەرستۆ لەسەردەمی خەلیفە (المأمون)دا وەرگێڕدراون[3]. ئەو کتێبانەی دراونەتە پاڵ ئەرستۆ و سەلمێنراوە کە هی ئەون نزیکەی (١٩) کتێبن، ئەو کتێبانەش زۆربەیان وەرگێڕدراون بۆ زمانی عەرەبی. (ابن الندیم) ڕیزبەندی کتێبەکانی بە پێی جۆری کتێبەکان داناوە: ١.کتێبە لۆژییەکییەکان ٢.سروشتییەکان ٣.ئیلاهییات ٤.ڕەوشتییەکان[4].

١.کتێبە لۆژیکییەکانی ئەرستۆ (المنطقيات):

کتێبە لۆژیکییەکانی ئەرستۆ وەرگێڕدراون بۆ زمانی عەرەبی وەك کتێبەکانی: (قاطيغوريس) کە لە لایەن (حنین بن اسحاق)ەوە وەرگێڕدراوە فارابیش ڕاڤەی کردووە[5]، کتێبی (طوبيقا) لەلایەن ئیسحاقی کوڕی حەنینەوە وەرگێڕدراوە بۆ سریانی، (يحيى بن عدی)یش وەریگێڕاوە بۆ زمانی عەرەبی، فارابیش ڕاڤەی کردوون[6]. کتیبی (باري ارمانياس) لەلایەن (حنین بن اسحاق)ەوە وەرگێڕدراوە بۆ سریانی، پاشان

---

[1] ابو ريان: م. س، صص١٠٧-١٠٨.

[2] ابو ريان: ن. م، ص١٠٧.

[3] الديوەچی، سعيد: بيت الحكمة، ط١، دار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠١٤، ص١٨.

[4] الفهرست: م. س، ص٣٤٢.

[5] ابن النديم: ن. م، صص٣٤٢-٣٤٣.

[6] القنوجي، صديق بن حسن: أبجد العلوم الوشي المرقوم في بيان أحوال العلوم، تح: عبدالجبار زكار، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٧٨، ج٢، ص٢٥٤ ؛ حاجي خليفة: م. س، ج١، ٦٨٢.

(اسحق)ی کوڕی وەریگێڕاوە بۆ عەرەبی[١]. کتێبی (الکلام علی انالوطیقا الاولی) لەلایەن (ثیادورس) وەرگێڕدراوە بۆ عەرەبی، پاشان داویەتی بە (حنین بن اسحاق) ئەویش پیایدا چۆتەوە و چاکسازی تێداکردووە، (الکندی) فەیلەسوفیش ڕاڤەی ئەم کتێبەی کردووە[٢]. (الکلام علی ابو دیقطیقا) کە ناسراوە بە (انالوطیقا الثاني)، لەلایەن (حنین بن اسحاق)ەوە بەشێکی وەرگێڕدراوە بۆ سریانی، پاشان (اسحق)ی کوڕی هەمووی وەرگێڕاوە بۆ سریانی، (متی بن یونس)یش وەرگێڕدراوە سریانییەکەی (اسحق)ی وەرگێڕاوە بۆ عەرەبی، دواتریش کیندی و مەتتا و فارابی هەر یەکەیان بە جیا ڕاڤەیانکردووە[٣].

هەر لە کتێبە لۆژیکییەکانی ئەرستۆ کتێبی (الکلام علی طوبیقا) لەلایەن (حنین بن اسحاق)ەوە وەرگێڕدراوە بۆ سریانی، پاشان (یحیی بن عدي) ئەم وەرگێڕانەی وەرگێڕاوەتە سەر عەرەبی[٤]. (الکلام علی السوفسطیقا) یەکێکە لە کتێبە گرنگەکانی ئەرستۆ کە گوزارشتە لە دانایی هەڵبەستراو یان ساختە، (الکندی) ڕاڤەی ئەم کتێبەی کردووە، لەلایەن (ابن ناعمة الحمصي) و (متی بن یونس)ەوە وەرگێڕدراوە بۆ سریانی، (یحیی بن عدي)یش وەریگێڕاوە بۆ زمانی عەرەبی[٥].

(الکلام علی ریطوریقا) بەمانای گوتاربێژی دێت، یەکێکە لە کتێبەکانی ئەرستۆ کە (اسحق بن حنین) وەریگێڕاوە بۆ عەرەبی، (فارابي)یش ڕاڤەی کردووە[٦].

(کتاب البرهان) لە لایەن (متی بن یونس)ەوە وەرگێڕدراوە[٧].

٢.کتێبە سروشتییەکانی ئەرستۆ (الطبیعیات):

کتێبی (السماع الطبیعي) کە هی ئەرستۆیە لە لایەن (سلام الأبرش)ەوە وەرگێڕدراوە بۆ زمانی عەرەبی، کە لە وەرگێڕە لە پێشینەکانە و لەسەردەمی بەرمەکییەکاندا بووە[٨].

کتیبی (الطبیعة) ئەم کتێبە وەرگێڕانی دەگەڕێتەوە بۆ (اسحق بن حنین)، کە (ابن الندیم) باسی نەکردووە، بەڵام دەستنووسەکەی لە شاری (لیدن) هەیە، ئەم کتێبە لەلایەن (یحیی بن عدي) بە وانە گوتراوەتەوە[١].

---

[١] ابن الندیم: م. س، ص٣٤٢.

[٢] ابن الندیم: ن، م، ص٣٤٣.

[٣] ابن الندیم: ن، م، ص٣٤٣.

[٤] ابن الندیم: ن، م، ص٣٤٣.

[٥] ابن الندیم: ن، م، ص٣٤٤.

[٦] ابن الندیم: ن. م، ص٣٤٤.

[٧] اولیري: م. س، ص١٠١.

[٨] ابن الندیم: م. س، ص٣٣٦.

کتێبی (النفس)ی ئەرستۆ کراوە بە عەرەبی و چەند جارێك وەرگێڕدراوە و ڕاڤەکراوە، بابەتی توێژینەوە و ڕوونکردنەوە و گفتوگۆ بووە، تەنانەت گوتەکانی ئەرستۆ لەبارەی دەروونەوە کاریگەری داناوە لەسەر تێکڕای فەلسەفەی ئیسلامی[٢]. (حنين بن اسحاق) تێکڕای کتێبەکەی وەرگێڕاوە بۆ سریانی، پاشان (اسحاق)ی کوڕی کەمێکی نەبێ هەمووی وەرگێڕاوە بۆ عەرەبی، بۆ جاری دووەم (اسحاق) بە تەواوەتی و بەشێوەیەکی باش وەریگێڕاوە[٣].

جگە لەوانە کتێبی (الكون والفساد)ی ئەرستۆ لەلایەن (يونس بن متى) وەرگێڕدراوە[٤]. (كتاب الحس و المحسوس) و (كتاب الحيوان)ی ئەرستۆ لەلایەن (ابن زرعة)وە وەرگێڕدراوە[٥]. کتێبی (السماء والعالم) لەلایەن (ابن بطريق)ەوە وەرگێڕدراوە بۆ زمانی عەرەبی و (حنين) پیای چۆتەوە و چاکسازی تێداکردووە[٦].

٣.کتێبە ئیلاهییەکانی ئەرستۆ (الألهيات):

(كتاب الحروف) یان (الألهيات) لە لایەن (اسحاق بن حنين)ەوە وەرگێڕدراوە[٧].

کتێبی(مابعد الطبيعة) لە کتێبە گرنگەکانی ئەرستۆیە، ئەگەرچی ئەرستۆ بەوجۆرە ناوی نەناوە، بەڵکو (اندرونيقوس الرودسي) کە لەسەدەی یەکەمی پێش زایین ژیاوە، کاتێك کتێبەکانی ئەرستۆی ڕێکخستووە، ئەم کتێبە لەدوای کتێبی (الطبيعة)وە هاتووە ئەویش نووسیویەتی (مابعد الطبيعة) واتا ئەو کتێبەی لەدوای کتێبی(الطبيعة)وە هاتووە، دواتر ئەو ناوەی بەسەردا بڕاوە[٨]، ئەم کتێبە لەلایەن (أسطاث)ەوە وەرگێڕدراوە بۆ عەرەبی، لەم کتێبەدا (المقالة اللاهوتية) زۆرترین گرنگی پێدراوە و پێنج جار وەرگێڕدراوە. (الكندي)ی فەیلەسوفیش لە کتێبی (في فلسفة الاولي)دا سوودی زۆری لەم کتێبە وەرگرتووە، هەندێك پێیان وایە لاسایی ئەرستۆی کردۆتەوە[٩]. (فارابي) ڕاڤەی ئەم کتێبەی کردووە، گرنگی ئەم ڕاڤەیەی فارابی لەوەدا دەردەکەوێت ئەم کتێبەی ئەرستۆ تێگەیشتنی زۆر گران بووە، بە هۆی ڕاڤەکەی فارابییەوە

---

[١] دانكونا، كريستينا: بيت الحكمة الميتافيزيقا اليونانية و تشكيل الفلسفة العربية، تر: عصام مرجاني، ط١، دار توبقال، الدار البيضاء، ٢٠١٤، ص٣٩.
[٢] اوليري: م. س، ص٢٠.
[٣] ابن النديم: م. س، ص٣٤٦.
[٤] ابن النديم: ن. م، ص ٣٦٢.
[٥] ابن النديم: ن. م ، ص ٣٦٣.
[٦] ابن النديم: ن. م ، ص٣٤٥.
[٧] دانكونا: م. س، ص٤٦.
[٨]بدوي، عبدالرحمن: موسوعة الفلسفة، ط١، المؤسسة عربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٨٤، ج١/ ١٠٠.
[٩] دانكونا: م. س، صص٤٧–٤٨.

تێگەیشتنی ئاسان بووە، تەنانەت فەیلەسوفێکی وەك (ابن سینا) بە هۆی ڕاڤەکەی فارابییەوە توانیوێتی لەم کتێبە تێبگات[١].

٤.کتێبە ڕەوشتییەکانی (الاخلاقیات):

کتێبی (الاخلاق الکبیر)ی ئەرستۆ لەلایەن (حنین بن اسحاق)ەوە وەرگێڕدراوە[٢].

کتێبە فەلسەفی و لۆژیکییەکانی ئەرستۆ کاریگەری زۆریان لەسەر شارستانییەتی ئیسلامی و فەیلەسوفانی ئیسلامی داناوە، یەکێك لەو فەیلەسوفانەی کاریگەری ئەویان لەسەر بووە فارابییە، فارابی گەورەترین کەسایەتی و فەیلەسوفی ئیسلامییە کاریگەری کتێبە سیاسییەکانی ئەرستۆی لەسەر بووە[٣]. جگە لەوەی فارابی ڕاڤەی کتێبە لۆژیکییەکانی ئەرستۆی کردووە، وەك لە کتێبی (ایساغوجي، کتاب المقولات، کتاب العبارة)[٤]، هەروەها لە کتێبی (کتاب الجدل)[٥] و لە کتێبی (کتاب القیاس)[٦]، لە کتێبی (کتاب البرهان وشرائط الیقین)دا[٧]بەم کارە هەستاوە. بەدەر لەم ڕاڤانەی کردویەتی بۆ لۆژیکی ئەرستۆ، کتێبێکیشی تایبەت کردووە بە ئەو بێژانەی (الالفاظ) کە بەکار هاتوون لە لۆژیکەکەیدا و فەرهەنگێکی بۆ زاراوەی لۆژیکییەکان داناوە[٨]. دەتوانین بڵێین بەمەش فارابی توانیویەتی بە شێوەیەکی ڕێکخراو و بە ڕاڤەکردن و پۆلێنکردنێکی ورد بۆ لۆژیکی ئەرستۆ، ئەم لۆژیکە زیاتر لە جیهانی ئیسلامییدا پەرە پێبدات و ببێتە جێگەی سوود لێوەرگرتنی زیاتر.

وەرگێڕانی کتێبە لۆژیکییەکانی ئەرستۆ، کاریگەری زۆریان هەبووە لەسەر زانستەکان لە شارستانییەتی ئیسلامییدا. ئەو لۆژیکەی کە بە موسڵمانەکان گەیشتووە لۆژیکی ئەرستۆ بووە و بەشێوەیەکی ڕێکوپێك و

---

[١] ابن العبري: تاریخ مختصر الدول، (د. م. ط)، ١٩٥٨، ص١٤١؛ الصفدي: م. س، ج١/ص١٠٣.

[٢] أولیري: م. س، ص ١٠٠.

[٣] ابو ریان: م. س، ص١١٠.

[٤] الفاربي، ابي نصر محمد بن محمد ابن طرخان ابن اوزلوخ: ایساغوجي، کتاب المقولات، کتاب العبارة، تح: رفیق العجم، دار المشرق، بیروت، ١٩٨٥، ص٥٦ ومابعدها.

[٥] الفارابي، ابي نصر محمد بن محمد ابن طرخان ابن اوزلوخ: کتاب الجدل، تح: رفیق العجم، دار المشرق، بیروت، ١٩٨٦، ص١٣ ومابعدها.

[٦] الفاربي، ابي نصر محمد بن محمد ابن طرخان ابن اوزلوخ: کتاب القیاس، تح: رفیق العجم، دار المشرق، بیروت، ١٩٨٦، ص ١١ وما بعدها.

[٧] الفاربي، ابي نصر محمد بن محمد ابن طرخان ابن اوزلوخ: کتاب البرهان و کتاب شرائط الیقین، تح: ماجد فخري، دار المشرق، بیروت، ١٩٨٧، ص ١٩ وما بعدها.

[٨] الفاربي، ابي نصر محمد بن محمد ابن طرخان ابن اوزلوخ: کتاب الالفاظ المستعملة في المنطق، تح: محسن مهدي، دار المشرق، بیروت، ١٩٨٧، ص ١٩ وما بعدها.

به وەرگێڕانێکی دروست پێیان گەیشتووە، لەڕووی چوارچێوە و شێوەوە لۆژیکی ئەرستۆیی کاریگەری لەسەر زانستە ئیسلامییەکان داناوە، تەنانەت کاریگەریی هەبووە لەسەر داڕشتنەوەی فیقهی ئیسلامیش[1]، جگەلەوەی کە کاریگەری لەسەر زانستی کەلام هەبووە و موسڵمانەکان زانستی کەلامیان بەزمانی لۆژیك داڕشتۆتەوە، بەو مانایەی کە لۆژیکیان جێبەجێکردووە بەسەر زانستی کەلامدا و وەك میتۆدێکی زانستی بەکاریان هێناوە.

کتێبەکانی ئەرستۆ کاریگەریشیان لەسەر کیندی فەیلەسوف داناوە، کتێبە دانراوەکانی کاریگەری کتێبەکانی ئەرستۆیان لەسەر بووە، وەك کتێبەکانی (رسالة الكبرى في السياسة) و (تسهيل سبل الفضائل) و (كتاب رسالة في السياسة العامة) و (رسالة الاخلاق)[2]، ئەم کتێبانەی کیندی وادەردەکەوێت سەرچاوەی گرتبێت یان سوودی وەرگرتبێت لە کتێبەکانی ئەرستۆ وەك کتێبی (السياسة)ی ئەرستۆ[3] و کتێبی (علم الاخلاق) ئەرستۆ[4] و کتێبی (احكام المدن السياسية)، تێبینی ئەوە دەکەین کە زۆربەی کتێبەکانی ئەرستۆ وەرگێڕدراون بۆ سەر زمانی عەرەبی، ئەمەش وایکردووە کە فەلسەفەی ئەرستۆ زۆرترین کاریگەری هەبێت لە شارستانییەتی ئیسلامیدا، بەتایبەتی کتێبە لۆژیکییەکانی.

(ثاوفرسطس) (٣٧١ –٢٨٧پ.ز) کە قوتابی ئەرستۆ و خوشکەزای بووە، دوای مردنی ئەرستۆ لەخانەی فێرکرنەکەیدا بووە بە جێگرەوەی ئەرستۆ، کتێبەکانی وەرگێڕدراون بۆ زمانی عەرەبی، کتێبەکانیشی بریتی بوون لە(كتاب النفس، كتاب اثار العلوية، كتاب الأدب، كتاب الحس والمحسوس)، کۆتا کتێبیان لە لایەن (يحيى بن عدي) وەرگێڕدراوە[5].

کتێبی (تفسير وصايا فيساغورس الذهبية) کە (ديدوخس برقلس) (٤١٢–٤٨٥ز) بۆ کچەکەی نووسیووە، سەد پەڕە بووە، (ثابت بن قرة) سی پەڕەی لێ وەرگێڕاوە، وەرگێڕانەکەی تەواو نەکردووە و مردووە[6]. کتێبی (تفسير الفادن) کە کتێبێکی ئەفلاتوونە و لەلایەن (برقلس)ەوە ڕاڤە کراوە، (ابو علي بن زرعة) هەندێکی کەمی وەرگێڕاوە بۆ عەرەبی[7].کتێبی (كلام ارسطاطاليس في هالة و قوس قزح) نووسینی

---

[1] امين: ضحى الاسلام، ج١/ صص ٢١٢، ٢١٤.

[2] ابن النديم: م. س، ص٣٥٧.

[3] ارسطوطاليس: السياسة، تح: بارتلمي سانتهلير، تر: احمد لطفي السيد، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ٢٠٠٨، ص ٩١ ومابعدها.

[4] ارسطوطاليس: علم الاخلاق ، تح: بارتلمي سانتهلير، تر: احمد لطفي السيد، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة ، ٢٠٠٨، ج١/ص ١٦٧ ومابعدها.

[5] ابن النديم: م. س، ص٣٤٩.

[6] ابن النديم: ن. م، ص٣٤٨؛ القفطي: م. س، ص ٧٣.

[7] ابن النديم: ن. م، ص٣٤٨

(اثافروديطوس)، لەلایەن (ثابت بن قرة)ەوە وەرگێڕدراوە، (ابن الندیم) دەڵێت: "بە دەسخەتی (یحیى بن عدي) خوێندوومەتەوە"[١].

کتێبی(کتاب الاراء الطبيعية)ی (فلوطرخس) (٤٥–١٢٥ز)، لەلایەن (قسطا بن لوقا)وە وەرگێڕدراوە بۆ عەرەبی، ئەم کتێبە بیروبۆچوونی فەیلەسوفانی لەبارەی پرسە سروشتییەکانەوە لە خۆگرتووە[٢].

کتێبی (اجتماعات الفلاسفة في بيوت الحكمة) لەلایەن (حنين بن اسحاق)ەوە وەرگێڕدراوە، ئەم کتێبە لە مۆزەخانەی (منشن)[٣] و مۆزەخانەی بەریتانی پارێزراوە[٤]. ئەگەرچی ئەم کتێبە بە پێی سەرچاوەکان لە دوو مۆزەخانەی ئەوروپا پارێزراوە، بەڵام زانیارییەکی ئەوتۆمان لەسەری دەست نەکەوت، ئەم کتێبە ناونیشانێکی سەرنجڕاکێشی هەیە، تەنانەت سەرچاوەکان ئاماژە بە نووسەرەکەشی نادەن، پێدەچێت نووسەرەکەی نادیار بێت.

کتێبی چیرۆکی (سلامان و أبسال) کە چیرۆکێکی فەلسەفییە، لەلایەن (حنين بن اسحاق)ەوە لە یۆنانییەوە وەرگێڕدراوە، ئەم کتێبەش کاریگەری لەسەر فەیلەسوفانی موسڵمان داناوە و کتێبیان لەبارەوە داناوە وەك (ابن طفيل)((٥٨١ ك/١١٨٥ز مردووە) لەکتێبی (حي بن يقظان)[٥] و ئیبن سینا لە کتێبی (تسع رسائل في الحكمة والطبيعيات)[٦]، کاریگەر بوون پێی و سوودیان لێ وەرگرتووە.

زۆر کتێبی فەلسەفی تر وەرگێڕدراون بۆ زمانی عەرەبی، بەڵام هەندێك کتێبی فەلسەفیش وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی عەرەبی بەهەڵە دراونەتە پاڵ هەندێك نووسەر، کە هی ئەوان نەبوون، بۆ نمونە هەندێك کتێب وا دانراون کە هی ئەفلاتوونن، بەڵام لەڕاستیدا هی ئەو نین هەندێکیش دراونەتە پاڵ ئەرستۆ و هی ئەو نین، لەوانەش کتێبی (كتاب الروابيع) دراوەتە پاڵ ئەفلاتوون و هی ئەویش نییە، هەندێك کتێب دراونەتە پاڵ ئەرستۆ و هی ئەو نین وەك (كتاب التفاحة) و(كتاب الربوبية) و (كتاب الايضاح في الخير المحض) و (سر الاسرار)[٧]. خراپی ئەو کتێبانەی کە بە هەڵە دراونەتە پاڵ هەندێك لە فەیلەسوفان لەوەدایە، تێگەیشتنی خەڵکی ئەو سەردەمەی لە بیروبۆچوون و فەلسەفەی ئەو فەیلەسوفانەی کە کتێبەکانیان دراوەتەپاڵ تا ئاستێك ئاڵۆزکردووە و شێواندووە.

---

[١] الفهرست: ن. م، ص٣٥٠.

[٢] ابن النديم: ن. م، ص٣٤٩.

[٣] زيدان، جرجي: تاريخ اداب اللغة العربية، (د. م. ط)، ٢٠١٣، ص٤١٧.

[٤] حميدان، زهير: اعلام الحضارة العربية الاسلامية في علوم الاسياسية و التطبيقية، وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٩٥، ج١/ ص٤١٥.

[٥] ابن طوفيل: حي بن يقظان، تح: فاروق سعد، ط٣، دا الافاق الجديدة، بيروت، ١٩٨٠، ص ١٠٥ومابعدها.

[٦] ابن سينا: تسع رسائل في الحكمة و الطبيعيات، تح: حسن العاصي، ط٢، دار قابس، بيروت، ٢٠٠٦، ص ١٢٥ومابعدها.

[٧] مرحبا: م. س، ج١/ ص٣٢٠.

کتێبە فەلسەفییەکانی (جالینوس) کە وەرگێڕدراون بۆ زمانی عەرەبی، بە زمانی یۆنانی نەماون و نە پارێزراون، بەڵام ئەو وەرگێڕانە عەرەبییانەی بۆیانکراوە پارێزراون، بەم شێوەیە وەرگێڕانی فەلسەفە و کەلتووری یۆنانی نەك تەنها لە ڕۆژگاری سەرەتاکانی دەرکەوتنی فەلسەفە لە ئیسلامدا ڕۆڵی بینیووە، بەڵکو فەلسەفەی یۆنانی بە زیندوویی و گەشاوەیی هێشتۆتەوە[1]. ئەمەش یەکێکە لە خاڵە ئەرێنییەکان و سوودەکانی وەرگێڕانی فەلسەفە لە شارستانییەتی ئیسلامییدا، کە بۆتە ڕێگایەك بۆ پاراستنی هەندێك لەو کتێبە فەلسەفییانەی یۆنان، کە بۆ تێکڕای شارستانییەتی مرۆیی بایەخیان هەبووە و هەیە. ئەگەر لەم قۆناغەی هزری مرۆییدا وەرنەگێڕدرانایا پێدەچوو بفەوتانایا، ئێمەش لەم سەردەمەدا پێیان ئاشنا نەبووینایا، بەمەش قۆناغێکی یان بەشێك لە قۆناغێکی گەشەکردنی فەلسەفەمان لە دەست دەچوو.

لەم باسەی توێژینەوەکەماندا چەند تێبینی و سەرنجێکمان بۆ دروست دەبێت:

–تێبینی ئەوە دەکەین ئەو کتێبە فەلسەفییانەی کە لەسەرتای وەرگێڕانەوە لە شارستانییەتی ئیسلامییدا وەرگێڕدراون، بە پلەی یەکەم کتێبەکانی ئەفلاتوون و ئەرستۆ بوون، کتێبەکانی ئەرستۆش زۆرترین پشکیان بەرکەوتووە.

–هەندێك لەو کتێبە فەلسەفییانەی وەرگێڕدراون کاریگەری فەلسەفەی ئەفلاتوونیزمی نوێ یان بەسەرەوە بووە، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو کتێبانە سەرچاوەکەیان لەو کەسانەوە بووە سەر بە قوتابخانەی ئەفلاوونیزمی نوێ بوون، کە ڕاڤەی ئەو کتێبانەیان کردووە و کورتیان کردونەتەوە و ڕاڤە و هەڵسەنگاندنیان لەسەر نووسیوون.

–خاڵێکی تر کە لەم باسەدا سەرنجمان ڕادەکێشێت، ئەوەیە، بەدەر لەو وەرگێڕانانەی بۆ کتێبە فەلسەفییەکان کراون لە شارستانییەتی ئیسلامییدا، کە سانێکی شارەزا هەبوون کە توانای ئەوەیان هەبووە ڕاڤە و شەرح بۆ ئەو کتێبانە بنووسن، وەك کیندی و فارابی...هتد، کە ئەمانە دواتر وەك فەیلەسوف دەناسرێن لە شارستانییەتی ئیسلامییدا. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە وەرگێڕانی فەلسەفە لەم شارستانییەتەدا کارێکی ڕاگوزەر نەبووە و بایەخێکی تایبەتیی پێدراوە و کەسانێك هەبوون بە قوڵی کاریان لەسەر کردووە.

---

[1] وات، منتگمري: فلسفة و كلام اسلامى، تر: ابولفضل عربى، چاپ اول، شركت انتشارات علمي و فرهنگى، تهران، ١٣٧٠هـ.ق، ص٦٠.

## ○ بەشی سێیەم: کاریگەری وەرگێڕانی فەلسەفە لەسەر چەند لایەنێکی گرنگ لە شارستانییەتی ئیسلامییدا

❖ باسی یەکەم: کاریگەری وەرگێڕانی فەلسەفە لەسەر زانستی کەلام و فیرقە کەلامییەکان

❖ باسی دووەم: (بیت الحکمة) لە نێوان کاریگەری و کارتێکردنی وەرگێڕانی فەلسەفەدا

❖ باسی سێیەم: کاریگەری وەرگێڕانی فەلسەفە لەسەر دروستبوون و گەشەکردنی زمانی فەلسەفە

## بەشی سێیەم: کاریگەری وەرگێڕانی فەلسەفە لەسەر چەند لایەنێکی گرنگ لە شارستانییەتی ئیسلامییدا

### باسی یەکەم: کاریگەری وەرگێڕانی فەلسەفە لەسەر زانستی کەلام و فیرقە کەلامییەکان

زانستی کەلام یەکێك بووە لە گرنگترین ئەو زانستانەی لە شارستانییەتی ئیسلامییدا سەریهەڵداوە و گرنگی زۆری پێدراوە، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم زانستە کۆمەڵە پرسێکی هەستیاری لەخۆگرتووە لە پرسە گرنگەکانی ئیسلام، وەك پرسی خیلافە و فەرمانڕەوایی و سیفاتەکانی خوا و قەزا و قەدەر و جەبر و ئیختیار و پێغەمبەرێتی...هتد[1]، زۆر پرسی تر کە جێگەی مشتومڕی نێوان موسڵمانەکان خۆیان بووە، پاشان مشتومڕیان لەگەڵ خاوەن ئایینەکانی تر و نکوڵیکاران کردووە. هەموو ئەمانە وایان کردووە ئەم زانستە وردە وردە سەرهەڵبدات و گەشە بکات. ئەوەی جێگەی گرنگی پێدانە سەبارەت بە باسەکەی ئێمە ئەوەیە زانستی کەلام نزیکترین زانستە لە زانستە ئیسلامییەکان، کە پەیوەندی بە فەلسەفەوە هەبووە، ئەو نزیکییەش خۆی دەبینێتەوە لە تێڕوانینی عەقڵی و پشت بەستن بە بەڵگە و بەڵگەسازی لەلایەن زایانی کەلامەوە، ئەمانەش کەرەستەگەلێکی فەلسەفین. دواتریش فەلسەفە وەردەگێڕدرێت بۆ زمانی عەرەبی و زانایانی کەلام زۆر سوود لە فەلسەفە و کەرەستە فەلسەفییەکان دەبینن و هزری فەلسەفی کاریان تێدەکات.

نزیکی نێوان فەلسەفە و زانستی کەلام وایکردووە هەندێك لە توێژەران زانستی کەلام بە فەلسەفەی ئیسلامی دابنێن و زانایانی کەلامیش بە فەیلەسوفانی ئیسلام ناوببەن :" لە چوارچیوەی زانستی کەلامدا دەبینین: ڕێباز گەلی فەلسەفی مەزن هەیە، کاری موسڵمانەکان سەرسوڕهێنەرە لە ڕاڤەکردنی گەردوون و دەرخستنی یاساگەلی بوونگەرایی، لە تێگەیشتنیاندا لە بوون و جوڵە و هۆدا جیاوازن لە یۆنان"[2]، ئەوەی نووسەری ئەم دەقە دەیەوێ پێمان بڵێ ئەوەیە کە ڕێبازە فەلسەفییە جیاوازەکان لە ئیسلامدا لە چوارچێوەی زانستی کەلامدا خۆیان دەبیننەوە و زانستی کەلامیش فەلسەفەی ئیسلامییە.

#### تەوەرەی یەکەم: پێناسەی زانستی کەلام:

فارابی بەم شێوەیە پێناسەی زانستی کەلام دەکات: "زانستێکە مرۆڤ بە هۆیەوە دەتوانێت ئەو بیروبۆچوون و کردەوە دیاریکراوانەی پێ سەربخات، کە دانەری ئایین بە ڕاشکاوی باسی کردوون، هەرچی

---

[1] نصیر، امنة محمد: ابوالفرج ابن الجوزي واراؤه الكلامية و الاخلاقية،ط١، دار الشروق، القاهرة، ١٩٨٧، ص١٠٨ ومابعدها.

[2] النشار: نشأة الفكر الفلسفي في الاسلام، ج١/ص٤٦.

گوتەیەکیش کە پێچەوانەی بێت پووچی دەکاتەوە"[1]، بە پێی ئەم پێناسەی فارابی بێت مەبەست لە دروستبوونی زانستی کەلام سەرخستنی ئایین و بەرپەرچدانەوەی بەرهەڵستکارانیەتی، بە تایبەتیش دەتوانیین بڵێیین مەبەست لێی ئایینی ئیسلامە، چونکە ئەم زانستە لەم ئایینەدا دروست بووە و زاناکانیشی هەڵگری ئایینی ئیسلام بوون.

(ابن خلدون)یش بەم جۆرە پێناسەی دەکات: "زانستێکە داکۆکی دەکات لە بیروباوەڕە ئیمانییەکان، بە بەڵگەی عەقڵی، هەروەها بەرپەرچی داهێنەران لە ئاییندا و لە ڕێلادەران لە بیروباوەڕی ئاینزاکانی پێشینان و ئەهلی سوننە دەداتەوە، نهێنی ئەم بیروباوەڕە ئیمانیانەش یەکتاپەرستییە"[2]. پێناسەکەی (ابن خلدون) لەگەڵ پێناسەکەی فارابی لەوەدا کە پەیوەندی بە بەرگریکردنە لە فێرکردنە ئایینییەکان و بەرپەرچدانەوەی بەرهەڵستکارانی ئایین یەك دەگرێتەوە، بەڵام (ابن خلدون) لەوەدا جیادەبێتەوە لە فارابی کە (ابن خلدون) لە پێناسەکەیدا پەیوەستی بۆ ئایینزاکان و ئەهلی سونە دەردەخات و وەك بەشێك لە ئایین حسابی دەکات، بەڵام لای فارابی جگە لە خودی ئایین هیچ کەس و فیرقەیەك ناچێتە چوارچێوەی بەرگری لێکردن و پەیوەست بوون پێوەی.

**تەوەرەی دووەم: کاریگەری وەرگێڕانی فەلسەفە لەسەر فیرقە هزری و کەلامییەکان**

دوای ئەوەی موسڵمانەکان زانستی کەلامیان داهێنا، کەسانێك کە دواتر هاتن ئەو بەشەی فەلسەفەیان وەرگرت کە پێچەوانەی شەرع نییە و تێکەڵ بە کەلامیان کرد، لەبەر زۆری پێویستییان پێی، بەمەش کەلام بوو بە حیکمەتی ئیسلامی[3]. ئەوەی لەم بۆچوونەی پێشەوە وەریدەگرین، ئەوەیە کەلامی ئیسلامی پێش هاتنە ناوەوەی فەلسەفە بۆ شارستانییەتی ئیسلامی هەبووە و داهێنراوی موسڵمانەکان خۆیانە، بەڵام لەبەر پێویستییان بە فەلسەفە دواتر سوودیان لە فەلسەفە وەرگرتووە بۆ تاوتوێ کردنی پرسە فەلسەفییەکان و بەرپەرچدانەوەی دژەکانیان، دیسان جەختکردنەوەی ئەوەشی تێدایە لە ڕێگای هاتنەناوەوەی فەلسەفە بۆ ناو زانستی کەلام، زانستی کەلامی ئیسلامی بووە بە فەلسەفە و حیکمەت .

وەرگێڕانی فەلسەفە کاریگەری لەسەر فیرقە هزری و کەلامییەکان داناوە و ڕۆڵی هەبووە لە گەشەکردنیاندا، بۆ ئەمەش ئێمە لێرەدا ئاماژە بە چەند نمونەیەك دەدەین لە و فیرقانە و لە ناو فیرقەکانیشدا نمونە دەهێنینەوە:

---

[1] احصاء العلوم: ط١، دار ومكتبة الهلال، بيروت، ١٩٩٦، ص٨٦.

[2] ابن خلدون: مقدمة ابن خلدون، صص٥٥١–٥٥٢.

[3] ابن خلدون: مقدمة ابن خلدون، ج١/ص٤٩٥؛ حاجي خليفة: كشف الظنون: ج١/ص٦٨٣.

**یەکەم: کاریگەری وەرگێڕانی فەلسەفە لەسەر شیعە (شیعة):**

شیعە بە دیرینترین ئایینزای ئیسلامی دادەنرێت[1]. بەوانە دەگوترێت شیعە کە خۆیان بە شوێنکەوتەی (علي بن ابي طالب) (٢٣پ ك–٤٠ك/٥٩٩–٦٦١ز) دەزانن، پێیان وایە پێشەوایەتی و خەلیفایەتی بۆ ئەوە، بەپێی دەق و بەپێی وەسێتی پێغەمبەر(د.خ)، پێشیان وایە پێشەوایەتی هەردەبێت لە مندالّ و نەوەکانی ئەودا بن. پێشەوایەتیش لای ئەوان بە یەکێك لە پایەکانی ئایین دادەنرێت و پرسێکی ئوسولّییە و ناکرێت پێغەمبەران (د.خ) پرسی پێشەوایەتی (الامامة) پشتگوێ بخەن[2]. شیعەش دابەش بووە بۆ چەندین فیرقە و دەستەی جیاواز لە وانە:(الامامية، الحسينية، الزيدية، الكيسانية، الجارودية، الهاشمية، الحارثية، المنصورية...هتد)[3]. ئێمە ناچینە ناو وردەکاری فیرقە و دەستەکانی شیعەوە، لەبەرئەوەی لە چوارچێوەی کارەکەی ئێمە دەردەچێت، تەنها نمونە دێنینەوە لەسەر کاریگەری وەرگێڕانی فەلسەفە لەسەر شیعە.

(امام جعفر الصادق) (٨٠–١٤٨ك/ ٦٩٩–٧٦٥ز) بایەخی داوە بە زانستە نوێیەکان کە هاتبوونە ناو ئیسلامەوە، ئاگای لە فەلسەفەی یۆنانی بووە. بە دامەزرێنەری بیروبۆچوونی ناوەکی (الباطني) دادەنرێت، لەمەشدا کاریگەری فەلسەفەی یۆنانی لەسەر بووە. تەنانەت دەگوترێت (جابر بن حيان) (٢٠٠ك/٨١٥ز مردووە) کە زانا و فەیلەسوفێکی مەزن بووە، قوتابی (امام جعفر الصادق) بووە[4].

زەیدییەکانیش کە یەکێکن لە فیرقەکانی شیعە دەگەڕێنەوە سەر (زيد بن علي) (١٢٢ك/٧٤٠ز مردووە)، زەیدییەکان پشکدار بوون لە زانستی کەلامدا، زاناکانیان گرنگییان داوە بە ڕوونکردنەوەی (التوحيد و العدل) کە دوو بنەڕەتن لە بنەڕەتەکانی موعتەزیلە، دەگوترێت زەید بنەماکانی موعتەزیلەی لە (واصل بن عطاء)وە وەرگرتووە، مێژوونووسانی (الطبقات) جەخت لەوە دەکەنەوە پەیوەندی لە نێوان ناودارانی موعتەزیلە و زەیدییەکاندا هەبووە[5]. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کاریگەری موعتەزیلە بەسەر پێشەوای زەیدییەکانەوە ڕەنگی داوەتەوە لە تەواوی فیرقەکەدا، بەم پێیە موعتەزیلە کاریگەرییان لەسەر فیرقە کەلامییەکانی تر هەبووە، کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەری فەلسەفە و عەقلانییەت دەردەکەوێ لەسەر زەیدییەکان، چونکە موعتەزیلە گرنگییان داوە بە پرسە عقلّی و فەلسەفییەکان.

---

[1] الحفني: المعجم الشامل لمصطلحات الفلسفة، ص٤٥٤.

[2] الشهرستاني: م. س، ج١/ ص ١٥٥.

[3] النوبختي، ابي الحسن بن موسى: فرق الشيعة، مطبعة الدولة، استانبول، ١٩٣١، صص١٩– ٢٠، ٢٧، ٢٩، ٣٤، ٥١.

[4] ثابت، محمد: تأريخ الشيعة، (د. م. ط)، ٢٠٠٦، ص ١٣٢.

[5] عياد، الحبيب: الكلام في التوحيد، ط١، دار المدار الاسلامي، بيروت، ٢٠٠٩، صص٢٦–٢٧؛ اوليري: م. س، ص٨٦.

**دووەم: كاریگەریی وەرگێڕانی فەلسەفە لەسەر موعتەزیلە (المعتزلة)**

یەكێك لەو فیرقە هزرییانەی لە جیهانی ئیسلامییدا دروستبوون و لە هەرە بەناوبانگترینەكانیانن، فیرقەی موعتەزیلەیە، كە كاریگەری فەلسەفەیان بە ئاشكرا پێوە دیار بووە.

دامەزرێنەری فیرقەی موعتزیلە (واصل بن عطاء الغزال)ە لە نێوان سالآنی (٨١–١٣١ك/ ٧٠٠–٧٤٨ز) ژیاوە، قوتابی حەسەنی بەسری بووە، زانستەكان و هەواڵ (اخبار)ی لەلای ئەو خوێندووە[١]، دانانی پێنج بنەڕەتەكە لەلایەن (واصل)ەوە بوو بە بنەمایەكی هزری بۆ دروست بوونی ئیعتزال[٢]. یەكەم كەس كە لە زانستی كەلامدا دانراو و كتێبی داناوە (واصل بن عطاء) بووە[٣]. سەبارەت بە فیرقەكەش، فیرقەیەكی هزری كەلامی ئیسلامی بوون، دامەزراندنیان دەگەڕێتەوە بۆ كۆتاییەكانی سەردەمی ئومەوی، بەڵام لەسەردەمی خیلافەی عەباسیدا بەتەواوی گەشەیانكردووە، فیرقەیەكی كەلامی عەقڵی بوون، باوەڕیان وابووە عەقڵ دەتوانێت یاساكانی بوون پەی پێبەرێت[٤].

لە مێژووی كەلامی ئیسلامییدا، موعتەزیلە جێگەی گرنگی پێدانن، لە پێش هەمووانەوە باسەكانی بنچینەكانی بیروباوەڕی ئیسلامییان لە چوارچێوەی چەمكەكانی فەلسەفەی یۆنانییدا داڕشتۆتەوە[٥].

كاتێك ژیاننامەی بیریارانی موعتەزیلە دەخوێنینەوە چەند شتێك بەدی دەكەین:

١. زۆری مشتومڕ و مونازەرەكانیان لەگەڵ خاوەن بیرە جیاوازەكاندا.

٢. خوێندنی فەلسەفە و زانستی لۆژیك لەلایەن ئەو بیریارانەوە[٦].

٣. عەقڵ و گرنگیدان و پشت بەستن بە عەقڵ، پرسێكی گرنگ بووە لەلای موعتەزیلەكان.

---

[١] الشهرستاني: م. س، ج١، ص٦٧.

[٢] خليفة، عبدالله: الاتجاهات المثالية في فلسفة العربية الاسلامية، ط١، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠٠٥، ص٢١٠.

[٣] القلقشندي: م، س، ج١/ص٤٧٨

[٤] الراوي، عبدالستار عزالدين: ثورة العقل (دراسة فلسفية فى فكر معتزلة بغداد)، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، العراق، ١٩٨٢، ص ٦ ومابعدها.

[٥] وات: م. س، ص٧٥.

[٦] مرتضى، احمد بن يحيى: كتاب طبقات المعتزلة، تح: سوسنة ديفلد–فلزر، معهد الالمانيا للأبحاث الشرقية، بيروت، ٢٠٠٩، صص٤٤،٥٠.

٤.بیری ئازاد و ئازادی جێگەی بایەخ بووە لەلایان، کە ئازادی لە کردار و لە بیرکردنەوەشدا دەگرێتەوە[1].

ئەم خاڵانەی ئاماژەیان پێکرا پەیوەندییان بە یەکترەوە هەیە و پەیوەندیشیان بە فەلسەفەوە بەهێزە، بۆنمونە خاڵی یەکەم و دووەم پەیوەندییەکی بەهێزیان بە یەکترەوە هەیە، لەو ڕووەوە کە مشتومڕ و بیرکردنەوەی جیاواز پێویستی بە کەرەستە و هۆکاری بیرکردنەوە هەیە، بۆ بەهێزکردنی توانای بەڵگەهێنانەوە و گرنگیدان بە بیرکردنەوە جیاوازەکان، خوێندنی فەلسەفە و لۆژیك کە خاڵی دووەمە بەهێزکەری ئەو لایەنەن، ئەمەش بۆخۆی لە کاریگەری فەلسەفە و لۆژیکەوە سەرچاوە دەگرێت. خاڵی سێیەم و چوارەمیش لەودا پەیوەندیدارن بەیەکەوە، ئەگەر مرۆڤ ئازاد نەبێت ناتوانێت بیربکاتەوە و سوود لە هێزی عەقڵ وەربگرێت و بیرکردنەوەی ئازاد بێت، ئەگەر لە کرداریشیدا ئازاد نەبێت و خاوەنی ویستی سەربەخۆی خۆی نەبێت، ئەوا کردارەکانی لەسەری هەژمار ناکرێن، چونکە ویستێکی تر بەسەریدا سەپاوە.

هەندێك ئاماژە هەن هەر لە سەرەتای دروستبوونی موعتەزیلەوە کاریگەری فەلسەفەیان لەسەر بووە، چونکە دامەزرێنەری موعتەزیلە کە (واصل بن عطاء)یە کاریگەری فەلسەفەی یۆنانی بەسەرەوە بووە[2].

موعتەزیلە لەسەردەمی خیلافەتی (المأمون)دا (١٩٨ – ٢١٨ ك/ ٨١٣ –٨٣٣ز) لە پرسە کەلامییەکاندا وەك: بینینی خوا و پرسی مەخلوقێتی قورئان، یان دێرینی قورئان و پرسی گوناهی گەورە و پەیوەندی بە ئیمانەوە و پرسی ناچاربوونی مرۆڤ یان ئازادبوونی لە کردارەکانییدا و...هتد سوودیان لە لۆژیك وەرگرتووە و کاریگەری فەلسەفەی گریکییان لەسەر بووە[3].

وادەردەکەوێت موعتەزیلە بەهۆی ئەوەی کاریگەری فەلسەفەیان لەسەر بووە، خۆشیان ڕۆڵی بنەڕەتییان هەبووبێت لە گەشەپێدانی بزافی وەرگێڕاندا لە شارستانییەتی ئیسلامییدا، چونکە ئەوان یەکەم دەروازەیانکردەوە کە فەیلەسوفانی موسڵمان لێوەی چوونە ژوورەوە بۆ ناو زانستەکانی یۆنان دوای ئەوەی وەریانگێڕان[4]. ئەم ڕۆڵەش دواتر دەردەکەوێت کە کاریگەری بیری ئیعتزال لەسەر فەیلەسوفان و زانایانی کەلام دەردەکەوێت، تەنانەت ڕێبازە عەقڵییەکەیان لە تێڕوانینیاندا بۆ ئایین و ژیان لە ناوخەڵکیشدا بڵاودەبێتەوە و لەسەردەمی خەلیفە مەئموندا دەبێت بە ئایینزای ڕەسمی دەوڵەت[5].

---

(1) محمود، رواء: مشكلة النص والعقل في فلسفة الأسلامية، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٦، صص٣٠–٣١.

(2) اوليري: م. س، ص٧٥.

(3) الراوندي، مرتضى: تاريخ اجتماعى ايران، چ١، منشورات نگاه، تهران، ١٩٩٥، ج٨/ ص ٤٣١.

(4) جارالنبي سليمان: م. س، ص٨٥.

(5) اليعقوبي: م. س، ج٢/ ص ٣٢٩.

دوای ئەوەی مەئمون مەزهەبی ئیعتزالی گرت، مشتومڕ لەسەر پرسی مەخلوقێتی قورئان دروستبوو، کۆڕی دەبەست لەسەر ئەم بابەتە، فەرمانی کرد بە وەرگێڕانی کتێبی فەلسەفە و لۆژیك لە یۆنانییەوە بۆ عەرەبی، خۆشی دەیخوێندنەوە، توانای بەڵگەهێنانەوەی بەهێزبوو و زیاتر پەیوەست بوو بە ئیعتزالەوە[1]. خەلیفە مەئمون ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە بزاڤ وەرگێڕاندا، پەیوەندی مەئمون بە موعتەزیلەوە پاڵنەری بووە بۆ خەریکبوونی بە فەلسەفەوە و وەرگێڕانەوە، مەئمون قوتابی (يحيى بن مبارك اليزدي) بووە، کە یەکێك بووە لە ئیمامەکانی موعتەزیلە، پەیوەندیشی لەگەڵ (ثمامة بن اشرس النميري) هەبووە[2]. تێبینی ئەوە دەکەین پەیوەندی موعتەزیلە بە وەرگێڕانی فەلسەفەوە لەسەر دوو ئاست بووە، یەکێکیان کاریگەری و کارتێکردنی فەلسەفەی گریکی لەسەر موعتەزیلە، دووەمیان ڕۆڵیان لە پەرەپێدانی فەلسەفە و وەرگێڕانی فەلسەفە، مەئمون وەك موعتەزیلەیەك ڕۆڵی هەبووە لە پەرەپێدانی وەرگێڕانی فەلسەفەدا، حەز و خواستەکانی ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبووە لە بزاڤ وەرگێڕاندا، ئەو زیاد لە هەرکەسێکی تر توانیویەتی ڕۆڵی کاریگەر ببینێت، بەهۆی ئەو توانا ماددی و ئابورییەی کە لەبەردەستیدا بووە، کە لەم بوارەدا بەکاری هێناوە .

(بشر بن المعتمر) کە لە ساڵی (٢١٠ك/٢٢٥ مردووە)، هەوڵی وردی هەبووە بۆ جێبەجێکردنی هزری فەلسەفی بەسەر پێویستییە کردارەکییەکانی ئیسلامدا، بۆنمونە لە پرسی ویستدا (الارادة) باس لە کاریگەرییە دەرەکییەکان دەکات لە سنوردارکردنی ویستدا[3]. ئەم کارتێکردنەش زیاتر خۆی لە میتۆددا دەبینێتەوە، واتە هزری فەلسەفی وەك میتۆد کاری لەسەر هزری فەلسەفی موسڵمانەکان کردووە و تێڕوانینی میتۆدییان بۆدروستبووە.

نەوەی دووەمی موعتەزیلە ڕاستەوخۆ ئاگایان لە فەلسەفەی یۆنانی بووە[4]، لە سەردەمی (ابو هذيلا العلاف)ەوە(١٣٥–٢٢٦ك/ ٧٥٢–٨٤٠ز) دەست پێدەکات، کە هاوسەردەمی بزاڤ وەرگێڕان بووە لە جیهانی ئیسلامییدا، بۆیە موعتەزیلە پێشوازییان لە لێکۆڵینەوەی فەلسەفە کردووە، تابتوانن بەرگری لە ئایینی ئیسلام بکەن. کاریگەری فەلسەفە لەسەر موعتەزیلە یاریدەدەر بووە بۆ دانانی بنچینەی ئیعتیزال[5].

---

[1] زيدان: تاريخ التمدن الاسلامي، ج٣/ ص٥٦.

[2] ابو ريان: م. س، ص٩٤.

[3] اوليري: م. س، ص١١٢.

[4] اوليري: ن. م، ص١١٠.

[5] سليمان، عباس محمد حسن: الصلة بين علم الكلام والفلسفة في الفكر الأسلامي، دار المعرفة الجامعية، الأسكندرية، ١٩٩٨، ص١٣.

(ابو هذيل العلاف) و (ابراهيم بن سيار) (١٨٥–٢٢٩ك/ ٧٧٧–٨٤٣ز)، كە دوو بیریاری مەزنی موعتەزیلەن، شارەزایی باشیان هەبووە لە فەلسەفەدا و موناڕەزەشیان لەگەڵ بەرامبەرەکانیاندا کردووە[١]، (المقريزي) لەبارەی (ابو هذيل)ەوە نووسیویەتی:" یەکێك بووە لە شێخەکانی موعتەزیلە و تێڕوانینی هەبووە بۆ فەلسەفە، لە زۆرێك لە بیروبۆچوونەکانیاندا هاوڕایان بووە"[٢] جگە لەوە (ابو هذيل العلاف) کتێبی فەیلەسوفانی زۆر خوێندۆتەوە و گوتەکانیانی تێکەڵ بە گوتەکانی موعتەزیلە کردووە[٣]. (ابو هذيل) یەکێك بووە لەو شێخانەی موعتەزیلە بۆ بەهێزکردنی بیروڕاکانیان فەلسەفە و لۆژیکی بەکارهێناوە، تابەرگری لە بیروڕاکانیان بکەن لەبەرامبەر دژەکانیاندا.

یەکێکی تر لە پێشەوایانی موعتەزیلە کە (ابو علي الجبائي)ی بووە لە نێوان سالآنی (٢٣٥–٣٠٣ك/ ٨٤٩–٩١٦ز) ژیاوە، لە فەلسەفەدا شارەزا بووە[٤]، شارەزابوونیش لە فەلسەفەدا کاریگەری لەسەر بیروبۆچوونەکان دادەنێت و هزر فراوان دەکات. هەربۆیە کاریگەری فەلسەفە لەسەر موعتەزیلە لە پرسەکانی جەوهەر و جوڵە و مرۆڤناسییدا، دەرکەوتووە[٥].

**سێیەم: کاریگەریی وەرگێڕانی فەلسەفە لەسەر ڕێبازی ئەشعەریی**

دامەزراندنی ڕێبازی کەلامی ئەشعەری دەگەڕێتەوە بۆ (ابو حسن الاشعرى) لە نێوان سالآنی (٢٦٠–٣٢٤ك/ ٨٧٤–٩٣٦ز) ژیاوە[٦]، ئەشعەری وەڵامی زۆرێك لە فیرقە کەلامییەکانی وەك :(موعتەزیلە و شیعە و جەهمییە و خەواریج)ی داوەتەوە، نزیکەی پەنجا و پێنج کتێبی هەبووە[٧]. سەرەتا موعتەزیلە بووە، گوایە ٤٠ ساڵ لەسەر ڕێبازی موعتەزیلە بووە و قوتابی (الجبائى) بووە و دواتر وازی لە موعتەزیلە هێناوە و لە ڕوویاندا وەستاوەتەوە و بەرەنگاریان بۆتەوە[٨].

(الأشعري) کە خۆی دامەزرێنەری ڕێبازی ئەشعەری و پێشەوای ئەشعەرییەکان بووە، کاریگەری هزری فەلسەفی لەسەر بووە. ئەگەر یەکێك پرسیاری ئەوە بکات ئەم کاریگەرییە چۆن بووە؟ لە کاتێکدا خۆی دژی

---

[١] مرتضى: م. س، صص ٤٤، ٥٠.

[٢] المقريزي: م. س، ج٤/ ص٤٠٢.

[٣] بدوي، عبدالرحمن: مذاهب الاسلاميين، ط٢، دارالعلم للملايين، بيروت، ٢٠٠٥، ص١٢٢.

[٤] الأدنه وي، أحمد بن محمد: طبقات المفسرين، ، تح: سليمان بن صالح الخزي، ط١، مكتبة العلوم والحكم، السعودية، ١٩٩٧، ج١/ص٦٢.

[٥] سليمان: م. س، ص١١٣.

[٦] الشهرستاني: م. س، ص١٠٦.

[٧] البغدادي، ابي بكر احمد بن علي الخطيب: تأريخ بغداد او مدينة السلام، تح: مصطفى عبدالقادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠١١، ج١١/ ص٣٤٦.

[٨] السبكي، تاج الدين ابي نصر عبدالوهاب بن علي بن عبدالكافي: طبقات الشافعية الكبرى، تح: مصطفى عبدالقادر احمد عطا، ط٣، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠١٢، ج٢/ ص٢٥٢.

فەلسەفە و فەیلەسوفان بووە و ڕەخنەی لە جیاوازی نێوان فەیلەسوفان گرتووە[1]، وەڵامی ئەمەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە (ابو حسن) لە ڕێگای باسکردن لە بیروبۆچوونی فەیلەسوفەکان و بەرپەرچدانەوەیان و پاشان بەستنەوەی ئەم فەیلەسوفانە بە بیریارانی موعتەزیلە و فیرقەکانی ترەوە، بەرپەرچی موعتەزیلە و فیرقە کەلامییەکانی تری داوەتەوە، بۆنمونە بەستنەوەی بۆچوونی (الجبائي) و (ابو هذیل) ... هتد بە ئەرستۆ تالیسەوە و بەرپەرچدانەوەیان، کە ئەشعەری باس لەوە دەکات لە هەندێك پرسدا پەیڕەوی ئەرستۆیانکردووە[2]. ئەمەش ئەوە پیشان دەدات کە (ابو حسن) ئاگای لە فەلسەفەی یۆنانی بووە و شارەزا بووە تیایدا، دەتوانین بڵێین لەو ڕووەوە کاریگەریی داناوە لەسەری کە میتۆدی فەیلەسوفان و دەستەواژەکانی ئەوانی بەکارهێناوە بۆ بەرپەرچدانەوەی بیروڕای نەیارەکانی. ئەگەر (ابو حسن) شارەزا نەبوبێت لە فەلسەفەدا، چۆن توانیوێتی بۆچوونی بیریارانی موعتەزیلە بگەڕێنێتەوە بۆ فەیلەسوفانی یۆنان؟

پێدەچێت ئەوەی وایکردبێت (ابو حسن الاشعري) کاریگەری لایەنی عەقڵی و فەلسەفی لەسەر بووبێت ئەوە بێت کەپێشتر موعتەزیلە بووە، چونکە موعتەزیلەکان بە هاوڕێیانی عەقڵ ناسراون، پاشان پشتی لە ئیعتزال کردووە و ڕێبازێکی کەلامی نوێی داهێناوە. هەر بۆیە تێبینی ئەوە دەکەین پشتی بە بەڵگەسازی و ئیستیدلالی لۆجیکی بەستووە لە مشتومڕەکانیدا، سەرەڕای ئەوەی کە بە پلەی یەکەم پشتی بە قورئان و فەرمووده بەستووە[3]. لێرەدا تێبینی دوو شت دەکەین: یەکەم: موعتەزیلەبوونی ئەشعەری لە پێشتردا، ئەو پاشخانە هزری و عقڵییەی هەیبووە تا ڕادەیەکی زۆر نەیتوانیووە دەستبەرداری ببێت و کاریگەری لەسەر داناوە. دووەم: بۆ سەلماندنی پرسە کەلامییەکان و مشتومڕ لەگەڵ موعتەزیلە و فیرقە هزرییەکانی تر، پێویستی بە بەڵگەهێنانەوەی عەقڵی و لۆجیکی هەبووە.

هەرچەندە لەوانەیە یەکەمین کەسەکان کە لەبواری فەلسەفە و هزری یۆنانی کاریان کردبێت شەوقێکی زۆریان بۆی هەبووبێت، بەڵام توانیویانە ژیانی عەقڵی لەنێوان موسڵمانەکاندا پەرەپێبدەن، بۆنمونە خزمەتی گرنگی (ابو حسن الاشعري) لەوەدا بووە، سوودی لە ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی هزری یۆنانی وەرگرتووە، بەبێ ئەوەی سازش بکات لەسەر هیچکام لە فێرکردنە بنچینەییەکانی ئایینزای سوننە[4].

---

[1] ابن تيمية، تقي الدين احمد: مجموعة الفتاوى، تح: عامر الجزار و انور الباز، ط٣، الوفاء للطباعة والنشر، الأسكندرية، ٢٠٠٥، ج٩/ص ١٢٤.

[2] الأشعرى، ابي حسن بن اسماعيل: مقالات الاسلاميين واختلاف المصلين، ط٢، دار صادر، بيروت، ٢٠٠٨، صص١٧٩، ١٩٢، ٢٦٧.

[3] وات: م. س، صص٩٦–٩٨.

[4] وات: م. ن، صص١٠١، ١٠٢.

بەگشتی ئەشعەرییەکان کاریگەری فەلسەفەیان لەسەر بووە، بۆنمونە ئەشعەرییەکان کاریگەری ڕێبازی گەردیلەییان* (المذهب الذري) لەسەر بووە، کە یەکێك بووە لە ڕێبازە دێرینەکانی یۆنان کە (لوقیوس) لەسەدەی پێنجەمی پێش مەسیح دایمەزراندووە. ئەشعەرییەکان ئەم ڕێبازەیان لەگەڵ ئایینی ئیسلامدا گونجاندووە. واتا دوای ئەوەی وەریانگرتووە، چاکسازییان تێدا کردووە. لەوەشدا لەگەڵ ئەم ڕێبازە جیاواز بوون، کە ئەشعەرییەکان نکوڵی ئەوەیانکردووە جەوهەرەکان ئەزەلی و ئەبەدی بن و بەخودی خۆیان بجوڵێن. گوتوشیانە جیهان دروستکراوە، چونکە پێکهاتووە، ئەو جەوهەرە تاکانەش کە لێی دروستبوون دابەش نابن[1]. تایبەتمەندی ئەشعەرییەکان لەوەدابووە فەلسەفە و هزری فەلسەفییان بەجۆرێك ئاراستە کردووە کە لەگەڵ بیروباوەڕەکانی ئیسلام و تێڕوانینەکانی خۆیاندا بگونجێت، لەبەرژەوەندی ئاراستە هزرییەکەی خۆیاندا بەکاریان هێناوە، لە کوێشدا ئەو هزرە فەلسەفییە لەگەڵیاندا کۆك نەبووبێت، ڕەخنەیان لێگرتووە یان ڕەتیان کردۆتەوە.

**چوارەم: کاریگەریی وەرگێڕانی فەلسەفە لەسەر ڕێبازی (اخوان الصفاء)**

(اخوان الصفاء) فیرقەیێکی کەلامی ئیسلامی بوون، لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا بە شێوەیەکی نهێنی لە بەسرا دروست بوون، لە بەغدادیش لقیان هەبووە، ئەم بزافە پەیوەندی بە هزری ئیمامییەوە هەبووە، باوەڕیشیان وابووە فەلسەفە و ئایین تەواوکەری یەکترین[2]. لەبەرئەوەی فیرقەکە فیرقێکی نهێنی بووە، ئەندامەکانی دیار و ناسراو نەبوون و نازانرێت چەند کەسیش بوون، کۆمەڵێك نامە یان کتێبیان لێ بەجێماوە کە بە (رسائل اخوان الصفاء) ناسراون، نووسەرەکانیان دیارنیین[3]. بۆچوونیش هەیە دروستبوونیان دەگەڕێنێتەوە بۆ سەدەی سێیەم و پێشتریش[4]. هەر لەبەر ئەوەش ئێمە (اخوان الصفاء)مان وەك یەکێك لە نمونەی فیرقە ئیسلامییەکان وەرگرتووە، کە دەکەوێتە چوارچێوە زەمەنییەکەی توێژینەوەکەی ئێمەوە.

---

* **ڕێبازی گەردیلەیی:** دامەزرێنەری قوتابخانەی گەردیلەیی لیوکۆپۆسە (لیوقبوس)، هەرچەند گوتەکانی مێژوونوسان لە سەر لیوکۆپۆس و دیموکرێس تێکەڵە، بۆیە قوتابخانەی گەردیلەیی ئەم دوانە هەر دوك دەگرێتە خۆی.

گەردیلەیەکانیش وەك ئیلییەکان پێیان وا بووە گەردیلە ئەزەلی و ئەبەدییە واتە هەبووە و هەر دەبێت، جێگیرە و ناگۆڕێت بەتاڵاییش بریتییە لە نەبوو واتە هیچ نییە، بەلآم لە لایەکی تریشەوە دەڵێین، گۆڕانکاری شتێکی ڕاستەقینەیە، لەبەر ئەوەی شتێکی ڕاستەقینەیە دەبێت بەدوای ڕاڤە کردنیدا بگەڕێین، بەلآم لەبەر ئەوەی ڕاڤە ناکرێت مەگەر لە ڕێگەی بۆشاییەوە، کەواتە پێویستە بڵێین بۆشایی هەیە لە لایەکی ترەوە پێیان وایە شتەکان تاك یان یەك نین، بەڵکو زۆرن، زۆرێك کە کۆتایی و سنوری نییە و بێ کۆتاییە. (عبدالرحمن بدوی: موسوعه الفلسفه، ج١،ص٥٠٧.)

[1] الشمالي: م. س، ص٢١٦.

[2] خليفة: م. س، ج٣/ص١٣٥ ومابعدها.

[3] معصوم، فؤاد: اخوان الصفاء فلسفتهم وغايتهم، ط١، دار المدى، دمشق-بيروت، ١٩٩٨، صص ٤٥-٤٦.

[4] مهدي، محمد حسن: اخوان الصفا وفلسفتهم الدينية، ط١، الاهلية للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١١، ص ٢٣ وما بعدها.

(اخوان الصفاء) كۆمەڵێك نووسراویان لە دوا بەجێماوە کە بە (رسائل اخوان الصفاء) ناسراون کە نزیکەی (٥٢) (رسالة)ن لە چوار بەرگدا چاپکراون[١]. کاتێك ئەم نامانە دەخوێنینەوە بەئاشکرا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئەم نامانە کۆمەڵە نامەیەکن لە قاڵبێکی فەلسەفیدا دارێژراون و کاریگەری فەلسەفە و زانستەکانی یۆنانیان پێوە دیارە، تەنانەت بەزمانێکی تا ڕادەیەك فەلسەفی نووسراون و بەڕوونی زاراوە فەلسەفییەکانیان تێدا دەبینینەوە بۆنمونە زاراوەکانی:(الهیولانیة، علة الصوریة، الجزئیة، الحواس، الناطقة، المعلول، الجوهر، المطلق، المنفعل، الکلیة...هتد)[٢] لە نامەکانیاندا بەدی دەکەین، بەدەرلەوە باس لە پرسەکانی وەك لۆژیك و فەلسەفە دەکەن و ئاماژە بە کتێبە لۆژیکییەکانی ئەرستۆ دەدەن وەك کتێبەکانی (قاطیغوریاس) و (باریمیناس) و (انالوطیقا) و ...هتد[٣]. ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە نووسەری (رسائل)ە کان، جا ئەگەر یەك کەس بێت یان چەند کەسێك بن، بەتەواوەتی شارەزا بوون لە فەلسەفەدا و ویستوشیانە لە بۆتەیەکی فەلسەفیدا بەرنامەی فیرقەکەیان دابڕێژن.

لەوبابەتانەدا کە تایبەت بووە بە میتافیزك و دەروون و ئیلاهییات، دەبینین کاریگەری ئەفلاتونیزمی نوێیان لەسەر بووە، بەو شێوەیەی لای (اسکندر الافرودیسی) هەبووە و لای (افلوطین) خەملێوە[٤]. لەگەڵ ئەوەی زیاتر کاریگەری ئەفلاتونیزمی نوێیان لەسەر بووە، بەڵام کاریگەری (فیساگۆراس)* و ئەفلاتوونیشیان لەسەر بووە[٥].

بە گشتی لەم باسەدا تێبینی چەند شتێك دەکەین:

–زۆربەی فیرقە کەلامییەکان کاریگەری وەرگێڕانی فەلسەفە و لۆژیکیان لەسەر بووە، بە ڕاستەوخۆ بووبێت یان بە ناڕاستەوخۆ، ئەمەش بە گشتی ڕۆڵی هەبووە لە گەشەسەندنی زانستی کەلامدا، ئەگەرچی پێش وەرگێڕانی فەلسەفەش زانستی کەلام بەشێوەیەکی کرداری بوونی هەبووە.

---

(١) مهدي: ن. م، ص٥٩.

(٢) اخوان الصفاء: رسائل اخوان الصفاء، ج٣/ صص ٤٥٥، ٤٥٧، ٤٦١، ٤٦٥.

(٣) اخوان الصفاء: م، ن، ص٤٣٦، ٤٣٧.

(٤) اولیري: م. س، ص١٤٤.

* فیساگۆراس: کاتی لەدایکبوون و مردنی بەتەواوەتی دیارنییە، لە (سامۆس) لەدایك بووە نزیکەی ساڵی (٥٨٠پ ن) یان (٥٧٢پ ن)، ئەگەرچی وەك زانایەکی بیرکاری ناسراوە، بەڵام فەلسەفەکەی شێوازێکی عیرفانی وەرگرتووە لەسەر پاککردنەوەی جەستە و لەناوبردنی تاوان دامەزراوە، جگە لەوە پاککردنەوەی عەقڵ بە لێکۆڵینەوەی زانست.(غالب، مصطفی: في سبیل موسوعة فلسفیة(فیساغورس)، دار و مکتبة هلال للطباعة والنشر، بیروت، ٢٠٠٠، ل١٥ و دواتر).

(٥) کەمال، محمد: ئەفلاتونیزمی نوێ، چ١، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٩، ل٢٧٤.

–پێش وەرگێڕانی فەلسەفە لە شارستانییەتی ئیسلامییدا بە شێوەیەکی بەربلاّو، پێدەچێت هەندێك کەسایەتی دیاری ناو فیرقە کەلامییەکان ئاگایان لە فەلسەفە بووبێت، چونکە هەندێك لە سەرچاوەکان ئاماژە بە ئاگاداربوونی هەندێك لە پێشەوایانی ڕێبازە کەلامی و هزرییەکان دەکەن، جگە لەوەش کاریگەری فەلسەفەی یۆنانییان پێوە دیار بووە.

–دوای ئەوەی وەرگێڕانی فەلسەفە بلاّوبۆوە لە شارستانییەتی ئیسلامییدا هەندێك لە فیرقە ئیسلامییەکان ڕاستەوخۆ سوودیان لە ڕێباز و میتۆدی فەلسەفی و لۆژیکی وەرگرتووە، لە مشتومڕ و گفتوگۆکانیاندا.

–هەندێك لە فیرق و ڕێبازە کەلامییەکان بە ئاشکرا کاریگەری فەلسەفەیان لەسەر بووە، بەڵکو کاریگەریشیان هەبووە لە گەشەپێدان و وەرگێڕانی فەلسەفەدا بە تایبەتی موعتەزیلەکان ڕۆڵیان هەبووە لە گەشەسەندنی وەرگێڕانی فەلسەفەدا.

–هەندێك لە ڕێبازە کەلامییەکان ئەگەرچی بە ڕواڵەت دژی فەلسەفە بوون، بەلاّم کاریگەری فەلسەفە و لۆژیکیان هەر لەسەر بووە و لە بەرپەرچدانەوەی دژەکانیاندا پیشتیان پێ بەستووە، وەك ئەشعەرییەکان.

## باسی دووەم: (بيت الحكمة) لە نێوان کاریگەری و کارتێکردنی وەرگێڕانی فەلسەفەدا

یەکێك لە بەرئەنجامە گرنگەکانی وەرگێڕان و بەتایبەتی وەرگێڕانی فەلسەفە، دەزگای (بيت الحكمة) بووە، کە لەسەردەمی عەباسییدا دروست بووە، ئەم دەزگایە ڕۆڵێکی گرنگی بینیووە لە شارستانییەتی ئیسلامییدا. گرنگییەکەشی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە دوو ئاراستەی هەبووە: یەکەم: ئەم دەزگایە بەکاریگەری وەرگێڕان و وەرگێڕانی فەلسەفە دروست بووە، واتا لەم ڕووەوە کارتێکراوە، دووەم: دواتر ئەم دەزگایە کاریگەری لەسەر وەرگێڕان و وەرگێڕانی فەلسەفە و گەشەکردنی زانستە دێرینەکان داناوە، لەم لایەنەشەوە کارتێکەرە. ئەمەش گرنگی و بایەخی ئەم دەزگایە دەردەخات، کە ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە ڕێگوزەری گەشەکردنی هزری فەلسەفی و زانستیی لە شارستانییەتی ئیسلامییدا.

سەرچاوەکان جیاوازییان هەیە لە دیاریکردنی سەرەتای سەرهەڵدانی (بيت الحكمة) لە شارستانییەتی ئیسلامییدا، ئەگەرچی کۆکن لەسەر ئەوەی لەسەردەمی عەباسییدا دامەزراوە، بەڵام کۆك نین لەسەر ئەوەی لەسەردەمی کام لە خەلیفەکاندا دامەزراوە. زیاتر جیاوازییەکە لەسەر ئەوەبووە ئایا لەسەردەمی خەلیفە (هارون)دا دامەزراوە یان لەسەردەمی خەلیفە (المأمون)دا دامەزراوە، بەڵام هەندێك دەیگەڕێننەوە بۆ پێشتریش.

**تەوەرەی یەکەم: پێناسەی (بيت الحكمة):**

پێناسەی (بيت الحكمة) بەو شێوەیە وێنەیەکی پڕاوپڕمان پێدەبەخشێت، کە ئەرکە جیاوازەکانی پیشان بدەین:

(بيت الحكمة) یەکەم کتێبخانەی گشتی گرنگ بووە لە جیهانی ئیسلامییدا[١]. کتێبخانەیەکی مەزن بووە، کە کتێبی یۆنانی و سریانی و پەهلەوی و قیبتی وعەرەبی تێدابووە[٢]. وەك شوێنێك یان قوتابخانەیەك و زانستگەیەك بووە بۆ وەرگێڕان[٣]. خاوەنی دەستەی زانستی تایبەت بەخۆی بووە[٤]. وەك زانکۆیەك وابووە کە کتێبخانەی تێدا بووە و زانایان و خەڵکی تیایدا کۆبوونەوە و گفتوگۆیان تیادا کردووە و کتێبیان تیادا

---

[١] اسماعيل، رفيدة اسماعيل عطا المنان: بيت الحكمة البغدادي وأثره في الحركة العلمية في الدولة العباسية، رسالة الماجستير،غير منشورة، مقدمة الى كلية الاداب، جامعة الخرطوم، ٢٠٠٩، ص٥٥.

[٢] الحبيبي، عبدالحي: تاريخ افغانستان بعد از اسلام، ط١، افسون، طهران، ١٤٢٢هـ، ص٨٥٢.

[٣] فؤاد: الاصول الرواقية في الفلسفة الاسلامية، م. س، ص٢٠٢؛ كراشكوفسكي، إيكناتي يوليانوويج: تاريخ الأدب الجغرافي العربي، تر: صلاح الدين عثمان هاشم، القاهرة، ١٩٦٣، ج١/ ص٦٩.

[٤] كراتشكوفسكي: ن. م، ج١/ ص٥٣.

خوێندۆتەوە و نووسیوەتەوە[1]. زانایانی شارەزا لە بوارە جیاوازەکانی زانستە جیاوازەکاندا تیایدا کۆبوونەتەوە[2]. جگەلەوە وانەی زانستە جیاوازەکانی تیادا خوێندراوە و بەرنامەی خوێندنی تایبەت بەخۆی هەبووە. بەرنامەیەکی ئاست بەرزی هەبووە، زانستەکانی فەلسەفە و پزیشکی و گەردوون و بیرکاری و زانستە سروشتییەکان و مێژوو و جوغرافیای تێدا خوێندراوە[3]. (بيت الحكمة) کۆکەرەوەوەی چەند شتێك و ئەرکێك بووە، جگە لەوەی گەنجینەی کتێبی تێدا بووە، کە ئەمە یەکەم تایبەتمەندی ئەم دەزگایە بووە، لەگەڵ پەرەسەندنیدا وەك زانکۆیەکی لێهاتووە و زانستە جیاوازەکانی تێدا خوێندراوە، هەروەها شوێنێکی تایبەتی هەبووە بۆ وەرگێڕان، ئەمانە و چەند ڕۆڵی تری بینیووە، ئەمەش گرنگی ڕۆشنبیری (بيت الحكمة) دەردەخات.

ئەوەی جێگەی تێبینییە (بيت الحكمة) سەرۆکی هەبووە، کە پێی گوتراوە (صاحب بيت الحكمة)، سەرپەرشتی ئەو کەسانەی کردووە کە کاریان تێدا کردووە، پێویست بووە کتێبەکان ڕێك بخات و پۆلێنیان بکات و پێڕستیان بۆ دابنێ[4]. سەرۆکی (بيت الحكمة) لەلایەن خەلیفەوە دیاری دەکرا و کەسێك دادەنرا کە جێگەی بڕوای خەلیفە بوو[5]. بوونی سەرۆك و سەرپەرشتایار بایەخی ئەم دامەزراوەیەمان بۆ دەردەخات، کە کاروبارەکانی بە شێوەیەکی ڕێکخرا و بووە و تایبەتمەندی دامەزراوەی تێدا بووە.

**تەوەرەی دووەم: دامەزراندنی (بيت الحكمة):**

دامەزراندنی (بيت الحكمة) لەسەردەمی عەباسیدا لە پڕ و لە بۆشاییدا نەبووە، بەڵکو پێشتر گەنجینەکانی زانست و مەعریفە هەبوون لەو ناوچانەی موسڵمانەکان فەتحیانکردووە[6].

دامەزراندنی (بيت الحكمة) پەیوەندیدار بووە بە دەرکەوتنی بزاڤی زانستیی و چالاکی ئەم بزافە لە بەغدادا، بەهۆی زیادبوونی کتێبەوە پێویست بووە ئەو کتێبانە بپارێزرێن، بۆیە لێرەوە (بيت الحكمة) دامەزراوە، ناوبراوە بە گەنجینەی کتێب (خزانة الكتب) یان (بيت الحكمة). بەدڵنیایی نازانرێت کەی دامەزراوە و لە کەیدات دامەزراوە، هەموو ئەوەی دەزانرێت ئەوەیە کە خەلیفە (المنصور) دوای دامەزراندنی گەنجینەی کتێب، گەنجینەکانی ناوچەکانی تری گواستەوە بۆ بەغداد، کتێبەکانیش بەشێکی گرنگ بوون

---

[1] الكرد علي: م. س، ج٦/ص١٨٣.

[2] الدخيل: م. س، ص١٢١.

[3] اسماعيل: م. س،ص٦٥.

[4] الدخيل: م. س، ص١٢١.

[5] الكرد علي: م. س، ج٦/ ص١٨٣.

[6] الاعسم، عبدالامير: من تاريخ الفلسفة العربية الاسلامية في الاسلام، ط١، دار الفرقد، دمشق، ٢٠١١، ص٣٤.

لەم گەنجینانە[١]. بە پێی ئەم زانیارییە بێت سەرەتای دەرکەوتنی (بیت الحكمة) دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خەلیفە (المنصور)، ئەگەرچی ئەم بۆچوونە لە سەرچاوەکاندا پاڵپشتی زۆری نییە، چونکە وەك لە دواتریشدا ئاماژەی پێدەدەین زۆربەی سەرچاوەکان دەیگەڕێننەوە بۆ سەردەمی (هارون) و (المأمون) کە لەوەشدا جیاوازییان هەیە، بەڵام ئەگەر ئەم بۆچوونەش پەسەند بکەین، پێدەچێت لەسەردەمی (المنصور)دا تەنها گرنگیدان بووبێت بە کۆکردنەوە و دانانی کتێبەکان لە شوێنێکی دیاریکراودا کە گەنجینەی کۆشك بووە، لەکاتێکدا (بیت الحكمة) لەوە زیاتر بووە تەنها کتێبخانە و گەنجینەی کتێب بێت، بەڵکودەزگایەکی فرە ئەرك بووە.

هەندێك لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن (بیت الحكمة) لەسەردەمی خەلیفە (هارون)ەوە دامەزراوە[٢]، تەنانەت (ابن الندیم)یش ئاماژە بەوە دەکات، کە لەسەردەمی (هارون)دا (خزانة الحكمة) هەبووە و (ابو سهل بن نوبخت) لەوێدا کاری کردووە و لە فارسییەوە کتێبی وەرگێڕاوە[٣]. یاقوتی حەمەوییش جەخت لەوە دەکاتەوە کە (بیت الحكمه) لەسەردەمی (هارون)دا هەبووە، لەم بارەیەوە نووسیویەتی:"(علان الوراق الشعوبی) لە (بیت الحكمه)دا کتێبی نووسیوەتەوە بۆ (هارون) و(مأمون) و بۆ بەرمەکییەکان... "[٤] ئەوەی جێگەی سەرنجە لێرەدا (ابن ندیم) بە (خزانة الحكمة) ناوی دێنێت نەك بە (بیت الحكمة)، ئەمەش ئەوەی لێوەردەگیرێت کە لە سەردەمی (هارون)دا گەنجینەی کتێب هەبووە و هارون بناغەکەی داناوە.

بەهۆی گرنگیدانی زۆری (هارون) بە زانست و کتێب، ئەو گەشانەوە شارستانێتییەی لەسەردەمی ئەودا هەبووە، جەخت لەوە دەکرێتەوە کە (هارون) یەکەم هەنگاوی ناوە بۆ دامەزراندنی (بیت الحكمه)[٥]، بۆیە نووسەریش هەبووە کە (هارون) بەدامەزرێنەری دادەنێت[٦]. تەنانەت باس لەوە دەکرێت (هارون) سەرۆکیشی بۆ (بیت الحكمة) داناوە، کە (سهل بن هارون)بووە (٢١٥ك/٨٣٠ز مردووە)[٧]. ئەمەش پیشاندەری ئەوەیە لە سەردەمی (هارون)دا (بیت الحكمة) بنەماکانی بوون بە دامەزراوەی بۆ بنیادنراوە.

---

[١] الدخیل: م.س، ص١٢٨.

[٢] کراشکوفسکي، م. س، ج١/ ص٦٩؛ الطويل، توفيق: في تراثنا العربي الاسلامي، عالم المعرفة، الكويت، ١٩٨٥، ص٧٠؛ الكرد علي: خطط الشام، م. س، ج٦/ ص١٨٥؛ فلوس، اسامة: الاثار الحضارية للترجمة في العصر العباسي الاول–بيت الحكمة نموذجا–، رسالة ماجستير، غير منشورة، مقدمة الى كلية اداب واللغات، جامعة تلمسان، الجزائر، ٢٠١٣.،ص٦٠.

[٣] الفهرست: م. س، ص ٣٧٥.

[٤] الحموي: معجم الأدباء أو إرشاد الأريب إلى معرفة الأديب، ج٤، ص١٦٣١.

[٥] عبد الحافظ، احمد: ايام الرشيد (قصة العصر الذهبي للحضارة الاسلامية)، دار البشير، القاهرة، ٢٠١٥، ص٢٠٧.

[٦] الرباصي، مفتاح يونس: المؤسسات التعليمية في عصر العباسي الاول، ط١، القاهرة، ٢٠١٠، ص١٠٤.

[٧] الحبيبي: م. س، ص٨٥٢.

هەندێك لە سەرچاوەكان دامەزراندنی (بيت الحكمة) دەگەڕێننەوە بۆ (المأمون) و ئەو بەدامەزرێنەری دادەنێن[1]، پێدەچێت هۆی ئەمەش ئەوە بێت، لەگەڵ ئەوەی كە (هارون) دایمەزراندووە، بەلاّم (المأمون) گرنگی پێداوە و پەرەی پێداوە[2]. هەر ئەوەی جەخت لەمە دەكاتەوە ئەوەیە پێشتر پێی گوتراوە (خزانة الحكمة) كە ئەمە تەنها جێگەی هەڵگرتنی كتێب بووە و تەنها كتێبخانە بووە، بەلاّم ئەم دەزگایە لەسەردەمی (المأمون)دا ناوی خانەی حیكمەت بووە، گەنجینەی كتێبیش بەشێك بووە لە (بيت الحكمة)[3].

ئەوەی تێبینی دەكرێت لەو زانیارییانەی لەسەرچاوە جیاوازەكاندا هێنامانن، ئەوەیە پێدەچێت هەر لەسەردەمی (المنصور)ەوە گەنجینەی كتێب هەبوو بێت وەك بەشێك لە گەنجینەكانی كۆشكی خیلافە، بەلاّم لەسەردەمی (هارون)دا زیاتر گەشەی كردووە و كەسانی تایبەت كاریان تێداكردووە، لەگەڵ ئەوەشدا لەم سەردەمەشدا (بيت الحكمة) بەو شێوەی ئێمە لە پێشتردا پێناسەمانكرد، وەك دەزگایەكی تەواو شێوەی خۆی وەرنەگرتبوو. دواتر لەسەردەمی (المأمون)دا زۆرتر گرنگی پێدراوە و زانایان و وەرگێڕەكان و ئەو كەسانەش كە كاری نووسینەوە و چاپكردنی كتێبەكانیان ئەنجام داوە لەم دەزگایەدا كاریان كردووە. لەوانەیە ئەمەش هۆی ئەوە بێت كە (المأمون) بەدامەزرێنەری (بيت الحكمة) دادەنرێت وەك دەزگایەكی تەواوی فرە ئەرك.

**تەوەرەی سێیەم: پێكهاتەی (بيت الحكمه):**

لە سەرەتادا و لەسەردەمی (هارون الرشيد) (بيت الحكمة) بەشێك بووە لە كۆشكی خیلافە، دواتر (المأمون) باڵەخانەی تایبەت بەخۆی بۆ داناوە[4] و بۆتە دامەزراوەیەك باڵەخانەیەكی مەزنی تایبەت بەخۆی هەبووە و پێكهاتبوو لە چەند هۆڵ و ژووری گەورە. ئەمانەش دابەش بووبوو بەسەر بەشە جیاوازەكاندا، لە ناویشیدا چەند گەنجینەیەكی كتێبی تێدابووە، كە كتێبی زانستە جۆراو جۆرەكانی لەخۆ گرتبوو[5]. لەمەوە ئەوەش ڕوون دەبێتەوە (بيت الحكمە) دامەزراوەیەك بووە و ئەركی جیاوازی هەبووە، هەربۆیە كەسانی جیاواز كاریان تێداكردووە بۆ نمونە: "نووسەرەكان و وەرگێڕەكان و ڕاڤەكارەكان و ئەستێرەناسان و بەرگتێگرەكان و نووسەرەوەكان(نساخ)... هتد"[6]، بوونی ئەم دەستە جیاوازانە ئەوە دەردەخات، كە دەزگایەكی فرە ڕەهەند و ڕۆشنبیری بووە، تەنانەت دەزگای چاپكردنیش بووە بە واتای ئەم سەردەمە، چونكە نووسەرەوەكان و بەرگتێگرەكان ئەو ڕۆڵەشیان بینیوە.

---

[1] كوربان، هنري: تاريخ الفلسفة الاسلامية، تر: نصير مروة و حسن قبيسي، ط٢، عويدات، بيروت، ١٩٩٨، ص٥٧.

[2] الطويل: في تراثنا العربي الاسلامي، ص٧٠.

[3] قنواتي: م. س، ص١٠٣.

[4] الاعظمي: م. س، ص١٣٢.

[5] اسماعيل: م. س، ص٥٥.

[6] الدخيل: م.س، ص١٢١.

کەسانێکی زۆر و ناودار کاریان لە (بیت الحکمة)دا کردووە، لێرەدا ناوی هەندێکیان دەنووسین:

١.(سهل بن هارون) ٢.(یوحنا بن ماسویه) ٣.(ابو سهل فضل ابن نوبخت) ٤.(حنین بن اسحاق) ٥.(یحیی بن بطریق) ٦.(متی بن یونس) ٧.(سلم صاحب بیت الحکمة) ٨.(ثابت بن قرة) ٩.(یحیي بن عدي) ١٠.(الکندي) ١١.(بنو شاکر المنجم) ١٢.(اسحاق بن حنین)...هتد[1] تێبینی ئەوە دەکەین زۆربەی وەرگێڕە بەناوبانگەکان لە (بیت الحکمة)دا کاریان کردووە وەك لە لیستی ناوەکانەوە دەردەکەوێت، ئەمەش ڕۆڵی گرنگی وەرگێڕەکان دەردەخات لە ئەم دەزگایەدا و ئەو بۆچوونەش بەهێز دەکات کە (بیت الحکمة) دەبەستێتەوە بە وەرگێڕانەوە.

**تەوەرەی چوارەم: کاریگەری وەرگێڕانی فەلسەفە لەسەر (بیت الحکمة):**

سەرەتای دەستپێکی وەرگێڕان و وەرگێڕانی فەلسەفە ڕۆڵی هەبووە لە دامەزراندن و گەشەکردنی (بیت الحکمة)دا، بەهۆی گرنگی پێدانی موسڵمانەکان بە وەرگێڕانی کتێب و دانانی کتێب و گەشەکردنی زانستە جۆربەجۆرەکان، کە ئەمانە بەڕێژەیەکی بەرچاو لەژێر کاریگەری وەرگێڕان بە گشتی و وەرگێڕانی فەلسەفەدا بووە. هەروەها پیشەسازی کاغەز و زیادبوونی نووسینەوەی کتێبەکان کە وەك چاپکردن وابووە بۆ ئەو سەردەمە[2]، ئەمانە هەموویان بوونە هۆی زیادبوونی کتێب لەم شارستانیەتە تازەیەدا بەجۆرێکی سەرسوڕهێنەر، کە پێویستی بە گەنجینەی کتێب و کتێبخانەکان هەبووە بۆ پاراستنیان لە قۆناغەکانی سەرەتادا. دواتریش پێویستی بە شێوێنێك هەبووە وەرگێڕ و نووسەر و زانایان و تەنانەت نووسەرەوە و بەرگتێگرەکان تیایدا کۆببنەوە[3]. بۆیە دامەزراندنی دەزگای وەك (گەنجینەکانی کتێب) و دواتریش (بیت الحکمة) بوونە پێویستییەك، ئەمەش دەرخەری کاریگەری بزاڤ وەرگێڕان و وەرگێڕانی فەلسەفەیە لە گەشەکردنی (بیت الحکمة)دا.

لەسەردەمی خەلیفە (المأمون)دا ژمارەی کتێب زۆر زیادی کرد، (المأمون) تەنها سوور نەبوو لەسەر گوێزانەوە و هێنانی کتێبی یۆنانی بەڵکو داوای لە (یحیی بن بطریق) کرد کە کتێبی لاتینی بێنێت بۆ بەغداد[4].

**تەوەرەی پێنجەم: ڕۆڵی (بیت الحکمة) لە گەشەپێدانی وەرگێڕانی فەلسەفەدا**

---

[1] متروي: م. س، ص٣٢٦؛ حبیبي: م. س، ص٨٥٢؛ الطویل: في تراثنا العربي الاسلامي، ص٧٠؛ الاعسم: من تاریخ الفلسفة العربیة الاسلامیة في الاسلام، ص٢٤؛ الاعظمي: م. س، ص١٣٣.

[2] بۆزیاتر زانیاری لەسەر ئەم بابەتە دەڕوانرێتە تەوەرەی چوارەم لە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە.

[3] الکرد علي: م. س، ج٦، ص١٨٥؛ الدخیل: م. س، ص١٢١؛ قاشا: م. س، ص٨٤.

[4] الدخیل: م. س، ص١٢١.

ئەگەرچی ئێمە ئاماژەمان بەوە کرد، کە بزاڤ وەرگێڕان و وەرگێڕانی فەلسەفە ڕۆڵیان هەبووە لە دامەزراندن و گەشەپێدانی (بیت الحكمة)دا، بەڵام دواتر ئەم دەزگایە بووە هۆکار و پاڵنەرێك بۆ گەشەسەندنی وەرگێڕانی فەلسەفە.

لەگەڵ ئەوەی (بیت الحكمة) دەزگایەکی گشتگیر بووە و فرە ئەرك بووە، بەتایبەتی لەسەردەمی خەلیفە (المأمون)ەوە، تیایدا گرنگی بە زۆربەی زانستەکان دراوە، لە هەر زانستێکدا کۆمەڵە زانای تایبەت بە خۆی و سەرۆکی خۆی و وەرگێڕی تایبەت بەخۆی هەبووە[1]، بەڵام لە ناوەکەیەوە گرنگی زاڵبوونی مۆرکی فەلسەفی بەسەر (بیت الحكمة) دەردەکەوێت، کە شوێنێکە گرنگی بە حیکمەت و دانایی دەدات. سەرەڕای ئەوەی کە زاراوەی (الحكمة) تا ئاستێك بەرفراوانە و بۆ مەبەستی جیاواز بەکار هاتووە، بەڵام لەو سەردەمەدا زیاتر بەمانای فەلسەفە بەکارهاتووە، بەڵگەشمان بۆ ئەمە ئەوەیە کە هەردوو فەیلسوفی بەناوبانگ (الكندي) و (فارابي) (الحكمة) یان بە مانای فەلسەفە یان هاوواتای فەلسەفە بەکار هێناوە[2].

(المأمون) زۆر گرنگی بە وەرگێڕان داوە و خۆشەویستی زۆری هەبووە بۆ فەلسەفە، بۆیە خانەیەکی بە ناوی خانەی حیکمەتەوە(بیت الحكمة) بۆ داناوە، سەرۆکێکی بۆ دانا کە بەسەرۆکی وەرگێڕەکانیش ناسرا، کەسانی تایبەتی نارد تا کتێبی بۆ پەیدا بکەن، پاشان وەرگێڕەکانی بۆ هەڵبژارد[3]. وەرگێڕی وەك (یوحنا بن ماسویه) و وەرگێڕی فارسی (ابن نوبخت)ی تێدابووە، وەرگێڕەکان سەرۆك و یاریدەدەریان هەبووە، نووسەرەوە (نساخ) و بەرگتێکگریشیان تێدابووە[4]. تێبینی ئەوە دەکەین لەسەردەمی (المأمون)ەوە ناوی (بیت الحكمة) پەیوەست بووە بە وەرگێڕانی فەلسەفەوە، بەتایبەتی کە (المأمون) خۆی زۆرگرنگی داوە بە فەلسەفە و پرسە فەلسەفییەکان، جگە لەوەی ئەو کەسانەی دایناون لە (بیت الحكمة)دا جا وەك ئەندام یان وەك سەرۆك بوو بێت، زۆربەیان وەرگێڕ بوون و بە تایبەتیش وەرگێڕی بواری فەلسەفە بوون.

گرنگیدانی (المأمون) بە کتێب و فەلسەفە و زانست، لە ئاستێکدا بووە بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی (بیت الحكمة)، سوودی لەو پەیوەندییە وەرگرتبوو، کە هەیبووە لەگەڵ پاشای ڕۆم و داوای کردووە گەنجینەی کتێبەکانی خۆیانی پێبدەن، (ابن النديم) بەم جۆرە بۆمان باس دەکات: "(المأمون) پەیوەندی و نامە گۆڕینەوەی هەبووە لەگەڵ پاشای ڕۆم، (المأمون) زاڵ بووبوو بەسەریدا، نامەی نووسی بۆ پاشای ڕۆم

---

(1) اسماعيل: م. س، ص٥٧.

(2) الكندي، ابو اسحاق: رسالة في حدود الاشياء ورسومها(من رسائل الكندي)، تع: محمود بن جماعة، ط١، دار محمد علي للنشر، تونس، ٢٠٠٦، ص١٤٣؛ فارابی: شاری فازیله، ل٤٢.

(3) قاشا: م. س، ص٨٤.

(4) الطويل: في تراثنا العربي الاسلامي، ص٧٠؛ الحسيني: م. س، ص٧٤.

داوای لێدەکرد ڕێگەبدات بە دەرهێنانی هەڵبژاردەی زانستە دێرینە هەڵگیراوەکان لە وڵاتی ڕۆم، ئەویش دوای ماوەیەك لە ڕێگری وەڵامی دایەوە و ڕێگای پێدا"[1].

(المأمون) ڕۆژێکی لە هەفتەدا دیاریکردبوو، تیایدا وەرگێڕەکان لەگەڵ زانایانی زماندا کۆدەبوونەوە، ئەوانیش کارەکانیان سەیر دەکردن و دەیانخوێندنەوە و بۆیان ڕاست دەکردنەوە و دانیان پێدا دەنا[2]. ئەم کارەی وەرگێڕەکان و زمانزانەکان دوو شتمان بۆ دەردەخات کە جێگەی بایەخن: یەکەم: وەرگێڕان بەشێوەیەکی دامەزراوەیی ئەنجامدراوە لە زانستگەیەکدا کە (بیت الحكمة) بووە. دووەم: بایەخدان بە وەرگێڕان بەشێوەیەکی زانستی و لەژێر چاودێری پسپۆڕانی زماندا و کارکردنی بەکۆمەڵدا بووە، کە ئەمەش بەهای زانستیی وەرگێڕانی لەو سەردەمەدا زیاد کردبوو.

یەکێك لەو کەسانەی کە سەرۆکایەتی (بیت الحكمة)ی پێ سپێردراوە (یوحنا بن ماسویە) بووە، سەردەمێك سەرۆکی (بیت الحكمة) بووە[3]. یەکێك بووە لەو پزیشك و زانایانەی لەسەردەمی (هارون الرشید) (١٧٠-١٩٣ك/ ٧٨٦-٨٠٨ز) هاتۆتە بەغداد و (هارون) کردی بە سەرۆکی (بیت الحكمة)[4]. لەسەردەمی (المأمون)یش ماوەیەك سەرۆکی (بیت الحكمة) بووە، پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوەی بۆ وەرگێڕانەکان کردووە و سەرپەرشتیاری کردوون. بەم شێوەیە ئەم دەزگایە پشکدار بووە لە وەرگێڕانی کتێب لە زانستە جیاوازەکان و لە زمانە جیاوازەکانەوە بۆ زمانی عەرەبی، هەرکتێبێکیش وەربگێڕدرایا دانەیەکی لە (بیت الحكمة)دا لێ دادەنرا[5].

(حنين بن اسحاق)یش یەکێك بووە لەو وەرگێڕە بەناوبانگانەی کە لە (بیت الحكمة)دا کاری کردووە، کاتێك دەستی کردووە بە وەرگێڕان تەمەنی نەگەیشتبووە حەڤدەساڵ، وەرگێڕانی بۆ (المأمون) و (المعتصم ) و (واثق) و (المتوكل) کردووە[6]. جگە لە خەلیفە (المأمون)، ئەو کەسەی وەرچەرخانی ئەنجامدا لە مێژووی (بیت الحكمة)دا (حنين بن اسحاق) بوو. ئەوپەڕی گرنگی دەدا بە فەلسەفە و لۆژیك، خۆی و قوتابییەکانی خواستێکی زۆریان هەبوو بۆ بەردەوام بوون لەسەر وەرگێڕانی فەلسەفە و لۆژیك[7]. بە بوونی ئەم وەرگێڕانە و ڕۆڵ بینینیان لە (بیت الحكمة)دا، کۆمەڵێك کتێبی گرنگ لە بوارە جیاوازەکان لە

---

[1] الفهرست: م. س، ص ٣٣٥.

[2] حبش، محمد: المسلمون وعلوم الحضارة، ط١، دار المعرفة، دمشق، ١٩٩٢، ص٢١.

[3] متروي: م. س، ج٩/ ص٣٢٦.

[4] الشمالي: م. س، ص١٥١.

[5] الدخيل، م. س، ص١٢١.

[6] ابو ريان: م. س، ص٩٩.

[7] الاعسم: من تاريخ الفلسفة العربية في الاسلام، ص٢٤.

زانستەکانی یۆنان و هیند و گەلانی تر وەرگێڕدران لەو زمانە ڕەسەنانەوە کە ئەو زانستانەیان پێ نووسرابوو بۆ زمانی عەرەبی، گرنگترینی ئەو زانستانەش بیرکاری و پزیشکی و گەردوون بوون، لە سەروو هەموشییانەوە فەلسەفە[1]. ئەمەش گرنگی ئەم دامەزراوەیە پیشان دەدات لە گەشەپێدانی وەرگێڕان بە گشتی و وەرگێڕانی فەلسەفەدا بە تایبەتی، کە وەك مۆرکێکی ناسینەوەی ئەم دەزگایە بووە. لەمەشدا خواستی (المأمون) ڕۆڵی هەبووە لە ئاراستەکردنی ئەم دەزگایەدا، چونکە ئەو گرنگیدانێکی تایبەتی هەبووە بە فەلسەفە.

لەسەردەمی (المأمون)دا بەشی جیاواز هەبووە لە (بیت الحكمة)دا، کە هەربەشێك لەلایەن کەسێکەوە سەرپەرشتی کراوە، (قسطا بن لوقا) سەرپەرشتی وەرگێڕانی کردووە لە زمانەکانی سریانی و کلدانی و یۆنانییەوە. (یحیی بن هارون) سەرپەرشتی وەرگێڕانی کردووە لە زمانی فارسییەوە، (ابو جعفر بن موسی الخوارزمی) یەکلا بووبووەوە بۆ گەنجینەی کتێب، کە لە زانایانی زانستی (هیئة) بووە و دانراوی هەبووە لەبارەی (جبر والمقابلة) و یەکێك بووە لە زانایانی بیرکاری کە خزمەتی (بیت الحكمة)ی کردووە[2].

چالاکی (بیت الحكمة) لەسەردەمەکانی دواتریشدا هەر بەردەوام بووە، لەسەردەمی خەلیفە (المتوکل) (٢٣٢- ٢٤٧ك/٨٤٧-٨٦٢ز) بزاڤی ڕۆشنبیری جوڵەی هەبووە و (المتوکل) هەستاوە بە نوێکردنەوەی (بیت الحكمة)، کە پێشتر وەك قوتابخانەیەك بووە بۆ وەرگێڕان[3].

لە کۆتایی ئەم باسەماندا چەند سەرنجێك دەخەینە ڕوو:

-(بیت الحكمة) لەسەردەمی خیلافەی عەباسییدا دروست بووە، پێدەچێت سەرەتاکەی بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خەلیفە (المنصور) کە لەو سەردەمەدا تەنها لە شێوەی گەنجینەی کتێبدا بوو بێت، دواتر لەسەردەمی خەلیفە (هارون)دا وەك دەزگایەك بناغەکەی دانراوە، هەربۆیە زۆربەی مێژوونووسان ئەو بە دامەزرێنەری دەزانن، لەسەردەمی (المأمون)یشدا بەتەواوی گەشەی کردووە و بۆتە دەزگایەکی گرنگ کە ڕۆڵی هەبوو لە وەرگێڕان بەگشتی و وەرگێڕانی فەلسەفەدا بەتایبەتی.

---

[1] حسن، صاحل عبد و محاسن علي حسين: الترجمة دورها في الهنضة الاوربية من خلال كتاب تراث الاسلام (توماس أ رنولد وجوزيف شاخت)، مجلة اداب الفراهيدي، العدد ١٨، كانون الثاني، سنة ٢٠١٤، ص٢٥٨.

[2] اسماعيل: م. س، ص٥٧.

[3] مايرهوف، ماكس: من الاسكندرية الى البغداد، تر: عبدالرحمن بدوي، من كتاب التراث اليوناني في الحضارة الاسلامية، ط٢، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٤٦، ص٥٨.

–(بيت الحكمة) ڕۆڵێكی دوو لایەنەی بینیووە، لە سەرەتادا بزاڤی وەرگێڕان كارتێكەر بووە بۆ دامەزراندنی و گەشەكردنی، دواتریش كە (بيت الحكمة) بۆتە دەزگایەكی پێگەیشتوو، ڕۆڵی هەبووە لە گەشەپێدانی وەرگێڕان و بەشێكی بۆتە خانەیەك بۆ وەرگێران و وەرگێڕانی فەلسەفە.

–زۆرێك لە وەرگێڕە بەناوبانگەكانی بواری فەلسەفە، لەم دەزگایەدا كاری وەرگێڕانیان كردووە و سەرپەرشتی وەرگێڕەكان و پرۆسەی وەرگێڕانیان كردووە.

## باسی سێیەم: کاریگەری وەرگێڕانی فەلسەفە لەسەر دروستبوون و گەشەکردنی زمانی فەلسەفە

یەکێك لەو لایەنە گرنگانەی وەرگێڕانی فەلسەفە کاریگەری لەسەر داناوە لە شارستانییەتی ئیسلامییدا زمانە بەگشتی و زمانی فەلسەفییە بەتایبەتی. بە شێوەیەکی گشتی وەرگێڕان کاریگەری دادەنێت لەسەر ئەو زمانەی کە وەرگێڕانی بۆ دەکرێت، بەتایبەتی ئەگەر ئەو بابەتەی وەردەگێڕدرێت بابەتێکی نوێ بێت بۆ ئەو زمانەی وەرگێڕانی بۆ دەکرێت. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ئەو بابەتە نوێیە داخوازی کۆمەڵە دەربڕینێکی تایبەت بە خۆیەتی، بۆیە لەمکاتەدا بە ناچاری وشەی نوێ درووست دەبێت لەو زمانەدا کە وەرگێڕانی بۆ دەکرێت. هاتنەناوەوەی فەلسەفەش بۆ ناو شارستانییەتی ئیسلامی لەو بابەتە نوێیانە بووە کە هاتونەتە ناو ئەم شارستانییەتە[1]، هەربۆیە شتێکی ئاسایی بووە بەهۆی وەرگێڕانی فەلسەفەوە بۆ زمانی عەرەبی زاراوە و وشەی نوێ بێتە ناو ئەم زمانەوە، کە زمانی نووسین بووە لەم شارستانییەتەدا، ئەمەش وایکردووە بە پێی تێپەڕینی کات و بەرەو پێشچوونی وەرگێڕانی فەلسەفە، شێوازێکی تایبەت بۆ دەربڕینی وشە فەلسەفییەکان بێتە کایەوە. سەرئەنجام ئەم شێوازە جێگیر ببێت و شێوازی وەرگێڕانە فەلسەفییەکان و نووسینە فەلسەفییەکان جیاواز بێت لە شێوازەکانی تری نووسین لە زمانی عەرەبیدا.

شتێکی زانراوە زمان لەسەرەتای چالاکییدا و لە دۆخی سانایییدا لە کۆمەڵە وشە و بێژەیەك پێکهاتووە، ئەوەش بەسە بۆ قسەکەرانی ئەو زمانە لەبەر سانایی پێویستییەکانیان، هەرکاتێك بارودۆخیان گەشەی کرد و پێویستییان بە وشەی نوێ هەبوو بە واتاگەلێك گوزارشتی لێدەکەن، کە پیشتر لە زمانەکەیاندا بەکارنەهاتووە. هەر لە وشەکانی خودی ئەو زمانەی قسەی پێدەکەن زاراوەی نوێ دادەتاشن و وشەی نوێی لێ پێکدێنن[2]. ئەمەش بەسەر سەرەتای هاتنەناوەوەی فەلسەفە بۆ شارستانییەتی ئیسلامییدا جێبەجێ دەبێت، ئەگەرچی پێشتر لەم شارستانییەتەدا زمانی نووسین هەبووە و لە ئاستێکی زۆر سەرەتاییدا نەبووە، بەلاّم سەبارەت بە فەلسەفە نوێ بووە، تازە هاتبووە ناو ئەو زمانەوە، بۆیە ناچار بوون بۆ وەلاّمدانەوەی ئەو پێویستییە هەنوکەییە گوزارشتگەلێك و زاراوەگەلێك دابتاشن و دابهێنن، کە گوزارشت لەم مەعریفە نوێیە بکات.

زمانی عەرەبی پێش ئیسلام زیاتر دەوڵەمەند بووە بە گوزارشتە سۆزدارییەکان وەك (سەرکەوتن و ئازایەتی و بەخشندەیی و...هتد)، لە واتا پوخت و زانستییەکاندا هەژار بووە، بەلاّم لە دوای بزاڤ وەرگێڕان بارودۆخەکە پێچەوانە بۆتەوە یان هاوسەنگ بووە و ڕاست بۆتەوە. وەرگێڕان ئەوەی بەخشی بە زمانی

---

[1] بۆ زانیاری لەسەر ئەم بابەتە دەتوانرێت بڕوانرێتە باسی یەکەم لە بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیە.

[2] زيدان، جرجي: الفلسفة اللغوية و الالفاظ العربية، تاريخ اللغة العربية، دار الحداثة، بيروت، ١٩٨٧، ص١١٧.

عەرەبی کە ئەو وشە دێرینانە بۆ واتا پوخت و زانستییەکان بەکاربهێنرێت، لەمەشدا توانا و ئامادەیی زمانی عەرەبی هەر لە داتاشین و گۆڕین(تصریف) و ...هتد بۆ هەڵگرتنی ئەو واتا پوختانە ڕۆڵی هەبووە لەم گەشەکردنەدا[1].

دروستبوونی زمانی فەلسەفی لە دەستپێکی وەرگێڕانەوە مامەڵەی لەگەڵ زاراوە یۆنانییەکان کردووە، کە لە ڕێگای وەرگێڕان و نووسینەوە، ئەو بێژانەی واتای فەلسەفی دەگەێنن پێکهاتوون و دروستبوون، وەرگێڕانەکان وەك لە کارەکانی (حنین بن اسحاق)دا دەردەکەوێت، نووسینیش وەك لە کارەکانی (الکندي)دا دەردەکەوێت. بە شێوەیەکی سەرەکیش سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی یۆنانی، بە تایبەتیش ئەفلاتون و ئەرستۆ، کاری وەرگێڕ و نووسەرەکانیش وەرگێڕانی زاراوە فەلسەفییەکان ڕوون دەکاتەوە[2]. بە پلەی یەکەم و بە شێوەیەکی گشتی کاریگەری زمانی یۆنانی لەسەر زمانی عەرەبی دەرکەوتووە، وشەی فارسیش زۆر هاتۆتە ناو زمانی عەرەبییەوە، بەڵام لە بواری فەلسەفەدا کاریگەری فارسی کەمتر بووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر بوونی هەبووە، بۆنمونە وشەی (جوهر)[3] کە بنەڕەتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زمانی فارسی و لە وشەی (گوهر)ی فارسییەوە هاتووە کە ماددەیەکی بە نرخە[4]، لە زمانی عەرەبییدا مانایەکی فەلسەفی وەرگرتووە و لە فەلسەفەی ئیسلامییدا جێگەی خۆی گرتووە کە بەمانای (ماهیة) بەکار دەهێنرێت[5].

ئەوانەی لە بواری فەلسەفەدا وەرگێڕانیانکردووە یان نووسیویانە، چەند شێواز و گوزارشتێکیان بەکارهێناوە کە پێشتر بەکار نەهاتووە یان کەم بەکار هاتووە:

١.زۆر بەکارهێنانی ( الفعل المبني المجهول).

٢.زۆر بەکارهێنانی ڕاناوی غائیبی(هو) لە نێوان (المبتدأ) و (الخبر)، کە دەکرێت بێنیاز بین لێی.

٣.دانانی ئەلیف و نون پێش (یاء المتکلم) لەسەر هەندێك (صفات) وەك (روح= روحاني، نفس= نفساني) ئەمەش لەزمانە ئارییەکاندا هەیە و لە عەرەبیدا بەکارهێنانی بە باش نازانرێ.

٤.ئاوێتەکردنی وشە لەگەڵ (لا النافیة)دا و خستنەسەری (ال التعریف) وەك (الانهائیة، الادریة، الاضرورة، الامتناهي...هتد).

---

[1] مرحبا: م.س، ج١/ص٣٣٤.

[2] الاعسم، عبدالامیر: المصطلح الفلسفي عند العرب، ط٢، الهیئة العامة للکتاب، القاهرة، ١٩٨٩، ص٣٧.

[3] الجوالیقي، ابي منصور موهوب: المعرب من الکلام الاعجمي علی الحروف المعجم، تح: خلیل عمران المنصور، ط١، دار الکتب العلمیة، بیروت، ١٩٩٦، ص٥٣.

[4] انوري، حسن: فرهنگ کوچك سخن، چ١، کتاب انتشارات سخن، تهران، ١٣٨٣هـ.ق، ص٣٤١.

[5] الفارابي، ابو نصر: کتاب الحروف، تح: محسن مهدي، ط٣، دار المشرق، بیروت، ص ٩٧، ١٠٠.

٥.دارشتنی یان پێکهێنانی ناو له (حرف) یان له (ضمیر) وەك: (اللمعیة، الكیفیة، الكمیة...هتد)[١].

له دوای دەستپێکردنی وەرگێڕانی فەلسەفە بۆ زمانی عەرەبی دوو جۆر زاراوەی فەلسەفی پەیدا بوون:

١.زاراوه و بێژه داهێنراوەکان، ئەمانه لەلایەن کەسانی تایبەتمەندەوه داهێنراون واتا فەیلەسوفه دێرینەکان دایانهێناون له زانستی لۆژیك و فەلسەفەدا، فەیلەسوفانی دواتر گەشەیان پێداون، به جۆرێك واتاکەی له بێژه فەلسەفی و لۆژیکییەکان نزیك ببێتەوه، وەك زاراوەی (منطق). لەمەشدا وەرگێڕانی فەلسەفه بۆ زمانی عەرەبی کاریگەری لەسەر گەشەکردن و دروستبوونی زمانی فەلسەفه هەبووه[٢]. هۆی ئەمەش ئەوه بووه وەرگێڕەکان ناچار بوون زمانی عەرەبی فراوان بکەن و زاراوەی نوێ دابتاشن تاوەکو توانای هەڵگرتنی مانا فەلسەفییەکانیان هەبێت، بۆ ئەمەش هەر له خودی زمانی عەرەبیدا وشەگەلێکی فەلسەفییان داتاشیووه، که پێشتر بەو شێوازه بەکار نەهاتوون وەك :( کیفیة، کمیة، ماهیة، بدیهیات، حدسیات، قیاس...هتد[٣]. ئەم زاراوانەش بۆیه به داهێنان دادەنرێن، چونکه به زمانی عەرەبی دارێژراون و وەرگێڕەکان و نووسەرەکان لەبەرامبەر زاراوه یۆنانییەکەدا واتایەکی عەرەبییان بۆ دۆزیوەتەوه یان دایان تاشیووه.

٢.زاراوه بەعەرەبی کراوەکان، ئەم زاراوانه داهێنراو نین، چونکه وەرنەگێڕدراون، بەڵکو له زمانه بێگانەکان وەرگیراون و به عەرەبی کراون، بەتایبەتیش له زمانی یۆنانییەوه وەرگیراون، بەو مانایه بەکارهێنراون که له بنەڕەتدا به زمانه ڕەسەنەکەی لەسەری بوون[٤]. له سەرەتاکانی وەرگێڕانی فەلسەفەدا بۆ زمانی عەرەبی، پێویستییان به وەرگرتنی زاراوەی نا عەرەبی هەبووه، بۆ جۆراوجۆرکردنی واتا عەرەبییەکان و دەوڵەمەندکردنیان[٥]. واتا لەسەرەتادا لەکاتی وەرگێڕاندا ناچار بوون هەندێك له زاراوه بیانییەکان وەك خۆی دابنێنەوه، چونکه نەیان توانیووه زاراوەیەکی پڕاوپڕ بۆ هەندێك له وشەکان دابنێن وەك وشەی (فلسفة، اسطقس، انالوطیقا، هیولي)[٦]. ئەم وشانه وەك ئەوەی له بنەڕەته یۆنانییەکاندا هەبوون دانراونەتەوه و به شێوازی گۆکردنی عەرەبی و ڕێنووسی عەرەبی نووسراون و پاشان شوێنی خۆیان گرتووه له زمانی عەرەبیدا.

ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر زمانی عەرەبیدا هاتووه، بەهۆی وەرگێڕانی کتێبه زانستی و فەلسەفییەکانەوه دوو بەشن:

---

[١] زیدان، جرجي: تأریخ اداب العربیة، (د. م. ط)، ٢٠١٣، ص٤٢٠.
[٢] الاعسم: المصطلح الفلسفي عند العرب، ص٥١.
[٣] قاشا: م. س، ص٩٠.
[٤] الاعسم: المصطلح الفلسفي عند العرب، ص٥١.
[٥] زیدان: الفلسفة اللوغویة و الالفاظ العربیة، ص٢٤٣.
[٦] مرحبا: م. س، ج١/ ص٣٣٤.

١.يەكێكيان گۆڕانكاری لە وشەكاندا ڕوویداوە، ئەوەی كە لە وشەو بێژەكاندا ڕوویداوە، یان بە جۆراوجۆری بێژە عەرەبییەكان بووە، یان بەوەرگرتنی بێژەی نا عەرەبی بووە.

٢.دووەمیان لە پێكهاتەی وشە و زاراوەكاندا گۆڕانكاری ڕوویداوە[1]، ئەمەش بریتی بووە لەوەی كە پێشتر بەو شێوە پێكهاتەیە ئەو وشە و زاراوانە بەكارنەهاتوون، وەك: (لامتناهي، تجوهر...هتد).

كاریگەری فەلسەفە و لۆژیكی یۆنانی بەجۆرێك بووە و تا ئاستێك قوڵ بووە، هەندێك پێیانوایە كاریگەری لەسەر (نحو)ی عەرەبیش داناوە[2]، (فارابی) گرنگی بە پەیوەندی نێوان لۆژیك و (نحو)داوە لە هەندێك لە كتێبەكانییدا، ئەمەش پرسێكە، كە بیریارانی پێش فارابی گرنگییان پێنەداوە و بەو قوڵییە لێیان نەڕوانیووە[3]. كاریگەری وەرگێڕانی فەلسەفە و لۆژیك لەسەر زمانی عەرەبی بەجۆرێك بووە، وشە و زاراوە و پێكهاتەی ڕستە و تەنانەت واتا و هزریشی گرتبۆوە[4]، ئەمەش ئەو گۆڕانكارییە گەورەیەمان بۆ دەردەخات كە لە زمانی عەرەبیدا ڕوویداوە لە دوای گەشەسەندنی بزاڤ وەرگێڕان و وەرگێڕانی فەلسەفە.

### گرنگی دان بە زاراوە فەلسەفییەكان

ئەو وەرگێڕانانەی كە زۆرێك لە وەرگێڕەكان پێی هەستاون لە وەرگێڕانی دەقە فەلسەفییەكاندا، ڕۆڵی هەبووە لە دروستبوونی فەرهەنگی زاراوە فەلسەفییەكان و شێوازی دەربڕینی فەلسەفەدا، چونكە وەرگێڕانی ئەو دەقانە ناچاری كردوون لە بەرامبەر ئەو زاراوە فەلسەفییانەدا هاوواتاكەی لە عەرەبیدا بدۆزنەوە، یان زاراوەكە بە ڕێنووسی عەرەبی دابنێنەوە بە كەمێك گۆڕانكاری لە نووسین و دەنگی وشەكەدا. بۆ نمونە ئەگەر بڕوانینە كتێبە دانراو و وەرگێڕدراوەكانی (حنین بن اسحاق) و (قسطا بن لوق) ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت، كە وەرگێڕەكان ڕۆڵیان هەبووە لە دروستبوونی زاراوە فەلسەفییەكان و شێوازی نووسینی فەلسەفە لە زمانی عەرەبیدا. (حنین) هەردوو جۆر زاراوە فەلسەفییەكانی بەكارهێناوە، زاراوە بیانییەكانی بە ڕێنووسی عەرەبی نووسیوەتەوە و بەكاریهێناون، یان زاراوە فەلسەفییەكانی وەرگێڕاوە و بە وەرگێڕدراوی بەكاریهێناون. نمونەی ئەو زاراوانەی بە زمانی بێگانە بەكاریهێناون وەك: (اسطقس و انالوطیقا و ارمینایاس و فلسفة و قاطیغوریاس...هتد)، نمونەی زاراوە وەرگێڕدراوەكانیش وەك: (برهان و قیاس و العبارة و منطق و كون فساد..هتد )[5]. سەبارەت بە (قسطا بن لوق)ش نمونەی چەند زاراوەیەك وەردەگرین

---

[1] زیدان: الفلسفة اللوغوية و الالفاظ العربية، ص ٢٤٣.

[2] حاج يعقوب، صالحة: موقف النحات من فلسفة النحو العربي، مجلة الضاد، ابريل، ماليزيا، ٢٠١١، ص١٢٣.

[3] مهدي، محسن: مقدمة كتاب الحروف للفارابي، ص٤٦.

[4] مرحبا: م. س، ج١/ ص ٣٣٤.

[5] السامرائي: عامر رشيد و عبدالحميد العلوجي: اثار حنين بن اسحاق، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٤، صص٥٩، ٦٩، ٧٢، ٧٤، ١٠٤، ١١٥، ١٢٩، ١٦٣، ١٦٦.

له یەکێك لە کتێبە دانراوەکانییەوە، (فلاسفة و روية و فنطاسيا و جوهر و بسيط و مركب ...هتد)[1]، ئەگەر وەرگێڕەکانی تریش وەربگرین بەهەمان شێوە ئەم ڕۆڵەیان بینیووە و بەشداربوون لە دروستکردنی فەرهەنگی زاراوە فەلسەفییەکان و زمانی نووسینی فەلسەفەدا.

دوای گەشەکردنی وەرگێڕانی فەلسەفە بەرەو دانانی کتێبی فەلسەفی و دامەزراندنی فەلسەفە و پەیدابوونی فەیلەسوفانی وەك (جابر بن حيان) و (الكندی) و (الفارابي)[2]، زاراوە فەلسەفییەکان زیاتر گەشەی کردووە و بەشێوەیەکی زانستی کار لەسەر زاراوە فەلسەفییەکان کراوە و (جابر بن حيان) و (الكندي) و (الفارابي) وەك نمونە وەردەگرین کە بەوردی کاریان لەسەر زاراوەی فەلسەفی و زمانی فەلسەفی کردووە و بناغەیەکی پتەویان داڕشتووە. بێگومان ئەمانیش سوودیان لە کارکردن و هەوڵەکانی وەرگێڕانی بواری فەلسەفە وەرگرتووە و وەرگێڕەکان بوون بە بناغە بۆ کاری ئەمان.

**تەوەرەی یەکەم: ڕۆڵی (جابر بن حيان) لە گەشەپێدانی زاراوە فەلسەفییەکاندا**

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی (جابر بن حيان) کە لە ساڵی (٢٠٠ك/٨١٥ز مردووە) و بە یەکێك لە زانا و فەیلەسوفە یەکەمەکان دادەنرێت، کە کتێبی لەبارەی زاراوە و زاراوە فەلسەفییەکان نووسیووە[3] بەناوی (كتاب الحدود)ەوە[4]. بۆیە سەرەتا ئاماژە بەهەوڵی ئەو دەدەین لەم کایەیەدا.

ئەگەرچی هەندێك لەوانەی کە ئاراستەی زانستییان هەبووە، وایان پیشانداوە کە (جابر بن حيان) ڕۆڵی فەلسەفی کەم بووە و هەوڵیان داوە دووری بخەنەوە لە هزری فەلسەفی، بەڵام بڵاوبوونەوەی کتێبەکانی (جابر بن حيان) لەلایەن (پ. کراوس)ەوە، ڕۆڵی فەلسەفی ئەم فەیلەسوفەی لە دامەزراندنی هزری فەلسەفییدا زیاتر تۆخکردەوە. بەتایبەتی لە گەشەکردنی زاراوە فەلسەفییەکاندا، ئەمەش بە ڕوونی لە کتێبی (كتاب الحدود)دا بەدی دەکرێت[5]. (ابن النديم) ئاماژە بەوە دەکات ژمارەیەکی زۆر کتێبی نووسیوە، لەناو کتێبەکانیشیدا ژمارەیەکیان کتێبی فەلسەفە و لۆژیك بوون، هەربۆیە بەشێك لە فەیلەسوفان بە فەیلەسوفیان داناوە. هەندێك لە کتێبە فەلسەفییەکانیشی بریتی بوون لە :" الحكمة المصونة، الاسطقس، البرهان، مابعد الطبيعة، مصححات سقراط، مصححات فلاطون، مصححات ارسطاطالس، ميدان العقل، في الفلسفة...هتد"[6].

---

[1] ابن لوقا: م. س، صص٥٠، ٥٣، ٥٩.

[2] مهدی، محسن. س: الفاربي وتأسيس فلسفة الاسلامية، ت: الحاج حسن، دار الفارابي، بيروت، ٢٠٠٩، ص١٨٠.

[3] الوالي، عبدالجليل كاظم: قراءات جديدة في قضايا الفلسفية، ط١، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، ٢٠١٠، ص٥٠؛ فهمي، خالد: مصطلحات التاريخ الاسلامي في العربية، دار البشير، القاهرة، ٢٠١٩، ص٦٦.

[4] ابن حيان، جابر: كتاب الحدود من ضمن(مختار رسائل جابر بن حيان)، تص: پ. كراوس، مكتبة خانجي، القاهرة، ١٣٥٤ هـ، ص٩٧.

[5] الاعسم: مقدمة كتاب المصطلح الفلسفي عند العرب، ص١٤.

[6] الفهرست: صص٤٨٤-٤٨٧.

لێرەدا چەند نمونەیەك لە زاراوە فەلسەفییەکان وەردەگرین کە لە (کتاب الحدود)ی (جابر بن حیان)دا هاتووە، وەك بەڵگەیەك لەسەر ئەوەی کە لە فەیلەسوف و زانا یەکەمەکان بووە فەرهەنگی زاراوەکانی داناوە و لە ناویشیاندا زاراوە فەلسەفییەکانی لێکداوەتەوە:

١.جوڵە (الحركة): بریتییە لە گۆڕانی هیولی(ماددەی سەرەتایی)، لە ڕووی شوێنەوە یان لە ڕووی چۆنێتییەوە[١].

٢.ڕۆح (الروح): شتێکی نییانە، بە ڕێڕەوی وێنە بکەرەکاندا دەڕوات[٢].

٣.عەقڵ (العقل): جەوهەرێکی سانایە توانای وەرگرتنی وێنەی شتە خاوەن وێنە و واتاکانی هەیە، هەروەك چۆن ئاوێنە توانای وەرگرتنی وێنە و شێوە خاوەن ڕەنگەکانی هەیە[٣].

٤.فەلسەفە(الفلسفة):بریتییە لە بوونی زانست بە پرسەکانی سروشت و هۆکارە نزیکەکانی سروشت، لە ڕووی نزیکی و دووری و باڵا و نەوییان لە سروشتەوە[٤].

٥.زانستی نوورانی: بریتییە لە زانست بە حەقیقەتی ئەو نورەی پەخش دەبێت بەسەر هەمووداْ[٥].

ئەگەرچی زاراوەکانی (کتاب الحدود) هەموویان زاراوەی فەلسەفی نیین، بەڵام هەندێك لە زاراوەکان تایبەتن بە فەلسەفەوە، ئەمەش دوو گرنگی هەیە: یەکەم: ئەوەمان پیشان دەدات کە (جابر بن حیان) شارەزای فەلسەفە بووە و فەیلەسوفەکانی یۆنان و کتێبەکانیانی ناسیووە، کە بۆ سەردەمی ئەو گرنگ بووە، چونکە سەرەتاکانی وەرگێڕانی فەلسەفە بووە. دووەم: ئەم کارەی (جابر بن حیان) بناغەیەك بووە بۆ فەیلەسوفانی دواتر و وەك دواتر ئاماژەی پێدەدەین لای کیندی بە شێوەیەکی وردتر دەردەکەوێ.

**تەوەرەی دووەم: ڕۆڵی (ابو اسحاق الكندي) لە گەشەپێدانی زاراوە فەلسەفییەکاندا**

(الكندي) کە بە فەیلەسوفی عەرەب ناسراوە[٦]، لە نێوان ساڵانی (١٨٥– ٢٥٦ك/ ٨٠٥–٨٧٣ز) ژیاوە، زانیاری تەواوی هەبووە لەبارەی فەلسەفەی یۆنانییەوە[٧]. کیندی بە فەیلەسوفە یەکەمینەکان دادەنرێ لە

---

[١] ابن حيان: م. س، ص١٨٤.

[٢] ابن حيان: ن، م، ص١٧٨.

[٣] ابن حيان: ن. م، ص١٧٧.

[٤] ابن حيان: ن. م، ص١٧٩.

[٥] ابن حيان: ن.م، ص١٧٢.

[٦] ابن النديم: م. س، ص٣٥١.

[٧] فنديك: ج١/ ص١٨٢؛ المهداوي: م. س، ص٣٤٨.

مێژووی فەلسەفەی ئیسلامییدا، لەگەڵ ئەوەی کتێبی داناوە، وەرگێڕانی زۆری کردووە بۆ کتێبە فەلسەفییەکان و ئاڵۆزییەکانیانی ڕوونکردونەتەوە[1]. زانیاری فراوانی (الکندي) هۆکارێك بووە بۆئەوەی لە هەندێك لە کتێبەکانیدا لەسەر زراوە فەلسەفییەکان بووەستێت و پێناسە و ڕاڤەیان بکات. یەکێك لە کتێبەکانیشی تەرخانکردووە بۆ زاراوە فەلسەفییەکان بەناوی (رسالة في حدود الاشياء ورسومها)[2]. (الکندي) بەمەبەست زمانێکی جیاواز لە زمانی قورئانی بەکار هێناوە، لە جێگەی وشەی (الله) وشەی (خالق) یان (علة الاولى)ی بەکارهێناوە، لە جیاتی (خلق) وشەی (ابداع)ی بەکارهێناوە، لەجیاتی وشەی (جسم) وشەی (جرم)ی بەکارهێناوە[3]. بەمەش (الکندي) پشکدار بووە لە دروستکردنی زمانێکی فەلسەفیدا، کە جیاواز بووە لە زمانی قورئان و زمانی باوی ئەو سەردەمە.

(الکندي) بەو قوڵاییە فەلسەفی و زانستییەی هەی بووە، توانیویەتی شێواز و ڕێچکەی وەرگێڕەکان تێپەڕێنێت، سووربووە لەسەر داتاشین و دانانی زاراوە فەلسەفییەکان بە زمانی عەرەبی، بەجۆرێك کە نەحوزانەکان(النحويين) لەسەری ڕانەهاتبوون، کە بریتی بوو لە واتای یۆنانی و گوزارشتلێکردنی بەزمانی عەرەبی. بەمەش توانیویەتی پشکدار بێت لە داهێنانی زاراوە فەلسەفییەکاندا، لەمەشدا گونجاندنی کردووە لە نێوان زمانی عەرەبی و فەلسەفەی یۆنانییدا، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لە زاراوە و بێژەکانی وەك ئەوەی لەزمانی یۆنانییدا هەیە داناوەتەوە[4].

کارکردنی (الکندي) لەسەر زاراوە فەلسەفییەکان و هەوڵەکانی، قۆناغی دامەزراندن و بناغەدانان بووە و بە تەواوکارییەك دادەنرێت بۆ هەوڵەکانی پێش خۆی، کە خۆی دەبینێتەوە لە تێکۆشانەکانی (جابر بن حيان) و قوتابخانەی (اسحاق بن حنين) و وەرگێڕەکانی تری پێش (الکندي)[5]. ڕۆڵی ئەمانیش ڕۆڵی ڕێچکەشکاندن و دەروازە کردنەوە بووە بۆ (الکندي).

بۆ زیاتر بەرچاوڕوونی لەسەر کارکردنی (الکندي) لەسەر زاراوە فەلسفییەکان چەند نمونەیەك وەردەگرین لە کتێبی (في حدود الاشياء ورسومها)، کە شێوازی کارکردنی (الکندي) و ڕاڤەکردنی بۆ زراوەکان ڕوون دەکاتەوە:

---

(١) حساين، محمد وقدور الملوك: م. س، ص٤٦.

(٢) الكندي: رسالة الكندي الى المعتصم بالله في فلسفة الاولى ، ص٥١؛ الكندي: رسالة في حدود الاشياء ورسومها، ص١٤٣؛ بدوي: موسوعة الفلسفة، ج٢، ص٢٩٩.

(٣) نصر، سيد حسين و دگران: تاريخ فلسفة اسلامي، تر: جمعي از مترجمان، مؤسسهء انتشارات علمي، تهران، ١٣٨٩ هـ. ق، مجلد١/ص٢٩٢.

(٤) جيهامي، جيرار: موسوعة مصطلحات الكندي والفارابي، مكتبة لبنان، بيروت، ٢٠٠٢، ص ٧.

(٥) عطية، احمد عبدالحليم: الموسوعات الفلسفة المعاصرة قي العربية، مكتبة الاسرة، القاهرة، ١٩٩٨، ص١٤.

١.ئەزەلی (الازلي): ئەوەیە هەر هەبووە، لە وەستانیشیدا پێویستی بە جگە لەخۆی نییە، ئەوەش کە لە وەستانیدا پێویستی بە جگە لەخۆی نەبێت ئەوە هۆی نییە، ئەوەش کە هۆی نەبێت ئەوا هەر دەبێت[١].

٢.داهێنان (الابداع): بریتییە لە هێنانە بوونی شتێك لە نەبوونەوە[٢].

٣.عەقڵ (العقل): جەوهەرێکی سانایە، پەی بە حەقیقەتی شتەکان دەبات[٣].

٤.فەلسەفە (الفلسفة): بریتییە لە خۆشەویستی دانایی، لە ناوی فەیلەسوف داتاشراوە، کە لە دوو وشە پێکهاتووە لە (فلا) کەمانای (خۆشویست) دەگەیێنێ، لە (سوفا) کە داناییە[٤].

٥.هۆی یەکەم (العلة الاولى): داهێنەرە، بکەرە، تەواوکەری هەمووە، نەجوڵاوە[٥].

**تەوەرەی سێیەم: ڕۆڵی (فارابی) لە گەشەپێدانی زاراوە فەلسەفییەکاندا**

(فارابی) (٣٣٩ك/٩٥٠ز مردووە) بە یەکێك لە گرنگترین فەیلەسوفانی ئیسلامی دادەنرێت و بە مامۆستای دووەم ناسراوە[٦]، فارابی پەی بەوەبردووە توێژینەوەی فەلسەفی بۆئەوەی وەرگیراو بێت و شایستەی تێگەیشتن بێت، پێویستە بە شێوازێکی زمانیی ڕوون بکرێتەوە و شارازایی زمانییش پێویستە بۆ کاری فەلسەفاندن[٧].

فارابی ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لەبواری زاراوەسازی فەلسەفەی ئیسلامییدا، ئەمەشمان کاتێك بۆ ڕوون دەبێتەوە بڕوانینە کتێب و دانراوەکانی فارابی، لە زۆرێك لە دانراوەکانیدا کاری لەسەر زاراوەسازی فەلسەفەی ئیسلامی کردووە، دەتوانین بڵێیین کۆی کتێب و دانراوەکانی ئینسکلۆپیدیایەکی فەلسەفی مەزن پێك دەهێنن، بۆ پاڵپشتی ئەم بۆچونەشمان لێرەدا ئاماژە بە هەندێك لە کتێبەکانی دەکەین:

١.کتێبی (کتاب الحروف):

یەکێکە لە کتێبە گرنگەکانی فارابی کە باس لە فەلسەفەی زمان دەکات، زۆر پرسی گرنگی تێدا شرۆڤە کردووە. تیایدا ئاماژەی بە بنەڕەتی گەشەکردن و تەواوێتی زمان کردووە، فارابی لەم کتێبەدا شیکردنەوە

---

[١] الكندي: رسالة في حدود الاشياء ورسومها، ص١٤٣.

[٢] الكندي: ن. م، ص١٣٤.

[٣] الكندي: ن. م، ن، ص.

[٤] الكندي: ن. م، ص١٤٣.

[٥] الكندي: ن. م، ص١٣٤.

[٦] الوافي، علي عبد الواحد: المدينة الفاضلة للفارابي، نهضة المصر، القاهرة، (د. س. ط)، ص١١.

[٧] فوزية، هني و لعياشي ذهبية: فلسفة اللغة عند الفارابي، رسالة الماجستير، غير منشورة، مقدمة الى كلية العلوم الاجتماعية، جامعة عبدالحميد بن باديس، ٢٠١٦-٢٠١٧، ص٧٧.

بۆ زاراوە فەلسەفییەکان دەکات و بنەڕەتەکەیان بنکۆڵ دەکات، کۆمەڵە گوزرارەیەك بەکاردەهێنیێ و شیکردنەوەی زمانی و لۆژیکییان بۆ دەکات، کە لەوانەیە لە زاراوەی نەحوزانەکاندا تێگەیشتنیان ئاسان نەبێت، وەك (حرف یوجد، حرف الوجود..هتد)، ئاماژەش بە جیاوازی چەمکەکان دەکات لەلای نەحوزانەکان و لۆژیکزانەکان، ئاماژەش بە پەیوەندی نێوان نەحو و لۆژیك دەکات، کە پێش ئەو زمانزانان و فەیلەسوفان بەو قوڵییە ئاماژەمیان پێنەکردووە[1]. جیاوازی فارابی لەو فەیلەسوفانەی کە کاریان لەسەر زاراوە فەلسەفییەکان کردووە لەوەدایە لەگەڵ ئەوەی کاری لەسەر دروستکردن و شرۆڤەکردنی زاراوەکان کردووە، گفتوگۆی لەسەرکردون و لە ڕووی زمانیی و فەلسەفییەوە لە پێکهاتەکەیانی کۆڵیوەتەوە[2].

٢.کتێبی (کتاب الالفاظ المستعملة في المنطق):

ئەم کتێبەش یەکێکە لە کتێبە گرنگە کانی فارابی، بەوردی لە زاراوە لۆژیکییەکان و فەلسەفییەکانی کۆڵیوەتەوە[3]، لەم کتێبەدا ئاماژەی بە جیاوازی بەکارهێنانی زاراوەکان کردووە لەلای خاوەن زانستە جیاوازەکان، باس لەوە دەکات زاراوەیەك لای خەڵکی بە گشتی بە جۆرێك بەکاردەهێنرێت و لای خاوەن زانستەکان بە جۆرێکی تر بەکاردێت. ئەو ئاماژەی بەوە کردووە کە لەم کتێبەیدا زاراوەکان بە واتا لۆژیکییەکان بەکاردەهێنێت و تایبەتیان دەکات بەم زانستەوە[4].

٣.کتێبی (شاری فازیلە):

ئەم کتێبەی فارابی لە کتێبە زۆر بەناوبانگەکانی (فارابی)یە. دەتوانین لەم کتێبەدا ژمارەیەکی زۆر زاراوە و چەمکی فەلسەفی بدۆزینەوە، کە فارابی لە چوارچێوەی باسکردنی لە بیروباوەڕی خەڵکی شاری فازیلەدا ئاماژەیان پێدەکات و پێناسەیان دەکات[5].

٤.کتێبی (احصاء العلوم):

ئەگەرچی فارابی ئەم کتێبەی تایبەت کردووە بە ئاماری زانستەکان و ئەو زانستانەی تیادا باسکردووە کە لەسەردەمی خۆیدا هەبووە، بەلام دەکرێت بەسەرچاوەیەکی گرنگیشی دابنێین بۆ زاراوە فەلسەفییەکان، چونکە ژمارەیەکی زۆر پێناسەی تێدایە بۆ زاراوەکان و شیکردنەوەی چەمکەکان[6].

---

[1] مهدي، محسن: مقدمة كتاب الحروف للفارابي، ص٢٩ومابعدها.

[2] الفارابي: كتاب الحروف، ص٦١ ومابعدها.

[3] فوزية: م. س، ص٩٤.

[4] الفاربي، ابي نصر محمد بن محمد ابن طرخان ابن اوزلوخ: كتاب الالفاظ المستعملة في المنطق، تح: محسن مهدي، دار المشرق، بيروت، ١٩٨٧، ص ٤٣.

[5] فارابی: شاری فازیلە، و: مەریوان عەبدول، چ١، کتێبخانەی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠١٩، ل٣٠ و دواتر.

[6] الفارابي: احصاء العلوم، ص١٧ ومابعدها.

٥.کتێبی (فصول منتزعة):

ئەم کتێبە وەك فارابی خۆی لە دەستپێکەکەیدا ئاماژەی پێدەکات: گوتەی فەیلەسوفە دێرینەکان لە خۆی دەگرێت لە بارەی ئەو شتانەی کە شاری پێ ئاوەداندەکرێتەوە و بەڕێوە دەبرێت و ئاکاری خەڵکەکەی پێ چاکدەکرێت و بەرەو بەختەوەری ئاراستەیان دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کتێبە وەك فەرهەنگێکی زاراوە فەلسەفییەکان وایە و دەیان زاراوە و چەمکی گرنگ لە خۆی دەگرێت کە بەوردی شیکراونەتەوە[١].

لەڕاستییدا ئەوەندەی ئێمە تێبینیمان کردووە لە خوێندنەوەی کتێبەکانی فارابییەوە زۆربەی کتێبەکانی شێوازی زاراوەسازی تیادا بەدی دەکرێت و دەتوانیین زاراوە فەلسەفییەکانیان تێدا دەربێنین، ئەمەش پێدەچێت بگەڕێتەوە بۆ ١.زانستی بەرفراوانی فارابی. ٢.مەبەستی فارابی خۆی لە ئەنجامدانی ئەمجۆرە زراوەسازییە.

بۆزیاتر بەرچاوڕوونی لەسەر ئەم بابەتە لێرەدا چەند نمونەیەکی زاراوە فەلسەفییەکان لەو کتێبانەی پێشەوە ئاماژەمان پێدان دەخەینە ڕوو:

١.هەبوو (الموجود): (موجود) لە زمانی عەرەبیدا بە ڕەهایی بەمانای دۆزینەوە دێت، بەو مانایەش بەکاردێت کە شتێك زانراو بێت. بە هەموو دۆزێك و مەعقولێك دەگوترێت کە لەدەرەوەی دەروون بێت، بە تێکڕایی بە هەموو وێناکراو و ئەندێشەکراوێك دەگوترێت کە لە دەرووندا هەیە[٢].

٢.واتا هەمەکییەکان (معاني الكلية): ئەو واتایانەی کە بە زیاتر لە یەکێك یان کەسێك دەگوترێت یان سەرباری دەکرێت، ناودەبرێت بە واتا هەمەکییەکان یان گشتییەکان[٣].

٣.یەکتایی (وحدة): بریتییە لە بوونی تایبەتی هەر هەبوویەك، کە بەهۆیەوە پێی جیادەبێتەوە لەجگە لەخۆی، ئەوەیە پێی دەگوترێت بۆ هەموو هەبوویەکی یەکتا (واحد) لەو ڕووەوە کە هەبووە، بوونێکی هەیە تایبەتە بە خۆیەوە، ئەم مانایەش لە ماناکانی یەکتا هاوڕێکە لەگەڵ هەبووی یەکەم. بەهەمانشێوە یەکەم لەم ڕووەوە یەکتایە یان یەکە، لە هەر یەکێکیش بەدەر لەخۆی شایستە ترە بە ناوی یەکتا یان یەکەمین و ماناکەی[٤].

---

[١] الفارابي: فصول منتزعة، تح: فوزي متري نجار، ط٢، دار المشرق، بيروت، ١٩٩٣، ص٢٣ومابعدها.

[٢] الفارابي: كتاب الحروف، ص١١٠.

[٣] الفارابي: كتاب الالفاظ المستعملة في المنطق، ص٥٩.

[٤] فارابي: شاری فازیلە، ل ل ٤٠–٤١.

٤.زانستی کەلام (علم الكلام): زانستێکە مرۆڤ بە هۆیەوە دەتوانێت ئەو بیروبۆچوون و کردەوە دیاریکراوانەی پێ سەربخات کە دانەری ئایین بە ڕاشکاوی باسی کردوون، هەرچی گوتەیەکیش کە پێچەوانەی بێت پووچی دەکاتەوە[1].

٥.تەندروستیی شار (صحة المدينة): هەروەك چۆن تەندروستی جەستە بریتییە لە هاوسەنگی مەزاجی جەستە، نەخۆشی جەستەش لادانیەتی لەو هاوسەنگییە. بەهەمان شێوە دروستی و ساغی شار بریتییە لە هاوسەنگی ڕەوشتی خەڵکەکەی، نەخۆشییەکەشی تێکچوون و جیاوازی ڕەوشتی خەڵکەکەیەتی. هەرکاتێك جەستە هاوسەنگی لە دەستبدات ئەوەی هاوسەنگی بۆ دەگێڕێتەوە پزیشکە. هەرکاتێکیش ڕەوشتی خەڵکی شار تێکچوو، ئەوەی کە هاوسەنگی بۆ دەگێڕێتەوە (مەدەنی)یان (پاشا) یە. مەدەنی و پزیشك یەك کار دەکەن، بەڵام پیشەکەشیان جیاوازە، بابەتی مەدەنی دەروونە و کارکردنە لەسەر دەروون، بابەتی پزیشکیش جەستەیە و کارکردنیەتی لەسەر جەستە. لەبەرئەوەش کە دەروون لە جەستە بەڕێزتر و گرنگ ترە، کەواتە مەدەنییش لە پزیشك بەڕێزترە[2].

---

[1] الفارابي: احصاء العلوم، ص٨٦.

[2] الفارابي، فصول منتزعة، ص٢٤.

## ○ بەشی چوارەم: کاریگەری وەرگێڕانی فەلسەفە لەسەر پەیدابوونی فەیلەسوفان

❖ باسی یەکەم: زاراوەی فەلسەفە لە فەلسەفەی ئیسلامییدا

❖ باسی دووەم: ژیان و بەرهەم و فەلسەفەی کیندی (الكندي)

❖ باسی سێیەم: ژیان و بەرهەم و فەلسەفەی ئەبوبەکری ڕازی (ابو بكر الرازي)

❖ باسی چوارەم: ژیان و بەرهەم و فەلسەفەی فارابی (الفارابی) (الفارابي)

# بەشی چوارەم: کاریگەری وەرگێڕانی فەلسەفە لەسەر پەیدابوونی فەیلەسوفان

## باسی یەکەم: زاراوەی فەلسەفە لە فەلسەفەی ئیسلامییدا

### تەوەرەی یەکەم: بنەڕەتی وشەی فەلسەفە

ئێمە لە پێشتردا ئاماژەمان بەوە کرد، کە فەلسەفە یەکێکە لەو هونەرانەی یان زانستانەی کە لە شارستانییەتی ئیسلامییدا لە سەرەتادا نەبووە، لەگەڵ بزاڤ وەرگێڕاندا فەلسەفە وەك وشە و وەك زاراوە و زانست هاتۆتە ناو شارستانییەتی ئیسلامییەوە. کە دەڵێین وەك وشە واتا وشەکە عەرەبی نییە و بەعەرەبی کراوە و هاتۆتە ناو زمانی عەرەبییەوە، وەك زاراوەش هەر نەبووە و بەکارنەهاتووە، وەك هونەر و زانستیش زانستێکی نوێ بووە بۆ شارستانییەتی ئیسلامی.

لەوانەیە کەسێك پرسیاری ئەوە بکات کە وشەیەك لە زمانی عەرەبییدا هەیە و لە بەرامبەر وشەی فەلسەفەدا بەکار دێت، ئەویش وشەی (الحكمة)یە و پێشتر لە زمانی عەرەبیدا بەکارهاتووە، ئەمە ڕاستە. لە قورئانیشدا ئەم وشەیە بەکار هاتووە ((يُؤْتِي الْحِكْمَةَ مَن يَشَاءُ ۚ وَمَن يُؤْتَ الْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا))[(1)]، ئەگەرچی (الحكمة) و (الفلسفة) هەندێك لە واتاکانی یەکتری لە خۆدەگرن، لەبەر نزیکییان لەیەکتر، دواتریش هەندێك لە فەیلەسوفان وشەی (الحكمة) یان بۆ فەلسەفە بەکار هێناوە[(2)]، بەڵام ئەوەی جێگەی ئاماژە پێدانە ئەم وشەیە وەك زاراوە و وەك زانست هاتۆتە ناو شارستانییەتی ئیسلامییەوە، لە گواستنەوەی فەلسەفەی یۆنانییەوە بۆ زمانی عەرەبی تێبینی ئەوە دەکەین، فەلسەفە هێزێکی زیندووە خۆی دەگونجێنێ لەگەڵ ڕەوشە گۆڕاوەکاندا، بەبێ ئەوەی کە گوریسی ژیانی بپسێنێ[(3)]. کەواتە فەلسەفە گواستراوەیە و پێش بزاڤ وەرگێڕان لەناو عەرەبدا و لە ئیسلامییشدا فەلسەفە نەبووە. ئەمەش ئەوە پیشان دەدات لەگەڵ ئەوەی ڕەگەزەکانی بیرکردنەوە و پرسیارکردن و بنەما گەلێك هەبوون، کە دەکرێت بکرێنە بناغە بۆ بیرکردنەوەی فەلسەفی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فەلسەفە وەك ڕێبازێك نەبووە.

(الفارابي) لەبارەی مێژووی فەلسەفەوە نووسیویەتی: " ئەم زانستە وەك دەگوترێت: لە دێریندا لای کلدانەکان بووە، ئەوانیش خەڵکی عێراقن، پاشان گواستراوەتەوە بۆلای خەڵکی میسر، پاشان

---

[(1)] سورة ال·بقرة: اية ٢٦٩. واتا:"ئەو زاتە بەهەر کەسێك بیەوێت و (شایستە بێت) حیکمەت و دانایی پێ دەبەخشێت و هەر کەس حیکمەتی پێ ببەخشرێت، ئەوە بێگومان خێرێکی زۆری پێ دراوە، جا بێجگە لە ژیر و هۆشمەندەکان کەسانی تر لەو بەهرەیە تێناگەن وپەند وەرناگرن "(امین، بورهان محمد: س. پ، ل٤٥).

[(2)] ابن سينا: عيون الحكمة، م. س، ص٢ومابعدها؛ ابن ملكا البغدادي، م. س، ج١/ ص٢ومابعدها.

[(3)] اوليري: م. س، ص١٢.

گواستراوەتەوە بۆلای یۆنانەکان، دواتر گواستراوەتەوە بۆلای سریانەکان، پاشان بۆلای عەرەب"[1]، تێبینی ئەوە دەکەین فارابی جیاواز لە ئەوانەی باس لە مێژووی فەلسەفە دەکەن، مێژووی فەلسەفە تەنها ناگەڕێنێتەوە بۆ یۆنان، بەڵکو ئاماژە بەو گەلانەی تریش دەکات کە پێش یۆنان خەریکبوون بە فەلسەفەوە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ یۆنانەکان.

زۆربەی سەرچاوە دێرینەکان و سەرچاوەکانی شارستانییەتی ئیسلامی و نوێیەکانیش، جەخت لەوە دەکەنەوە کە فەلسەفە دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانەکان. ئەرستۆ کاتێك باس لە بۆچوونی فەیلەسوفان دەکات سەبارەت بە بنەڕەتی شتەکان یەکەم فەیلەسوف کە باسی دەکات باس لە تاڵیس دەکات[2].

(برتراند راسل) سەبارەت بە بنەڕەتی فەلسەفە نووسیویەتی: "فەلسەفە و زانست وەك ئەوەی دەزانین داهێنراوێکی یۆنانین... لە ڕاستیدا فەلسەفە و زانست بە (تاڵیسی مەڵتی) دەست پێدەکەن لەسەرەتاکانی سەدەی شەشەمی پێش زایین"[3].

هەندێك وشەی (philosophia) دەگەڕێننەوە بۆ (فیساگۆرس) کە گوایە ئەو ئەو وشەیەی بەو کەسانە گوتووە کە خەریکبوون بە لێکۆڵینەوەی سروشتی شتەکان و جۆرەکانی تری مەعریفەیان وازلێهێناوە[4]. کەسانێکی تریش دەیگەڕێننەوە بۆ سوکرات و پێیانوایە ئەو یەکەم کەس بووە ئەم وشەیەی بەکارهێناوە، کاتێك کە پێیانگوتووە تۆ (دانا)یت ئەویش لەوەڵامدا گوتوویەتی: "من هیچ نیم ئەوە نەبێت کە خۆشەویستیم هەیە بۆ دانایی"[5].

لە (لسان العرب)دا هاتووە: " فەلسەفە دانایی بێگانەکانە، ئەوە فەیلەسوفە، دەفەلسەفێنێ"[6]، ئاماژەی کردووە بە بێگانەبوونی ئەو جۆرە داناییە، شێوازەکانی بەکارهێنانە باوەکانیشی ئاماژە پێکردووە، کە لە زمانی عەرەبییدا داتاشینی بۆ کراوە و بەکار دەهێنرێت.

لە سەرچاوەکانی شارستانییەتی ئیسلامییشدا زۆربەیان ئاماژەیان بەوە کردووە بنەڕەتی وشەکە یۆنانییە، لە (فیلا سوفیا)وە هاتووە، کە (فیلا) بەمانای خۆشەویستی یان خۆشویستن دێت و (سوفیا)ش

---

[1] الفارابي: تحصيل السعادة، ص٨٦.

[2] ئەریستۆ: میتافیزیك، و: محەمەد کەمال، چ١، سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٢٣؛ الجابري: علي حسين: الحوار الفلسفي بين حضارات الشرق القديمة وحضارة اليونان، دار افاق العربة، بغداد، ١٩٨٥، ل٢٤.

[3] حكمة الغرب: تر: فؤاد زكريا، عالم المعرفة، كويت، ١٩٨٣، ج١/ص٢٢.

[4] القنوجي: م. س، ج٢/ص٢٥٣؛ بدوي، عبدالرحمن: مدخل الجديد الى الفلسفة، ط١، وكالة المطبوعات، الكويت، ١٩٧٥، ص٧.

[5] الطويل، توفيق: اسس الفلسفة، ط٤، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٦٤، ص٣٦.

[6] ابن منظور: م. س، ج٩/ ص٢٧٣.

بەمانای دانایی دێت، کە ماناکەی دەبێتە خۆشەویستی دانایی یان خۆشویستنی دانایی[1]. ئەفلاتوونیش لە زمانی سوکراتەوە ئاماژەی بە فەلسەفەداوە بە خۆشەویستی دانایی داناوە[2]. بەپێی ئەو بۆچوونە جیاوازانەی لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە هێنامانن و ئاماژەمان پێدان، هەر لە سەرچاوە دێرینەکان و سەرچاوەکانی شارستانییەتی ئیسلامی و سەرچاوە نوێیەکانیش جەخت لەوە دەکەنەوە بنەڕەتی زاراوەی فەلسەفە دەگە ڕێتەوە بۆ یۆنان. موسڵمانەکانیش ئەم زاراوە و ئەم هونەرەیان لە یۆنانەکانەوە وەرگرتووە.

**تەوەرەی دووەم: پێناسەی فەلسەفە لەلای فەیلەسوفە موسڵمانەکان**

بەو پێیەی کە وەك لەپێشەوە ئاماژەمان پێکرد زاراوەی فەلسەفە لە شارستانییەتی یۆنانەوە هاتۆتە ناو شارستانییەتی ئیسلامییەوە، هەر بۆیە وەك پێناسەکردن و چەمکیش لەژێر ئەوکاریگەرییەدا بووە.

(جابر بن حیان) یەکێکە لە فەیلەسوفە دێرینانەی کە پێدەچێت لە یەکەم کەسەکان بووبێت کە پێناسەی فەلسەفەی کردبێت بەم جۆرە پێناسەی کردووە: " فەلسەفە بریتییە لە بوونی زانست بە پرسەکانی سروشت و هۆکارە نزیکەکانی سروشت، لە ڕووی نزیکی و دوری و بالاْ و نەوییان لە سروشتەوە"[3]. تێبینی ئەوە دەکەین (ابن حیان) لە پێناسەکەیدا بۆ فەلسەفە هەواداری زانستی زاڵە بەسەریدا، پێدەچێت هۆکاری ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو لەگەڵ ئەوەی فەیلەسوف بووە زانایەکی بەناوبانگیش بووە.

سەبارەت بە پێناسەی فەلسەفە، (الکندی) بەچەند شێوازێك گوزارشتی لێکردووە و پێناسەی کردووە:
—فەلسەفە بریتییە لە خۆشەویستی دانایی، لە ناوی فەیلەسوف داتاشراوە لە (فلا) کەمانای (خۆشویست) دەگەێنێ، لە (سوفا) کە داناییە[4]، ئەمەش ئەو پێناسە باوەیە کە لەزۆربەی کتێبە فەلسەفییەکاندا هاتووە.
—بریتییە لە زانست بە حەقیقەتی شتەکان بەپێی توانای مرۆڤ، چونکە مەبەستی فەیلەسوف لە زانستەکەیدا پێکانی ڕاستییە(الحق) و کارکردنە بە ڕاستی[5]. لێرەدا فەلسەفە بەستراوەتەوە بە پەیبردن بە حەقیقەتەوە، بەو ئەندازەیەی کە لە توانای مرۆڤدایە.
—لە پێناسەیەکی تریدا بۆ فەلسەفە کیندی وا باس لە فەلسەفە دەکات: ناسینی دەروونی مرۆڤە لەلایەن خودی خۆیەوە[1]، ئەم پێناسەیەش بۆ فەلسەفە ڕەهەندێکی قوڵ و ناوەکی وەردەگرێت، کە پەیوەندی بە

---

[1] الکندي: رسالة في حدود الاشياء ورسومها، ص١٤٣؛ الزبيدي، محمد مرتضى الحسيني: تاج العروس من جواهر القاموس، تح: مجموعة من المحققين، دار الهداية، (د. م. س)، ج٢٣/ص٤٧٦؛ الخوارزمي، أبو عبد الله محمد بن أحمد بن يوسف الكاتب، مفاتيح العلوم، دار الكتب العلمية، بيروت، (د. س. ط)، ج١/ص٧٩.

[2] کۆمار: و: سۆران عومە حەمە، دەزگای وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٩٠.

[3] كتاب الحدود، ص١٧٩.

[4] رسالة في حدود الاشياء ورسومها، ص١٤٣.

[5] الکندي: رسالة الکندي الى المعتصم بالله في فلسفة الاولى، ص٥١.

ناخ و خودی مرۆڤ خۆیەوە هەیە، بەم پێیەش فەلسەفە کار لەسەر مرۆڤ دەکات بە پلەی یەکەم. (بدوي) پێی وایە ئەم پێناسەیەی کیندی لە و گوتە بەناوبانگەوە وەرگیراوە کە دەڵێت: "خۆت خۆت بناسە"(٢).

–لەرووی کردەکییەوە وا پێناسەی فەلسەفە دەکات: گرنگی دانە بە مردن، مردنیش لای فەیلەسوفان دوو مردنە، مردنی سروشتی، کە بریتییە لە وازهێنانی دەروون لە بەکارهێنانی جەستە، دوومیان مردنی یان مراندنی ئارەزووەکانە، ئەم مردنەیان مەبەستی فەیلەسوفان بووە، چونکە مراندنی ئارەزووکان ڕێگایەکە بۆ فەزیلەت(٣).

– فەزیلەتی هێزی عەقڵە، کە بریتییە لە زانستی شتە هەمەکییەکان بە حەقیقەتەکانیان و بەکارهێنانی ئەوەی کە پێویستە بەکاربێت لە حەقیقەتەکان(٤).

فارابیش یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی بە شێوازی جیاواز و لە کتێبە جیاوازەکانیدا پێناسەی بۆ فەلسەفە کردووە لەو پێناسانەش:

فارابی لەبارەی فەلسەفەوە نووسیویەتی: "ئەوانەی لە یۆنانییەکان ئەم زانستەیان لابووە، بەشێوەیەکی ڕەها ناویدەبەن بە دانایی، دانایی مەزن، بەدەستهێنانی وەك زانست و بوونبەمەلەکەی ناودەبەن بە فەلسەفە، لەبەر لەپێشدانانی حیکمەتی مەزن و خۆشویستنی ئەوکەسەی بەدەستی دێنێت ناوی دەبەن بە فەیلەسوف، مەبەستیشیان لە فەیلەسوف خۆشویستن و لەپێشدانانیەتی بۆ دانایی مەزن، واش دەبینن کە فەلسەفە تێکرای فەزیلەتەکانە بەهێز، ناویشی دەبەن بە زانستی زانستەکان و دایکی زانستەکان و دانایی داناییەکان و هونەری هونەرەکان"(٥)، جێگەی سەرنجە فارابی لەم دەقەدا فەلسەفە بەرز دەنرخێنێت و بە دانایی مەزن ناوی بردووە، ئەوەش ڕوون دەکاتەوە گەورەیی ومەزنی فەیلەسوف و بەخشینی ئەو ناوەش پێی بەهۆی گرنگی دان و خۆشویستنیەتی بۆ ئەو زانستە، ئەمە جگە لەوەی فەلسەفە بە لەخۆگری تێکرای فەزیلەتەکان دادەنێت، بە کرۆکی هەموو زانستەکان و داناییەکان و هونەرەکانی تری دادەنێت.

لە جێگەیەکی تردا دانایی یان فەلسەفە وا پێناسە دەکات کە ناسینی بوونی ڕاستەقینەیە، بوونی ڕاستەقینەش بریتییە لە (واجب الوجود)(٦)* لە خودی خۆیدا(١)، ئەوەیە کە باشترین شتەکان بە باشترین

---

(١) الكندي: رسالة في حدود الاشياء ورسومها، ص١٤٣.

(٢) موسوعة الفلسفة، ج٢، ص٢٩٩.

(٣) الكندي: رسالة في حدود الاشياء ورسومها، ص١٤٣.

(٤) جيهامي: موسوعة مصطلحات الكندي والفارابي، ص٧٢.

(٥) كتاب تحصيل السعادة، صص٨٦–٨٧.

* واجب الوجود: بریتییە لە بوونی پوخت، کە تەواوترینە و لەو تەواوتر بوونی نییە، سەلماندنی بوونی واجب دوو ڕێگای هەیە: ڕێگایەك بوونەکەی ڕوون دەکاتەوە، پاشان یەکتاییەکەی دەسەلمێنێت، ڕێگایەکیش بەهۆیەوە دەیسەلمێنێت (واجب الوجود) پێویستە یەك بێت، بوونی (واجب الوجود) وا وێنا ناکرێت بەدەربێت لە ماهیەتەکەی. (واجب الوجود) یەکە، دەستباڵایە بەسەر هەموو شتێکدا و چواردەوری هەموو شتێکی داوە. دەسەڵاتی ڕەهایە و هیچ شتێکی لێ ون نابێت، بێنیازە لە هەموو هۆیەك، هۆی هەموو شتێکە. (واجب الوجود) چاکەی ڕەهایە و لەو سوودبەخشتر بوونی نییە، کامڵترین و

زانست هۆش بکات، بریتییە لەوەی لەسەر ئەو شتانە دەوەستێت کە بەڕاستی بەختەوەرین[٢]. بەستنەوەی فەلسەفە بە بوونی ڕاستەقینەوە، کە بوونێکی باڵایە لەلایەن فارابییەوە، نزیکی دەکاتەوە لە ئەرستۆ، چونکە ئەم زانستە دەبەستێتەوە بە بوونی هەرە باڵاوە، کە خوایە، لە بارەی فەلسەفەوە ئەرستۆ نووسیویەتی: "ئەم زانستە لە دوو ڕووەوە پیرۆزترینە. زانستێك خوا خاوەنی بێت زانستێکی پیرۆزە. هەروەها زانستێکیش ئەم خەسڵەتەی هەبێت بابەتی لێکۆڵینەوەکەشی پیرۆزە چونکە خوا لەنێو هەموو هۆکاندا یەکەمین بنەڕەتە"[٣]. ئەرستۆ بە دوو هۆکار باڵایی فەلسەفەمان بۆ دەخاتە ڕوو، یەکەم: فەلسەفە بە زانستێکی خوایی دادەنێت، دووەم: ئەم زانستە لە هۆکان دەکۆڵێتەوە، لەبەر ئەوەش خوا هۆی هۆکانە، کەواتە لە پێشترە بۆ ئەوەی لە خوا بکۆڵێتەوە، بەم دوو هۆکارە فەلسەفە بە باڵا و پیرۆز دادەنێت، تێبینی ئەوە دەکەین فارابی کاریگەری ئەرستۆی لەسەر بووە لەم پێناسەیدا بۆ فەلسەفە.

دانایی بریتییە لەوەی عەقڵ باشترین شت بەباشترین زانست بزانێت[٤]. جگە لەوە فارابی پێی وایە ڕێگای بەڵگەی دڵنیایی ڕێگای فێرکردنی ئەو کەسانەیە کە تایبەتن[٥]، مەبەستیشی لە ڕێگای بەڵگەی دڵنیایی ڕێگای بەڵگەسازی و فەلسەفەیە، کە ئەم ڕێگایە ڕێگای هەموو کەسێك نییە بەڵکو ڕێگای کەسانی پسپۆڕ و شارازایە لە بواری فەلسەفەدا، کە توانای تێگەیشتن و بەڵگە هێنانەوەی عەقڵییە.

لای (اخوان الصفاء) بەم جۆرە پێناسەی فەلسەفە کراوە:"فەلسەفە سەرەتاکەی خۆشویستنی زانستەکانە، ناوەڕاستەکەشی ناسین و زانینی حەقیقەتی هەبووەکانە بەپێی توانای مرۆیی، کۆتاییەکەشی گوتن و کردارکردنە بەوەی کە هاوڕێکە بە زانست"[٦]، لای (اخوان الصفاء) فەلسەفە ئەرکێکی ئەخلاقی و پەروەردەیی هەیە، کە سەرەتاکەی چەسپاندنی خۆشەویستی زانستەکانە لەدڵی ئەوکەسەدا، تاوەکو ڕێگای حەقیقەتی بۆ ڕۆشنببێتەوە و بیناسێت، تاوەکو لە کۆتاییدا بتوانێت کار بکات بەو دانایی و زانستەی کە بەدەستی هێناوە.

**فەیلەسوف**

فەیلەسوف لای فارابی بەڕەهایی، ئەو کەسەیە کە زانستەکەی بە جۆرێکە، توانای هەیە هۆشپەسەندەکان(المعقولات) لەخۆی بگرێت بە دڵنیایی[٧]. کەسێکی زۆر زیرەك و لێهاتووە و زۆر ورد و شارەزایە لە هەر پیشەسازی و هونەرێکدا بە جۆرێك، کە ئەوەی ئەو دەیکات لەو هونەرەدا زۆربەی ئەوانەی

---

تەواوترینی هەبووەکانە، هەر ئەو بەخشەری ژیان و زانستەکانە. (واجب الوجود) زانستەکەی پەیوەست نییە بە زەمانەوە.( عرب، حسن سید: فرهنگنامەء سهروردی، چاپ اول، انتشارات هرمس، تهران، ١٣٩١هـ. ق، ص٤٠١.)

[١] الفارابي: كتاب التعليقات، مطبعة مجلس دائرة المعارف العثمانية، حيدر اباد، ١٣٤٦هـ، ص٩.

[٢] ال ياسين: الفارابي في حدوده ورسومه، ص٢٢٠.

[٣] میتافیزیك، ل٢١.

[٤] فارابی: شاری فازیلە، ل٤٢.

[٥] اليازجي، كمال: نصوص فلسفية ميسرة من تراث العربي الفكري، ط٤، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٦٨، ص٥٤.

[٦] اخوان الاصفا: رسائل اخوان الصفاء و خلان الوفاء، دا ر المحرر العربي، القاهرة، ١٩٢٨، ج١/ ص٦٣.

[٧] ال ياسين: الفارابي في حدوده ورسومه، ص٢٦٧.

پێوەی خەریکن دەسەوسانن لەکردنی و پەیپێبردنی[1]. فەیلەسوفی ڕاستەقینەش بریتییە لە مرۆڤێك زمانی ڕاهاتووە لەسەر چاکەو ڕاستگۆیی، خاوەنی حیکمەت و نهێنیەکانیشیەتی[2]. لەبارەی فەیلەسوفی کامڵیشەوە نووسیویەتی: "فەیلەسوفی کامڵ بە ڕەهایی ئەو کەسەیە کە زانستە بیردۆزییەکانی بەدەستهێنابێت، هێزی ئەوەی هەبێت بتوانێت بەکاریان بێنێت لە جگە لە زانستە بیردۆزییەکاندا ئەوەندەی کە دەکرێ"[3]. لە پەسنە(وصف) جیاوازەکانی فارابییەوە بۆ فەیلەسوف، فارابی چەند خەسڵەتێك دەداتە پاڵ فەیلەسوف لەوانە:

١.زانیاری و زیرەکییەکی لە ڕادەبەدەری هەیە، بەجۆرێك کە ئەوانەی بە پیشە جیاوازەکانەوە خەریکن، لە ئاستی فەیلەسوفدا نین.

٢.زانستی لەبارەی هۆشپەسەندەکانەوە هەیە، زانستێکی دڵنیایی.

٣.زانستە بیردۆزی و عەقڵییەکانی بە دەستهێنابێت و توانای ئەوەشی هەبێت، کە ئەوەندەی لە توانادا هەیە لە زانستەکانی تر و لە زانستە کردارییەکاندا بەکاریان بێنێت.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم باسەدا:

–فەلسەفە وەك زاراوە و وەك زانست پێشر لە شارستانییەتی ئیسلامییدا نەبووە، بەهۆی بزاڤی وەرگێڕانەوە هاتۆتە ناو ئەم شارستانییەتەوە و لە شارستانییەتی یۆنانی وەرگیراوە.

–پێناسەی جیاواز کراوە بۆ فەلسەفە لە شارستانییەتی ئیسلامییدا، نەك هەر لە فەیلەسوفێکەوە بۆ فەیلەسوفێکی تر جیاواز بووە، بەڵکو لە لای یەك فەیلەسوف بەچەند شێوازێك پێناسەکراوە. لە پێناسەکردنەکانیشیاندا بە ئاشکرا کاریگەری فەلسەفەی یۆنانیان لەسەر بووە.

---

[1] ال یاسین: ن. م، ص٢٢٠.

[2] ال یاسین: ن. م، ل٢٢١.

[3] الفارابي: تحصیل السعادة ، ص٨٧.

## باسی دووەم: ژیان و بەرهەم و فەلسەفەی کیندی (الكندي)

### تەوەرەی یەکەم: ژیانی کیندی

ناوی (یعقوب بن اسحاق بن صباح الكندی)یە لە نێوان ساڵانی (١٨٥-٢٥٦ك/٨٠١-٨٦٩ز) ژیاوە، کیندی هاوسەردەمی ئەم خەلیفانەی عەباسی بووە (المأمون) و (المعتصم) و (واثق) و (المتوكل) و (المنتصر بالله) و(المستعين بالله) و (المعتز بالله) و (المهتدی بالله)[١]. زۆر دەربارەی سەرەتای ژیانی نازانرێت، باوکی میری کوفە بووە لەسەردەمی خەلیفە (مهدی) و (رشید)دا، سەرەتا لە بەسرا ژیاوە، بەڵام لەدواییدا چۆتە بەغداد بۆ بەدەستهێنانی مەعریفە[٢].

(الكندي) زانیاری تەواوی هەبووە لەسەر فەلسەفەی یۆنانی، لە یۆنانییەوە وەرگێڕانی کردووە بۆ زمانی عەرەبی، زۆر گرنگی داوە بە زانستەکانی فارس و هیند و فەلسەفەکەیان، مەئمون هەڵیبژاردووە، ئەویش پەیمانی پیداوە کە کتێبەکانی ئەرستۆ و بیریارانی تری بۆ وەربگێڕێت بۆ زمانی عەرەبی[٣]. (الكندي) بە یەکەم فەیلەسوف دادەنرێ لە مێژووی ئیسلامیدا، لەگەڵ ئەوەی کتێبی داناوە، وەرگێڕانی زۆری کردووە بۆ کتێبە فەلسەفییەکان، ئاڵۆزییەکانیشی ڕوونکردونەتەوە[٤]. ئەوەی گرنگە لێرەدا کیندی لەگەڵئەوەی وەرگێڕانی کردووە وەك سەرچاوەکان ئاماژەی پێدەکەن، بە یەکەم فەیلەسوفی ئیسلامی دادەنرێ کە خاوەنی بیرکردنەوەی سەربەخۆ بووە و بەرهەمی بزاڤی وەرگێڕان و ئەو بزافە ڕۆشنبیرییەیە کە لەو سەردەمەدا دروست بووبوو.

(کارل برۆکلمان) لەسەر زمانی (کاردانۆ)وە کە لەساڵی (١٥٥٢ز) باسی کردووە سەبارەت بە کیندی گوتویەتی:"یەکێکە لە هەرە گەورەترین عەقڵەکانی مێژووی جیهان"[٥]، ئەمەش ئەوە پیشان دەدات (الكندي) نەك هەر لەسەر سەردەمەکەی خۆی و شارستانییەتی ئیسلامیدا بەڵکو کاریگەری لەسەر بیریارانی شارستانییەتی ئەوروپا و سەردەمانی دواتریش داناوە، بەجۆرێك باس لەوە دەکرێت کە یەکێك لە کتێبەکانی، کە باس لە دیاردەی ڕووناکی دەکات بەناوی (البصريات) کاریگەری لەسەر (ڕۆجەر بیکۆنی)

---

[١] زيدان: تاريخ التمدن الاسلامي، ج٢/ صص١٩٤-١٩٥.

[٢] ابو ريان: م. س، ص٢٢٧.

[٣] فنديك: م. س، ج١/ ص١٨٢؛ المهداوي: م. س، ص٣٤٨.

[٤] حساين: م. س، ص٤٦.

[٥] تاريخ الشعوب الاسلامية: تر: نبيه امين فارس و منير البعلبكی، ط٨، دار العلم للملاين، بيروت، ١٩٧٩، ص٢٠٣.

فەیلەسوفی ئینگلیزی داناوە[1]. هەندێك لە كتێبەكانیشی وەرگێڕدراون بۆ زمانە ئەوروپییەكان لەوانە: (في العقل، في ماهية النوم والرؤيا، في الجواهر الخمسة، في البرهان المنطقي)[2].

**تەوەرەی دووەم: ڕۆڵی كیندی لە وەرگێڕانی فەلسەفەدا**

كیندی لەسەردەمێكدا ژیاوە درەوشاوەترین سەردەمی وەرگێڕان بووە لە مێژووی ئیسلامدا، تا ئاستێك ئەگەر كەسێك كتێبێكی وەربگێڕایا بەكێشی كتێبەكە ئالتونیان پێ دەبەخشی[3]، (الكندي)یش لە بواری وەرگێڕاندا ڕۆڵی هەبووە[4]، زۆرێك لە كتێبە فەلسەفییەكانی وەرگێڕاوە و ڕاڤەی كردوون و ڕوونی كردوونەتەوە و ئالۆزییەكانی ئاسان كردوون. گوتراوە:" لێهاتووەكانی وەرگێڕان چوارن (حنين اسحاق) و (الكندي) و (ثابت بن قرة) و (عمر بن فرخان الطبري) "[5]، بۆیە (الكندي) پشكداربووە لە وەرگێڕانی فەلسەفەی یۆنانی بۆ سەر زمانی عەرەبی[6]، یەكێك لەو كتێبە گرنگانەی وەرگێڕانی دەدرێتە پاڵ كیندی كتێبی (الهيات)ی ئەرستۆیە و خۆشی كاریگەری ئەم كتێبەی زۆر لەسەر بووە[7].

(الكندي) سەر بە ڕێبازی موعتەزیلە بووە، ئەگەرچی ویستویەتی دووربكەوێتەوە لە بۆچوونی موعتەزیلە و بۆچونی ئەهلی سونەت پەسەند بكات، بەلأم لە كۆتاییدا بەتەواوەتی چۆتە پاڵ موعتەزیلە[8].

(الكندي) كە بە فەیلەسوفی عەرەب ناسراوە[9]، زانیاری تەواوی هەبووە لەسەر فەلسەفەی یۆنانی، لە یۆنانییەوە وەرگێڕانی كردووە بۆ زمانی عەرەبی، زۆر گرنگی داوە بە زانستەكانی فارس و هیند و فەلسەفەكەیان، مەئمون هەڵیبژاردووە، ئەویش پەیمانی پیداوە كە كتێبەكانی (ئەرستۆ) و بیریارانی تری بۆ وەربگێڕێت بۆ زمانی عەرەبی[10]. (الكندي) بە یەكەم فەیلەسوف دادەنرێ لە مێژووی ئیسلامدا. لەگەڵ ئەوەی كتێبی داناوە، وەرگێڕانی زۆری كردووە بۆ كتێبە فەلسەفییەكان، ئالۆزییەكانیشی

(1) ديورانت، ول: قصة الحضارة(عصر الايمان)، تر: محمد بدران، مكتبة الاسرة، مصر، ٢٠٠١، ج١٣/ ص٢٠٠؛ ارنولد: م. س، صص١٥٩-١٦٠.

(2) مدكور، ابراهيم: اثر العرب والاسلام في النهضة الاوروبية، هيئة المصرية العامة، القاهرة،١٩٧٠، ص١٦٩.

(3) حفني: موسوعة الفلسفة والفلاسفة، ص١١١٣.

(4) القنوجي: م، س، ج٢/ص٢٥٥.

(5) ابن أبي أصيبعة: م. س، ج١/ ص٢٨٦.

(6) البكري، عادل: الفلسفة لكل الناس، ط٢، مطبعة الرشاد، بغداد، ١٩٩٠، ص٧٠.

(7) ريسلر: م. س، ص٢١٥.

(8) ول ديورانت: م. س، ج١٣/ ص٢٠١.

(9) ابن النديم: م، س، ص٣٥١.

(10) فنديك: م. س، ج١، ص١٨٢؛ المهداوي: م. س، ص٣٤٨.

ڕوونکردونەتەوە[1]. ئەوەی گرنگە لێرەدا کیندی لەگەڵ ئەوەی وەرگێڕانی کردووە وەك سەرچاوەکان ئاماژەی پێدەکەن، بە فەیلەسوفە یەکەمینەکانی فەلسەفەی ئیسلامی دادەنرێ، کە خاوەنی بیرکردنەوەی سەربەخۆ بووە و بەرهەمی بزاف وەرگێڕان و ئەو بزافە ڕۆشنبیرییەیە کە لەو سەردەمەدا دروست بووبوو.

کیندی شارەزابووە لە زانستە باوەکانی سەردەمی خۆی، زانستە ئایینییەکانی خوێندووە، وەك زمان و ئەدەب و لۆژیك و فەلسەفە[2]، سەردانی ئەو ناوەندانەی کردووە کە وەرگێڕەکان کاریان تێدا کردووە، هۆگری زانستە ماتماتیکییەکان و زانستە سروشتییەکان و گەردوونناسی و پزیشکی و جوگرافیا و مۆسیقا بووە، وازی لە زانستی کەلام هێناوە و بەرەو فەلسەفاندن چووە، گوتراوە ئەو یەکەم کەس بووە، خەریکی فەلسەفاندن بووە لەناو عەرەبدا[3].

**تەوەرەی سێیەم: بەرهەمەکانی کیندی**

بەهۆی مەعریفەی فراوانی (الكندي)یەوە[4]، لە زۆر بواری جیاوازدا نامە و کتێبی داناوە، جگە لەو کتێبانەی کە وەریگێڕاون، لە بوارەکانی فەلسەفە و دەروونناسی و پزیشکی و ئەندازیاری و گەردوونناسی و مۆسیقا و ئەستێرەناسی و مشتومڕی ئایینی و سیاسەتدا کتێبی نووسیوە. ژمارەی ئەو کتێبانەی داناون (٢٤١) کتێب بووە، نزیکەی حەڤدە لایەنی زانستی گرتۆتەوە[5]. ئێمە لێرەدا ناتوانین ناوی هەمووکتێبەکانی بێنین لەبەر زۆرییان، تەنها جۆری کتێبەکان دیاری دەکەین و ناوی هەندێك لەو کتێبانە دەنووسین:

- کتێبە فەلسەفییەکان وەك:(كتاب في الفلسفة الاولى، كتاب لاتنال الفلسفة الا بعلم الرياضيات).
- کتێبە لۆژیکییەکان وەك:(كتاب المجسطي عن قول ارسطاطاليس في انالوطيقا، كتاب رسالة في الاحتراس من خدع السوفسطائيين)
- کتێبە ژمێریارییەکان وەك:(كتاب في استعمال حساب الهندي، كتاب في تاليف الاعداد)
- کتێبە مۆسیقییەکان وەك:(كتاب رسالة الكبرى في التاليف، رسالة في مدخل الى صناعة الموسيقى).
- کتێبە ئەستێرەناسییەکان وەك:(كتاب رسالة مطرح الشعاع، كتاب رسالة ايضاح علة رجوع الكواكب).
- کتێبە ئەندازەییەکان وەك:(كتاب رسالة في اختلاف المناظر، كتاب رسالة في علل اوضاع النجومية).

---

[1] حساين: م. س، ص٤٦؛ نصر: م. س، مجلد١/ص٢٩٢.

[2] العسقلاني، أحمد بن علي بن حجر أبو الفضل: لسان الميزان، تح: دائرة المعرف النظامية، ط٣، مؤسسة العلمي للمطبوعات، بيروت، ١٩٨٦، ج٦/ ص٣٠٥؛ الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج١٢/ ص٣٣٧.

[3] الفا: م. س، ج٢/ ص٢٧٧.

[4] حاجي خليفة: م. س، ج٦/ ص٥٣٧.

[5] ابن النديم: م. س، ص٣٥١.

- کتێبە پزیشکییەکان وەك:(كتاب رسالة في الغذاء والدواء المهلك، كتاب رسالة في تدبير الاصحاء).
- کتێبە مشتومڕییەکان وەك:(كتاب رسالة في رد على المنامية، كتاب رسالة في فاعل الحق التام)(١).

هەمەجۆری لە کتێبەکانییدا دەرخەری ئەوەیە کە گوتارەکان و نووسینەکانی کیندی کۆکەرەوەی زۆرێك لە زانستەکان بووە و وەك ئینسکلۆپیدیایەك وابووە زانستەکانی وەك:(فەلسەفە و لۆجیك و ژمێریاری و ئەندازیاری و مۆسیقا و ئەستێرەناسی و پزیشکی ...هتد لەخۆ گرتووە)(٢).

**تەوەرەی چوارەم: فەلسەفەی کیندی و کاریگەری فەلسەفەی یۆنان لەسەری**

ڕێبازێکی وردی هەبووە، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ڕاستەوخۆ کتێبە یۆنانییەکانی بەکارهێناوە، چونکە ئەو زمانەی زانیوە. هەربۆیە ڕێگای کردەوە بۆ توێژینەوە لەبارەی ئەرستۆوە بەشێوەیەکی ورد(٣). فەلسەفەی یۆنانی کاریگەری هەبووە لەسەر کیندی، خۆی پابەندی قوتابخانەیەکی هزری و عەقڵی کرد، کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، مرۆڤ ناتوانێت ببێت بە فەیلەسوف، تاوەکو ماتماتیك نەخوێنێت، پاشان دەستپێدەکات بە دیاریکردنی فەلسەفە بۆئەوەی لەوێوە بگوازێتەوە بۆ لێکۆڵینەوەی چەندین بابەتی جیاواز، لەوانە بابەتاکانی میتافیزك و جیهان و دەروونناسی و پەژارە(٤).

(الكندي) کەسێکی موسڵمان بووە لەسەر ئایینزای موعتەزیلە بووە، بەڵام لەسەر بنەمایەکی فەلسەفی، بیردۆزە فەلسەفییەکانی گۆڕیوە و نزیکی کردونەتەوە لە بیروباوەڕی ئیسلامی، دانبەوەدا دەنێت، کە جیهان لە نەبوو دروستکراوە، باوەڕیشی بە ڕۆژی دوایی و زیندووبوونەوە هەبووە، باوەڕی بە ویستی خوا هەبووە، کە دەتوانێت هەموو شتێك بکات، ئەو لەسەرو یاساکانی سروشتەوەیە، پێغەمبەریش مەعریفەیەکی خوایی هەیە، لە ڕێگای وەحی و ئیلهامەوە پێی گەیشتووە، ئەویش بریتییە لە بەرزترین پلەی مرۆیی. لەسەر ئەم بنەمایە ئەو پێی وایە قورئان یارمەتی مرۆڤ دەدەت بە پێدانی ڕاستییە فەلسەفییەکان(٥).

لەناو فەلسەفەدا (الكندي) میتافیزیکی زۆر بەلاوە گرنگ بووە، بۆیە ناوی ناوە بە فەلسەفەی یەکەمین و زانستی پەروەردگارێتی(٦)، هۆی ئەمەش ئەوەیە کە میتافیزیك زانستێکی گەورە و ڕێزدارە، کاری ناسینی حەقی یەکەمە، کە خاوەنی حەقی تەواوە و خۆی حەقی تەواوە. بۆیە پێویستە لەسەر فەیلەسوف

---

(١) ابن النديم: م. س، ص٣٥١ومابعدها.

(٢) نصر و دگران: م. س، مجلد١/ ص٢٨٠؛ فخري: م. س، ص١٠٨؛ مايرهوف، ماكس: من الاسكندرية الى البغداد، تر: عبدالرحمن بدوي، من كتاب التراث اليوناني في الحضارة الاسلامية، ط٢، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٤٦، صص٥٩-٦٠.

(٣) اوليري: م. س، ص١٢٠.

(٤) الفا: م. س، ج٢، ص٢٨٧.

(٥) الكروي، ابراهيم بن سليمان و عبد التواب شرف الدين: المرجع في الحضارة العربية الاسلامية، ط٢، منشورات السلاسل، الكويت، ١٩٨٧، ص٢٨٣.

(٦) الطويل، توفيق: اسس الفلسفة، ص٥١.

بەتەواوەتی ئاگادار بێت لەم فەلسەفەیە، ئەگەر دەیەوێت بەتەواوی قولّ بێت لەکارەکانیدا، چونکە زانست بە هۆ(العلة) ڕێزدارترە لەزانست بە هۆدار(المعلول)، چونکە زانست بە شتێك نایەتە ئەنجام تا وەکو هۆکەی نەناسین[١].

(الكندي) لە بواری زانستی سروشتییدا پشتی بە (ئەرستۆ) و میتۆدەکەی بەستووە، بەلاّم لە ئەخلاقدا پشتی بە فێرکردنەکانی (سوکرات) و (ئەفلاتوون) بەستووە، لە لێکۆلّینەوشیدا لەبارەی دەروونەوە تێڕوانینەکانی (ئەفلاتوون)ی بەکارهێناوە، لەگەلّ ئەوەی کیندی کاریگەری (ئەرستۆ)ی زۆر لەسەر بووە، بەلاّم لەوشتانەدا کە پێچەوانەی بیروباوەڕەکانی ئیسلامە، (الكندي) پێچەوانەی ئەرستۆیە، بۆ نمونە سەبارەت بە کۆنی جیهان کە (ئەرستۆ) بڕوای پێی هەبووە، کیندی بەپێچەوانەی ئەرستۆوە پێی وایە جیهان لە کاتێکی دیاریکراوەوە لە نەبوون(عدم) هاتۆتە بوون[٢]. بۆیە تێبینی ئەوە دەکەین بیروباوەڕەکانی ئیسلام ڕۆلّیان هەبووە لە دیاریکردن و داڕشتنی فەلسەفەکەی، ئەمەش شتێکی سروشتییە، چونکە ژینگە کۆمەلاّیەتی و ڕۆشنبیرییەکان کاردەکەنە سەر بیروبۆچونی مرۆڤەکان.

### دابەشکردنی بۆ فەلسەفە

(الكندي) شێوازی دابەشکردنی فەلسەفەی لە دابەشکردنی ئەرستۆوە وەرگرتووە، کە بریتییە لە:

یەکەم: فەلسەفەی تیۆری: مەبەستی فەیلەسوف تیایدا تیۆرییە، واتا پێکانی ڕاستییە، کە بریتییە لە زانست بە ڕاستی شتەکان، لەوانەش زانستی پەروەردگارێتی و زانستی یەکتاییە.

دووەم: فەلسەفەی پراکتیکی: فەیلەسوف مەبەستی لێی کارپێکردنیەتی، کە بریتییە لە بەدەستهێنانی فەزیلەت[٣].

### تەوەرەی پێنجەم : گونجان و تەبایی فەلسەفە و ئایین لای کیندی

١– هۆکارە پالّنەرەکانی کیندی بۆ گونجاندن لە نێوان فەلسەفە و ئاییندا

لێرەدا دەمانەوێت تێڕوانینی کیندی سەبارەت بە فەلسەفە و ئایین ڕوونبکەینەوە، کیندی بە شێوەیەکی چڕوپڕ گفتوگۆی لەسەر ئەم پرسە گرنگە کردووە، سەرەتا کارێکی گران بووە بۆ کیندی کار لەسەر ئەم پرسە بکات، چونکە ئەو سەردەمەی ئەو تیایدا ژیاوە سەرەتای هاتنەناوەوە و گەشەکردنی هزری فەلسەڤ

(١) الكندي: رسالة الكندي الى المعتصم بالله في فلسفة الاولى، ص٥١.

(٢) ابو ريان: م. س، صص ٢٣٠–٢٣١.

(٣) ابو ريان: ن. م، ص١٣٢.

بووه له شارستانییەتی ئیسلامییدا، ئەمەش ئەرکێکی زیاتر و گرانتری خستبووه سەر شانی کیندی، چونکه لەو سەرەتایەدا فەلسەفه نامۆ بووه و بەگومانەوه تێی ڕوانراوه.

جگەلەوەش ئەگەرچی پێش کیندی کاری فەلسەفاندن هەبووه بەجۆرێك لەجۆرەکان، چونکه ناکرێت فەیلەسوفێکی ئینسکلۆپیدی وەك کیندی له پڕ و وەك دیاردەیێکی ناوازه دەرکەوتبێ، بەبێ ئەوەی پێش ئەو کەسانی تر هەبووبن ڕێگایان بۆ خۆشکردبێ بۆ کاری فەلسەفاندن، چونکه (الكندي) هاوسەردەمی پرۆسەی بزاڤ وەرگێڕان بووه له شارستانیەتی ئیسلامییدا که لەسەردەمی خەلیفه (المنصور)ەوه دەستی پێکردبوو[1]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکی (الكندي) ئەرکێکی گران بووه، چونگه ئەو یەکەم فەیلەسوف بووه له شارستانییەتی ئیسلامیدا ڕووبەڕووی پرسه گرنگەکانی پەیوەندی نێوان فەلسەفه و ئایین بۆتەوه، که بۆ کۆمەڵگایەکی ئایینداری وەك ئەو کۆمەڵگایەی کیندی تیا ژیاوه دەبوو وەڵامی بۆ ئەو پرسیارانه پێبێت.

**چەند هۆکارێك پاڵنەر بوون بۆ ئەوەی کیندی هەوڵی گونجاندن له نێوان فەلسەفه و ئاییندا بکات لەوانه:**

١.قورئانی پیرۆز له زۆرێك له ئایەتەکاندا بانگەشه بۆ تێڕوانین و لێکۆڵینەوه له گەردوون دەکات[2]، ئەمەش بەڕوونی له ئایەتەکانی قورئاندا دەردەکەوێت، که دەکرێت ئەو ئاماژه و دەستەواژانه وەك پاڵپشتێك بێت بۆ کەسێکی وەك کیندی، که ویستویەتی گونجاندن بکات له نێوان فەلسەفه و ئاییندا، چونکه زۆر دەستەواژه ستایش کراون له قورئانی پیرۆزدا که کەرەستەی خاون بۆ فەلسەفاندن وەك: (يعقلون، يتفكرون، يفقهون، ينظرون، يبصرون، يعتبرون، يعلمون...هتد)[3]، ئەم وشانه له قورئاندا بەشێوەیەکی باش پەسن کراون، لەهەمانکاتدا بنەماشن بۆ کاری فەلسەفاندن، ئەمەش دەکرێت وەك خاڵی هاوبەشی نێوان فەلسەفه و قورئان تێیی بڕوانرێت.

٢.سەردەمی (الكندي) هاتنەناوەوەی فەلسەفەی یۆنانی بۆ ناو شارستانیەتی ئیسلامی له سەرەتایدا بووه، چونکه عەرەب پێش ئیسلام فەلسەفەی گریکی و لۆژیکیان نەناسیوه و زۆرێك له زانستەکانی تریان نەناسیوه[4]، هەربۆیه فەلسەفەی ئیسلامی لەسەر بنچینەی فەلسەفەی یۆنانی هەڵچنراوه[5]. ئەمەش وایکردبوو فەلسەفه نامۆ بێت بەو کۆمەڵگایەی کیندی تیادا ژیاوه، بەوپێیەش کۆمەڵگه لەو سەردەمەدا

---

[1] المسعودي: م. س، ج٤/ ص٣٥٤.

[2] العراقي، عاطف: مذاهب فلاسفة المشرق، ط١١، دار المعارف، القاهرة، ١٩٩٩، ص٣٤.

[3] سورة البقرة: اية١٦٤، سورة يونس: اية ٢٤، سورة الانعام: اية ٩٧–٩٨.

[4] لوبون، غوستاف: حضارة العرب، تر: عادل زعيتر، مؤسسة الهنداوي، القاهرة، ٢٠١٣، ص٤٤١.

[5] امين: ضحى الاسلام، ج١/ ص١٩٦.

کۆمەڵگەیەکی ئایینی بووە بۆیە هەرشتێك گومانی ئەوەی لێبکرایا پێچەوانەی ئایینە دەبووە جێگەی گومانی خەڵکی. بۆ ڕەواندنەوەی ئەم گومانەش کیندی کاری لەسەر ئەوە کردووە گونجاندن لەنێوان فەلسەفە و ئاییندا بکات و ئەوە بسەلمێنێت.

٣.بەهۆی خەریکبوونی (الکندي) بە فەلسەفەوە توشی ئازار و ناڕەحەتی بووە، ویستویەتی بەردەوام بێت لە کاری فەلسەفاندن، بۆیە لەم بارەیەوە چەند کتێبێکی داناوە[١]، تاوەکو ئەوە پیشان بدات فەلسەفە دژی ئایین نییە و لەگەڵ ئاییندا گونجاوە. جگە لەوە لەوسەردەمەدا فەلسەفە گومانی زۆری لەسەربووە و خەڵکی بە نەخوازراو سەیریان کردووە[٢]، تەنانەت خودی (الکندي)یش جێگەی گومان بووە و سەرچاوەکان ئەمەمان بۆ دەگوێزنەوە، (الذهبي) ئاماژەی بەوە کردووە کیندی لە ئایینیدا تۆمەتبار کراوە[٣]. واتا یەکێك لەو پاڵنەرانە بۆ ئەوە بووە پاکانە بۆ خۆی و ئەو پیشەیە بکات، کە پێیەوە خەریکبووە، کە کاری فەلسەفاندن بووە.

٤.هۆکارێکی تر پەیوەندی بە خودی (الکندي)یەوە هەبووە، چونکە کیندی خۆی کەسێکی ئاییندار بووە و لە ژینگەیەکی ئایینیدا ژیاوە و پەروەردەکەشی پەروەردەیەکی ئایینی بووە، کەسێکی خاوەن پرسیار بووە و حەزی بە فەلسەفە کردووە، بەم جۆرە هاتووە گونجاندنی کردووە لە نێوان فەلسەفە و ئاییندا، هەربۆیە لەم بارەیەوە چەند کتێبێکی داناوە لەوانە (الرد علی المنامیة، الرد علی الثنویة، في تثبیت الرسل علیم السلام، في الفاعل الحق التام...هتد)[٤]، ئەم کتێبانە کە ڕەتدانەوەی هەندێك فیرقی ئایینی جیاوازن لە ئیسلامدا، هەندێکیشیان باس لە ڕاستی پێغەمبەران و تاکێتی خوا دەکەن، هەم بۆ ڕازیکردنی خودی خۆی بووە، هەم بۆ دەرخستنیشی بووە بۆ خەڵك، کە کاری ئەو گونجاوە لەگەڵ ئیسلامدا نەك دژی بێت.

ئەو هۆیانەی ئاماژەمان پێدان، لەگەڵ چەندین هۆی تریش، پاڵنەر بوون بۆ ئەوەی (الکندي) ئەوە پیشان بدات فەلسەفە و ئایین لێکدژ نین، بەڵکو پێکەوە گونجا و تەبان. لە پێناوی سەلماندنی ئەم بۆچوونەشیدا هەوڵێکی زۆری داوە تاوەکو بەڵگە لەسەر ئەم پرسە بهێنێتەوە، کە بیری گەلێك خەڵك و تەنانەت خۆشی داگیر کردبوو.

### هەوڵەکانی کیندی بۆ گونجاندنی نێوان فەلسەفە و ئایین

تێبینی ئەوە دەکەین گرنگی دان بە تەبایی نێوان فەلسەفە و ئایین لای کیندی پرسێکی لاوەکی نییە، بەڵکو گرنگی زۆری پێداوە و وەك پرسێکی سەرەکی لێی ڕوانیوە، بە ڕاگوزەری باسی لەم پرسە نەکردووە،

---

[١] العراقي: م. س، ص٣٤.

[٢] العراقي: ن. م، ص٣٤.

[٣] سیر اعلام والنبلاء: م. س، ج١٢/ص٣٣٧.

[٤] ابن الندیم: م. س، ص٣٥٦.

بەڵکو چەند کتێبێکی تایبەتکردووە بۆ ئەم پرسە، وەك کتێبی (رسالة الکندي الی المعتصم في فلسفة الاولی)، جگە لەو کتێبانەی کە تایبەتی کردوون بۆ بەرگریکردن لە پرسە ئایینییەکان[١].

بۆیە دەبینین کیندی لەگەڵئەوەی زۆر کاریگەری (ئەرستۆ) و فەلسەفەکەی ئەوی لەسەر بووە[٢]، بەلاّم لە زۆر پرسی گرنگدا لە فێرکردنەکانی ئەرستۆ لایداوە، چونکە لەگەڵ ڕۆحی شەریعەتی ئیسلامدا نەگونجاوە، بۆ نمونە بەڵگەی لەسەر ڕاستێتی وەحی هێناوەتەوە بە پێوانەی لۆژیکی، بەجۆرێك کە نەتوانرێت نکوڵی لێبکرێت[٣].

کیندی ویستویەتی لەمیانەی گرنگی دان بەم پرسەدا، ئەوە بسەلمێنێت بایەخی فەلسەفە زۆر گرنگە و سەرقاڵبوونیش پێیەوە کارێکی مەزنە. جگەلەوەی جۆرێك لە ڕەوایەتی ئایینیشی پێداوە و نووسیویەتی:"ڕێزدارترین فەلسەفە وبالاّترینیان لە پلەدا، فەلسەفەی یەکەمینە: مەبەستم لە زانستە بە حەقی یەکەم، کە هۆی هەموو حەقەکانە. لەبەرئەوە پێویستە فەیلەسوفی تەواوی ڕێزدار، ئەو کەسە بێت دەست بالاّیە بەسەر ئەم زانستە ڕێزدارەدا، چونکە زانست بە هۆ (العلة) ڕێزدارترە لە زانست بە هۆدار(معلول)"[٤]، هۆی ئەمەش ئەوەیە کە زانینی ئەم جۆرە فەلسەفەیە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ سەرچاوەی هەموو شتەکان، لەم دەقەشدا زۆر لێزانانە (الکندي) ئایین و فەلسەفە پێکەوە گرێ دەدات، گرنگی فەلسەفە پیشان دەدات لە ڕێگای بابەتەکەیەوە، کە گرنگی دانیەتی بە خوا، ڕێزی فەلسەفەش لەوەدا دەبینێتەوە کە گرنگی بەم پرسە دەدات.

لەوەش زیاتر کیندی ڕەوایەتی دەدات بە فەلسەفە، پێی وایە ئەوەی دژایەتی فەلسەفە بکات پێویستە لە ئایین داماڵرێ، چونکە لە فەلسەفەدا باسەکانی پەروەردگارێتی و زانستی یەکتاپەرستی و زانستی فەزیلەت و سەرجەم زانستە سوودمەندەکانی تیادا دەست دەکەوێت، دوورکەوتنەوەش لە خراپەکانی تیادا دەست دەکەوێت، تێکڕای ئەو شتانەش بریتین لەوەی کە پێغەمبەران(د.خ) هێناویانە[٥].

هەر لەچوارچێوەی کارکردنی کیندی بۆ گونجاندن لە نێوان فەلسەفە و ئاییندا، کیندی ویستویەتی گونجان لە نێوان فەلسەفەی ئەفلاتون و ئەرستۆدا بکات[٦]، ڕەنگە کەسانێك بپرسن ئەمە چ پەیوەندییەکی

---

[١] ابن الندیم: م.س، ص٣٥٦.

[٢] دي بور، ت.ج: تاريخ الفلسفة في الاسلام، تر: محمد عبدالهادي ريدة، ط٥، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، (د. س. ط)، ص١٨٨.

[٣] فخري: م. س ، ص١٠٩.

[٤] الكندي: رسالة الكندي الى المعتصم بالله في فلسفة الاولى، ص٥٢.

[٥] الكندي: ن. م، صص٥٦–٥٧.

[٦] ابوريان: م. س، ص٣٣٥.

بە پرسی گونجان لە نێوان فەلسەفە و ئایینەوە هەیە؟ ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە کیندی کاریگەری ئەرستۆی لەسەر بووە، ئەرستۆش وا ناسراوە کە فەیلەسوفێکە زیاتر گرنگەی بە سروشت داوە، ئەو گومانە لەسەر (الكندي)ش دروست بووە، لە بەرامبەردا ئەفلاتوون فەیلەسوفێکی میسالی بووە و بۆچوونەکانی لە ڕۆحی بیروباوەڕی ئیسلامییەوە نزیك بوون، بۆیە ویستویەتی گونجان لە نێوان ئەو دوانەدا بکات.

بەدەر لەوەی لەپێشەوە باسکرا، دەتوانین بڵێین کارکردنی (الكندي) لەسەر ئەم پرسە بەڕوونی لە دووشتدا دەردەکەوێت:

یەکەم: بوونی خوا و تاکێتی خوا: بۆچوونی کیندی بەرامبەر بە بوونی خوا و تاکێتی ئەو، نزیکە لە بۆچوونەکانی قورئانەوە، جگە لەوە کیندی بەڵگە لەسەر بوونی خوا دێنێتەوە بە هەستەکان و بەعەقڵ، بۆ نمونە مرۆڤ لە ڕێگای تێڕوانین لە گەردوون و تێڕوانین لە دەروونی خۆی، دەتوانێت ئەنجامگیری بوونی خوابکات، بیکاتە بەڵگە لەسەر بوونی خوا[1]. کیندی پێی وابووە لەڕێگای تێرامان لە دەروونی مرۆیی و پەیوەندی بەلاشەوە، دەکرێت بگەین بە بوونی خوا. هەروەك چۆن دەروونی مرۆیی کاروباری لاشە ڕێکدەخات و نادیاریشە، بەهەمان شێوە جیهان لاشەیەکی مەزنە و هەردەبێت لە ڕێگای جیهانێکی ترەوە ڕێکبخرێت و بەڕێوە ببرێت کە نادیارە، ئەو جیهانە نادیارەش خوای بالآیە، کە لە ڕێگای شوێنەوارەکانیەوە کە بەڵگەن لەسەری و بینراون ناناسرێت[2].

دووەم: پێشخستنی سروش (وحی): کیندی وەك فەیلەسوفێك و هەوادارێکی فەلسەفە، ئەگەرچی فەلسەفە بە بەرزترین زانستی مرۆیی دەزانێت و بەرز دەینرخێنێت، بەڵام سروش بە بەرزتر دەزانێت، ئەو پێی وایە پێغەمبەر(د.خ) مەعریفەیەکی خوایی هەیە، کە لە ڕێگای وەحی و ئیلهامەوە پێی گەیشتووە، ئەوەش بەرزترین پلەی مرۆییە، لەسەر ئەو بنەمایە ئەو پێی وایە قورئان ڕاستییە فەلسەفییەکان دەبەخشێت بە مرۆڤ[3].

کیندی لەبارەی جیاوازی سەرچاوەی ئایین و سەرچاوەی فەلسەفەوە دەڵێت: " زانستی مرۆیی بە خواستن و زۆر لە خۆکردنی مرۆڤە... لە کاتێکدا زانستی خوایی بەبێ خواستن و زۆر لەخۆکردن و لێکۆڵینەوە و گەڕان بەدەست دێت، بەبێ هیچ حیلەیەکی مرۆڤ و هیچ کاتێك، وەك زانستی پێغەمبەران — درودی خوایان لەسەر بێت— کە خوا تایبەتی کردووە پێیانەوە، بەرز و بڵند بێت بڵندییەکی مەزن، بەبێ

---

[1] المغربي، علي عبدالفتاح: دراسات عقلية و روحية في فلسفة الاسلامية، ط١، مكتبة الوهبة، القاهرة، ١٩٩٥، ص١٣٠.

[2] المغربي: ن. م، ص١٣٠.

[3] الكروي: م. س، ص٢٨٣.

داخوازی و زۆر له خۆکردن و گه‌ڕان، نه به‌حیله نه به بیرکاری و لۆژیك، نه به‌کات، به‌ڵکو به ویستی خوا– به‌رز و بڵند بێت– و پاککردنه‌وه‌ی ده‌روونیان و ڕۆشنکردنه‌وه‌ی بۆ ڕاستی به پشتگیری کردنی و ئاراسته‌کردنی و ئیلهام پێبه‌خشینی و په‌یام بۆ ناردنی، ئه‌م زانسته‌ش تایبه‌ته به پێغه‌مبه‌رانه‌وه(د.خ)"[1].

له‌م ده‌قه‌ی (الکندی)یه‌وه تێبینی ئه‌وه ده‌که‌ین، کیندی زانستی مرۆیی و زانستی خوایی جیاواز داده‌نێت له یه‌کتری، ئه‌وه‌ی خوا ده‌ینێری بۆ پێغه‌مبه‌ران جیاواز و له‌سه‌رتره له‌وه‌ی مرۆڤ خۆی به هه‌وڵ و تێکۆشان و ڕێگای جیاواز به‌ده‌ستی دێنێت، جگه له‌وه‌ی له‌م ده‌قه‌وه باوه‌ڕبوونی کیندی به پێغه‌مبه‌ران و وه‌حی خوایی به ئاشکرا دیاره.

[1] الكندي، ابي اسحاق: مايحتاج اليه في تحصيل الفلسفة، ضمن( نصوص فلسفي مويسرة من تراث العرب الفكري: كال اليازجي)، ط٤، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٦٨، ص٤٠.

## باسی سێیەم: : ژیان و بەرهەم و فەلسەفەی ئەبوبەکری ڕازی (ابو بكر الرازي)

ئەم باسەمان تایبەتە بە فەیلەسوف و پزیشکی بەناوبانگ (الرازي)، کە یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی جێگەی بایەخە لە لێکۆڵینەوەکەماندا و لەو چوارچێوەیەدایە و بە یەکێك لەو فەیلەسوفە گرنگانەمان زانیوە کە وەك نمونە وەریبگرین. ئەمەش دەگەڕێنینەوە بۆ دوو هۆ یەکێکیان ئەوەیە کە (الرازي) وەك فەیلەسوفێکی خاوەن میتۆد و دەقی ڕەسەنی فەلسەفی دەزانین، دووەمیشیان ئێمە پێمان وایە ڕازی تا ئاستێکی زۆر لە مێژووی فەلسەفەی ئیسلامییدا پشتگوێ خراوە، بۆیە تێبینی ئەوەدەکەین لەزۆربەی کتێبەکانی مێژووی فەلسەفەی ئیسلامیدا یان هەرباسی ناکەن یان بە دوو سێ لاپەڕە کۆتایی پێدێنن.

### تەوەرەی یەکەم: ژیانی ڕازی (الرازي)

فەیلەسوف و پزیشکی بەناوبانگ (ابو بكر محمد بن زكريا الرازي) لە شاری (الري) لەدایکبووە و هەر لەوێش خوێندویەتی، لە نێوان لەسالآنی (٢٥١–٣٢٠ك/٨٦٥–٩٣٢ز) ژیاوە[١]، گومان هەیە لەسەر ساڵی مردنەکەی، هەندێك ساڵی مردنەکەی بە(٣١١ك/٩٢٣ز) دادەنێن[٢]، لەسەرەتادا کاروباری پارە و پارە گۆڕینەوەی کردووە [٣]. لە بلیمەتەکانی سەردەمی خۆی بووە، خاوەنی مەعریفەیەکی فراوان بووە و خاوەنی ڕێز و پیاوەتی و لە خۆبووردەیی بووە و نەرموونیان بووە لەگەڵ نەخۆشان[٤]، لە لۆژیك و ئەندازیاریی و زانستە فەلسەفییەکاندا شارەزا بووە، لەسەرەتای لاوێتیدا ئامێری عودی ژەنیوە و خەریکی مۆسیقا بووە، پاشان ڕوویکردۆتە فەلسەفە و لەبارەیەوە زۆر شتی گوتووە، کتێبی زۆری نووسیوە، کە زۆربەیان لە بواری پزیشکیدابوون[٥]. دەستی کردووە بە لێکۆڵینەوە لە زانستی پزیشکییدا، زۆر تیاییدا شارەزا بووە، پێشەوای سەردەمی خۆی بووە لە زانستی پزیشکییدا[٦]، بەڕێوبەری بیمارستانی ڕەی بووە پاشان لە بەغدادیش بەڕێوبەرێتی بیمارستانی پێ سپێردراوە[٧]. ئەوەندە قوڵ بۆتەوە لە بواری پزیشکییدا

---

[١] الزركلي: م. س، ج٦/ ص١٣٠.

[٢] الرومي الحنفي: م. س، ج٦/ص٢٧.

[٣] ابن ابي اصيبعة: م. س، ج١/ص٤٢٠.

[٤] الذهبي: سير اعلام النبلاء، ج١٤/ ص٣٥٤؛ القفطي: م. س، ص٢٠٦.

[٥] طاش كبرى زاده، أحمد بن مصطفى: مفتاح السعادة ومصباح السيادة، ط٣، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٢، ج١/ ص٣٠٥.

[٦] القنوجي: م. س، ج٣/ص٩٣.

[٧] ابن خلكان: م. س، ج٥/ص١٥٧.

توانیویەتی کۆمەڵە نەخۆشییەك دیاریی بکات کە پێشتر نەزانراو بوون، کتێبە بەناوبانگەکەی (الحاوي في الطب) لەسەدەکانی دواتردا بۆتە سەرچاوەیەك بۆ ئەوروپییەکان و پشتیان پێبەستووە[1].

**تەوەرەی دووەم: کتێبەکانی ڕازی**

ڕازی خاوەنی کۆمەڵێك کتێبی زۆر بووە لە بوارە جیاوازەکانی مەعریفە و زانستە جۆربەجۆرەکاندا، ڕازی خۆی ئاماژەی بەوە کردووە تاکاتی نووسینی کتێبی (السيرة الفلسفية) نزیکەی دووسەد کتێب و گوتار و نامەی نووسیوە، لە هونەرەکانی فەلسەفە و زانستی خوداییدا، ئاماژەی بەوە داوە لە ساڵێکدا بیست هەزار پەڕەی نووسیوە، ماوەی پانزە ساڵ بە بەردەوامی کاری لەسەر کتێبی (الجامع الكبير) کردووە، کە ناسراوە بە (الحاوي في الطب)[2]. کتێبەکانی ئەوەندە زۆر بوون (البيروني) هەستاوە بەدانانی پێڕستێك بۆ کتێبەکانی ڕازی و لە دووتوێی کتێبێکدا چاپکراوە و لە بەردەستماندایە، کتێبەکانی پۆلێنکردووە بەپێی زانستەکان کە پێکهاتوون لە:

١.کتێبە پزیشکییەکان.

٢.کتێبە سروشتییەکان.

٣.کتێبە لۆژیکییەکان.

٤.کتێبە بیرکاری و ئەستێرەناسییەکان.

٥.کتێبە ڕاڤەکراو و پوختکراوەکان.

٦.کتێبە فەلسەفییەکان.

٧.کتێبە میتافیزیکییەکان.

٨.کتێبە ئیلاهییەکان.

٩.کتێبە کیمیاییەکان[3].

---

[1] مدكور: اثر العرب والاسلام في النهضة الاوروبية، ص١٥٧.

[2] الرازي، ابوبكر محمدبن زكريا: كتاب السيرة الفلسفية ضمن(الرسائل فلسفية لابي بكر الرازي)، ط٥، تح: لجنة احياء التراث العربي، دار الافاق الجديدة، بيروت، ١٩٨٢، صص١٠٩–١١٠.

[3] رسالة للبيروني في فهرست كتب محمد بن زكرياء الرازي: تح: بول كراوس، ط١، دار الوراق، بيروت، ٢٠١٧، ص٢٠ومابعدها.

ژمارەیەکی کەم لە کتێب و نامە و نووسراوەکانی ڕازی لە بواری فەلسەفەدا ماونەتەوە، بەڵام ئەوانەی ماونەتەوە ئەوە دەردەخەن، کە ڕازی فەلسەفەی وەك لقێك لە لقەکانی پزیشکی نەبینیوە، بەڵکو فەلسەفەی لە خودی خۆیدا بە ئامانج بینیوە[1].

**تەوەرەی سێیەم: فەلسەفەی ڕازی**

ڕازی یەکێك بووە لە فەیلەسوفە بیرئازادەکان، لەناو فەیلەسوفانی ئیسلامییدا بە فەیلەسوفێك دادەنرێت کە عەقڵێکی ئازادی هەبووە، ئەو بۆ فەیلەسوفبوونی دەبوو ئەوە ڕوونبکاتەوە کە پەیوەندی بە هیچ قوتابخانە و فیرقەیەکەوە نییە، لە کردار و بیروباوەڕیشدا بە یەك مامۆستا و فەیلەسوفەوە پەیوەست نییە، بەڵکو سوودی لە تێکڕای فەیلەسوفانی پێش خۆی وەرگرتووە[2]. بەمجۆرە ڕازی کە پابەند نەبووبێت بە هیچ ڕێبازێکی دیاریکراو یان فەیلەسوفێکی دیاریکراوەوە ناچار نەبووە پاساو بێنێتەوە بۆیان و بەناچاری دەستبگرێت بە بۆچوون و فەلسەفەکەیانەوە، ئەمەش ڕێگای بۆ ئاسانکردووە تا بتوانێت خۆی خاوەن بیروبۆچوونی سەربەخۆی خۆی بێت.

(الرازي) عەقڵ بەرز دەنرخێنێت و بەگەورەترین بەخششی خوای دادەنێت بۆ مرۆڤ، کە لە ئاژەڵانی جیادەکاتەوە لەم بارەیەوە نووسیویەتی: " بەهۆی عەقڵەوە گەیشتوینەتە ناسینی خوای گەورە (عز وجل) کە مەزنترینە ئێمە پەیمانپێبردبێت، بەکەڵکترینە کە پێکابێتمان. بەگشتی عەقڵ شتێکە ئەگەر نەبوایا ڕەوشمان وەك ئاژەڵان و منداڵان و شێتەکان دەبوو، بەهۆی عەقڵەوە وێنای کردەوە عەقڵییەکانمان دەکەین پێش دەرکەوتنیان بۆ هەستەکانمان"[3]. هەر بۆیە بۆچوونی وابووە مرۆڤ لە ڕێگای فەلسەفە و بەکارهێنانی عەقڵەوە دەتوانێ ژیانی بسازێنێ[4]. عەقڵ لای ڕازی لەسەرەوەی هەموو شتەکانە و بە گەورەترین هۆی دادەنێت بۆ پەیپێبردن و ناسینی شتەکان، تەنانەت ناسینی خواش دەگەڕێنێتەوە بۆ عەقڵ و عەقڵ دەخاتە پێش هەستەکانیشەوە.

ڕازی عەقڵ بە مەبەست و ئامانج دەزانێت، پێی وایە دەروونی چێژ و ئارەزوو پەیوەستکراوە بە عەقڵەوە بۆ ئەوەی جەستە بێتەدی، کە جەستەش وەك ئامرازێك وایە بۆ هێزی ناتیقە یان هێزی عەقڵ، بۆئەوەی عەقڵ ماوەیەك بمێنێتەوە لەم دنیایەدا بۆ دەستخستنی مەعریفە لەم دنیایەدا[5]. مەبەستی لەوەیە

---

[1] نصر وديگران: م. س، مجلد١/ ص٣٤٤.

[2] نصر وديگران: ن. م، مجلد١/ص٣٤٧.

[3] الرازي، ابوبكر محمد بن زكريا: الطب الروحاني، تح: عبداللطيف العبد، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٧٨، ص٣٦.

[4] وات: م. س، ص٦٥.

[5] الرازي: الطب الروحاني، ص٩١.

ئارەزووەكان و چێژەكان بۆیە دانراون تاوەكو پێداویستییەكانی جەستە پڕبكەنەوە و جەستە توانای بەردەوامی هەبێت لە ژیاندا، جەستەش خزمەتكاری عەقڵە و تەنها وەك ئامرازێكە، عەقڵ كارەكانی خۆی پێ جێبەجێ دەكات، تا مەبەستی عەقڵ بێتەدی، كە پەی پێبردنی مەعریفەیە. لێرەوە دەتوانین ڕازی بە فەیلەسوفێكی عەقلانی دابنێین بەو پێیەی هۆی دەستخستنی مەعریفە دەگەڕێنێتەوە بۆ عەقڵ.

سەبارەت بە دروستبوونی مرۆڤ و ئامانجی دروستبوونەكەی نووسیویەتی: "مەبەست لە دروستبوونمان بەدەستهێنانی چێژە جەستەییەكان نییە، بەڵكو بەدەستهێنانی زانست و بەكارهێنانی دادپەروەرییە، بەهۆی ئەم دوانەوە لەم جیهانەدا ڕزگارمان دەبێت و دەچین بۆ جیهانێك كە مردن و ئازاری تێدا نییە. سروشت و ئارەزووەكانمان بانگهێشتمان دەكەن بۆ لە پێشدانانی  چێژە ئێستاییەكان، بەلآم عەقڵ بەزۆری بانگهێشتمان دەكات بۆ وازهێنان لە چێژە ئێستاییەكان لەبەر شتانێك كە لە پیشترن، خاوەنەكەمان ئەوەی كە پاداشتی لێ دەخوازین و لە سزا دانراوەكانی دەترسین، میهرەبانە بەرامبەرمان، نایەوێت ئازارمان بدات و ڕقی لە ستەم و نەزانینمانە و زانست و دادپەروەریمانی خۆش دەوێت"[1]. ڕازی ئامانجی بوونی مرۆڤ لەم جیهانەدا دەبەستێتەوە بە دوو شتی گرنگەوە، یەكێكیان زانستە و ئەوی تریشیان هێنانەدی دادپەروەرییە لە زەوییدا، ئەم دوانەش دەبەستێتەوە بە مەبەستێكی گەورەترەوە، ئەویش ڕزگاربوونە لە جیهانەكەی تر كە ڕۆژی دواییە، لێرەشدا دیسانەوە جەخت لە عەقڵ دەكاتەوە، كە پاریزەری مرۆڤە لە ڕۆچوون لە چێژە كاتییەكاندا، ئەمەش جەختكردنەوەیەتی لە بایەخی عەقڵ و ڕێبازە عەقلانییەكەی.

ڕازی گرنگی بە فەلسەفەی ڕەوشت و پەروەردەی مرۆڤ داوە، پێیوایە مرۆڤ لە ئاژەڵەكان جیاوازە لە ڕەوشت و هەڵسوكەوتدا، خاوەنی فەزیلەت و ئاكاری جوانە، كە ئەمەش بە خۆپەروەردەكردن بەدەست دێت، واتا مرۆڤ دەتوانێ فەزیلەت بەدەست بێنێت، ئەمەش كارێكی ئاسان نییە و پێویستی بە تێكۆشانە. ئەو كەسە دەتوانێ ئەوپەڕی تەواوێتی فەزیلەت بەدەست بێنێت كە لە توانای مرۆڤدا بێت، فەیلەسوفە[2]. ڕازی مرۆڤەكان لە ئاژەڵەكان بەجیاواز دادەنێت، هۆی جیاوازیشیان ئەوەیە، مرۆڤەكان خاوەنی فەزیلەتن و توانای خۆپەروەردەكردنیان هەیە، لەناو مرۆڤەكانیشدا فەیلەسوفەكان لەهەمووان سەرتر دادەنێ، چونكە ئەوان دەتوانن ئەوپەڕی فەزیلەت و تەواوێتی مرۆیی بەدەست بێنن.

فەلسەفەی ڕەوشت (الاخلاق) بەشێكی گرنگ لە فەلسەفەی ڕازی پێك دەهێنێت و بە قوڵی كاری لەسەر كردووە، بەتایبەتی لە هەردوو كتێبی (الطب الروحانی ) و (اخلاق الطبيب) دا. لە كتێبی (الطب الروحاني)دا بەشێوەیەكی عەقڵی و بەڵگەهێنانەوە باس لە ڕەوشتە ناپەسندەكانی مرۆڤەكان دەكات وەك:(ئیرەیی و

---

[1] الرازي: كتاب السيرة الفلسفية، ص١٠١.

[2] الرازي: الطب الروحاني، ص٣٨.

خۆپەسندی و توڕەبوون و درۆکردن و...هتد)، پاشان باس لە ڕەوشتە باڵاکان و بە دەستهێنانی فەزیلەت دەکات وەك:(میهرەبانی و دادپەروەری و داوێنپاکی و ئارامگرتن و...هتد)[1]. لە کتێبی (اخلاق الطبیب)یشدا، ڕێسا ڕەوشتییەکانی پزیشك ڕوون دەکاتەوە، کە ئاراستەی قوتابییەکانی کردووە لە شوێنێکدا نووسیویەتی:"پێویستە لەسەر پزیشك نەرمونیان بێت لەگەڵ خەڵکیدا، شتە نادیارەکانیان بپارێزێت و نهێنییەکانیان داپۆشێت، بە تایبەتی نهێنییە پزیشکییەکان، لەوانەیە هەندێك خەڵك نەخۆشییەکیان هەبێت، لە نزیکترین کەسەکانیان بشارنەوە، وەك باوك و دایکی و منداڵەکانی، بەڵام لەبەر ناچاری ئاشکرای دەکات بۆ پزیشك"[2]. ڕازی تەنها مامۆستایەکی ئاسایی نەبووە تەنها وانە پزیشکییەکان فێری قوتابییەکانی بکات، بەڵکو وانە ڕەوشتییەکانیشی فێری قوتابییەکانی کردووە.

ڕازی خۆی لە دەستەی فەیلەسوفان داناوە و لەمبارەیەوە نووسیویەتی:" ئێمە ئەگەرچی بە بەراورد بە سوکرات شایستەی ناوی فەلسەفە نین، بەڵام لە بەرامبەر خەڵکی تردا کە بەدەرن لە فەلسەفاندن شایستەین"[3]. لەگەڵ ئەوەی ڕازی سوکرات بەرز دەنرخێنێ و لە بەرامبەرییدا خاکی خۆی پیشان دەدات و بە پێشەنگی دەزانێت، بەڵام خۆی لە ڕیزی فەیلەسوفاندا داناوە.

ڕازی بە شێوەیەکی میتۆدی (المنهجی) بابەتە فەلسەفییە مەزنەمانی وەك لۆژیك و فەلسەفەی سروشتی و میتافیزك و ئەخلاق و ...هتد تاوتوێ کردووە، کە فەیلەسوفانی پێش خۆی سەرقاڵ کردبوو[4]. سەرقاڵبوونیشی بەم پرسە گرنگانەوە و کارکردن بە میتۆدێکی دیاریکراو، کە پشت بە عەقڵ و ئەزموونکردن و ڕەخنەگرتن دەبەستێ، دەیخاتە ڕیزی فەیلەسوفانەوە[5].

**تەوەرەی چوارەم: سەبارەت بە نکوڵیکاریی (الالحاد) ڕازی**

یەکێك لەو پرسانەی جێگەی باس و لێکۆڵینەوەیە سەبارەت بە (الرازي) ئەوەیە هەندێك لە سەرچاوەکان (الرازي) بەکەسێکی نکوڵیکار دادەنێن، ئەم پرسە ئەوەندە گوتراوەتەوە هەرکە باس لە (الرازي) دەکرێت یەکسەر بە نکوڵیکار ناو دەبرێت! هەر لە دێرینەوە (ابو حاتم الرازي) کتێبێکی نووسیوە و وەڵامی کەسێك دەداتەوە کە گوایە (ابو بکر الرازی)یە سەرەتای دەستپێکردنی کتێبەکە بەم جۆرە

---

[1] الرازي: ن. م، ص٣٤ومابعدها.

[2] الرازي، ابوبکر محمدبن زکریا: اخلاق الطبیب، تح: عبداللطیف محمد العبد، ط١، دار التراث، القاهرة، ١٩٧٧، صص٢٥-٢٦

[3] الرازي: کتاب السیرة الفلسفیة، ص١٠١.

[4] الاعسم: من تاریخ الفلسفة العربیة في الاسلام ، ص٨٣.

[5] الزفتاوي، عصام الدین السید أنس مصطفی، مناهج التصنیف في الفلسفة الاسلامیة، رسالة ماجستیر، غیر منشورة، مقدمة الی کلیة دار العلوم، جامعة القاهرة، ٢٠٠٩، ص٢٢٢.

دەستپێدەکات:"لەبارەی ئەوەوە کە ڕویدا لەنێوان من و نکوڵیکارەکەدا"[1]، هەرچەندە ئەو کەسەی پێشەکی کتێبەکەی (ابو حاتم)ی نووسیوە خۆی نووسیویەتی:"لەگەڵ ئەوەدا کە پەڕەی یەکەمی دەستنووسەکە نەماوە بەم جۆرە ناوی ئەوکەسەش نەماوە کە دانەری (اعلام النبوة) بەرپەرچی داوەتەوە، بەڵام هیچ گومانێکی تێدا نییە ئەوەی (ابو حاتم) لە تێکڕای تەوەرەکاندا بە (نکوڵیکار) ناوی دەبات (محمد بن زکریا الرازی)یە."[2]. لەڕاستیدا ئەوە جێگەی گومانە و گومان هەڵدەگرێت، چونکە (ابو حاتم) خۆی ناوی ڕازی ناهێنێت لە کتێبەکەیدا، جگە لەوەش لاپەڕەی یەکەمی دەستنووسەکەی (ابو حاتم) نەماوە، کەواتە ئەمە گومانمان بۆ دروست دەکات ئەو کەسەی (ابو حاتم) مەبەستی بووە (الرازی) بێت. لە بارێکدا ئەگەر واش بێت و مەبەستی لە (الرازي)یش بێت، ئەوا ئێمە ناتوانین بڕیاردانی کەسێك لەسەر دژەکەی وەربگرین و نووسینەکانی ناو کتێبی دژەکەی کە گوایە هی ڕازییە بە هی ڕازی دابنێین وەك ئەوەی گوتەی بێخەوشی ئەو بێت.

لە فەیلەسوفە نوێ و هاوچەرخەکانیش (عبدالرحمن بدوي) لە کتێبەکەیدا سەبارەت بە مێژووی نکوڵیکاری لە ئیسلامدا، (الرازی) لە چوارچێوەی فەیلەسوفە نکوڵیکارەکاندا دادەنێت، لەگەڵ ئەوەی خۆشی ئاماژە بەوە دەکات کە:"شتێکی ڕوونە ئێمە ناتوانیین وێنەیەکی ڕاستەقینە لەبارەی ڕێبازی (ابن زکریا الرازی)ییەوە پێشکەش بکەین، چونکە دەقە ڕەسەنەکانمان لەبەردەستدا نییە، ئەوەی لەبەردەستماندایە لەم بارەیەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دژەکانی باسی دەکەن لە کاتی پیشاندانی ڕێبازەکەی و گوتەکانیدا، جا یان بەشێوەی دەقی پەرتەوازە و دەرهاتوو لە چوارچێوەی خۆی، یان بە کورتکراوەیی و واتاکەی بەتەنها"[3]. ئەمەش ئەوە نییە ئێمە بتوانیین پشتی پێببەستین بۆ یەکلاکردنەوەی زانینی بیروبۆچوونە هزری و فەلسەفییەکانی (الرازي) بەتایبەتی لە پرسێکی گرنگی وەك (الالحاد)دا، کە زۆر قسە هەڵدەگرێت و جێگەی گومانە، چونکە زۆرجار بە پاڵنەری سیاسی و ئایدۆلۆجی بڕیار بەسەر کەسەکاندا دراوە. ئەمە جگە لەوەی ئەگەر ئەم گێڕانەوانە یان گواستنەوەی ئەم بۆچوونانە لەلایەن کەسانێکەوە بێت کە دژی ئەو کەسەبن.

ئەوەی جێگەی تێبینییە بۆ ئێمە ئەوەیە توێژەرێکی وردی وەك (بدوي) چۆن بەو شێوەیە تەنها پشت بەو زانیارییانە دەبەستێت، کە خۆشی ئاماژەی پێدەکات کە لە دژەکانییەوە پێمان گەیشتووە! وەك ئەوەی لە پێشەوە دەقەکەیمان هێنا. کەچی ئێمە کاتێك ئەو باسەمان خوێندەوە سەبارەت بە (الرازي) لە

---

[1] الرازي، ابو حاتم: اعلام النبوة الرد على الملحد ابي بكر الرازي، ط١، دار الساقي–المؤسسة العربية للتحديث الفكري، بيروت–جنيف، ٢٠٠٣، ص١٥.

[2] الطرابيشي: من مقدمة (اعلام النبوة الرد على اللملحد ابي بكر الرازي)، ص٩.

[3] بدوي، عبدالرحمن: من تاريخ الالحاد في الاسلام، ط٢، سينا للنشر، القاهرة، ١٩٩٣، ص٢٣٤.

کتێبەکەی (بدوي)دا، تێبینی ئەوەمانکرد (بدوي) بەبێ هیچ ڕەخنەکردنێك و گومانکردنێك ئەو زانیارییانە وەردەگرێت[1] و بەدەر لەوەی بوار بۆ تێڕوانینێکی تر بهێڵێتەوە سەبارەت بە (الرازی)، شانبەشانی (ابو حاتم) باس لە (الرازي) دەکات و ئەوەی (ابو حاتم) سەبارەت بە (الرازي) گوتویەتی ئەو شیکردنەوەی بۆ دەکات و بە مەبەست یان بێ مەبەست بۆچوونەکانی (ابو حاتم) دەچەسپێنێت!

ئێمە بۆ ئەوەی دروستی ئەو بۆچوونانەمان لەسەر (الرازي) بۆ دەرکەوێت ئەو کتێب و گوتارانەی (الرازي)مان خوێندەوە، کە تائاستێکی زۆر دڵنیایی هەیە لەسەر ئەوەی هی خۆیەتی و چاپکراون وەك کتێبەکانی: ( السيرة الفلسفية، الطب الرحاني، مقالة في مابعد الطبيعة، مقالة في امارات الاقبال والدولة)[2] لەم کتێب و گوتارانەدا بەهیچجۆرێك هیچ بۆچوونێکی (الرازي) نابینین گوزارشت بێت لە نکوڵیکاری نە سەبارەت بە خوا نە سەبارەت بە پێغەمبەرێتی.

زۆربەی ئەوانەی ڕەخنە لە (الرازي) دەگرن پێیان وایە نکوڵی پێغەمبەرایەتی دەکات. ئەوەی تایبەتە بە باوەڕ بە خوا و زیندووبوونەوە بە ڕاشکاوی باوەڕبوونی خۆی دەردەبڕێت لەم بارەیەوە لە کتێبی (السيرة الفلسفية)دا نووسیویەتی:"خوای پەروەردگار(بەرز و شکۆمەند بێت) زانایێکە کە هەرگیز نەزانی بەسەردانایەت دادپەروەرێکە کە هەرگیز ستەم ناکات زانست و داد و میهرەبانییە بە ڕەهایی"[3]، لێرەدا باوەڕ بە خوا لای ڕازی بە ئاشکرا دەردەکەوێت. سەبارەت بە باوەڕ بە زیندووبوونەوە و ژیانی لەدنیایەکی تردا نووسیویەتی:" مەبەست لە دروستبوونمان بەدەستهێنانی چێژەجەستەییەکان نییە، بەڵکو بەدەستهێنانی زانست و بەکارهێنانی دادپەروەرییە، بەهۆی ئەم دووانەوە لەم جیهانەدا ڕزگارمان دەبێت و دەچین بۆ جیهانێك کە مردن و ئازاری تێدا نییە"[4]، لێرەشدا بە ڕوونی تێڕوانینی خۆی دەربارەی زیندوو بوونەوە و جیهانێکی تر دەربڕیوە و بۆچوونێکی باوەڕدارانەی هەیە.

ئەوەی بۆتە هۆی ڕەخنەگرتن لە ڕازی باوەڕ بە پێغەمبەرانە، کە هەندێك ئەوە دەدەنە پاڵی کە باوەڕی بە سروش و بە پێغەمبەران نەبووە[5]، بەڵام ئەوەی جێگای تێبینییە بۆ ئێمە لەو کتێبانەی ڕازی کە لەبەردەستدان، ئێمە هیچ ئاماژەیەك بۆ باوەڕنەبوونی ڕازی بە پێغەمبەران نابینین، بەڵکو ئاماژە هەیە بۆ باوەڕبوونی بە پێغەمبەران لە کتێبی(السيرة الفلسفية)دا نووسیویەتی:"درودی خوا لە بەندە

---

[1] بدوي: ن.م، ص٢٣٥ومابعدها.

[2] الرازي: الطب الروحاني، ص٣ومابعدها؛ الرازي: كتاب السيرة الفلسفية، ص٩٧ومابعدها؛ الرازي: مقالة في مابعد الطبيعة، ص١١٣ومابعدها؛ امارات الاقبال والدولة، ص١٣٥.

[3] الرازي: كتاب السيرة الفلسفية، ص١٠٨.

[4] الرازي: ن. م، ص١٠١.

[5] الرازي، ابو حاتم: اعلام النبوة الرد على الملحد ابي بكر الرازي، ص١٥.

هەڵبژێرداوەکانی بێت"[١]. پێدەچێت کەسێك بڵێت ڕازی وشەی پێغەمبەری بەکار نەهێناوە، ئەمە ڕاستە، بەڵام هەڵبژێردراوەکان یان پاڵفتەکان(مصطفين) پەسنە(وصف) بۆ پێغەمبەران، ئەگەرچی مانای تریش هەڵدەگرێت. بەدەر لەوەش لە کتێبی (الطب الروحاني)دا نووسیویەتی:" ئەم توشهاتە(مردن)، ناتوانرێت لە دەروون دوور بخرێتەوە، مەگەر باوەڕبێنی لەدوای مردن دەروون لەم دۆخە باشتر دەبێ کە تیایەتی، ئەم باسەش باسێکی درێژە، ئەگەر لە ڕێگای فەلسەفەوە بخوازرێ بەدەر لە هەواڵ"[٢]، لەم دەقەدا ڕازی باس لە پرسی مردن دەکات، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەر بمانەوێت باس لە مردن بکەین لەڕێگای فەلسەفە و عەقڵەوە و پشت بە هەواڵ نەبەستین کەمەبەستی لە (هەواڵ) سروش و ڕێگای ئایینە، ئەوا باسەکەمان درێژە دەکێشێت. ئەگەر ڕازی باوەڕی بە سروش و ئایین نەبێ چۆن ئاماژە بە سروش دەکات وەك ڕێگەیەکی گەیشتن بە مەعریفە لەبارەی مردنەوە؟! هەروەها ڕازی هەر لەباسی مردندا گوزارشتێکی تر بەکار دەهێنێ کە زیاتر بەلای ئەوەماندا دەبات ڕازی باوەڕی بە شەریعەتی خوایی هەبووە، لەم بارەیەوە نووسیویەتی: "مرۆڤی چاکەکاری خاوەن فەزیلەت، ئەنجامدەری ئەوەی کە شەریعەتی ڕاستەقینە لەسەری پێویست کردووە، لە مردن ناترسێت، چونکە(ئەو شەریعەتە) پەیمانی سەرفرازی و خۆشی و گەیشتن بە بەهەشتی نەبڕاوەی پێداوە"[٣]. ئاماژەکردنی ڕازی بە شەریعەتی ڕاستەقینە، زۆر ڕوون نییە، بەڵام ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە ڕازی باوەڕی بە شەریعەتی خوایی هەبووە، باوەڕبوونیش بە شەریعەتی خوایی بەبێ باوەڕبوون بە سروش(وحي) نایەتەدی، باوەڕبوونیش بە سروش بەبێ بوونی پێغەمبەر نایەتەدی، کەواتە ئەگەر ڕازی باوەڕی بە شەریعەتی خوایی هەبووبێت، دەبێت باوەڕی بە پێغەمبەر و پێغەمبەرایەتیش هەبووبێت.

ئەوەی جێگەی تێبینی و ئاماژە بۆکردنە، ناکرێت بۆچوون و تێڕوانینی ڕاشکاوانەی (الرازي) سەبارەت بە پێغەمبەرایەتی بزانین لە کتێب و نووسراوەکانی خۆیەوە، چونکە باسی ئەم پرسەی نەکردووە بە ڕاشکاوی، بەڵام باسنەکردنی لەم پرسە مانای بێباوەڕبوونی بەم پرسە نییە. ئەوەشی لە کتێب و نووسراوەکانی دژەکانییدا هاتووە سەبارەت بە بۆچوونی ڕازی لەبارەی پرسی پێغەمبەرایەتییەوە، توێژەر پێی وایە ناتوانیین وەریبگرین و گومانی لێنەکەین کە هی ڕازییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پرسە جێگەی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زیاترە.

**تەوەرەی پێنجەم: کاریگەری فەلسەفەی یۆنانی**

---

[١] الرازي: كتاب السيرة الفلسفية، ص١١١.

[٢] الرازي: الطب الروحاني، ص١٢٠.

[٣] الرازي: ن. م، ص١٢٣.

(الرازي) سەرسامی خۆی بەرامبەر یۆنانییەکان ناشارێتەوە و لە پەسنیاندا نووسیویەتی:"هیچ گەلێك نییە ئاستی زیرەکی بەرزتر بێت لە یۆنانییەکان"[١]. یەکێك لەو ڕێبازانەی پێی کاریگەر بووە، ڕێبازی (فیساگۆرس) کاریگەری لەسەر (الرازي) داناوە، فەلسەفەکەی لەسەر نمونەی (فیساگۆرس) داڕشتووە[٢].

کاریگەری سوکراتیشی لەسەر بووە نەك تەنها لەڕووی بیردۆزی و زانستی و فەلسەفییەوە، بەڵکو وەك کەسایەتییەك کە نمونەی باڵایە سەیری کردووە و بە پێشەوای خۆی زانیوە، خۆی ئاماژە بەوە دەکات و لە یەکێك لە کتێبەکانیدا نووسیویەتی:"هەندێك وایان داناوە کە من لامداوە لە ڕێڕەوی فەیلەسوفان نەخوازەڵلاّ لە ڕێگای پێشەوامان سوکرات"[٣].

کاریگەری فەلسەفەی ئەفلاتوونی لەسەر بووە، بەڕێز و گەورەییەوە باسی ئەفلاتوونی کردووە[٤]، بە شێخی فەیلەسوفان ناوی ئەفلاتوون دێنێت[٥]. هەندێك پێیان وایە کە هۆکاری پشتگوێخستنی (الرازي) لە مێژووی فەلسەفەی ئیسلامیدا و دژایەتی کردنیشی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، بە پلەی یەکەم ئەفلاتوونی بووە ڕەخنەی لە (ئەرستۆ) گرتووە، هەر بۆیە ستەمێکی زۆری لێکراوە، چونکە لە مێژووی فەلسەفەی ئیسلامییدا هەوادارانی (ئەرستۆ) زۆر بوون[٦].

بیروبۆچوونە فەلسەفییەکانی ڕازی کاریگەری ڕەواقییەکانی لەسەر بووە، ئەو کاریگەرییە وایکردووە، یەکێك بێت لە نوێنەرەکانی قوتابخانەی ئەخلاقیی ئیسلامی، کە پشت دەبەستێت بە ئەو ڕێسا ئەخلاقییانەی پێکهاتووە لە ئەفلاتوونێتی و ڕەواقی بەیەکەوە، ئەمەش قوتابخانەیەکە (الكندي) فەیلەسوف بنەما سەرەتاییەکانی داناوە[٧].

---

[١] الرازي: ن. م، ص٦٠.

[٢] النشار: نشأة الفكر الفلسفي في الاسلام، ج٣/ ص١٣٤.

[٣] الرازي: كتاب السيرة الفلسفية، ص١٠٠.

[٤] شيدر، هانزهينرش: روح الحضارة العربية، تر: عبدالرحمن بدوي، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٤٩، ص١١٥.

[٥] الرازي: الطب الروحاني، ص٤٥.

[٦] الطرابيشي: من مقدمة (اعلام النبوة الرد على اللملحد ابي بكر الرازي)، ص٧.

[٧] الاعسم: من تاريخ الفلسفة العربية في الاسلام، ص٨٤.

## باسی چوارەم: ژیان و بەرهەم و فەلسەفەی فارابی (الفارابي)

(فارابی) یەکێك بووە لە گرنگترین فەیلەسوفەکانی شارستانییەتی ئیسلامی، کە دەکەوێتە چوارچێوەی توێژینەوەکەی ئێمە. گرنگی (فارابی) لەوەدا دەردەکەوێت لەگەڵ ئەوەی شارەزایی و لێهاتوویی لە فەلسەفەی یۆنانیدا هەبووە، گرنگی داوە بە زۆرێك لە پرسە گرنگەکانی فەلسەفەی یۆنان و فەیلەسوفانی یۆنانی و کاریگەری ئەو فەلسەفەیەی لەسەر بووە، خاوەنی ڕێبازێکی تایبەت بەخۆی بووە و ڕواڵەت و هێماکانی شارستانییەتی ئیسلامی و ئایینی ئیسلام بە بیروبۆچوون و نووسینەکانییەوە دیارە. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە لەگەڵ کرانەوەی بەسەر هزر و فەلسەفەی یۆنانییدا، ڕەسەنایەتی پاشخانی هزری خۆی پاراستووە.

### تەوەرەی یەکەم: ژیانی فارابی

ناوی تەواوی (ابو نصر محمد بن محمد بن طرخان بن اوزلخ الفارابي)یە[1]، لە نێوان لەسالأنی (٢٦٠-٣٣٩ك/٨٧٤-٩٥٠ز) ژیاوە، لە فاراب لە نزيك توركستان (كازاخستانی ئێستا) لەدایك بووە[2]، فارابی بە ڕەگەز و ژینگە تورك بووە و لە دایك و باوکێکی تورك لە دایك بووە، باوکی سەرکردەیەکی سەربازی تورك بووە[3].

(فارابی) دەگەڕێتەوە بۆ خێزانێکی خانەدان، لەگەڵ ئەوەی خێزانەکەی ژیانێکی خۆشیان بۆ دابین کردبوو، وازی لەو ژیانە هێنا و ژیانی گۆشەگیری و تێرامانی هەڵبژارد[4]، بۆیە ژیانێکی هەژارانەی هەبووە و کاری چاودێری کردووە لە بێستانێکدا لە دیمەشق، شەوانە لەبەر چرای پاسەوانانددا خەریکی خوێندنەوە بووە[5]. (فارابی) لەم وڵات بۆ ئەو وڵات و لەم شار بۆ ئەو شار دەڕۆیشت بەدوای مامۆستا و زانستدا، هیچ کارێکی نەبوو خوێندنەوە نەبێت، هیچ مەبەستێکیشی نەبوو زانست نەبێت[6].

فارابی یەکەمجار لەدەرگای حەڕرانی داوە، بەشێك لە زانستەکانی لەسەر دەستی (یوحنا بن حیلان) خوێندووە، کە زۆر قوڵ بووە لە زانستی لۆژیکدا. پاشان کۆچی کردووە بۆ بەغداد، لەوانەیە لەگەڵ سەرانی قوتابخانەی حەڕراندا ڕۆیشتبێت، لە بەغدادیش لە ئەڵقەی (ابی بشر متی بن یونس)دا دانیشتووە، کە

---

(1) الصفدي: م. س، ج١/ص١٠٢.

(2) الزركلي: م. س، ج٧/ ص٢٠ ؛ الاردكاني، رضاداوری: الفارابي فيلسوف الثقافة، تر: عبدالرحمن العلوی، ط١، دارالهادي، بيروت، ٢٠٠٧، ص٢١.

(3) الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج١٥/ص٤١٦؛ بدوي: موسوعة الفلسفة، ج١، ص٩٣.

(4) صليبا: م. س، ص١٣٥.

(5) ابن أبي أصيبعة : م. س، ص٦٠٣؛ جمعة، محمد لطفي: تاريخ فلسفة الاسلام، ط١، مكتبة النافذة، مصر، ٢٠١١، ص٣٩.

(6) الاردكاني: م. س، ص٢٢.

لەوکاتەدا پلەی یەکەمی هەبووە لە لۆژیکدا، بەدەرلەوەش دەستبالاّ بووە لە فەلسەفەی ئەرستۆدا و وەرگێڕێکی بە بەرهەم بووە[1].

لە زێدی خۆی (فاراب) کۆچی کردووە، چەند شوێنێك گەڕاوە تا گەیشتۆتە بەغداد، زمانی تورکی و چەند زمانی تری زانیوە، دەستی کردووە بە فێربوونی زمانی عەرەبی و زۆر بەباشی فێری بووە و پاشان سەرقاڵ بووە بەزانستەکانی حیکمەتەوە. فارابی هەر لە بەغداد ماوەتەوە و سەرقاڵ بووە بە فەلسەفە و لۆژیکەوە و تیایدا شارەزابووە و دەرکەوتووە، مەزنترین کتێبەکانی لە (بغداد) نووسیوە، پاشان چۆتە (دیمەشق)، تیایدا نیشتەجیێ نەبووە، پاشان بەرەو میسر چووە، فارابی لە بغداد دەستی بە نووسینی کتێبی (السیاسة المدنیة) کردووە و لە میسر تەواوی کردووە، پاشان گەڕاوەتەوە بۆ دیمەشق و تیایدا نیشتەجیێ بووە، کە سوڵتانەکەی (سیف الدولة الحمداني) بووە و لەگەڵ فارابیدا باش بووە[2].

گوتراوە ئامێری قانون فارابی دایهێناوە و دروستیکردووە بەو شێوەیە سازی کردووە[3].

لەکاتێکدا فارابی لەگەڵ کاروانێك لەدیمەشقەوە بەرەو عەسقەلان دەڕۆیشت، کۆمەڵێك جەردە هێرشیان دەکەنە سەر، شەڕ لەنێوان هەردوولادا دروست دەبێت و لە نێوانیشیاندا فارابی دەکوژرێت لە مانگی ڕەجەبی ساڵی(٣٣٩ك/٩٥٠ز)، لاشەکەی دەگوێزرێتەوە بۆ دیمەشق، سەیفو لدەولە و نزیکەکانی نوێژی لەسەر دەکەن و لە دیمەشق بەخاك دەسپێردرێت[4].

**تەوەرەی دووەم: لەبارەی زانست و کتێب و دانراوەکانی (فارابی)یەوە**

فارابی شەو تا بەیان خەریکی خوێندنەوە و نووسین بووە، لەبەر چرای سەربازەکاندا دەیخوێندەوە، ماوەیەك بەم جۆرە مایەوە تاوەکو بەناوبانگ بوو و قوتابییەکانی زۆر بوون، بووە تاکانەی سەردەمی خۆی. لەسەرەتاوە دادوەر بووە، بەڵام کاتێك ئاشنابووە بە جیهانی مەعریفە، وازی لە دادوەری هێناوە، ڕووی کردۆتە فێربوونی زانستەکان، هۆی خوێندنەوە و ئاشنا بوونی بە فەلسەفە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کابرایەك کتێبێکی ئەرستۆی لەلا دادەنێت، دەیخوێنێتەوە و لای پەسەند دەبێت و دەست دەکات بەخوێندنەوەی و باش لێی تێدەگات[5].

ئەگەرچی باس لەوە دەکرێت فارابی حەفتا زمانی زانیووە، بەڵام ئەمە جۆرێك لە زیادەگۆییە و لەوانەیە لەبەرئەوە واگوترابێت، کە زمانی زۆری زانییوە، پێدەچێت فارابی زمانەکانی فارسی و تورکی و عەرەبی و

---

(1) بدوي: موسوعة الفلسفة، ج٢، ص٩٤؛ اوليري: م. س، ص١٢٦.

(2) ابن خلكان: وفيات الاعيان وانباء ابناء الزمان، ج٥/ ص١٥٣.

(3) الذهبي: تاريخ الاسلام، ج٢٥/ ص١٨٢.

(4) بدوي: موسوعة الفلسفة، ج٢/ ص٩٤.

(5) الشهرزوري: م. س، ج٢/ صص١٤٥-١٤٦.

کوردی زانیبێت، بەڵام سەبارەت بە زمانی یۆنانی و سریانی کەزمانی ڕۆشنبیری و زانست بوون لەوکاتەدا، نەسەلماوە کە ئەو دوو زمانەی زانیبێت[١].

لە (بەغداد) زانستەکان و فەلسەفەی خوێندووە و کتێبەکانی ئەرستۆی خوێندووە و لە پەیبردن بەماناکانیاندا لێهاتوو بووە، دەگوترێت دەستنووسێکی کتێبی (النفس) ی ئەرستۆ دۆزراوەتەوە، کە بەخەتی فارابی لێی نوسراوە حەفتا جار ئەم کتێبەم خوێندۆتەوە. هەروەها لێوەی دەگێڕنەوە گوتویەتی کتێبی (السماع الطبيعي) ئەرستۆم چل جار خوێندۆتەوە واش دەبینم  پێویستم بەوەیە چەند جارێکی تریش بیخوێنمەوە. لێیان پرسیووە کێ لە لۆژیکدا زۆر شارەزایە تۆ یان ئەرستۆ؟ لە وەڵامدا گوتویەتی ئەگەر لەسەر دەمی ئەودا بومایا باشترین قوتابی ئەو دەبووم[٢].

فارابی ژیانی زوهد و تەقەشوفی هەڵبژارد، ژنی نەهێنا و هیچ سامانێکی پێکەوە نەنا، تەنها  ڕۆژانە چوار درهەمی لە (سيف الدولة) وەردەگرت بۆ پڕکردنەوەی پێویستییە زەرورییەکانی[٣].

**کتێب و دانراوەکانی فارابی**

ژمارەی کتێبەکانی فارابی زۆر و جۆراوجۆرن، ئێمە لێرەدا جۆری کتێبەکان باس دەکەین نەك ژمارەیان[٤]:

یەکەم: پێشەکییەکان و کورتکراوەکان: لەو کتێبانەش (كتاب ماينبغي ان يقدم قبل الفلسفة، رسالة اغراض مابعد الطبيعة).

دووەم: ڕاڤەکردنەکان و هەڵسەنگاندنەکان: لەوانەش (شرح كتاب المقولات لارسطو، تعليقات على انالوطيقا الاولى).

سێیەم: بەرپەرچدانەوەی دێرینان و هاوچەرخان: لەو کتێبانەش (الرد على ابن الراوندي في ادب الجدل، الرد على جالينوس فيما تأوله من كلام ارسطو على غير معناه).

چوارەم: کتێبە تایبەتەکان کە بیروبۆچوونی خۆی تیا خستونەتە ڕوو: لەو کتێبانەش( كتاب اراء اهل المدينة الفاضلة، الجمع بين راي الحكيمين).

شاری فازیلە بەگرنگترین کتێبی فارابی دەژمێردرێت، ئەم کتێبە ناوبانگێکی زۆری پەیدا کردووە، لەهەموو کتێبەکانی زیاتر دەستاودەستی کردووە لە دێرین و لە ئێستاشدا، وەرگێڕدراوە بۆ سەر زۆربەی زمانە زیندووەکانی دنیا، لەساڵی(١٩٠٠ز ) وەرگێڕدراوە بۆ ئەڵمانی، (١٩٤٩ز) وەرگێڕدراوە بۆ فەرەنسی، لەساڵی (١٩٦١ز ) کراوە بە ئیسپانی، (١٩٨٥ز) کراوە بە ئینگلیزی، ساڵی (١٩٩٠ز) جاریکی تر وەرگێڕدراوەتەوە بۆ

---

[١] صليبا: م. س، ص١٣٧.

[٢] ابن خلكان: م.س، ج٥/ ص١٥٣.

[٣] جميل، عصام زكريا: مصادر فلسفية، ط١، دارالمسيرة، عمان ، ٢٠١٢، ص١٥٩.

[٤] صليبا: م. س، صص١٤٠-١٤١.

زمانی فەرەنسی، لەساڵی (٢٠٠٧ز) وەرگێڕدراوە بۆ ئیتاڵی. جگە لەوەی لێکۆڵینەوەی زۆر کراوە لەسەر هزر و فەلسەفەی فارابی بە زمانی جیاواز[١]. لەساڵی (٢٠١٩ز) وەرگێڕدراوە بۆ زمانی کوردی و چاپکراوە[٢].

## تەوەرەی چوارەم: فەلسەفەی فارابی

### کاریگەری فەلسەفەی یۆنانی لەسەر فارابی

فارابی خاوەن زانیارییەکی فراوان بووە لە هەموو فەیلەسوفانی ئیسلام زیاتر شارەزا بووە لە فەلسەفەی یۆنانییدا. زۆربەی دەقەکانی ناسیووە لە ڕێگەی وەرگێڕانە عەرەبییەکانەوە، مێژووی قوتابخانەکانی زانیوە، یەکەم ڕاڤەکاری موسڵمان بووە بۆ هەندێك لە دانراوەکانی ئەرستۆ[٣].

فارابی ئەوەندە کاریگەری ئەفلاتوون و ئەرستۆی لەسەر بووە، ویستوویەتی ئەوە بسەلمێنێت ئەم دوو فەیلەسوفە جیاوازی لە بیروبۆچوونەکانیاندا نییە. ئەگەرچی بەڕواڵەت وادەردەکەوێت، بەڵام لە کرۆکدا جیاوازییان نییە. بۆ ئەم مەبەستە فارابی کتێبێکی تایبەتکردووە بەناونیشانی (الجمع بين رأى الحكيمين)، لەسەرەتای ئەم کتێبەدا نووسیویەتی:"ئەم دوو فەیلەسوفە(ئەفلاتوون و ئەرستۆ) داهێنەری فەلسەفەن، دامەزرێنەری سەرەتاکانی و بنەڕەتەکانین، تەواوکەری کۆتاییەکەی و لقەکانین، لە زۆر و کەمیدا پشتیان پێدەبەسترێ، لە ئاسانی و مەترسیداریدا پشتیان پێدەبەسترێ "[٤].

لایەنێکی تری کاریگەری فەلسەفەی یۆنانی لەسەر فارابی خۆی دەبینێتەوە لە گرنگی دانی فارابی بە لۆژیکی ئەرستۆ، ئەم لایەنە زۆر کاریگەری لەسەر فارابی هەبووە بۆیە دەبینین وێڕای ئەوەی کە لە لۆژیکی ئەرستۆدا دەستبالا بووە، زۆربەی کتێبە لۆژیکییەکانی ئەرستۆی پوختکردۆتەوە و ڕاڤی کردوون و تەنانەت شتی نوێشی خستۆتە سەریان، (القفطي) لەم بارەیەوە نووسیویەتی:"کتێبە لۆژیکییەکانی شیکردۆتەوە، ئاڵۆزییەکانیانی ڕوونکردۆتەوە و نهێنییەکانیانی دەرخستووە، ئەوەی لە خۆی گرتووە نزیکی کردونەتەوە، ئەوەی کە پێویست بووە کۆی کردونەتەوە لە کتێبی دروست و گوزارشت سفت، ئاماژە بە ئاگاهێنەری کردووە لەئەوەدا کە (الكندى) جگەلەو لێی بێ ئاگا بوون"[٥].

توانیویەتی سوودیش لە فەلسەفەی (افلوطين) وەربگرێت و لە ڕووی میتۆدییەوە پشتی پێببەستێت، وەك ئامرازێك بۆ بەستنەوەی پرسەکانی فەلسەفە و ئایین و فەلسەفە و سیاسەت بەیەکەوە[٦].

---

[١] منسية، مقداد عرفة: الفارابي فلسفة الدين وعلوم الاسلام، دار المدار الاسلامي، بنغازي، ٢٠١٣، ص١٧٣.

[٢] فارابی: شاری فازیلە، ل٣٠.

[٣] بدوي: موسوعة الفلسفة، ج٢/ ص٩٦.

[٤] الفارابي: الجمع بين رأي الحكيمين، تع: ألبير نصري نادر، ط٥، دار المشرق، بيروت، ٢٠٠١، ص٨٠.

[٥] اخبار العلماء باخبار الحكماء:ص٢١٠.

[٦] ابن دنيا، سعدية: الوغوس الافلوطيني في فلسفة الافارابي، مجلة دراسات انسانية والاجتماعية(جامعة وهران)، العدد٨، ٢٠١٨، ص١١٠.

ئەگەرچی کاریگەری ئەفلاتوون و ئەرستۆ و ئەفلاتوونێتی نوێ لە هزری فارابیدا دیارە، بەڵام بەئاشکرا کاریگەری ئیسلام و سەرچاوە ئیسلامییەکانی پێوە دیارە[1].

**گەشەکردنی هزری فەلسەفی (فارابی)**

دوو قۆناغ لەهزری فارابیدا هەبووە:

قۆناغی یەکەم: لەم قۆناغەدا فارابی دەستی کردووە بە کۆکردنەوەی بیروبۆچوونی دێرینەکان، بەجۆرێك ئەو کۆکردنەوەیە ببێتە تێشوویەك، کە بەکەڵکی دارشتنی قوتابخانەیەك بێت، ئەو کتێبانەی لەم قۆناغەدا دایناون نزیکن لە ڕاڤەکاری وکورتکردنەوەی بیروبۆچوونی دێرینان.

قۆناغی دووەم: قۆناغی دارشتنی فەلسەفەیەکی پێکەوە گونجاو و تەواوە، واتە لەم قۆناغەدا بیروبۆچوون و ڕێبازی فەلسەفی خۆی نەخشاندووە، لەم قۆناغەدا کتێبەکانی وەك (الملة، السياسة المدنية، مبادىء اراء اهل المدينة الفاضلة) ی نوسیووە[2].

ئیبن خەلەکان بەم جۆرە پەسنی فارابی دەکات: "گەورەترین فەیلەسوفی موسڵمانانە، هیچ کەس لەوان نەگەیشتۆتە ئەو پلەیە لە هونەرەکەیدا، ئیبن سینا زۆر سوودی لە دانراوەکانی وەرگرتووە و وەك مامۆستای بووە لە ڕێگەی دانراوەکانییەوە"[3].

فارابی کاریگەری بەسەر نووسەرانی سەدەی چوارەمی کۆچییەوە هەبووە، لەوانەش (اخوان الصافا) و (مسعودي) و (مسكويه) و (ابي حسن العامري)...هتد، کتێبەکانی بەجۆرێك لە عێراقدا بڵاوبوونەوە، کە زانایان پێشکەوتنیان دەکرد لەسەر گوتنەوە و ڕاڤەکردنیان یان و نووسینەوەیان بەدەستی خۆیان، تاوەکو بیپارێزن لە وەهمی نووسەرەوەکان[4].

ئەو کتێبانەی لەدوای فارابی بەجێماون بوونەتە قوتابخانەیەك، لەدوای خۆی فەیلەسوفی وەك (ابن سينا)ی تیادا پەروەردە بووە، هەرشتێك لە داهاتوودا تووشمان دەبێت لای (ابن سينا) و (ابن رشد) کرۆکەکەی لای فارابییە[5]. بەگشتی فارابی کاریگەری لەسەر تێکرای قوتابخانە فەلسەفییە ئیسلامییەکان هەبووە و بەمامۆستای تێکرای فەیلەسوفانی ئیسلامی دوای خۆی دادەنرێت[6].

---

[1] منسية: م. س، ص١٢.

[2] منسية: ن. م، ص٤٩.

[3] وفيات الاعيان وانباء ابناء الزمان: م. س، ج٥/ ص١٥٣.

[4] علومي، عبدالحميد: الفارابي في العراق ضمن (الفارابي والحضارة الانسانية)، دار الحرية، بغداد، ١٩٧٦، ص٤١٤.

[5] علي، رجاء احمد: الفلسفة الاسلامية، ط١، دار المسيرة، عمان، ٢٠١٢، ص٣٤.

[6] الاردكاني: م. س، ص٢٦٩.

**شاری فازیله**

دەکرێت شاری فازیله وا پێناسە بکرێت کە شارێکە خەڵکی تیایدا کۆ دەبنەوە و هاریکاری یەکتر دەکەن بۆ ئەوەی ببنە فازیل، بۆ ئەوەی بەکرداری جوان هەستن و بەختەوەری بە دەست بێنن. پیویستە لەسەر هاونیشتیمانیانی شاری فازیله کۆمەڵێك بیروبۆچوونی هاوبەشیان هەبێت لە بارەی خوا و جیهان و مرۆڤ و ژیانی مەدەنییانە، بەڵام لە یەکتری جیاواز دەبن بەپێی جیاوازی ئەو مەعریفەیەی هەیانە لەبارەی ئەوشتانەوە کە ئاماژەیان پێدرا، هەروەتر بەپێی پشکیان لە تەواوێتی و بەختەوەریدا، بەم پێیە دابەش دەبن بۆ سێ بەش:

١. دانایان، یان فەیلەسوفان، ئەوانەی کە سروشتی شتەکان دەزانن بە هۆی ئەو بەڵگەی پشتڕاستکراوە و تیژبینی تایبەتی خۆیانەوە.
٢. شوێنکەوتوانی فەیلەسوفان، ئەوانەن کە سروشتی شتەکان دەزانن بەهۆی ئەو بەڵگانەوە کە فەیلەسوفان پێشکەشی دەکەن، باوەڕ بە تیژبینی فەیلەسوفان دەکەن و بەڕاستی دادەنێن.
٣. تێکڕای هاونیشتمانیان، ئەوانەن کە شتەکان دەزانن و دەناسن بە نمونە هێنانەوە و پێکچواندن، هەندێکیان بە نمونەی نزیك و هەندێکیان بەنمونەی دوور، بەپێی پلەی تێگەیشتنیان[1].

تێبینی ئەوە دەکرێت چینایەتی لەم شارە فازیلەدا ڕەچاونەکراوە، ئەگەر جیاوازییەك هەبێت ئەوا جیاوازی مەعنەوی و جیاوازییە لە ئەرك و تێگەیشتنی تاکەکاندا.

کۆبوونەوەی مرۆڤەکان دوو جۆرە: یەکەمیان کۆبوونەوەی تەواوە، کە سێ شێوەی هەیە: مەزن، مامناوەند، بچوك، مەزن وەك کۆبوونەوەی مرۆڤەکان لە یەك مەعمورەدا یان لە یەك کۆمەڵگادا، لەیەك دەوڵەتدا، مامناوەندیش کۆبوونەوەیە لە بەشێکی مەعمورەدا، بچوکیش کۆبوونەوەی خەڵکییە لە شاردا. کۆبوونەوەی ناتەواویش بریتییە لە کۆبوونەوەی خەڵکی گوند و گەڕەك و کۆڵان و دواجار کۆبوونەوەی خیزان[2].

کۆبوونەوە لە شاردا لە پێناوی بە دەستهێنانی فەزیلەت و بەختەوەرییە، ئەم دوو چەمکە شوێنێکی گرنگ داگیر دەکەن لە فەلسەفەی فارابیدا و بە ئاشکرا لە شاری فازیلەدا گوزارشتی لێکردوون. (محسن. س. مەهدی) جەخت لە ئەوە دەکاتەوە کە بابەتی سەرەکی کتێبە مەدەنییەکانی فارابی سیاسەتی فازیلەیە، واتە ئەو سیستەمە سیاسیەی بنەمای بەدیهێنانی تەواوێتی مرۆییە، کە فەزیلەت ئاراستەی دەکات، فارابی وا وێنای زانستی مەدەنی یان مرۆیی دەکات کە توێژینەوەیەکە لەبارەی مرۆڤەوە لەو ڕوانگەیەوە کە جیادەکرێتەوە لە هەبووە سروشتییەکانی تر[3].

---

[1] مهدي: الفارابي وتأسيس فلسفة الاسلامية، صص١٨٠–١٨١.

[2] مرحبا: م. س، ج١، ص٤٦٠.

[3] الفارابي وتأسيس الفلسفة الاسلامية: ص١٧٩.

ئەو بنچینەیەی کە شاری فازیلەی فارابی لەسەر دامەزراوە خوایەتی و یەکتایی خوایە، کە هەندێك بە ئەنجامێك لە ئەنجامەکانی فەلسەفە گەردوونییەکەی دەزانن[1]، گرنگی شاری فازیلە تەنها کورت نابێتەوە لەوەدا باسی کۆبوونەوەی مرۆیی و پەسنکردنی مەرجەکانی و جۆرەکانی بکات، بەڵکو باس لە زۆر پرسی خودایی دەکات، هۆی ئەمەش ئەوەیە بیروبۆچوونی فارابی لە سیاسەتدا شوێنکەوتەی بیروبۆچونەکانیەتی لە بارەی عەقڵە ئاسمانییەکان و پەیدابوونی هەبووەکان لە هۆی یەکەمەوە. کتێبی شاری فازیلە کۆبەندێکی فەلسەفی پوختە، باسەکانی بیردۆزەکانی ڕێژەنبوون (فیض) و ویست و سەرپشکی و بەختەوەری و وەحی و پێغەمبەرێتی و... هتد باس دەکات[2].

شاری فازیلە پرۆژەیەکە لە زەینی سەرۆکی فازیلەدا هەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت دەکرێت سەرۆکی فازیل هەبێت بەبێ ئەوەی شاری فازیلە هەبێت[3].

فارابی لەڕێگەی شیکردنەوەی بۆ شارە دژەکانی فەزیلەت، ڕەخنە لەو کۆمەڵگەیە دەگرێت کەتیایدا ژیاوە، ئەو کۆمەڵگەیەی کە پاشماوەی شارستانییەتە جیاوازەکانی تێکەڵ بوو بوو، لەگەڵ ئاراستە ئایینی و هزری و سیاسییە جیاواز و لێکدژەکان[4].

فارابی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە شاری فازیلە هەر بە فازیلەیی دەمێنێتەوە تا سەرکردەکانی و ئەو ڕێوشوێنانەی لەسەری دەڕۆن بە فازیلەیی بمێننەوە، بەڵام شایەنی داڕووخان و گەندەڵ بوونیشە بە داڕووخان و نابووتبوونی سەرکردەکانی و داڕووخانی مەرجە خوازراوەکان لە سەرکردەکانیدا، بەتایبەتی مەرجی داناییبوون[5]، کەواتە ئەوەی دەستەبەری مانەوەی شاری فازیلە دەکات مانەوەی سەرۆکەکەیەتی بە فازیلی و بەدانایی، لەکاتی هاتنی سەرۆکێکی تریش هەر فازیل و دانا دەبێت. بۆیە فارابی پێی وایە بوونی سەرۆك و پێغەمبەر پێویستن بۆ باشبوونی ژیان لەشار یان لەدەوڵەتدا[6]. شاری فازیلەی فارابی ڕاوەستاوە لەسەر پێغەمبەرێتی و وەحی و سەرۆکایەتی فازیلە، وەحییش لەلای فارابی بەردی بناغەیە لە فەلسەفەکەیدا و لە شارەکەشیدا[7]. ئەوەی جێگەی تێبینییە لەگەڵ ئەوەی فارابی شاری فازیلەکەی کاریگەری فەلسەفەی یۆنانی و بە تایبەتیش ئەفلاتوونی لەسەرە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری ئایینی

---

[1] عبدالله، موسى: المدينة والاخلاق في خطاب لالفارابي، ط١، ابن النديم للنشر والتوزيع–دار الروافد الثقافية، الجزائر–بيروت، ٢٠١٣، ل٩٥.

[2] صليبا: م. س، ص١٣٥.

[3] عبدالله: م. س، ل١٢٩.

[4] الجابري، محمد عابد: مشروع قراءة الجديدة لفلسفة الفارابي السياسية والدينيية ضمن (الفارابي والحضارة الانسانية)، ص٣٧١.

[5] معايطة، محمد عبدالعزيز: الفلسفة الاسلامية، دار الحامد، عمان، ٢٠٠٨، ل١٤٢.

[6] الاردكاني: م. س، ص٢٣٢.

[7] عبدالله: م. س، ص٩٤–٩٥.

ئیسلام لەسەر فارابی و لەسەر شارەکەی بەئاشکرا دەردەکەوێت، ئەمەش گوزارشتە لە فرە سەرچاوەیی لە مەعریفەی فارابییدا.

دانایی یان فەلسەفە، مەرجی پێویستە بۆ دامەزراندنی شاری فازیلە و مانەوەی، سەبارەت بە پێغەمبەرێتی پێویستە بۆ دامەزراندنی شاری فازیلە، بەڵام پێویست نییە بۆ مانەوەی. پێغەمبەری سەرۆك یان فەیلەسوفی سەرۆك، مرۆڤێکە چارەسەری بەدیهێنانی باشترین سیستەم و هەرچیش پەیوەندی پێوەی هەبێت دەکات. پێویستە لەسەر دامەزرێنەری شاری تەواو مەعریفەیەکی تێکڕایی هەبێت لەسەر فەلسەفەی بیردۆزیی، تاوەکو لەوە تێبگات چۆن خوا فەرمانڕەوایی گەردوون دەکات، تا لاسایی بکاتەوە[١].

ئەگەرچی فارابی باس لە شاری فازیلە دەکات، بەڵام ئەو گەورەترین و تەواوترین کۆبوونەوەی مرۆیی بەوە دەزانێت کە هەموو خەڵکی و هەموو گەلانی جیهان لە یەك مەعمورەدا کۆببنەوە[٢]، ئەگەر تێبینی بکەین ئەم خاڵەش لە تێڕوانینی یۆنانییەکان جیای دەکاتەوە، کە باوەڕیان بە دەوڵەتە شار هەبووە، پێدەچێت ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ کاریگەری تێڕوانینی ئایینی ئیسلام، چونکە ئاینی ئیسلام ئایینێکی جیهانییە و تێڕوانینی جیهانیانەی هەیە و خۆی لە جوغزێکی بچوکدا نابینێتەوە.

شاری فازیلەی فارابی جیاواز لە کۆماری ئەفلاتوون کۆیلەی تیانییە و مەبەستی ئەوەیە مرۆڤ بگات بە بەدەستهێنانی فەزیلەت و بەدەستهێنانی بەختەوەری[٣]. ئەمەش هەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە ئایینی ئیسلامدا ئەو جیاوازییە نییە لە نێوان مرۆڤەکان و ئیسلام ڕێوشوێنی داناوە بۆ ئازادبوونی کۆیلە[٤].

هەموو کەسێك ناتوانێت ببێت بە سەرۆکی شاری فازیلە، سەرۆکی شاری فازیلە یان پێغەمبەری فەیلەسوف دەبێت یان فەیلەسوف دەبێت. جگە لەوەی پێویستە سەرۆکی شاری فازیلە کۆمەڵێك خەسڵەتی تێدابێت، فارابی لەم بارەیەوە نووسیویەتی: "ئا ئەمەیە ئەو سەرۆکەی کە هەرگیز هیچ مرۆڤێکی تر سەرۆکایەتی ناکات. ئەوە پێشەوا و سەرۆکی یەکەمی شاری فازیلەیە، سەرۆکی ئوممەتی فازیلەیە، سەرۆکی مەعمورەیە لە زەویدا بە تێکڕا. ناکرێت ئەم دۆخە بۆ هیچ کەسێك ببێت، مەگەر بۆ ئەو کەسەی کە بە مۆرك(سروشت) دوانزە خەسڵەتی تێدا بەرجەستە بێت، کە سروشتی لەسەریەتی"[٥]. کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

– ئەندامەکانی جەستەی تەواو بێت.

---

[١] مهدي: الفارابي وتأسيس فلسفة الاسلامية: ، ص ١٨٩.

[٢] فارابی: شاری فازیلە، ل ١٢٤.

[٣] مرحبا: م. س، ج٢/ ص٤٦٧.

[٤] بۆ زانیاری لەسەر ئەم پرسە دەتوانرێت بڕوانرێتە( مستەفا، شوان عوسمان: کۆیلایەتیو کۆیلە لە سەرەتای دەوڵەتی ئیسلامدا تا کۆتایی دەوڵەتی ئومەوی ، تێزی دکتۆرا، بلاو نەکراوە، زانکۆی سلێمانی– سلێمانی، کۆلیجی زانستەمرۆییەکان، ٢٠٠٨، ل ٩٧.)

[٥] فارابی: شاری فازیلە، ل١٣٥.

- به سروشت و به مۆرك تێگەیشتن و وێناكردنی باش بێت.
- پاشان وابێت كە توانای لەبەركردنی باش بێت.
- زیرەكییێكی باشی هەبێت.
- گوزارشتەكانی جوان بن.
- خۆشەویستی هەبێت بۆ فێربوون.
- هەڵپەی نەبێت لەخواردن و خوادنەوە و ژن هێناندا.
- ڕاستی و هاوڕێیانی ڕاستی خۆش بووێت، درۆ و هاوڕێیانی درۆی ڕق لیٚ بێت.
- دەرونی مەزن بێت، كەرامەت و ڕێزی خۆش بوێت.
- پارە و پول و تەواوی ڕووكەشە دونیاییەكان شتێكی بیٚ نرخ بێت لە لای.
- به سروشت داد و دادگەرانی خۆش بوێت.
- ویستی بەهێز بێت لە سەر شتێك، كە وا دەبینێت دەبێت بكرێت، سور بێت لەسەری[١].

لەبەرامبەر شاری فازیلەدا شارەكانی دژە شاری فازیلە هەیە، بەمانایەكی تر ئەگەر شار شارێكی فازیل نەبێت ئەوا دژی شاری فازیلەیە، جگە لەم شارە ئەوا هەموو شارەكانی تر لەلایەن فارابییەوە بە نێگەتیڤ پەسنكراون(وصف)، لەو شارانەش وەك ( شاری نەزانی ، شاری گومڕا، شاری گۆڕاو، شاری لەڕێدەرچوو)، ئەمانەش هەموویان بەوردی باسی خەسڵەتەكانیان كراوە و لە یەكتری جیاوازن. پادشایانی ئەم شارانە دژی پادشایانی شارانی فازیلەن، سەرۆكایەتییەكانیشیان دژی سەرۆكایەتییە فازیلەكانن[٢].

**بەختەوەری**

ئامانجی سەرەكی مرۆڤ لای فارابی بەدەست هێنانی بەختەوەری ڕاستەقینەیە، ئامانجی شاری فازیلەش بەهەمان شێوە هەر بەدەستهێنانی بەختەوەری ڕاستەقینەیە. بەم جۆرە فەلسەفەی فارابی فەلسەفەیەكی مرۆییانەیە، واتا مرۆڤ بە بابەت و چەقی بیركردنەوە دادەنێت، هەموو شتێك دەستەبەر دەكات بۆ بەختەوەری مرۆیی[٣]. هەردوو ئایینی فازیل و دەوڵەت یان شاری فازیلە لە ئامانجێكی هاوبەشدا یەك دەگرنەوە، كە فەلسەفەش لەگەڵیاندا هاوبەشە، ئەویش بەدیهێنانی بەختەوەری ڕاستەقینەیە[٤].

فەزیلەت بنچینەیە لە ئەخلاقدا و لە سیاسەتدا، لە هەموو ئەو شتانەدا كە زانستی مەدەنی دەیگرێتەوە بۆیە شتێكی دروستە كە بە فەلسەفەی فارابی بڵێیین فەلسەفەی فەزیلەت[٥]. فەزیلەتەكانیش دابەش دەبن بۆ دوو بەش:

---

[١] فارابی: س. پ، ل١٣٥.

[٢] فارابی: هـ. س، ص١٣٩.

[٣] ايت حمو، محمد: الدين والسياسة في فلسفة الفارابي، التنوير، بيروت، ٢٠١١، ص٢٩.

[٤] عبدالله: م. س، ل١٨٢.

[٥] الجبايي، محمد عزيز: من تاريخ الى تاريخيته من ضمن (الفارابي والحضارة الانسانية)، ص١٦٦.

یەکەم: فەزیلەتە عەقڵییەکان: بریتین لە فەزیلەتەکانی بەشی ناتق یان عەقڵ وەك دانایی و عەقڵ و زیرەکی و باشی تێگەیشتن.

دووم: فەزیلەتە ئەخلاقییەکان: بریتین لە فەزیلەتەکانی بەشی هەواداری(النزوعي) وەك داوێن پاکی و دەستکراوەیی و دادپەروەری[1].

